# بیری خوێندکار

گۆڤارێکی وەرزیی رۆشنبیری گشتییە
یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەریدەکا

١
هاوینی ١٣٨٥

## هەنگاوێك لە راستای سەلماندنی بووندا

## یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکیەتییەکی پلۆراڵ بۆ وەڵامدانەوە بە پێویستییەکانی ...

## پۆست مۆدێرنیزم چیە؟

## فایلی ژمارە: شۆڕشی فەرهەنگی




# لەم ژمارەیەدا

**سەروتار**... هەنگاوێك لە راستای سەلماندنی بووندا ـــ ٣

**کۆمەڵایەتی**

رۆڵی ژن لە ژیانی سیاسیدا ـــــــــــــــــ ٦

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکیەتیەکی پلۆرال ـــــــــــــــــ ١٥

بزووتنەوەی خوێندکاری لە نێوان ـــــــــــ ٢١

**هزر**

پۆست مۆدێرنیزم چیە؟ ـــــــــــــــــ ٣١

**مێژوو**

لە بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری تا کۆماری کوردستان ـــــــــــــــــ ٤٠

کورد لە تورکیە ـــــــــــــــــ ٥٨

**ئەدەب و هونەر**

خوێندەواریی بینین‌و پەیوەندیی دیداری ـــــ ٦٦

ئەدەب لە بۆتەی ئیدئولۆژیدا ـــــــــــ ٧٤

**فایلی ژمارە:**

**شۆڕشی فەرهەنگی**

بنەما فیکرییەکانی کودیتای فەرهەنگیی ٥٩ ـــــ ٨٣

کاریگەرییەکانی کودیتای فەرهەنگی ... ـــــ ٩١

شۆڕشی فەرهەنگی، ئاماژەیەك بۆ ... ـــــ ٩٨

شۆڕشی کەلتووری‌و ژینۆسایدی سپی ... ـــــ ١٠٩

**فیدراڵیزم**

مێژووی فیدراڵیزم‌و ... ـــــــــــــــ ١١٨

گۆڤارێکی وەرزیی رۆشنبیری گشتییە
یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی
کوردستانی ئێران دەری‌دەکا

سەرنووسەر
هەژار رەحیمی
Hazhar_r2000@yahoo.com

دەستەی نووسەران
شنە دروودگەر
یاسین حاجی‌زادە
مەسعوود بابایی
فەخرەدین حیسام موکری

تایپ: مەسعوود رەوانوست

مونتاژ: شەفیع رەوشەنی

بەرگ: کەریم پەرویزی

سەروتار

# هەنگاوێک

# لە

# راستای سەلماندنی بووندا

یەکیەتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

Democrat Students Union of Iran`s Kurdistan

www.YXD-Kurdistan.com

komite.tashkilat@gmail.com

دنیایەك كە دێوەزمەكانی شەڕو تاریكبینانی نەزانی تێیدا دەسەڵاتدارن و، تەنیا رەهەندی ژیانیان بریتییە لە لەناوبردنی هەرجۆرە جیاوازییەكو پێناسە كردنی دنیاو ژیان بەو شێوە كەخۆیان دەیبینن، مەودایەك نیە جگە لە بەگژدا چوونەوەو بەربەرەكانی. بیرمەندێك دەڵێت: ئەگەر هەر زانستێك لەگەڵ پەیدا بوونیدا تیۆری باتڵ بوونەوەی خۆی دانەرێژێ زانست نیە، بەڵام چەندە لەخۆ بایین ئەوانەی كە پێیان وایە راستییەكان تەنها شتێكنو ئەویش لەكن ئەوانن، ئەمە دیارترین خەسڵەتی سیستەمە تۆتالیتێرەكانو ئایدیالۆژیستەكانە.

كەواتە دەبێ چ بەربەرەكانێیەكی دژوار بێت.

عەقڵ گەرایی، عەقڵ باوەری، وەك دیارترین پارامێتری فەرهەنگی مۆدێرن، میكانیزمێكە كە ئێمەی مرۆڤ دەتوانین لەرێگەیەوە پەی بە لایەنە نەناسراوەكانی بوونو ژیان ببەینو چیدیكە ئەندێشەی تاك رەهەندیو نەدیتنی جیاوازییەكان لە مێشكماندا شكڵ نەگرێو دواجار بەرەو كەناری ئارامو داكۆكی كردن لەبەها بەرزە ئینسانییەكان هەنگاو هەڵێنین. دیارە ئەم باوەر بەعەقڵو عەقڵگەراییە بەشێوەی جیاواز لێكدەدرێتەوە "دێكارت" دەڵێ: هیچ شتێك لەدنیادا ئەوەندەی عەقڵ باش دابەش نەكراوە، چونكە لەراستیدا هیچ كەس خۆی بەبێ عەقڵ نازانێ، رەنگە هەر ئەوەش بوبێت، كە عەقڵو عەقڵ سەنتەری لەدوای سەردەمی سەرهەڵدانی رۆشنگەری كەوتە بەر رەخنە. بەڵام ئەمانە لەوە كەم ناكەنەوە كە عەقڵو عەقڵ باوەری دیارترین میكانیزمی گۆڕانو ناسینو شرۆڤەكردنی دیاردەكانو هەروەها دیارترین خەسڵەتی جیاكەرەوەی مرۆڤن. مرۆڤێك كە پێناسەدەری گشت بوونەوەرانو مانابەخشی سروشتو تەنانەت هێزە باڵادەستەكانیشە، مرۆڤی عەقڵانی، كە دەستی بەسەرچاوەكانی مەعریفە گەیشتووەو لە مەودا جیاوازەكاندا خۆی پەروەردە كردووە، هەمیشە خاوەنی زەینێكی گوماناویو شیكاریو تێڕاماوە، ئیزن نادات كە دیاردەكان بكەونە ژێر تەوژمی پێناسەیەكەوە كە بە لەخۆوە هاتوو، دواجاریش بە لەخۆوە چوویان دابنێ، بەڵكوو لە هەوڵی دیاری كردنی هۆو هۆكارو خەسڵەتو تایبەتمەندیەكانیان دەبێت.

ئەگەر لە دنیای مۆدێرن دا یەكێك لە خەسڵەتەكانی، كار كردنو دەست راگەیشتنو بەكار هێنانی، زاراوەو تەكنۆلۆژیو تیۆرە فیكریو زانستییەكان بێت، سادە تۆرییە كە روانینێكی یەكلایەنەمان هەبێتو كوللیەتی ئەوانەو بەكار هێنانیان وەك رەمزی مۆدێرنو مۆدێرن بوونو ئەوروپیی بوون بناسین، بەڵكو دەبێت ئەوەمان لەپێش چاو بێت، كە تەنانەت دیكتاتۆرترین مرۆڤ و رێژیمەكانی سەر ئەم زەوییەش، ئەورۆ ناتوانن خۆیان لەمانە ببوێرنو تەنانەت هەندێ جاریش گەمەیەكی ئەوتۆیان پێ دەكەن كە لەراستای حەقانییەتی فكرو كاری خۆیاندا بەكاریان دێننو لەهەوڵی ریسواكردنی بەرامبەرەكانیان دان، هەربۆیە

دەرکردنی گۆڤارێک وەیا بەکارهێنانی هەر ئامرازێکی دیکەی ڕاگەیاندنی بە باکگراوندێکی زانستی‌و مێتۆدێک، دەتوانێ بەرسڤێکی کاریگەر بێت‌و دواجاریش بتوانێ سنوورێك دابنێ بۆ پاشاگەردانی‌یەکان‌و ڕووی ڕاستەقینەی مەسەلەکان دەربخات. ئەمە یەکێکە لە خەسلەتە دیارو بەرچاوەکانی زانست لەم سەردەمەدا کە مەودای وردوردی گرتۆتەوە.

ئەگەر لە هەموو دنیاو بۆ هەموو مرۆڤەکان‌و هەموو ڕێکخراوەکانی ناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان ئەمانە دەچنە قالبی چالاکی‌گەلێکی ئاسایی‌و وەك ئەزموونێکی کۆمەڵگا چاویان لێ‌دەکەن، کە مرۆڤەکان لەمەودای جیاواز جیاوازدا خۆیان دەنوێنن، بۆ ئێمەی کورد حاڵەتێکی دیکەی‌هەیەو ئامانجێکی دیکەش لەخۆدەگرێ، ئامانجێك کە زیاد لەوەی کارکردن بێت لەراستای خولقاندنی ئەزموونێك لە حاڵەتی ئاسایی کۆمەڵگایەکدا، بریتی‌یە لە هەوڵی گۆڕینی بنەڕەتی ڕێساو دەسەڵاتێکدا کە بەکەمترین نرخ‌و شێوە ئامادە نیە بتناسێنێ، هەر ئەمەشە ڕووی ئەم کارە بەلایەکی‌تردا دەسورێنێ. بەم پێودانگە لەبەر ئەوەی هەموو بزووتنەوەکانی‌تر لەچوارچێوەی بزووتنەوەیەکی گشتگیری نەتەوەییدان، بۆیە پێویستە ڕەهەندێکی دەروەستانە بگرێتە خۆ بەرامبەر بە مۆراڵ‌و بنەما کولتووری‌و مێژوویی‌یەکانی نەتەوەکەمان لەهەمبەر سەلماندنی ئەوەی کە نەتەوەین‌و دەبێت خاوەنی سەروەری‌و ماف بین. ئەلبەتە نەك بە بەلاوەنانی ئەندێشەی ڕەخنەیی.

ئەمە مەودایەکە کە بتوانین خۆمانی تێدا دەربخەین‌و وزەو توانامان نیشان بدەین‌و لە هەوڵی داڕشتنی تیۆریی مەسەلە پەیوەندی‌دارەکان بین بە خوێندکاران‌و ئامانجەکانیان، ئەمەش دواجار بوونی پێ دەبەخشێ، ئەگینا بەهیچ شێوەیەك ناتوانین خۆمان بە بەرامبەر بناسێنین، واتە ئێمە دەبێت یەکەم جار خۆمان هەست بە بوونی خۆمان بکەین، وەك مامۆستا هێمن دەڵێ:

چۆن دەتوانم بەتۆ بڵێم من چیم
خۆم گومانم هەیە لەوەی کەهەم یا نیم

دروشمی "زانین توانینە" یەکێکە لە واقعیەتە بەرجەستەو دیارەکانی بەربەرەکانێی دنیای ئەورۆ لە بوارە جیاجیاکاندا، هەربۆیە ئێمەش دەتوانین چونکە دەزانین. دەزانین کە هەین، کەواتە دەتوانین ببین.

بەهیوای هاوکاریی هەموو ئۆگرانی قەڵەم و زانست.

کۆمەڵایەتی

# ڕۆڵی ژنان له ژیانی سیاسیدا



ن: د.حسین بشیریه          و: یاسین حاجی زاده

لێکۆڵینەوەکان دەربڕی ئەوەن کە یەکسانیی سیاسیی ژنان لەگەڵ پیاوان لە کۆمەڵگای ئەورۆپیدا زیاتر لایەنی مافی هەیە تاکو واقعی. لەمپەر و گرفتی جۆراوجۆر لەبەردەم بەشداریی سیاسیی ژنان دا هەیە. بزوتنەوەی سیاسیی ژنان کاتێك بەمانای راستەقینەی وشە دەردەکەوێ کە خۆڕسك، لەسەر بنەمای ململانێ، گرووپی، ڕێکخراو و پشت بەستوو بە ئایدۆلۆژیای گونجاوو تایبەت بە بزووتنەوەی ژنان بێ. کاتێك بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسیدا لەرووی هاندانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانیتر (بەتایبەتی پیاوان)بێ، ململانێی تێدا نەبێ، واتە بۆ داکۆکی لە هەڵوێستەکانی دەسەڵاتی جێگرتوو بەرێوە بچێ، تاکەکەسیو پەرشو بڵاو بێ، واتە بەشێوەی بزووتنەوەیەکی گرووپیو ڕێکخستنێکی بەکۆیی نەبێو، بەتایبەتی ئەگەر بەپێی پێویستو رەوشتی پیاوانە دەربکەوێ واتە لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای درۆیینی پیاوانە بێ، بەشداریی سیاسیی ژنان - بەمانای راستەقینەی وشە - رووی نەداوە. لابردنی ئاستەنگو لەمپەرە مافییەکانو نوێکردنەوەی کۆمەڵایەتیی هەنگاو بە هەنگاو بەپێی پێویست نابێتە هۆی زیاد بوونی بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسیدا، هەروەك چۆن لابردنی ئەم ئاستەنگانە لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا نەیتوانیوە بواری بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسیدا بەرفراوان بکات. ئەو راستیانە بۆتە هۆی پەرەگرتنی کۆمەڵێك تیۆر لەبارەی سنووری هێزو توانای بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسیدا، لەسەر ئەو بنەمایە کە "سروشتی" ژنان لەگەڵ سیاسەتو هێزو توندوتیژی یەك ناگرێتەوە. لە راستیدا لە تێروانینە لیبڕاڵیەکان دا سەبارەت بە بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسیدا پێلەسەر ئەوە دادەگیرێ کە دەبێ ژنان خۆیان لەگەڵ راستیەکانی ژیانی سیاسیدا بگونجێننو تایبەتمەندیی "پیاوانەی" پێویست بەدەست بێنن. لەلایەکیتر، لە تیۆرو تێروانینە سۆسیالیستیو فیمینیستییەکاندا وێڕای قەبوولکردنی نەگونجانی سروشتی ژنان لەگەڵ هێزو دەسەڵات بەمانای باو لە کۆمەڵگا مۆدێرنو پیشەسازییەکان دا، پێ لەسەر ئەوە دادەگیرێ کە ڕێگەچارە، گۆڕینی تایبەتمەندیی ژنان نیە بەڵکوو دەبێ پێکهاتەی دەسەڵاتو خاوەنداریێتی ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ: دەوڵەتو سیاسەت دیاردەیەکی پیاوسالارانەنو، تەنیا لە ڕێگای گۆڕینی پێکهاتەی دەسەڵاتەوە دەکرێ ژنان لە بواری سیاسیدا چالاك بکرێن، دەنا بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسیدا بەپێی چەمکی باو، لەراستیدا بەمانای "لادانی ژنان" لە بەشداریی سیاسەت دەبێ. بەگشتی دووئاڕاستەی سەرەکی لە بزووتنەوەی ژناندا هەبووە کە یەکیان ئاراستەی لیبراڵی بووە کە ئامانجەکەی پەرەپێدانی بەشداریی ژنان لە نێو سیستەمی سیاسیی سەقامگرتوو بووەو، ئەویتر، ئاڕاستەی سۆسیالیستییە کە گۆڕان لە سیستەمی سیاسی - ئابووریی هەیدا بەمەرجی رزگاریی ژنان دەزانێ.

**پێشینەی مێژوویی**

دەبێ پێشینەی بزووتنەوەی سیاسیی ژنانو هزرەکانی پێوەندیدار بەم بزووتنەوەیە لە شۆڕشی فەرەنسا بەملاوە لێی بکۆڵرێتەوە. "ئۆلۆمپ دووگوژ" نووسەری فەرەنسی لەساڵی ١٧٨٩ لە راگەیاندراوی مافی ژنو هاووڵاتیدا رایگەیاند: "هەروەك چۆن ژنان مافی ئەوەیان هەیە کە بەسێدارەوە بکرێن بەهەمان شێوەش مافی ئەوەیان هەیە بچنە سەر سەکۆی وتاربێژی!" لەماوەی شۆڕشی فەرەنسادا ژنان دەستیان بەدامەزراندنی کلوپی شۆڕشگێڕی کرد. لەساڵی ١٩٧٢دا نووسەرێکی ئینگلیزی بەناوی "ماری وێلستونگرافت" بە نووسینی وتاری پشتیوانی لە مافەکانی ژنان، سەرنجی بیروڕای گشتی بۆلای پێگەی سیاسیی ژنان راکێشا. لەسەردەمی رۆشنگەریدا بیرمەندانی وەك "کۆندرسی"و "دیدرۆ" بەرگرییان لە مافی ژنان دەکرد. لەماوەی شۆڕشی فەرەنسادا لایەنگرانی ئازادیی ژنان لە نامەیەکی نارەزایەتیدا بۆ پارلمان نووسیان: "ئێوە کە هەموو دەمارگرژییەکانی رابردووتان تاپۆ کرد بەلام ئیزن دەدەن کە کۆنترینو باوترینی ئەو دەمارگرژییانە بەزیندوویی بمێنێتەوەو ئەویش ئەو دەمارگرژییەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەیکە نیوەی کۆمەڵ لەپۆستو بەشداری لە پارلمان بێبەش بن".[١]

هەروەها لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا هەوادارانی "سەن سیمۆن"و "فیۆرییە" خۆیان بە لایەنگری مافەکانی ژنان دەزانی. لەنێوبەندی دووهەمی ئەو سەدەیەدا داواکاری بۆ یەکسانیی ژنان لە ژیانی کۆمەلایەتیو سیاسیدا بەشێوەیەکی بەرچاو هاتە ئاراوە. لە بریتانیا بزوتنەوەی سیاسیی ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسیەکان لە ساڵی ١٨٦٥ دەستی بەکارو تێکۆشان کرد. ساڵی ١٨٦٩دا "جۆن ستوارت میل" فەیلەسوفی سیاسیی بەناوبانگی بریتانی کتێبێکی بە ناوی "دەسپێکی ژنان" نووسی کە لەلایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکراو، خۆی یەکەم گەلاڵەی بۆ بەخشینی مافی دەنگدانی ژنانی پێشکەش بە پارلمانی ئەو وڵاتە کرد. لە بریتانیا لەساڵی ١٨٦٧دا رێکخراوی نەتەوەیی مافی دەنگدان بۆ ژنان دامەزراو، چەندین مانگرتنو خۆپیشاندانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی وەڕێخست. لە ئامریکا ئەنجومەنی نەتەوەیی مافی دەنگدانی ژنان لە ساڵی ١٨٦٩ دامەزرا. ئەو رێکخراوە لە فەرەنسا لە ساڵی ١٨٧٦ دامەزرا.

بزووتنەوەی سۆسیالیزمیش لەسەرەتادا بۆ مافی ژنان تێدەکۆشا. ئینگلس لە کتێبی "سەرچاوەی بنەماڵە، خاوەنداریەتی تایبەتیو دەوڵەت" دەریبڕیوە کە رووخانی مافی دایکایەتیو دایکسالاری لەلایەن دەسەلاتی پیاوەوە بەمانای تێکشکانی مێژوویی رەگەزی

[1]. mc Crindle, "women's History" in radical philosophy. No. 10, spring 1975,p. 41.

ژن بوو.[٢] "ئیگۆست ببێل" یەکێك لە سۆسیالیستەکان پێی وابوو کە دەبێ ژن هەم لە چنگی سەرمایەداریو هەم لە سیستەمی باوکسالاری رزگاری بێت.[٣] بزووتنەوەی جیهانیی سۆسیالیستیی ژنان وەك بەشێك لە بزووتنەوەی نێونەتەوەیی سۆسیالیزم، لەساڵی ١٩٠٧و پاشان لە ١٩١٥دا کۆنگرەیەکی پێك هێنا کەلەودا خوازیاری بەخشینی مافی دەنگدان بە ژنانو بەشدارییان لە بزووتنەوەی جیهانیی پرۆلتاریادا بوو. جووڵانەوەی سۆسیال دێموکراسیی ئاڵمانیش لە ساڵی ١٨٩١ لە پرۆگرامێکی ناسراو ناوی "ئێرفوورت"دا خوازیاری بەرفراوانکردنی مافی دەنگدان بە ژنان بوو. لە رووسیا دوای شۆڕش، لێنین خوازیاری بەشداریی ژنانی کرێکار لە دەسەڵاتی شووراکان دابووو، مافی دەنگی سیاسی بە ژنان بەخشرا.

لەئێران دا پێشینەی نیشاندانی دژکردەوە بەرانبەر بە بارودۆخی سوننەتیی ژنان بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمو بەتایبەتی بۆ سەردەمی شۆڕشی مەشرووتە دەگەڕێتەوە. کولتوری پیاوسالارانەی کۆمەڵگای سوننەتیی ئێران تێڕوانینێکی سووکی بەرانبەر بە ژنان هەبووو، دەرەتانی تێکۆشانی سیاسیی بۆ ژنان نەدەهێشتەوە. جۆری هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنان دا دەکرێ لە جۆری خوێندنەوەی "خواجە نظام الملك طوسی" دەربکەوێ، بەو شێوەیە کە: "دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر فەرموویەتی کە راوێژ لەگەڵ ژناندا بکەن، بەڵام بەقسەیان مەکەنو پێچەوانەکەی ئەنجام بدەن هەتاکوو خێر بداتەوە". ئەگەر ژنان زۆر عاقڵ بوونایە پێغەمبەر شتێکی وای نەدەگووت.[٤]

پابەندبوون بەدابونەریتەکانی کۆمەڵگای پیاوسالار، پاراستنی توندیی حیجابو کورتبوونەوەی چالاکیی ژنان لە ماڵداریو مێرددارىدا لە تایبەتمەندییەکانی بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵگای سوننەتیی ئێراندا بوون. کڕینو فرۆشتنی ژنان وەك قەرەواش لە ئێرانی سەردەمی قاجاڕدا لە هێندێك ناوچەدا باو بوو[٥] لە ئەنجامی پێوەندی لەگەڵ ئوروپادا بووە هۆی ئەوەیکە نارەزایەتی بەرانبەر ئەم بارودۆخەی ژنان دەر ببڕدرێ. بەدامەزراندنی قوتابخانە لەسەر شێوازی ئوروپی، کچانیش وردەوردە رێگایان بۆ هاتنە ناوەوەی ئەو مەکتەبانە بووە. رۆشنبیرانی سەردەمی مەشرووتە نارەزایەتییان بەرامبەر بارودۆخی نالەباری ژنانو دەسەڵاتی پیاوان دەردەبڕێ. ژنان لە هێندێك بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی وڵات دا وەك بزووتنەوەی "تەحریمی توتن"و بزووتنەوەی مەشرووتەدا رۆڵیان هەبوو بەڵام دەبێ بگوترێ کە ئەم رۆڵە زیاتر پەیرەویکردن بووو، زیاتر بۆ پشتیوانی لە گرووپە کۆمەڵایەتیەکانیتری وەك زانایانو مەلاکان یان

---

[2]. Mary and Engls, selected works. Vol. 2, p. 217

[3] A.Bebel, women and socialism. (New York, 1910), p.6.

[4] مرتضی راوەندی، تاریخ اجتماعی ایران. جلد٣،ص ١٩١.

[5] ر.ك. خاطرات حاج سیاح، ابن سینا، ١٣٤٦، ص١٦٥.

ڕۆشنبیران بەڕێوە دەچوو، نەك ئەوەیکە بزووتنەوەیەکی ژنان بێ.

بەگشتی بزووتنەوە سەرەتاییەکانی ژنان لەسەدەی نۆزدەهەم دا لەلایەن گرووپە بچووکەکانی ژنە نەخوێندەوارەکانی چینی ناوەندەوە بەڕێوە دەچووو، بزووتنەوەیەکی جەماوەری نەبوو. زۆربەی ژنان هەروا پابەندی ڕۆڵە سوننەتیەکانی خۆیان بوونو نەیاندەتوانی لە بزووتنەوەی ژنان تێبگەنو، بەناچاری لەبەرامبەری دا خەمساردو بێمبالات بوون. هێندێك لە نووسەران بەدژایەتیکردن لەگەڵ بزووتنەوەی ژنان دەیانگوت کە ژنان لەبواری لەشیو فیکرییەوە لەپیاوان لاوازترن، یان ئەوەیکە بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسیدا دەبێتە هۆی تێکچوونی سەقامگرتوویی دەوڵەت. بۆوێنە هێگل دەیگوت: "ڕەنگە ژنان خاوەنی کولتور، هزرو زەوق بن بەلاّم ناتوانن بە ئایدیای ڕەها بگەن. جیاوازیی نێوان پیاوو ژن وەك جیاوازیی نێوان ئاژەڵو ڕووەك وایە... چونکە گەشەی ژنان لەسەرەخۆترە... لەگەڵ بەدەستەوە گرتنی دەسەلاّت لەلایەن ژنانەوە، دەوڵەت تووشی مەترسی دەبێ چوونکە ژنان کردەوەکانی خۆیان بە پێی پێویستییە گشتییەکان (عەقلانی) ڕێك ناخەن، بەڵکوو کردەوەکانیان لەڕووی مەیلو ویستە دەروونیەکانیان ڕێك دەخەن..."[6].

هەروەها "ژان ژاك ڕۆسۆ" لە کتێبی "ئیمبل"دا دەڵێ: "گەڕان بەدوای ڕاستیە ئابستراکتەکانو عەقلّیو بنەماو ڕێوشوێنە زانستییەکان لە مێشکی ژنان دا ناگونجێن. خوێندنەوەی ژنان دەبێ بەگشتی کردەیی بێ. ئەرگی ژنان بەڕێوەبردنی ئەو پرنسیپانەن کە پیاوان دۆزیویانەتەوە..."[7].

لە ئوروپادا دوژمنایەتیی لەگەڵ بزووتنەوەی ژنان لە وڵاتە کاتۆلیکە مەزهەبییەکاندا بەبەراوەرد لەگەڵ وڵاتە پرۆتستانەکان توندتر بوو. لەبواری مەزهەبییەوە دەگوترا کە بەشداریی ژنان لەژیانی گشتیو سیاسیدا دەبێتە هۆی لاوازیی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ژیانی خێزانیدا. مافی دەنگی سیاسیی ژنان تەنیا لەسەرەتای سەدەی بیستەم لە ئوروپا بەرەسمی ناسرا. وڵاتی سویس لە هەموو وڵاتێکیتر زیاتر لە بەرانبەر ئەو مافەدا دژایەتی نواند، بەلاّم لەئاکام دا مافی دەنگی ژنان لەساڵی ١٩٧١ لە ریفراندۆمێکی دەوڵەتی فیدراڵدا پەسند کرا. بەلاّم بەوحالەش لە هێندێك کانتۆن دا ئەومافەی ژنان بۆ کاروباری دەوڵەتی بەڕەسمی نەناسرا.

**نموونەکانی ڕەفتاری سیاسیی ژنان:**

بەشێوەیەکی گشتی بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە بەردەست دانە، ژنان بە بەراورد لەگەڵ پیاوان دا خاوەنی زانیاریو وشیاریی سیاسیی کەمترنو، بە بەراورد لەگەڵ پیاوان دا لە حاست سیاسەت خەمساردترو

[6] G.W.F. Hegel, the philosophy of Right. (trans by T.M. Konx) oxford, U.P.1967, PP. 263-4.

[7] J.J.Rousseau, Emile, Dutton press 1955, p. 350

بێمبالاترن یان ئەگەر بەشداریی سیاسەت بکەن ئەوا زیاتر لە پیاوان ڕوو لە حیزبە راستەو کۆنسەرڤاتیڤەکان دەکەن. دەکرێ گرینگترین نموونەکانی رەفتاری سیاسیی ژنان بەپێی لێکۆڵینەوەکان لەوچەند بابەتەی خوارەوەدا کورت بکرێنەوە:

**پەیڕەویی ژنان لە مێردەکانیان لە رەفتاری سیاسیدا:** یەکێك لەبیرمەندان گوتوویەتی: "هاوڕایی تارادەیەك بەتەواوەتیی نێوان ژنو مێرد [لەکاروباری سیاسیدا] دەرەنجامی دەسەڵاتی پیاوان لە بوارو کاروباری سیاسەت دایە".[8] بەپێی وتەیەکی تر: "لەزۆر بواردا تێڕوانینە سیاسییەکانی ژنان بەتەواوەتی هەمان تێڕوانینەکانی مێردەکانیانە".[9] بەپێی لێکۆڵینەوەیەکیتر: "بە پێی چەندین بەڵگەی بەرچاو، ژنان لەکاروباری سیاسیدا پەیڕەوی لە مێردەکانیان دەکەن (هێندێك جار پێچەوانەی ئەوەش بینراوە) یان لانیکەم ژنو مێرد تاڕادەیەك پشتیوانی لەحیزب یان کاندیداتۆرەکانی حیزبێك دەکەن".[10] بەپێی زۆر لە لێکۆڵینەوەکان، بەشداریی ژنان لەکاروباری سیاسیدا بەشدارییەکی سەربەخۆ نیە بەڵکوو بەپێی پێویستو بۆچوونی مێردەکانیانە کە بەسەر هەموو ژیانی سیاسیدا زاڵە. بەواتایەکیتر سیاسەت بە "پیشەیەکی پیاوانە" دەژمێردرێ.

هەروەها بەڵگە بۆ ئەوە هێنراوەتەوە کە: "تەنیا ژنان ئاگایان لەبیرو بۆچوونی مێردەکانیان [دیارە لەدەرەنجامی راوێژ کردن دا] هەیە. پیاوان پێیان وانیە کەدەبێ لەبارەی سیاسەتدا لەگەڵ ژنەکانیان راوێژ بکەن".[11] لە هێندێك لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتوە کە بیروباوەری سیاسیی ژنان دەستبەجێ دوای گۆڕانی بیروباوەڕی سیاسیی مێردەکانیان، گۆڕدراوە.[12] لانیکەم یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی دەستنیشان کردنی بیرورای سیاسیی ژنان، بیرورای مێردەکانیانە. هەروەها دوای پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، بیروباوەڕی سیاسیی ژنان - بەپێچەوانەی پیاوان - زیاتر بەلای مێردەکانیان دا دەگۆڕدرێ.

لەهێندێك لە لێکۆڵینەوەکان دا هۆکاری داگەڕانی ژنان بەلای بیروباوەڕی مێردەکانیان بەدواداچوونی لەسەر کراوە، بۆوێنە "دوورژە" نیشانیداوە کە ئەو ژنانەی دەیانگوت وەك مێردەکانیان دەنگ دەدەن ٣٠٪ هۆکارەکەی بۆ "باوەڕ" بەمێردەکانیان دەگێڕنەوە، ٢٠٪ بۆ پێشگیری لە پێکهاتنی شەڕوکێشە ئەوکارە دەکەنو ٤٠٪ بەهۆی "هاوڕا بوون" لەگەڵ مێردەکانیان دەنگ دەدەن،[13] لەئاڵمان (رۆژئاوا) ٩٠٪ی ژنان وەك مێردەکانیان دەنگ دەدەن, ژنان مێردەکانیان لە کاروباری

[8] P.lazars Feld et, the people's choise. (Columbia U.P. 1968), p. 141.
[9] E. Nordlinger, the working class tones. (London, 1967), p.51.
[10] L.Milbraith, Political participation. (Chicago. 1965), P.136
[11] Lazarsfeld,op. Cit. p. 141.
[12] R. Milne &H. Mackenzie, Marginal seat. (London, 1958, P. 162.
[13] M.Puverger, the Polotical Pole of women. L paris, Unesco, 1955), P. 49.

سیاسیدا بە وشیارتر دەزانن.[١٤]

**کۆنسێرڤاتیڤی ژنان لە بواری سیاسەت دا:**

بەپێی هێندێك لە لێكۆڵینەوەكان ژنان پێیان خۆشە وەك مێردەكانیان دەنگ بدەن هەرچەندە بەگشتی ژنان كۆنسەرڤاتیڤترن".[15]

بەپێی لێكۆڵینەوەو بەدوادا چوونی "لیپست" لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی كە زانیارییەك لەبارەی ژنانەوە لەبەردەست دایە ژنان زیاتر لە پیاوان پشتیوانی لە حیزبە كۆنسەرڤاتیڤەكان دەكەن"،[١٦] بەومانایە كە ژمارەی ژنانی لایەنگری ئەمجۆرە حیزبانە لە پیاوان زیاترە. بۆوێنە لە ئاڵمانی رۆژئاوا لەسەرەتای دەیەی ١٩٦٠، ٥٨٪ی ئەوكەسانەی كە دەنگیان بە حیزبی دێموكرات مەسیحی بەخشی، ژنان بوون، كەچی ٤٨٪ی دەنگیان بە حیزبی سۆسیال دێموكرات دا. دیارە بەگشتی تیۆری ئاراستەی كۆنسەرڤاتیڤانەی ژنان پشتیوانی هەمەلایەنانەی لێوە نەكراوە. هەروەها لێكۆڵینەوە ئاماژە پێكراوەكان پێوەندییان بە هەڵبژاردنێكەوە هەیەو، خوێندنەوەیەكی بەراوردكاری بۆ نەكراوە. هەروەها رەنگە پشتیوانی ژمارەیەكی زۆر لە ژنان لەو حیزبانە بە بەراورد لەگەڵ پیاوان رەنگە بۆ بەشداریی زیاتری ژنان لە هەڵبژاردنەكان دا بگەرێتەوە.

بەگشتیو بەپێی ئەو بەڵگانەی كە لەبەردەست دایە، جیاوازیی نێوان پشتیوانیی ژنانو پیاوان لە حیزبە كۆنسەرڤاتیڤەكان بە رێژەی ٧٪بووە، واتە ژنان بە رێژەی ٧٪زیاتر لە پیاوان دەنگیان بەمجۆرە حیزبانە داوە. بەپێی چەندین لێكۆڵینەوە پێوەندیی راستەوخۆ لە نێوان رەگەزایەتیو ئاراستەی سیاسیدا نەبینراوە یان لانیكەم ئەو جیاوازییە لە ئاراستەی سیاسیی نێوان ژنانو پیاوان "زۆر بەرچاو" نەبووە.[١٧] لەلایەكیتر، بەڵگەی زۆر لەبەر دەست دایە كە دەربڕی ئەوەن ژنان زیاتر لە پیاوان پشتیوانی لە حیزبە چەپەكان دەكەن.

بەگشتی ژنان بە بەراورد لەگەڵ پیاوان دا زیاتر كۆنسەرڤاتیڤن، بەڵام ئەوە لە هەموو مێژووی نوێی سیاسەت دا دەرنەكەوتووە. بۆ وێنە لە فەرەنسا حیزبە راستو سەڵتەنەت خوازەكان زیاتر لەلای ژنانەوە پشتگیری دەكرێن، بەڵام لە ئیتالیاو ئاڵمان دا حیزبە فاشیستەكان زیاتر لەلایەن پیاوانەوە پشتگیری دەكرێن هەتاكوو ژنان.

پێوەندیی نێوان پابەندە ئایینییەكان، كۆنسەرڤاتیڤیو ژن بوون لە چەندین لێكۆڵینەوەی جۆراوجۆر دا پێی لەسەر داگیراوەتەوە.[١٨] هێندێك لە نووسەران ریشەی سەرەكیی داگەڕانی رێژەیەكی زیاتری ژنان بەلای حیزبە راستو كۆنسەرڤاتیڤەكان لە

---

14 J.Ueltzhof Fer, "women in Politicalife" Marxism, Communism and western socity. Vol. 6, PP.341- 42.

15 M. Curtis, comparative Government and politics. (New york 1968), P. 113.

16 S.M. lipset, Political Man. (London, 1966), p. 221.

17 H. Bone & A. Renney, Politics and Voters. (New york, 1967) p.26.

18 Berelson & G.Steliner, Human Behavior. (New york, 1964), P. 573.

پابەنـدە ئایینییـەکان دا دەبیننـەوە. بۆوێنـە "لیپسـت" بەڵگـە بـۆ ئـەوە دێنێتـەوە کـە کەنیسـەی کاتۆلیـك لـە فەرەنسـاو ئیتالیـادا لایـەنگرانی خـۆی - کـە زۆربـەیان ژنـن - بـۆ پشتیوانی کـردنو دەنگدان بـە حیزبـە راستو ئایینییـەکان هـان دەدا.[19] پێـداگری لەسـەر ئایینو خێزان لە ئاراستە کۆنسـەرڤاتیڤەکان دا زۆر بەرچاوە. هێنـدێك لـە نووسـەران داگـەڕانی ژنـانی کرێکـار بـەلای حیزبـە راسـتەکان بـۆ هۆکـاری وەك ئـایینو هەلومـەرجی کـار دەگەڕێننەوە. بەگشـتی لـە هـەموو شـوێنێك دا پێگەی ئابووریو کۆمەڵایەتیو ئاستی خوێندنو هەلەکانی کارکردنی ژنان لەچاو پیـاوان پێگـەی نزمتری هەیەو، هۆکـاری لـەم شـێوەیە دەبوایـە ژنـانی بـۆلای حیزبـە چـەپەکانی هـان دابوایـە تـاکوو حیزبـە کۆنسـەرڤاتیڤەکان. هەربۆیـە واپێدەچـێ کـە هۆکـاری لـەمجۆرە لـە بەرانبـەر هۆکارەکانیتردا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبێ.

**نەریتگــەرایی ژنــان:** بــەپێی چــەندین لێکۆڵینەوە لەبارەی ئاراستەی حیزبەکانی ژنـان لـەولاتانی رۆژئـاواییدا، وەفـاداریی ژنـان بـەو حیزبانــەی کــە بــە شــێوەیەکی ســوننەتی لەدەســەلات دانو، دەنگــدان بــەو حیزبانــە بۆچـەندەمین جـار، لـەنێو ژنانـدا زۆربـاوترە. بەگشـتی بـۆ ژنـان، هەڵبەزدابـەزی سیاسـیو گۆڕینی بیروباوەڕەکانیان دلگیر نیـە. بـەلام بـە پێچەوانەی ئەمەشەوە، هێندێك لە لێکۆڵەرەکان قسـە لـە ڕاڕایـی بـوونو نـاجێگیری ژنـان لـە ئاراستە حیزبییەکان دا دەکەن.[20] بەپێی ئەمـە ژنـان زووتـرو زیـاتر لـە پیـاوان حیزبـی خۆیـان دەگۆڕن. هێندێك لە لێکۆڵینەوەکان هیچ جـۆرە پێوەندییەکیان لە نێوان رەگەزایـەتیو گـۆڕینی ئاراســـتە حیزبییـــەکان نەدۆزیوەتـــەوە.[21] هەرچـەندە ژنـان لـە ژیـانی سیاسـیدا بـە پابەندبوون بە نەریتـەکانو نـەگۆڕی ناوبانگیـان دەرکـردووە بـەلام لـە چـەندین، لێکۆڵینـەوەدا ئەنجامی جۆراوجۆری لێ کەوتۆتەوە. هـەروەها، ئەو بانگەشـەیە کـە ژنـان لـە هەڵبژاردنـەکان دا زیـاتر گرینگـی بـە قسـەکان دەدەن تـاکوو بـە بابەتو پرۆگرامەکان، نەسەلمێندراوە.

**بێزاریی ژنان لە سیاسـەت:** بـەپێی چـەندین لێکۆڵینـەوە، ١لـە٣ی ژنـان رایانگەیانـدووە کـە سیاسەت هیچ پێوەندییەکی بە ژیانی ئەوانـەوە نیـە. هـۆگریی ژنـانی خوێنـدەوار بـە سیاسـەت بەڕادەی نیـوەی هـۆگریی پیـاوان بـە سیاسـەت بـــووە. بەگشـــتی رادەی هـــۆگریی ژنـــانی نەخوێندەوار بە سیاسەت لە خوارەوەی رێـژەی پیـاوان دایـە. رێـژەی بەشـداریی ژنـان لـە هەڵبژاردنەکان دا کەمتر لە پیاوانە. بۆوێنـە لـە فەڕەنسـا ٢لـە٣ی ئـەو کەسـانەی کـە دەنـگ نادەن، ژنن.[22]

مەبەسـتی زۆربـەی ئـەو لێکۆڵینەوانە بەگشـتی ئەوەیە بیسەلمێنن کە ژن "بوونەوەرێکی سیاسی" نیـە بـەڵکوو زیـاتر هۆگرییـان بـە ژیـانی تایبـەتیو تاکەکەسی یان کۆمەڵایەتی هەیە. پـەیڕەویی ژنـان

[19] Lipset,op. cit. P. 260.

[20] C. Burns, Parties and people, (Melbourne U. P. 1961).
[21] Duverger,op. 68
[22] Ueltzhoffer, op. Cit. pp. 341 – 42.

لــــە مێردەكانيــــان لـــە ژيـــانی سياســـیداو، كۆنســـەرڤاتيڤیو نەريتخوازييەكەشـــيان بـــۆ ئـــەم مەيلدارييـــە دەگەڕێتـــەوە. لـــەمجۆرە لێكۆڵينەوانـــە بەڵگـــە بـــۆ ئـــەوە هێنراوەتـــەوە كـــە ژنـــان كـــەمتر لـــە پيـاوان سياسـين. يـان ئەوەكـە ژنـان تێروانينێكـی رەوشتيانەيان بەرانبەر بە سياسەت هەيە هـەتاكوو تێروانينێكی واقعیيانە. بـەپێی ئـەو لێكۆڵينـەوانـە، سياسەت بە مانای گەيشتن بە بەرژەوەنديیـە تاكـە كەسـييەكان لـە رێگـای ململانـێو شـەڕەوە بـە پيشەيەكی پياوانە دەژمێردرێ بەڵام لە بەرامبەردا: "ژنان بەپێی پاڵنەری رەوشتی دەنـگ دەدەن نـەك لەرووی بەرژەوەنديخوازیو مەزنەخوازی".[٢٣]

ژمـــارەی ئەندامـــەتيی ژنـــان لـــە رێكخـــراوە سياسيەكانيش دا زۆر كەمە. رێـژەی ئەنـدامانی ژن لە رێكخراوە حيزبيەكان دا لە نێـوان ١٠هـەتا ٢٠٪ی هـەمووی ئەندامەكانـە. هـەروەها ئـەو رێژەيـە لـە ئاسـتە بـەرزەكانی ژيـانی سياسـی دا زۆر كـەمتر دەبێتـەوە. هـەروەها ئەركـەكانی ژنـان لـە نێـو حيزبـەكان دا لـەكاروباری كولتـوریو پێوەنديیـە گشـــتييەكان دا كـــورت دەبێتـــەوە. رێـــژەی نوێنەرايەتيی ژنانيش لە پاڕلمـان دا زۆر كەمـە. لـە پاڕلمانی ئاڵمان بە شـێوەيەكی نێـونجی ٦/٩٪، لـە پاڕلمـانی نەتـەوەيی فەڕەنسـا ٥٪، لـە پاڕلمـانی لۆردەكـانی بريتانيـا ٣٪و لـە كـۆنگرەی ئامريكـا ٢لەســەدی ئەندامــەكانی ژن بوونــە.[٢٤] بەگشــتی ئەمجۆرە لێكۆڵينەوانە بەو دەرەنجامـە دەگـەن كـە ژنان كەمتر لە پياوان هۆگرييان بە سياسەت هەيـە، ئاســتی زانيــاريی سياســيی ئــەوان نــزمترەو، بەشدارييەكی كەمتريان لـە بـوارە جۆراوجۆرەكـانی سياسەت دا هەيـە. هۆكـاری ئـەم حاڵەتـەش زيـاتر

لەجۆری بەكۆمەڵايەتيبوونو راهێنانو پـەروەردەی ژنـان دا دەدۆزرێتـەوە. بەگشـتی رۆڵـی پێكهاتـەی دەسـەڵاتی سياسـیو جـۆری رێكخسـتنی ئـەم دەسـەڵاتە لـە ناسياسـی كردنـی ژنـان باسـی لێـوە نـەكراوەو، تەنانـەت لەبـەر چـاويش نـەگيراوە. حيزبـەكانو رێكخـراوە سياسـيەكان كـەمتر لەسـەر مەسەلە پێوەنديدارەكان بەژنان هەڵوێست دەگرن، هەربۆيە هەڵبژاردنی حيزبێك لـە بەرامبـەر ئـەويتردا بـۆ ژنـان كـارێكی دژوارو تەنانـەت بێماناشـە. بەسـتنەوەی خەمسـارديی ژنـان بـە تايبەتمەنديیـە "دەروونناســـانەكان"، كولتـــوری، جـــۆری بـــە كۆمەڵايـــەتيبوونو بـــە كولتـــووری بـــوون بـــە دياردەيـەكی "دەروونـی" دەژمێـردرێن كـە ژيـانی سياسی هيچ رۆڵێكی لە ديـاريكردنی ئـەوان دا نيـە. بـێ مبـالاتیو خەمسـارديی ژنـان بەرانبـەر بـە سياسـەت لـە مانـەوەی سيسـتەمی كۆمەڵايـەتی، سياسـی، كولتـوریو رەگـەزيی پياوسـالارانەوە سەرچاوە دەگرێ. زاڵبوونی پياوان بەسـەر ژنـان دا بەهەر هۆيەك، يەكێك لە راستييە حاشا هەڵنەگرانی مێـژووی سياسـی مرۆڤايەتيـە. پاسيڤيی سياسـيی ژنانيش تەنيا دەتوانێ دەرەنجامی "لۆژيك"ی ئـەو زاڵبوونـە بـێ. تەنانـەت ئـەو لێكۆڵينەوانـەی كـە لـەبارەی رۆڵـی سياسـيی ژنـان بـەڕێوە چـوونە لـە روانگـەی مـەيلو بـەهاو هـۆگريی جێگـای پەسـندی رەگەزی زاڵ بووەو، دەسەڵاتی پياوانی بە شـتێكی سروشتی لەقەڵەم داوە.

- سەرچاوە: كتێبی جامعەشناسی سياسی

---

[23] R.Lane, political life. (clencoe, 1959), p. 46
[24] Ueltzhoffer, op. Cit. P.342.

کۆمەڵایەتی

# یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران،

## یەکیەتیەکی پلۆرال بۆ وەڵامدانەوە به پێویستی‌یەکانی کۆمەڵگای کوردستان

عیرفان رەهنموون

ئەگەر باس لە بزاڤی رۆشنبیری گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، کە بزاڤی خوێندکاریی کوردستانیش، بە چەشنێ درێژەو درێژەدەری ئەو بزاڤە لەقەڵەم دەدرێ، بێتەگۆڕەوە، سەرەتا پێویستە قامك بخرێتە سەر دیاردەیەك بە ناوی "خودئاگایی نەتەوەیی". چونکە بزاڤی خودئاگایی نەتەوەیی، ژێرخانی بزاڤی رووناکبیریی گەلی کوردە لە کوردستانی ئێران داو ریشەی ئەم بزاڤە بێ ئەملاوئەولا دەگەرێتەوە بۆ کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردو لە دامەزرانی کۆماری دێموکراتی کوردستان لەساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا، بووە دیاردەیەکی دەرهەستو ئۆبژکتیڤو توانی چ لەرووی چۆنایەتیو چ لەرووی چەندایەتییەوە پێش بکەوێت.

رێبەرانی بزاڤی رۆشنبیریی کورد، هەر ئەو تێکۆشەرانە بوون کە لەلایەکەوە، رێبەرایەتیی خەباتی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کوردیان دەکردو لەلایەکی دیکەوە، تێدەکۆشان تا چەمكو تەزا مۆدێرنەکان لە کۆمەڵگای کوردستان دا بچێنن. لەنێو رێبەرانی زانا، تێکۆشەرو ماندوویینەناسی ئەو بزاڤەدا، ناوی پێغەمبەری ئاشتیو مامۆستای ئاشتیو مامۆستای دێموکراسی، شەهیدی هەرگیز نەمرـ کاك دوکتور قاسملو وەك ئەستێرەیەکی بەورشەو پرشنگدار لە ئاسمانی بایەخە مرۆڤانیو ترانسیدنتالەکان دەدرەوشێتەوە.

بەم پێیە دەتوانین لەسەر ئەم واقعییەتە دەرهەستە پێدابگرین کە بزاڤی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانو بزاڤی رووناکبیریی خوێندکارانی کورد تاپۆیەکیان پێك هێناوە کە کێشانی هێڵی جیاکەرەوە لە نێوانیان دا دژوارەو بەچەندین هۆ وەك کارێکی ئەستەم خۆی دەنوێنێ. هاوکات لەگەڵ گەشەو پەرەسەندنی خەباتی میللی ـ دێموکراتیکی کوردستان دا، ئایدیاو ئارمانجە پێشکەوتنخوازەکانی ئەم بزاڤە، توانی هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا بتەنێتەوەو رەوتی رەوانی خۆی بە پۆتانسیەلێکی بە هێزەوە بەرەو پێش ببات. لەسەروبەندی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا،و بەهۆی گەڕانەوەی خەباتکارانی کورد بۆ نیشتمان، بەستێنێکی شیاو بۆ چالاکییە فیکریو فەرهەنگییەکان ڕەخساو بزاڤی رووناکبیریی کوردستان لە دوندی هیواکانی نزیك بۆوە، بەڵام بە هێرشی پاسدارانی نەزانیو تاریکی بۆسەر کوردستان، ئەو سەردەمە زێرینە کۆتایی پێ هاتو دێوەزمەی شوومی کۆماری ئیسلامی، باڵی بەسەر کوردستان دا کێشا. ئەگەرچی رێژیمی سەدە ناوەراستی کۆماری ئیسلامی، توانی لەرووی سەربازییەوە کوردستان داگیر بکاو هەر دەنگێکی هەقخوازانە بداتە بەر دەسترێژ، بەڵام هەرگیز نەیتوانی بزاڤی خودئاگایی نەتەوەییو رووناکبیریی کوردستان لە ڕیشە هەڵکەنێ.

ئەم بزاڤە بەهێزە لەسەردەمی داگیر کردنی نیزامیی کوردستان، کودیتای فەرهەنگی لە

زانکۆکان و تەسفیە ئیدئۆلۆژیك و خوێناوییەکانیش دا، توانی بە سەرنجدان بە رەوشی ئەو سەردەمە و بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی خەباتی نهێنی، درێژە بە ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆی بدات.

بەهۆی هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەتیی سوسیالیستی و وەلانرانی بلۆکی سوسیالیستی رۆژهەڵات لە هاوکێشە سیاسیەکانی جیهان و ناوچەکە، وەرچەرخانێکی دەرهەست لە هاوکێشە سیاسییەکانی جیهان و ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست دا هاتە ئاراوە و لە چەندین ئاست دا کاریگەریی لەسەر وڵاتی ئێران و هاوکێشە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە دانا. هاوکات لەگەڵ دامەزرانی ئەنجومەنی ئەدەبی، هونەری و فەرهەنگییەکان لە کۆتاییەکانی دەیەی شەست و سەرەتاکانی دەیەی حەفتای هەتاوی‌دا، بزاڤی رووناکبیریی کوردستان، توانی وەك واقعییەتێکی دەرهەست و ئۆبژکتیڤ، کارکردگەلێکی کۆمەڵایەتی - سیاسیی گرنگ ڕاپەڕێنێت. هەر لەو ساڵانەدا، بەهۆی چوونەسەرەوەی ڕادەی وەرگیرانی لاوانی کورد لە زانکۆ و ناوەندە فێرکارییەکانی سەراسەری ئێران دا، ئاستی ئەم بزاڤە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە هەڵکشاو بە دامەزرانی ئەنجومەنە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان و وەشاندنی گۆڤار و بڵاوکراوەی خوێندکاری لەلایەن خوێندکارانی وشیاری کوردەوە بە زمانی کوردی و رەنگدانەوەی ئازار و هیوا و قەیرانە سیاسی- کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردستان و هاتنەگۆڕی مافە زەوتکراوەکانی نەتەوەی کورد و پێویستیی هانگاونان لە پێناوی دەستەبەر بوونی ئەو مافە زەوتکراوانەدا، بزاڤی خوێندکاریی کورد پێی نایە قۆناغێکی نوێ و چارەنووسسازەوە و بووەهۆی چوونەسەری رادەی چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەو بزاڤە و بەم شێوەیە بەرپرسیاریەتێکی دژوار کەوتە ئەستۆی بزاڤی خوێندکارانی کوردستانەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا نابێ خۆمان لەو راستییە ببوێرین کە تاپێش دامەزرانی "یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان"، بزاڤی خوێندکاریی کورد، بێبەش بوو لە رێکخستنێکی شیاو و خەباتەکەی دوور بوو لە شێوەکاری سیستماتیك و کاراو تەنیا توانیبووی شانبەشانی بزاڤی خوێندکارانی سەرانسەریی ئێران، پشتیوانی لە خواستە دێموکراتیکەکانی خەڵکی ئێران بکا و بە سەرنجدان بە هەلومەرجی نێوخۆیی وڵاتیش، کەم تاکورت، ویست و خواستەکانی نەتەوی ماف زەوتکراوی کورد بێنێتە گۆڕێ.

بەسەرنجدان بەوراستیانەی کە ئاماژەی بۆ کرا، لەم قۆناغە هەستیارەی کۆمەڵگاکەمان دا، یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە مەبەستی رێکخستن و کانالیزە کردنی خەبات و تێکۆشانی خوێندکاران و خوێندەڤانانی ئازادیخوازی کورد لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە تایبەتیەکانی خوێندکاران دا دامەزراو

دەخوازێ لە رێگای ئۆرگانیزاسیۆنێکی تایبەتەوە، رێگا لە پەرشوبڵاویی هێزەکان بگرێو بەبەرنامەوە هێزەکان بخاتە سەریەکو وشیارانە ئاراستەیان بکات.

رێژیمی ئاخوندی، لەسەرەتای هاتنە سەرکاریەوە تا سەرەتای ساڵەکانی ٧٠ی هەتاوی، بە کەڵکوەرگرتن لە سیاسەتی سەخت ئەفزاری، سیاسەتێکی توندوتیژی سەبارەت بە بزاڤی خوێندکاریو رووناکبیریی کوردستان پەیرەو کرد، بەڵام لە ساڵی ٧٠ی هەتاوییەوە، ئەو رێژیمە سەرکوتکەرە لەژێر کاریگەری چەند وەرچەرخانێکی سیاسی لەئاستی نێونەتەوەیی، ناوچەییو نێوخۆییدا پەنای بردە بەر سیاسەتی نەرم ئەفزاریو هەوڵی دا کە ئەو بزاڤە لە نێوەرۆکی واقیعی خۆی بەتاڵ بکاتەوە. رووخساری درێوی ئەم سیاسەتە نەرم ئەفزارییە ئاڵۆزو چەواشەکارانەیە، دوای گۆڕانکاریی ٢ی جۆزەردانی ٧٦ بەئاشکرا خۆی دەرخست.

لەو ساڵانەدا، کۆماری ئیسلامی، بەهۆی ئەو بەناو رووناکبیرانەوە کە قەڵەمەکانیان فرۆشتبوو، هەوڵی دەدا تا هێڵێکی راستوچەپ بەسەر واقعیەتەکان دا بکێشێو ئەو گوتارە بەسەر بیاڤی رووناکبیریو بزاڤی خوێندکاری دا بسەپێنێ کە گوایە لەسەردەمی ئەمڕۆدا گوتارو بزاڤو خرۆشانی جەماوەریو شۆڕشگێرانەو پێکهاتە شکێن، ئیکسپایەر بووەو لە سیستەمی ئاوەڵای کۆماری ئیسلامی دا، پێویستە رێفۆرمی پلەبەپلەو هەنگاو بەهەنگاو بەڕێوە ببرێ.

خاتەمیو خاتەمچییەکان، رووهەڵماڵاوییان گەیاندە ئاستێ کە تەنانەت دەستیان بردە نێو تێزە زانستییەکانو هەوڵیان دا بۆ مەبەستە ناڕەواکانیان، ئەو تێزانە بشێوێننو چەواشەی بکەن.

رژێمو دەستو پێوەندەکانی لە زاڵکردنی ئەم گوتارە بێپێزو بێناوەرۆکەدا، مەبەستیان پێکانی دوو ئامانجی سەرەکی بوو:

الف) چەواشە کردنی راستییەکانی بیاڤی سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئێرانو ڕسکاندنی ئەو ئاگاییە درۆیینە لەنێو بازنەی رووناکبیریدا، کە گوایە رژێمی ئیسلامیی ئێران، سیستمێکی کراوەیەو ئەو زەرفیەتەی هەیە کە لە رێگای رێفۆرمی پلەبەپلەو هەنگاو بەهەنگاوەوە، ئازادییە دێموکراتیەکان لە کۆمەڵگادا بێنە چەسپاندن.

ب) رێژیم بەو پێشەکییە پارادۆکسیکاڵو دوور لە راستیە، بەو ئەنجامگیرییە دەگەیشت کە لە سیستەمێکی دێموکراتیك دا، نابێ بزاڤی پێکهاتە شکێن بێتە گۆڕەپانی سیاسییەوەو ئەوەش راست بە مانای پاراستنی بێئەملاو ئەولای رێژیمی مرۆڤکوژو سەدە ناوەڕاستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو.

لەو ساڵانەدا، رێژیمی خومەینی، بەکڕینی پێنووسو ویژدانی هەندێ قەڵەم بەدەستی نیشتمانفرۆش بەئاشکرا، ژەهری ئەو گوتارەی بەسەر کۆمەڵگادا دەباراند کە بزاڤی رزگاریخوازانەی کوردستان لەسەردەمی ئەمڕۆدا

ناتوانین وەڵامدەری پێویستییەکانی کۆمەڵگای کوردستان بێو پێویستە کورد، بەشەرمەوە چاو لە رابردووی خۆی بکاو هەموو بیرەوەرییەکانی رابردووی لە ناخیدا سانسۆر بکات.

نیشتمانفرۆشانی خۆبەکەمزانی لووتبەرز لەئاست کۆمەڵگای کوردستان دا، بێ شەرمییان گەیاندە ئەو جێگایەی کە دەیانگوت "قەومی کورد" تەنیا گرفتی ئابووری هەیەو ئەگەر بێتو دەوڵەت نەختێ سەرمایەگوزاریی ئابووری لە کوردستان دا بکاتو برێ وردەمافی شارۆمەندی بۆ کوردان دابین بکات، ئیدی هەڵۆکانی کوردستان پەروباڵیان دەوەرێتو چیدی برستی شەقڵنو هەڵفڕینیان نامێنێت. هەموو ئەو هەوڵە نەزۆکانەش بۆ ئەوە بوو کە "دۆزی کورد" کە لە گەوهەری خۆیدا پرسێکی سیاسییەو بێ ئەملاو ئەولا خۆی لە دەسەڵات بەسەر خاکو جوگرافیایەکی تایبەت کە "کوردستان"ـە دەبینێتەوە، لەبڕێ وردەمافی شارۆمەندیو تەمومژاویدا کورت بکەنەوە.

خوێندکارانی ئاگاو شۆرشگێرو دێموکراسیخوازی کورد لەو ساڵانەداو لەکاتێك دا کە زۆر لایەنو گرووپ، زورپایان بۆ خاتەمیو خەڵك سالاریی دینی لێدەدا، سەفسەتە ئیدئۆلۆژیکیەکانی رێژیمو چڵکاوخۆرە پێنووس فرۆشەکانیان ئاشکرا دەکردو پەردەیان لەسەر ماهییەتی لەگۆڕان نەهاتووی کۆماری خومەینی هەڵدەدایەوەو بانگەشەیان بۆ تێزە پێکهاتە شکێنو دێموکراتیەکان دەکرد.

یەکیەتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی لە نێو کەفوکوڵی بزاڤی خوێندکاریی کوردو لە هەناوی تەزادەکانی کۆمەڵگاو واقعییەتگەلێك دا چەکەرەی کردو بۆ جارێکیتر، پرسە چارەنووسسازە سیاسیەکانی هێناوە گۆڕێو ژینگەی کۆمەڵایەتیی، سیاسی کردەوەو پەردەلادان لەسەر سەفسەتە ئیدئۆلۆژیکەکانی رێژیمی بە پشتبەستن بە مێتۆدی عەقڵانیەتی رەخنەیی کردە ئامانجی سەرەکیی خۆی.

هاتنە سەرکاری "ئەحمەدینەژاد" لە دوایین بەناو هەڵبژاردنی رێژیم دا، لەلایەکەوە، راڤەو بۆچوونە راستو دروستەکانی خوێندکارانی شۆرشگێری کوردستانی سەلماندو خاکساریو شەرمەندەگیشی جێهێشت بۆ قەڵەمفرۆشانی دژیگەلی،و لەلایەکی دیکەوە، فۆرمو نێوەرۆکی راستەقینەی رێژیمی ئاخوندی لە سیمای دزێوی سەرکۆماری تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیدا یەکانگیر بوو.

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوکات لەگەڵ پاراستنو پەرەپێدانی پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ بزاڤی خوێندکاریی سەراسەری ئێران دا، تێدەکۆشێ ویستو داخوازیە رەواکانی گەلانی بندەست بکاتە خواستێکی گشتی بزاڤی سەرانسەریی خوێندکارانی ئێران.

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ جارێکی دیکە پێلەسەر ئارمانجە دێموکراتیكو یەکسانیخوازەکانی

دادەگرێو جەخت لەسەر دێموکراتیزە کردنو فیدرالیزە کردنی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران دا دەکاتەوەو بۆ گەیشتن بەو ئارمانجە بەرزانە بەتەواوی هێزەوە، خەباتێکی وشیارانەو ماندوویی نەناسانەی دەخاتە ڕێ.

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتیکوردستانی ئێران، ڕێکخراوی خوێندکارانو خوێندەڤانانی ئازادیخوازو دێموکراتی نەتەوەی کوردە.

ئامانجی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێکخستنی خوێندکارانو خوێندەڤانانی خەباتکارو ئازادیخوازی کوردە بە مەبەستی:

الف) ئامانجە گشتییەکان:

١ـ هەوڵدان بۆ شرۆڤە کردنی خوێندکاری بە مێتۆدی عەقڵانیەتی رەخنەیی.

٢ــبەشداریی خوێندکارانی کورد لە بزاڤی خوێندکاریی سەراسەری ئێران دا وەك یەکێ لە ستوونە بەهێزەکانی ئەم بزاڤە.

٣ــ پشتگیریو بەشداری چالاکانە لە بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کوردستانی ئێران دا.

٤ـ هەوڵدان بۆ پێکهێنانی هاوبیر، هاوراییو هاریکاریی پراکتیکی خوێندکارانی کورد لەگەڵ خوێندکارانی ئازادیخوازی نەتەوکانی دیکەی ئێران لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان دا.

٥ــ هەوڵدان بۆ پێکهێنانی پێوەندییەکی دینامیکی لە نێوان بزاڤی قوتابیانو بزاڤی خوێندکاران دا، وەك هاوڕێو پشتیوانی ئەم بزاڤە.

٦ـ تێکۆشان بە مەبەستی سەقامگیر کردنی سیستمێکی دێموکراتیكو پابەند بە ڕێسا جیهانییەکانی مافی مرۆڤ، هاوشان لەگەڵ چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی ئێران دا.

٧ـ بەشداریی چالاکانەی خەبات، بە مەبەستی سەقامگیر کردنی سیستمێکی فیدراڵ، بە بەشداریی تێکڕای نەتەوەکانی ئێران.

٨ ـ هەوڵدان بۆ پێکهێنانی پێوەندیو دیالۆگێکی بونیادنەر، لەگەڵ ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دا.

ب) تایبەت بە خوێندکاران:

١ــ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانو گەشەپێدانی ئاستی ئازادییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆدا.

٢ــ تێکۆشان بە مەبەستی سڕینەوەی هەرچەشنە هەڵاواردنێك لەسەر خوێندکارانی نەتەوە بندەستو کەمینە ئایینیو نەتەوەییەکان.

٣ــ خەبات بۆ پاراستنی ڕێزو سەربەخۆیی زانکۆو پێشگیری لە دەستێوەردانی ناوەندەکانی پۆلیسو ئاسایش لە زانکۆدا.

٤ــ هەوڵدان بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی ڕووناکبیریی خوێندکارو بە هێزتر کردنی پەیوەندییەکانی زانکۆ لەگەڵ شوێنو ناوەندە ڕووناکبیرییەکانی دەرەوەی زانکۆدا.

٥ـ هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەڵاواردنی جنسیو قەرەبوو کردنەوەیان.

کوردستان نێت
Kurdistannet کوردستان نێت

کۆمەڵایەتی

# بزووتنەوەی خوێندکاری
# له
# نێوان ئامادەیی و غایبیدا

ڕەوتی دیالکتیکی ژیان وادەخوازێ کە هەردەم ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی لە پێکدادانێکی بەردەوام دابن، لە هەمبەر خولقاندنی ماناو بەهای ئەوتۆ کە دواجار ببنە بنەمایەك بۆ بەردەوامیو سووربوون لەسەر درێژەپێدانی ژیان، چونکە ژیان بێکارکردن لەسەر ئەو بەهایانەی کە دێنە بوونو دەبنە بنەما بۆ کاری هاوبەشو جێگای ڕێزو بە پێچەوانەشەوە، مانایەکی نابێ، ئەمەش وای کردووە کە تەزاد و ئەم جۆرە وێنا کردنە ببێتە یەکێك لە بنەماکانی راڤەو شیکردنەوەی کۆمەڵگاو دواجار ڕێکخستنی.

ئەگەر ئەمە سروشتی ژیان بێت بێشك کە مرۆڤ سروشتێکی ئاڵۆزتری هەیەو جگە لەوەی کە تەنانەت لە دژایەتیو بەرپەرچدانەوەیەکی بەردەوامی سروشتیدایە، هاوکات ئەم دژایەتی کردنو بەرهەڵستییە دەگوازرێتەوە بۆ ناوخودی سروشتی خۆی، ئەمەش هەندێ جار لە چوارچێوەی ڕەهەندە عەینییەکانی کۆمەڵگا دەبێت، کە لەکارو کاردانەوەیەکی بەردەوام لەسەر تاکەکان دەردەکەوێت. ئیتر لێرەوە لە ئەنجامی ئەو ئاڵۆزییە ناوخۆییەدا دەشێت پێکدادانەکان دەربرێتو عەینییان بکاتو، بەکپکراویو مات بوو، وەك بەشێك لە پێکدادانە ناوخۆییەکان دەیان خولقێنێ. لە ڕاستیدا ئەمە بۆ ئەوەیە کە بڵێین مرۆڤ بوونەوەرێکی خەساو نیەو بەردەوام لەحاڵی چالاکیو خۆ نواندن دایە، ئیتر بە شێوەی جیاجیا، لەلایەکیترەوە کاتێك دەڵێین مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، کە ئەمە ئەلفی ڕەهەندی کاری کۆمەڵناسانەیەو دەبێتە بنەمایەك بۆ ناسینی کۆمەڵگاو دیار خستنی لایەنەکانی، نیشانەیەکە کە مرۆڤ لە پێوەندییەکی بەردەوام دایە لەگەڵ هەموو ڕەهەندە پێوەندیدارەکانیتر.

ئێمە لە سەردەمێکەوە دەست پێ دەکەین کە هیچ گومانێکی باڵا بوونی مرۆڤی تێدا نەماوەتەوە، ئەزموونگەلێکمان لەپاش ئەو سەردەمەوە لەبەر دەست دایە کە سەبارەت بە ئەزموونە پێشینەکان ئاسمان تا زەوی گۆڕانی بوونیادییان تێدا بەدی هاتووە، چی دیکە مەودا بەژێر دەست بوونی مرۆڤ نادا لەژێر کارکردنی کایە گەلێك کە ئاماژەیەکی روونن بۆ بێدەسەڵاتی مرۆڤ، چی دیکە ڕێگەمان پێ نادا لەسەر زەوی هەر کارێك بکەینو چۆن پێمان خۆش بێ ببڕینو بدروین، هەروەکو چۆن ڕێشمان پێ نادا بە زوویی لە بەرامبەر هیچ شتێکدا تەسلیم نەبین.

ئەگەر کۆمەڵگا وەك یەکەیەکی خۆرێکخەر پێناسە بکەین (چالمرز جانسۆن)، دەبێ ئەو ڕاستیەمان لەپێش چاو بێت کە ئەو خۆرێکخەرە ئۆرگانیکیە هەمیشە بەلایەك دا نیە، بەڵکوو لە ئەنجامی گۆڕانکاریە بەردەوامەکانەوە، ئەگەر بێتو بە بەردەوامی لەگەڵ یەکتری گۆڕانیان بەسەردا نەیەت تووشی نا هاوسەنگی دەبنو دواجاریش کۆمەڵگا لە پێکهاتە گشتییەکەیدا تووش دەکەن.

هەریەکە لەلایەنەکان خاوەنی بەرژەوەندی تایبەتن کە لەگەڵ ئەو ناهاوسەنگییە دا

ئەوانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت، کە دواجار دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پێکدادانی بەرژەوەندییەکان.[1] کۆمەڵگا لە فۆرمە نوێیەکەیدا کە بەوردی پێناسی بەرژەوەندییەکانی کردووەو هەر مرۆڤێک دەتوانێ بیان ناسێو هەوڵیان بۆ بدات، بەسەرنج دان بەهەلومەرجە تایبەتیەکەی. هەربۆیەش مرۆڤی مۆدێرن بەئاسانی مل نادات بەوەیکە بەرژەوەندییەکانی بەهەند وەرنەگیرێنو پاوان بکرێن، لە ئەنجامی ئەمەشەوە ئامادەیە لە پێناویان دا ئالۆزی بنێتەوەو بە بەکارهێنانی میکانیزمی گونجاوەوە دوایان بکەوێت. کە یەکێك لە دیارترین میکانیزمەکان سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی‌یە، بەسەرنج دان بەم راستی‌یە کە ئەم رادیکاڵبوونو گوماناوی بوونو وەدواکەوتنە بەشێکن لە تایبەتمەندییەکانی دنیای مۆدێرن، بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکانیش وەك بەشێك لە تایبەتمەندی‌یەکانی دنیای مۆدێرن دەژمێردرێن[2]. دیارە لەم بارەشەوە سادەتۆری‌یە ئەگەر پێمان وابێ هەستیار بوون تەنها لەسەردەمی مۆدێرن دا هاتۆتە کایەوە، بەسەرنجدان بە مێژووی مرۆڤایەتی ئەم راستی‌یەمان بۆ روون دەبێتەوە کە هەمیشە مرۆڤەکان جۆرێکی تایبەتیان لە بیر کردنەوە هەبووە بەرامبەر بە چۆنیەتی ژیانیان (بەشێوەیەکی کوللی)، ئەویش بەبەراورد کردنی یەکتری لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەك، بەلام لەهەمان کاتیشدا حاشا هەڵنەگرە کە لە سەردەمی مۆدێرن دابوو کەمافخوازی سەری هەڵداو خۆی تیۆریزە کردو مرۆڤەکانی ئاگادار کرانەوە لە مافو ئەرکەکانیانو فەلسەفەی ئەوتۆ هاتە کایەوە، کە بیری ئازادیخوازیو شۆڕشی پەرە پێدا، هەربۆیەش لەم سۆنگەیەوە بە ئەنجامێکی ئەم رەوتە دێنە ئەژماردن.

کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ کۆمەڵگا گەلێکی ئالۆزن لەژێر باری چەندەها ناتەواوی کۆمەلایەتیو سیاسیو ئابووری... هتد دا بەسەر دەبەن، لەزۆر شوێن تاك بریاردەر، بە پێچەوانەوە لە زۆر شوێنیش نەك تاك بەڵکو کۆمەڵیش هیچ نین جگە لە پەراوێزێك بۆ دەسەلات، لێرەدایە کە کارکردن لەسەر بزووتنەوە کۆمەلایەتی‌یەکانو پێناس کردنیانو لێکدانەوە و شی‌کردنەوەی هەلومەرجو بنەماکانیان یەکێکن لە پێداویستی‌یە هەنووکەیی‌یەکانی هەرکۆمەڵگایەك کەهەست دەکات جۆرێك ناهاوسەنگی یا ناعەدالەتی لەئارادایەو مرۆڤەکانی پێ دەچەوسێندرێنەوە.

بزووتنەوەی کۆمەلایەتی بەپێی ئەو پێناسەیەی کە لە کۆمەڵناسی‌دا بۆی کراوە لەهەریەك لە شۆرشو رەفتاری بە کۆمەڵ جیا کراوەتەوە، ئەگەرچی هەرسێکی ئەمانە لەو روانگەیەدا یەك دەگرنەوە کە هەڵچوونێکی

1 (شۆرشو بزووتنەوەی کۆمەلایەتی‌یەکان - ئەنتۆنی گیرنز ، و: هیوا حاجی دیلۆیی - موکریانی - ص٣٥- ٣٦)

2 هەمان سەرچاوە ص ٦٣

نارەزاییيانەن بەرامبەر بە هەلومەرجێك بەڵام هاوکاتیش لەرووی‌هەندێ تایبەتمەندی‌ترەوە وەکو ئامانج‌و رێکخستن‌و مادەو.... هتد لێك جیا دەبنەوە. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بریتی‌یە لە بزووتنەوەیەك کە گروپێکی رێکخراو هەوڵ بدات رەگەزگەلێك لە کۆمەڵگا بگۆرێت.[٣]

بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی‌و هەلومەرجە تایبەتیەکان شکڵ دەگرن‌و وەدوای ئامانجەکانیان دەکەون. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەتوانێ ئاراستەیەکی توندوتیژانە وەخۆ گرێ‌و لەهەمان کاتیشدا بە پێچەوانەوە، ئەمە دەوەستێتەوە سەر ئەوەی‌کە سیستەم کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتدا خۆی دەنوێنێ تاچەند باوەڕی بەو هەستە دێموکراتیانە هەیەو لەلایەکی تریشەوە وەکو "ئالان تۆرین" دەڵێ: پرۆسەی گفتوگۆی بەرامبەر کە لە مەیدانی کارکردن دا هەیە چەندە ئامادەیی هەیە، کە دواجار لەوانەیە ببێتە هۆی گۆڕینی هەلومەرجی بزووتنەوە لەبەرامبەر ئەوەی‌دا کە بەدژی هەستاوەتەوە[٤].

کاتێك کەنووکی قەڵەم دێتە سەرکوردو دەتەوێ تیۆرێکی بەسەردا بسەپێنی‌و هەلومەرجەکەی هەڵسەنگێنی یەکراست هەست بەجۆرێك لە نامۆیی‌و نەگونجان دەکەی، هەست دەکەی فەزایەکی جیاواز دەبێ بخولقێندرێ تا بتوانی کارەکەتی پێ ئەنجام بدەی، جۆرێك لە نائاسایی بوون بەخۆیەوە دەگرێ. کورد میللەتێکە تا ئێستاش خاوەنی ناسنامەیەکی سیاسی ـ یاسایی نیەو (لە پێناسی ناسیۆنالیستی‌دا) لەدەرەوەی مێژوودا دەژیت، ڕەنگە ئەمە لەخودی خۆی‌دا ئاسایی بێت بەڵام ئەو هاوکێشەیەی کە دەسەڵاتە حاکمەکان بەسەر کوردستان دا هێناویانەتە پێش توخمەکانی یەکجار لێك ناکۆکن‌و چاویان لە ئامانجێك نیەو تەنانەت لە رەهەندە ئینسانی‌یە ئیدەئالەکەش دا. هەربۆیە توخمی کورد لێرەدا زیاد لەوەی توخمێکی لێك بڵاوی ناسراوی ئاسایی بێت (بەسەرنج دان بە وڵاتە پێشکەوتوە خاوەن سەروەری‌یەکان) توخمێکی پێکەوە بەستراوی تۆکمەی نەناسراوی نائاسایین. هەڵبەتە نایانهەوێ بماننناسن ئەگینا ناسراوین. هەر بۆیەش لێرەدا ئاراستەو رەهەندی کارکردنی تەواوی لایەنەکانی ناو کۆمەڵگا بەسەرنج دان بە نۆرمە جێگرتووەناسراوەکان، جیاوازییان تێدایە، ئەمەش دواجار لە رەوتی ناساندن‌و شرۆڤە کردنی هەریەك لەو لایەنانە، راپێچی ناو زۆر لایەنی تازەو هەست پێنەکراوو نەناسراومان دەکات.

بزووتنەوەی خوێندکاری‌و خودی کائینی خوێندکار پەیوەستە بەوەوە کە تاچەند سیستمی فێرکردنی باڵا لە کۆمەڵگاکەت دا ئامادەیی هەبووەو هەیە، دواجار تۆ لەچ حاڵەتێك دای کە بتەوێ خۆت رابێنی لەگەڵ ئەو سیستەمەدا. بەسەرنج دان بەوەی کە کورد هیچ کاتێك خاوەنی سەروەری نەبووە (یاسایی ـ

٣ مبانی جامعة شناسی ـ بروس کوئن ـ ترجمةو اقتباس د. علا عباس توسلی ـ رضا فاضل ـ تهران ٤٠٠٥١٣٧٢

٤ شۆڕش‌و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان ص ٧٢

سیاسی) بۆیە هەمیشە کەوتۆتە پەراوێزەوەو ئەوەشی لەم راستایە دا هەنگاوی هەڵێنابێتەوە جۆرێك لە خێر پێکردنی پێوە دیار بووە، کە لەکۆتاییدا هەندێجار کاریگەری پێچەوانەی هەبووەو زاکیرەی تاکی کوردییان پێ ئاڵۆز کردووە. بۆ نموونە لە خوێندنی قۆناغی کلاسیکیو هەندێ جاریش بالآدا دەبینین جۆرێك لە شۆڤینیزم حاکم دەکەن بەوەی کە دەبێ پێش ئەوەی خۆمان فێر بکەینو بەئاگا بهێنینەوە بەپێچەوانەوە هەنگاو هەڵدێنینەوە، خۆ گوناحەو لە هەمان کاتیش دا عەیبە کە نارەزایی دەربڕی، ئاخر خێرە. لەوەها هەلومەرجێکدا پێویستە لە هەناوی بزاڤێکیترەوە ئەم توێژەو بزووتنەوەکەیان بخوێنینەوە. بزووتنەوە (جولانەوە ـ هەر چالاکییەك)ی خوێندکاری زادەی بزووتنەوەی رۆشنبیری کوردییە،بزووتنەوەیەك کە هەر لە وەرگرتنو فێربوونی ئەلفوبێی خوێندنەوە بگرە تا کارکردن لە نێو مەودا مەزنەکانی کاری فیکریو داهێنان، بزووتنەوەی رۆشنبیریو لەهەناوی ئەویشدا بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی هەمیشە ویژدانی بەئاگاو بەهەستی کۆمەڵگای کوردی بووە. خۆئەگەر چاوێك بە مێژووی میللەتەکەمان دا بگێرین ئەو راستیەمان بۆ روون دەبێتەوە، هەر لە شاعیرانی نیشتمان پەروەری کوردی نووسەوە بگرە تا بنەماڵەی بدرخانیانو ئینجا خوێندەوارانی سەردەمی شێخ مەحموود.... هتد. لەو دەورانانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە یەکێك لەو توێژانەی کە بەراستو بەبێ هیچ ئیمتیازێك لە خزمەتی کوردو کوردایەتی دابوونو هەمیشەش تەعریفی تایبەتی بەرژەوەندی کوردیان هەبووەو ستراتیژیان لە راستای خزمەت بەکورد دابووە، دەتوانین ئەم شێوە بیرکردنەوەیەو نموونەی بەرچاوی لەسەردەمی شێخ مەحمودی نەمردا ببینینەوە. لە راستیدا لەدیدێکی گشتییەوە خوێندکارو رۆشنبیر لەزۆر رووەوە وێك دەچنو کارێکی تارادەیەکی زۆر وەك یەکیان هەیە، دەتوانین پێکەوەیان پەیوەست بکەین. دیارە ئەو روانینەی سەرەوە بۆزۆر میللەتانی تریش هەر راستە بەتایبەتی لە سەردەمانی دژایەتی کردنی کۆلۆنیالیزم دا.

کاتێك کەباس لە بزووتنەوەی خوێندکاری دەکەین بێشك کە دەبێ بگەرێینەوە بۆ کارەکتەری بنەرەتی ئەم بزووتنەوەیە کە خوێندکارە، کەواتە دەبێ بزانین کە خوێندکار کێیە، خوێندکار مرۆڤێکی ئاگاو وشیارە کە بەئاسانی مل کەچ ناکا بەرامبەر هیچ دیاردەیەك، بوونەوەرێکی یاخییە بەو مانایەی کە بەردەوام بەدژی ئەو نەریتانە هەڵدەستێتەوە کە رێگرن لەبەردەم ئازادیی مرۆڤدا، مرۆڤێکی گوماناویە لەسەردەمی خۆی، لەراستیدا خوێندکار لەم بارەوە دەبێ ئەو مرۆڤە بێت کە نیچە دەخوازێت، کاتێك دەڵێ: ئەگەر لە هەولی خوێندنەوەی ژیاننامەیکدادەبی، لەو ژیاننامانە دوورکەوەرەوە کە ناونیشانیان فلانیو

سەردەمەکەیەتی، لەبری ئەوە ژیاننامەیەك هەڵبژێرە کە ناونیشانەکەی، فلانیو شەڕکردنیەتی بەرامبەر سەردەمەکەی.[٥]

مرۆڤێکی ئازادە، واتە تائەو ئاستە پابەند نیە بەهیچ بەهایەکەوە کە ئەندێشەی رەخنەیی لەکار بخاتو دواجار دەستەمۆی بکات، مرۆڤێکی سەنتەر شکێنە، خۆی نابەستێتەوە بەتەنها مانایەكو باوەڕی بە فرەیی هەیە، مرۆڤێکی رادیکاڵە، بەو مانایەی کە گۆش کراوە بە زانستو پێی وایە کە زانست شتێکی ئەوتۆ نیە کە سازشی لەسەر بکرێت، ئەگەر بێتو لەرەوتی دیالکتیکی خۆیدا نەچێتە پێش. موقەددەس شکێنە، لەهەمان کاتیش دا موقەددەسە، موقەددەس شکێنە چونکە باوەڕی وایە کەمرۆڤ دەتوانێ پێناسە بدات بە شتەکان، موقەددەسیشە چونکە لە چوارچێوەیەکدا دەژیت کە پێی دەڵێن زانکۆو زانکۆش تەنانەت رێگای موقەددەس بوون بەخۆشی نادات. خۆ ئەگەر ئەمانە سیفەتی خوێندکارێك بن بەشێوەیەکی گشتی، ئەوا خوێندکاری کورد، کوردیشە، هەڵوەدایە بەدوای پێناسەدا. ئەمەش سیفەتێکیترە.

بەڵام ئێستا با بچینە سەر هەلومەرجی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردیو لایەنە لاوازەکانی لەبەر تیشکی چەند بنەمایەکی کۆمەڵناسانە، زانایانی کۆمەڵناسی کاتێك کەباس لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن دووشتی زۆر گرنگ دەخەنە بەرچاو ئەویش بەرنامەو رێکخستنە. رەنگە لەکۆمەڵگایەکدا کە ناهاوسەنگییەکان بەشێوەیەکی ئەوتۆ نین کە ئەگەری چارەسەرکردنیان زەعیف بێت، ئەوەندە پێویست بێت کە لە رێگای رەفتارێکی بەکۆمەڵەوە داخوازەکان بێنەدی. بەڵام لەکۆمەڵگاگەلێك دا کە حاڵەتێکی پێچەوانەیان هەیە بەبێ هەبوونی بزووتنەوەگەلی کۆمەڵایەتی مەیسەر نابێت. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیش هەروەکو گوتمان بەبێ هەبوونی بەرنامەو رێکخستن نایەنەبوون.[٦]

ئەگەربێتو بزووتنەوەی خوێندکاری بە بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازانەی ئامانجداری رادیکاڵ پێناسە بکەین دەتوانین بەوردی بچینە ناو رەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەم بزووتنەوەیەو دەستیان لەسەر دابنێین. دیارە لێرەدا ڕادیکاڵ هەر ئەو مەبەستەی پێشەوەیە، ئەمەش لەهەندێ کات دا، بەتایبەتی لە حاڵەتگەلێکدا کە بزووتنەوە زۆر پەرە دەستێنێ وەکو خاڵێکی ئایدیالی چاوی لێ دەکەنو لەلایەن دژەبەرانەوە بە رەهەندێکی ناواقعی لەقەڵەم دەدرێ. کاتێك کە سەیری بەرنامەی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی دەکەین خۆمان لەگەڵ بەرنامەیەکی پەرتو بڵاودا دەبینینەوە، دیارە (پەرتوبڵاو لێرەدا بەو مانایە کە بەرنامە نیە بەڵکو ئەو قالبە زەینییەیە کە هەر خوێندکارێك دەتوانێ هەیبێت)، هەرچی رێکخستنیشە ئەوە هەر لەو خراپتر.

5 معمای مدرنیته ـ بابك احمدی ـ تهران ١٣٨٣ ـ ص٢

6 مبانی جامعه شناسی ـ ص٤٠٥

بەرنامە ئەو بەرچاو روونیبە دەدات کە هەوڵ دەدات بزووتنەوەی خوێندکاری بە ئیزۆلەیی (لە حاڵەتی پەرەسەندنی باڵا) لە توێژەکانی تری کۆمەڵ خۆی نەبینیتەوە، دیارە ئەمە لێرەدا ئامانجێکە کە دژبەران وەدوای کەوتوون، بەو روانینەی کە خواستو ئارەزوو بەرنامەی خوێندکاران رەهەندێکی دوور لە واقعی هەیە، تارادەیەکیش لەم بارەوە سەرکەوتوون، بەڵام لە حاڵەتێکیتردا ئاراستەیەکی یەکجار ترسناکی هەیە بۆ دەسەڵات لەوبارەوە کە ئەگەر کۆمەڵگا بەدەستی کۆمەڵێك تکنۆکرات بەرێوە دەچێت، ئەوا ئەو بزووتنەوەیە بۆخۆی مەرکەزی ئەو تکنۆکراتانەیە، کەواتە لێرەدا دەبێت خوێندکاران بەدارشتنی بەرنامەو رێگاکانی لێك نزیك بوونەوە، میکانیزمی گەیشتن بە ئامانج هەموارتر بکەن. "ئالان تۆرین" پیّلەسەر ئەوە دادەگرێت کە پێویستە بەرنامەو ئامانج روون بن[7].

دیارە دیاری کردنی ئامانجو دارشتنی بەرنامە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیترو بەپێی ئەو تایبەتمەندیە ئابووریو سیاسیوکۆمەڵایەتییەی کە هەیە دەگۆرێت، هەر بۆیەش دەبینین ئەو فەزایەی کە پێویستە بۆ سەرهەڵدانو رێکخستنی وەها بزووتنەوەیەك لە کوردستان دا بەجۆرێکیتر خۆی دەنوێنێ. بەپێی ئەو هەلومەرجەی کە کورد هەیەتی، چالاکییەکانی خوێندکار هەمیشە خۆیان لەچوارچێوەی بزووتنەوە گشتییەکەیدا بینیوەتەوە، واتە بۆخۆیان نەلواوە کە بە پلەی یەکەم لەراستای دارشتنی ئەو بنەمایانە بن کە دواجار دەشێت ببنە خواستو ئارەزوو، کە تایبەت بن بە خۆیان. لێرەدا خوێندکار زۆرتر لەو قالبەدا دەردەکەوێت کە خەریکی کار کردنیەتی لەناو کایەیەکی دیاریکراو لە زانستەکاندا یافیکر، واتە ئەمە تەنها مەودای خۆپیشاندانی خوێندکار بووە. ئەمەش بۆخۆی لەخۆیدا ئاماژەیە بە دڵسۆزیو راستگۆ بوونی ئەم توێژە، لەهەمبەر مەسەلە چارەنووس سازەکاندا.

خوێندکارانی کورد ئەگەرچی وزەی خۆیان لەچوارچێوەی بزووتنەوەیەکدا لە ناو بزووتنەوەی خوێندکاریی سەرتاسەریی ئێراندا بەدیار خستوەو لە دەوری دروشمە سەرتاسەرییەکانی ئەو بزووتنەوەدا خولاوەتەوەو کاریان کردووە، سەرەرای بانگەشەکردنو داکۆکی لەو دروشمانە هەولیشیان داوە کە لە ناساندنی کێشەی نەتەوییدا گوتارێکی ئاراستەکراویان هەبێت، ئەگەرچی ئەم گوتارە لەوانەیە لە ئاستی چەندێتیو چۆنێتیدا لاواز خۆ بنوێنێ، بەڵام ئەوەی کە هەست بە شتێکی ئەوتۆ کراوەو سەرەرای بەربەستێکی زۆر کاری خۆی کردووە جێگای ئومێدەو لە ئایندەدا دەتوانێ بنەمایەکی سەرەکی بێت بۆ دارشتنی بەرنامەو ئامانجگەلێك، کە سەرەرای خواستە گشتییەکان خواستە تایبەتییەکانیش لەپێش

[7] لێرە دا رووی قسە لە کۆمەڵگای ژێردەستی ئاخوندییە).

چاو بگرێت‌و بیاننوێنێت. کەواتە خوێندکاری کورد دەبێت لە ئاییندەدا بەرچاوروونی زیاتر بدات سەبارەت بە ئامانجە گشتی‌یەکان‌و ئەو بەهایانەی کە زیاد لە مانایەك هەڵدەگرن‌و زیاد لە ئەزموونێکیان هەیە. ئەگەر ئەورۆ دێموکراسی‌خوازی‌و کرانەوەی سیاسی دیارترین دروشمی توێژی خوێندکاران و تەنانەت چین‌و توێژەکانی کۆمەڵیش بێت دەبێت خوێندکاری کورد پێناسەیەك بۆ ئەو دێموکراسی‌یە بکات، کە لەسەر واقعیەتەکان بنیات نراوەو دواجار دەتوانێت ببێتە ئەزموونێکی شیاوو میکانیزمێك بۆ چەسپاندنی فەرهەنگێك کە لە دواڕۆژدا لەخزمەتی ئەو مانا گشتی‌یەدا بێت کە ئێستا بانگەشەی بۆ دەکرێت، دێموکراسی بەپێی ئەو تەعریفەی کە کۆمەڵێك مرۆڤی فارس لێی دەکات ناتوانێت شتێك بێت جگە لە نواندن‌و تەجرەبە کردنی جۆرێکی تری دیکتاتۆری‌و شۆفینیزم، کەواتە ئێمە بە تەعریفی دیاری‌کراومان بۆ ئەو سیستەمە دەتوانین بنەمایەکی باش‌و پتەو بۆ ستراتیژی ئاییندەمان دابنێین. ئەڵبەتە ئەمە بە پێی ستراتیژێك کە باوەڕی بە پێکەوە ژیان هەبێت لە ئێراندا ئەگینا لەغەیری ئەوەدا بە جۆرێکی‌تر خۆی دەنوێنێ. کارکردنی تیۆرێکی بەربلاوو پتەوو زانستی دەتوانێ کاریگەر بێت بۆ چەسپاندنی فەرهەنگ لە نێو خەڵکداو دواجاریش میکانیزمێك بێت بۆ گۆڕان. خوێندکارانی کوردو بزووتنەوەکەیان لەبەر ئەوەی بە درێژایی مێژوو چوونەتە ناو پێکهاتەیەکی مەزنترو بزووتنەوەیەکی گەورەتر کە هەوڵی گۆڕانی بونیادی دەدات لە کۆمەڵگاو بەرنامەی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتیی هەیە، دەتوانرێ بە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێر دابنرێ. بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە بەپێی ئەو تاریفەی لێی کراوە بە بزووتنەوەیەك ناسێنراوە، کە هەوڵی گۆڕانی بنەڕەتی‌و خێرا دەدات لە کۆمەڵگادا.[٨] ئەمە شتێکی نامۆ نیە بە خوێندکاران، چونکە ئەگەر سەردەمانێك بزوتنەوە تەنها ئامانجی ئەوە بێت وەکو "ئەنتۆنی گیدنز" دەڵێ: گۆرانکاری لەهەندێ یاسادا بکات یا ببێتە هۆی گۆڕینیان ئەوا ڕیشی تێدەچێت کە لە ئەنجامی پەرەسەندنی ئەم ناکۆکی‌یانەی کە بزووتنەوەکە لە ئەنجامی‌یەوە سەرهەڵ دەدات ئاراستەیەکی تر بەخۆیەوە بگرێت. دیارە ئەمە بەومانایە نیە کە هەموو لایەنەکان لەژێردەروەستی‌یەکی کوێرانەدا بنوێنێ، بەڵکو هاوکات دەتوانێ لەناو خودی ئەو بزووتنەوەیەش ریفۆرمیستانە کار بکات، واتە ئەندێشەی رەخنەیی وەلاوە نەنێ.

لەراستی‌دا بەرنامە هەبوون‌و ئامانجداری خاڵی سەرەکی هەر بزووتنەوەیەکن چونکە وەکو "ئالان تۆرین" دەڵێ کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە ئەنجامی جیاوازی ئامانجەکانیانەوە کە بەرژەوەندی‌یەکانیانی تێدایە دێنە بوون[٩].

ئەگەر ئەمرۆ دەبینین کە خوێندکارانی کورد

---

8 مبانی جامعەشناسی ص٤٠٧

9 شۆرش‌و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان ص٧٣

لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا کە دەخوێنن، هەستێکی تایبەتو هاوشێوەیان بەرامبەر زۆر لە مەسەلەکان هەیەو لەسەرو هەمووشیانەوە مەسەلەی ناسنامەو تارادەیەکی باشیش هەوڵیان داوە لەکایە جیاجیاکاندا پەل بهاوێنە سەر مەسەلە جیاوازەکانی تایبەت بەخۆیانو کۆمەڵگا بەگشتیو لەمەودای فکردا کار بکەنو خۆیان بنوێنن، بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێت کە هەبوونی ئەمانە کافی نیە بۆئەوەی خوێندکار خۆی لەچوارچێوەی بزووتنەوەیەکدا بنوێنێ. بەڵکو پێویستیشی بەهاوکاری عەمەلی هەیەو دەبێت لەم روانگەیەشەوە کار بکەن، ئێمە دەبێ بزانین کە تەنیا هەست کردن بەمەسەلەکان ناتوانێ ببێتە هەمووشتێك، بەڵکو دەبێت رێکاری عەمەلیشیان بۆ دابنێین کە ئەمەش بەبێ رێکخستن مانایەکی نابێ. رێکخستنو کۆکردنەوەی تواناکانی خوێندکار دەتوانێ رۆڵێکی مەزن بگێرێ لە وەدواکەوتنی ئامانجەکان. ئەمەش وامان لێدەکات کە بڵێین بەبێ پاراستنی باڵانسی کار لەناو کایە فکریو زانستییەکان (کە لەچوارچێوەی ئەو زەینییەتە ئامادەدا خۆی دەنوێنێ بەرامبەر بە مەسەلەکان)و هەنگاوی پراکتیکیو خۆ رێکخستن، ناتوانین ئەوەی دەمانهەوێ بەدەستی بێنین، بەسەرنج دان بەوەی کە خوێندکاری کورد ئەمڕۆ خوێندکارێکی عەمەلگەرایە.

بەسەرنج دان بەو قۆناغ بەندییەی کە "دی. ئی.گیتز" بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە دەتوانین بڵێین بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی ئێستا لە قۆناغی هەستانەوە دایە، ئەمەش لە ئەنجامی بەشداری کردنیان لە بزووتنەوە گشتییەکەداو ئەو دەروەستییەی بەرامبەر بە کۆمەڵگا هەیانە لە غیابی پێناس داو یا بەشێوەیەکی گشتیتر لە داکۆکی کردن لە هەموو ئەو بەهایانەی کە جیهان پەسندنو مۆرکی پەسەندی هەر سیستمێکن. لەکاتێکدا لەقۆناغی قالبرێژیو رێکخراوبوون دایە کە بزووتنەوە دەگاتە ئەوپەری خۆیو مانای تەواو وەردەگرێ. ئەمەش وامان لێدەکا کە بەگومانەوە باس لە بزووتنەوەی خوێندکاری کورد بکەینو لە دیدێکی کۆمەڵناسانەوە خۆی لە چوارچێوەی رەفتارێکی بەکۆمەڵ دا ببینێتەوە.

لەکۆمەڵگای ئێمەدا زەمینەیەکی لەبار هەیە بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی خوێندکاری یا هەر بزووتنەوەیەکیتر، چونکە کۆمەڵگایەکە کە بنەرەتەکەی لەسەر ناهاوسەنگی بنیات نراوە، بەرژەوەندی چینەکان لەپێش چاو ناگیرێ، بەدەیان کێشەی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسی خەریکی دەستوپەنجە نەرم کردنن لەگەڵ خەڵکدا، دیارە لێرەدا مەبەست لە لەباربوونی زەمینە ئەو ناکۆکیانەن کە دەبنە هۆی ئاگا کردنەوەی مرۆڤەکان سەبارەت بە مافو بەرژەوەندییەکانیان، ئەگینا لەرووی ئامادەیی هەبوونی ئازادییە دیموکراتیکییەکاندا شتەکە بەتەواوی بەپێچەوانەیە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە

بزووتنەوەی خوێندکاری یا هەر بزووتنەوەیەکی‌تر پەیوەست بێت بەدەسەڵاتەوەو لەبۆتەی ئەودا توابێتەوە کەدواجار دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانە. یا یەکسەر خۆی لەقالبی بزووتنەوەیەکی پێکهاتەشکێنی رادیکاڵدا بنوێنێ کە زیاد لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی مانا هەڵدەگرێ.

بەسەرنج دان بە هەموو ئەو بابەتانەی کەباس کران دەتوانین بڵێین کە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە خاوەنی بەرنامەیەکی دارێژراوو ئامانجگەلێکی دیاری‌کراوو رێکخستنێکی تۆکمە بێت، لەژێر تیشکی ئەو پێناسانەی کە بۆ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کراون ناکرێ بە بزووتنەوەی دابنێین، بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە ئامادەیی ئەوەی تێدا نیە خۆی لەوەها فۆرمێکدا ببینێ، بەڵکو لە کەمترین ماوەدا لەگەڵ دارشتنی بەرنامەیەکی گونجاوو دیاری‌کردنی ئامانج‌و خۆ رێکخستن‌و تیۆریزەکردنیان دەتوانن رێی چەندین ساڵە لەماوەیەکی کەمدا ببڕن. ئەگەرچی خوێندکارانی کورد دەروەستن بەرامبەر بەو بەهایانەی کە لەرەوتی دەست راگەیشتن بە ناسنامەدا کاریگەرن‌و، لەم بارەشەوە کاری جدی‌و گەورەیان کردووەو لە ئاراستەیەکی هاوتەریبی بزووتنەوە گشتی‌یەکەدا بوون، نیشانەیەکن لە بزووتنەوەو خۆنواندن، بەڵام ناساندنی زانستیانە بەرزتر لەمانە هەنگاو دەنێ، لەلایەکی تریشەوە خوێندکاران چەند پەیوەست بن‌و لە بزووتنەوەکانا خۆیان بنوێنن‌و ئامانجە گشتی‌یەکان لەپێش چاو بگرن، هاوکات دەبێ خوێندکاریش بن. خوێندکارانی کورد بە پەرتەوازەیی‌و لەزانکۆکان توانیویانە لە ئەنجامی چالاکی‌یە بەربڵاوەکانیان زەمینەیەکی باش‌و پتەو بۆشکڵدان بە بزووتنەوەیەکی خوێندکاری لەژێر تیشکی پێناسە زانستی‌و ناسراوەکاندا لە ئایندەدا دابرێژن، ئەلبەتە بەکۆکردنەوەی دوزە و تیۆریزەکردنی خواست‌و ئامانجەکان‌و خۆ رێکخستن.

خوێندکاری کورد خاوەنی هەموو ئەو خەسڵەتە باڵایانەیە کەخوێندکارێك لە پێناسەیەکدا هەڵی دەگرێ. کەواتە ئەگەر لەلایەکەوە پەیوەست بێت بە بزووتنەوەی گشتی کۆمەڵگاوە (شۆڕش) ئەوا دەبێت هاوکات ناسنامەی خۆشی وەکو خوێندکارێك بپارێزێت. خوێندکار بەومانایەی کە دیدێکی جیاوازتری هەیە لە ناساندن‌و شرۆڤە کردنی مەسەلەکان.

⦿

هزر

# پۆست مۆدێرنیزم چییە؟

وەرطێرانی: یاسین

بەر لە باسکردن لە پۆست مۆدێنیزم، پێویستە ئاماژە بە کورتەیەك لە بارەی مۆدێرنیزم وەك راستییەکی مێژوویی - کولتووریو هەروەها تایبەتمەندییەکانی ئەو چەمکە بکەین، پاشان بچینە نێو باسی پۆست مۆدێرنیزمو دەمەتەقێی نێوان مۆدێرنیزمو پان مۆدێرنیزم. وشەی مۆدێرن لە ریشەی لاتینی modern us وەرگیراوەو، مۆدێرنیتە دوای چاخی رۆشنگەری Enlghten ment لە ئوروپادا پەرەی گرت. هەر لەو قۆناغەدا بوو کە مرۆڤی رۆژئاوایی متمانەی زیاتری بە عەقڵی خۆی پەیدا کرد، دیارە دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە ئەو باوەرو متمانەیە زیاتر رووی لە جۆرێك عەقلانییەتی رواڵەتگەرا rationality Formalist بوو. رەنگە بکرێ کە بە کورتی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئایدۆلۆژییە مۆدێرنەکان کە هەمان تایبەتمەندییەکانی رۆشنگەرین، بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری بکەین: ١- باوەڕ بە هێزی عەقڵی مرۆڤو زانست بۆ چارەسەری نەخۆشییە کۆمەلایەتییەکان. ٢- پێداگری لەسەر چەمکی وەك پێشکەوتن progress، سروشت natureو ئەزموونە راستەوخۆکان experience Direct. ٣- دژایەتییەکی ئاشکرا لەگەڵ ئایینو سیاسەت دا، بەرگری لەمافە سروشتییەکانی مرۆڤ لەلایەن دەسەلاتی یاساو سیستەمی پێشگیری لە کەلکی خەراپ وەرگرتن لە دەسەلات. ٦- ئۆمانیزمو شیکردنەوەی کۆمەڵگاو سروشت بەشێوەی مرۆیی. ٧- پشت بەستن بە مێتۆدۆلۆژی ئەزموونیو تاقیکاری لە بەرانبەر مێتۆدی بەراوەردکاریو فەلسەفی. ٨- پۆزیتیڤیزم وەك مێتۆدۆلۆژیی مۆدێرنیزم. جگە لەو تایبەتمەندییە ئاماژە پێکراوانە، مۆدێرنیزم وەك ئاراستەیەکی مێژوویی، خاونی چەندین تایبەتمەندی جۆراوجۆر لە بوارەکانی فەلسەفە، کولتور، ئابووری، سیاسەت، کۆمەڵناسیو... دایە. بۆوێنە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنیزم لە بواری ئابووریی فەردگەرایی Nordismلە کۆمەڵناسیداو، تێپەر بوون لە نەریت بەرەو مۆدێرنیتەو پێکهێنانی کۆمەڵگای پیشەسازیو، لە کولتوردا جۆرێك لە بژاردە گەرایی (elitism)و لە زانست دا جۆرێك لە ئاراستەی میکانیکی Mechanistic بەرانبەر بە زانست لە ئارا دایە. ئێستا بەکورتی باس لە گرینگترین تایبەتمەندیو بنەما سەرەکییەکانی مۆدێرنیزم واتا ئۆمانیزم، سیکۆلاریزم، پۆزیتیڤیزمو ڕاسیۆنالیزم دەکەین کە زۆرترین رۆڵیان لە پێکهاتنو گەشەی ئایدۆلۆژیای مۆدێرنیزم دا هەبووە:

**١- ئۆمانیزم (Humanism)و پێوەندیی لەگەڵ مۆدێرنیزم:**مۆدێرنیزم لە بواری مێژووییەوە بەرهەمی رێنسانسەو، ئۆمانیزم یان "مرۆڤ تەوەری"یش لەگەڵ رێنسانس دەست پێ دەکاو، ئۆمانیزم هزری مرۆڤ تەوەری بەسەر بەخۆ لەخواو ناردراوی خوا دێنێتە بەرباسو، دەکرێ ئۆمانیزم وەك جەوهەر، رووحوناخی ئاراستەی مۆدێرنیستی بژمێردرێ. "رینی

گنـون" لـەبارەی جەوهـەری خۆڕێکخەرانـەی ئۆمـانیزم دەنووسـێ: "ئۆمـانیزم یەکـەمین روو فەرمان بوو کە بەشـێکی رەتکـەرەوەی رووحـی ئـایینی لەچـاخی نـوێدا سـەری هەڵـدا بـووو، چـونکە دەیانویسـت هـەموو شـتێك بـۆ ئاسـتی مرۆیـی دابـەزێنێ، ئـەو مرۆڤـەی کـە خـۆی بـە ئامـــانجو کۆتـــایی خـــۆی ژمێردرابـــوو، لـــە دەرەنجامدا قۆناغ بەقۆناغ بـۆ نـزمترین ئاسـتی بوونی مرۆیی دابەزی".

**٢ـ سـکۆلاریزم وەك تایبەتمەنـدیو ئاکـامی ســـەرەکیی مـــۆدێرنیزم:** لـــە چوارچـــێوەی مۆدێرنیزم دا، ئایین، ناوەندێتی خۆی لـە ژیـانی سیاسـیو کۆمەڵایـەتی لەدەسـت دەداو، وەك کۆمـەڵێك لـە رێنمـاییو راهێنانـە رەوشـتیو تاکەکەسییەکانی لێدێ. تێروانینـی مـۆدێرنیزم بـــە ئـــایین تێروانینێکـــی بەتـــەواوەتی پراگماتیسمیو بەرژەوەندیخوازانەیەو، دەبێ باوەڕ بە سـکۆلاریزەکردنی ژیانی کۆمەڵایـەتیو سیاســی بــە یــەکێك لــە تایبەتمەندییــە ســـەرەکییەکانی مـــۆدێرنیزمو بۆچـــوونی لیبرالیستی بزانرێ. واتا ئـەو بـاوەڕە کـە ئـایین یان نابێ هـەبێ یـان ئەگـەر هـەبێ دەبێ ببێتـە کردەیـــەکی تایبـــەتیو تاکەکەســـیو، لەچوارچـێوەی پەرسـتنو رێو شـوێنە تاکـە کەسییەکان دا بمێنێتەوەو، نابێ ئایین ناوەندی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی بێ، بەڵکو دەبێ لە راستای باوەڕە ئۆمانیستییەکان دا قەرار بگرێ. رەنگـە بکـرێ بـە کـورتی تایبەتمەندییـەکانی سکۆلاریزم بەم شێوەیە باس بکەین: ١ـ دنیـایی بینینو بەدنیایی کردنـی ژیـانی مرۆڤایـەتی. ٢ـ دابەزانـدنو کەمکردنـەوەی رۆڵـی میتافیزیـكو سـەروو سروشـت. ٣ـ تێروانینـی مادییانـە بـە رەوشت. ٤ـ رێنوێنیکردنی عەقڵ.

لـەو مەکتـەبو رێبازانـەی کـە کاریگـەرییان لەسـەر سـەرهەڵدانو گەشـەی سـکۆلاریزم دا هـــەبووە دەکـــرێ ئامـــاژە بـــە ئۆمـــانیزم Humanismو ناسـیۆنالیزم کـە لـە لوتکـەی پـــۆزیتیفیزم Positivismدا دەردەکـــەوێ، بکـەین. هـەروەها یـەکێك لـەو کۆڵەکانـەی کـە سـکۆلاریزم لەسـەری وەسـتاوە، لیبرالیـزم (Liberalism)ـە.

**٣ـــ پـــۆزیتیفیزم وەك مێتۆدۆلـــۆژیی مـۆدێرنیزم:** دەبـێ ئـەوەمان لەبەرچـاو بـێ کـە تێکەڵاوییـەکی گـرینگو بنـەڕەتی لـە نێـوان پـۆزیتیفیزمو مـۆدێرنیزم دا هەیـە: مـۆدێرنیزم وەك ئایـدۆلۆژیای پـۆزیتیفیزم دەژمێـردرێو، دەکـــرێ پـــۆزیتیفیزم وەك مێتۆدۆلـــۆژیی مـــۆدێرنیزم بـــژمێردرێو، هـــەروەها دەکـرێ پـۆزیتیفیزم بەچوارچـێوەی سـەرەکیی زانسـتە هاوچـەرخەکانو بەتایبـەتی تیـۆرە نوێیـەکانی زانسـتە کۆمەڵایـەتیو سیاسـییەکان دابنـرێو، پـۆزیتیفیزم لەراسـتیدا شۆڕشـێك بـوو بـەدژی فەلسەفەو متافیزیكو بـەدژی ئاڕاسـتە ئـایینیو رێوشـوێنە رەوشـتیو ئایینیـەکان. ئـایین لـە روانگـەی پۆزیتیفیزمـەوە بەشـێکە لـە مێـژووی زەینی مرۆڤـو، بـوونی دەرەکـی نیـە. خواوەنـد تێگـەو چـەمکێکە لـە بەشـی مێـژووی زەینـی مرۆڤایـــەتی. لـــە گـــرینگترین ئامرازەکـــانی

پــــۆزیتیفیزم لـــە هێـــرش بۆســـەر ئـــایین. کەشــەرحیان لــەو بابەتــە کورتــەدا ناگونجــێ. کەوایــە دەکــرێ ئــەو تیــۆرە نوێیانـــەی کــە لەســـەدەی بیســـتەم دا هاتوونەتـــە ئـــاراوە، لــە بواری مەعریفە ناسیو مێتۆدۆلۆژییەوە لـە ژێـر ناوی پۆزیتیفیزمو لە بـواری ناوەرۆکـەوە لـەژێر ناوی مۆدێرنیزم دا هەڵسەنگێندرێ.

**٤ـ راسیۆنالیزمو باوەڕ بەعـەقڵی مـرۆڤ وەك بنـەمای مەعریفـە:** راسـیۆنالیزم لـە راسـتیدا نـەریتێکی فەلسـەفییە کـە سەرچـاوەکەی بـۆ سەدەکانی حەڤدەو هەژدەهەم دەگەڕێتەوە. لە روانگەی فەلسەفییەوە لایەنگرانی رەسەنایەتیی عـــەقڵ، دۆزراوەکـــانو بەڵگـــەکانیان وەك سەرچاوەو بنەمای مەعریفەی راستەقینە قبووڵ نـەبووو، لەسـەر ئـەو بـاوەڕە بـوون کـە تـەنیا لێکۆڵینەوە دەتوانێ زانیاریی وردو جێـی بـاوەڕ لە بارەی جیهانەوە بخاتە روو. لـە کۆمەڵناسـی دا باوەڕ بە راسیۆنالیزمو پۆرتیفیزم بۆ سەدەی نۆزدەهــەم دەگەڕێتــەوە. ئەوانــە لەســەر ئــەو بڕوایە بوون کە مەبەست لە گەڕانەوە بۆ عـەقڵی مرۆڤ تەنیا ناسینی کاروبارەکان نیە بەڵکوو ئەو ئامادەییو تواناییە کە دەبێ فێری ببـێو لـەو رێگایەوە ژیـانی کۆمەلایـەتیو سیاسـی گـۆڕانی بەسەردا بێ. دیارە دەبێ لـە نێـوان عەقلانیـەت (Rationality)و رێبـــازی رەســـەنایەتیی عەقڵ (Rationalism)یان پرۆسێسـی یـان رەوتـــی بـــە عـــەقلانی کـــردن Rationalization، جیـــاوازی دابنـــرێ. تێگـەی بەدەسـتهێنانی عەقلانییـەت، بنـەمای لێکدانەوەو شیکردنەوەی مارکس ڤێبەر لەسـەر سـەرمایەداری مـۆدێرن بـووەو، لـە روانگـەی نـــاوبراوەوە بەدەســـتهێنانی عەقلانیـــەت لـــە سیاسەت دا هەڵگری لە نێو چوونو کوژانـەوەی نۆرمـــە نەریتیـــەکانی رەوایـــیو پـــەرەگرتنی بیرۆکراسییە.

**٥ـ رۆڵی نۆمینـالیزم (nominalism):**

نۆمینالیزم بە مانای ئەوەکە ئەوەی لـە دونیـادا بـــوونی هەیـــە، ناوەکـــانو، وێنـــا رووتو ئابســـتراکتەکان خـــاوەن بـــوونێکی راســـتەقینە نـــینو، ئەوەیکـــە پێوەنـــدی بەدونیاوەهەیـــە، وشـــەیەو، تـــەنیا تـــاكو تاقانـــەکان بـــوونێکی راســـتەقینەیان هەیـــەو، ناوەکـــان پێوەنـــدییان بەوانەوە هەیە. رێبازی نۆمینالیزم زیاتر لەگـەڵ فەلســـەفەی ماتریـــالیزمو ئـــامپریزم دا یـــەك دەگرێتـــــەوە. یـــــەکێك لـــــە بـــــەناوبانگترین نۆمینالیسـتەکانی سـەدەی بیسـتەم "گیـوم دوکام"ـە. "یلۆمن بێـرگ" لـە کتێبـی "رەوایـی چاخینوێ"دا پێیوایە کە رۆڵـی نۆمینـالیزم لـە پێکهێنانی بواری مـۆدێرنیزمو بۆچـوونی نـوێدا بەرچـــاو بـــووەو، نۆمینـــالیزم بەشـــێوەیەکی ناراستەوخۆ رۆڵی لەسـەرهەڵدانی مـۆدێرنیزم دا هەبووە. لە روانگەی ناوبراوەوە، نۆمینالیزم لـە رێگەی بە ڕەها کردنو لەئاکام دا بێواتا کردنی چـەمکە ئایینیـەکانی مەسـیحییەت، بـواری بـۆ سەرهەڵدانی مۆدێرنیزم رەخساند.

**٦ـ مۆدێرنیزمو تێروانینێکی میکانیکیانە بە زانسـت:** دەربـڕو وێنـای میکـانیکی بەرهـەمی سـەدەی پازدەهـەم بەدواوەیـە، کـە گرینگترین

تایبەتمەندییەکانی نموونەیمیکانیکی بریتین لە: أ- نموونەی میکانیکی بڕوای بە "توانای دابەشبوونی" کردەیەکە کە وێنا دەکرێ. "فرانسیس بیکێن"و هەموو ئامپریستەکان "دابەشبوون" بە مەرجی یەکەمی زانست دەزانن. لەو تێروانینەدا کۆمەڵگا بریتیە لە کۆمەڵە بەشێك کە سەربەخۆن‌و، لە تێکەڵبوونی ئەو بەشانە، کۆمەڵگا پێك دێ. ب - دەبێ بەشەکان کاریگەریان هەبێ. ج - نموونەی میکانیکی بە پێچەوانەی نموونەی ئۆرگانیستی، گەشە ناکات. تێگەی نموونەی ئۆرگانیستی بڕوای وایە کە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی وەك کۆمەڵگاو دەوڵەت، دیاردەیەکی دەستکردن. هزری پەیمانی کۆمەڵایەتی کە بەشێکی گەورە لە مێژووی تیۆرە سیاسیەکان لەخۆ دەگرێ، هەڵگری ئەو تێروانینەیە. لێرەدا دەبێ باس لە جیاوازیی نێوان مۆدێرنیزم‌و مۆدێرنیزاسیۆن بکەین. تیۆری مۆدێرنیزاسیۆن یەکێك لە نموونە زاڵەکانی کۆمەڵناسی‌و زانستە رامیارییەکان لەدەیەی ٥٠و ٦٠ی ئامریکایە کە کۆمەڵگا نەریتییەکان لە رێگایانەوە دەست بە نوێکردنەوە دەکەن‌و، رووکردن لە نوێکردنەوە، گەشەی بونیاتە جۆراوجۆرەکانی وەك حیزبەکان، پارلمان، بڕیاردان بەپێی بەشداریی خەڵك، زیاد بوونی رێژەی خوێندەوان، گەشەی شارنشینی و تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی تری بەدواوە بوو کە دیارە چەندین رەخنە لە تیۆری مۆدێرنیزاسیۆن گیرا، بۆوێنە ئەوەیکە مۆدێرنیزاسیۆن لەسەر بنەمای گەشەی رۆژئاوا رووی‌داوەو، ئەو نموونەیە لەسەر تەوەری ئەزموونەکانی وڵاتانێکی تایبەت دامەزراوە. لە راستی‌دا دەبێ بگوترێ هەموو تیۆرە نوێیەکان لە کۆمەڵناسی و لە زانستە رامیارییەکان‌داو سەرەرای پێوەندیی هەموو تیۆرە نوێیەکان بۆ ئایدۆلۆژیای مۆدێرنیزاسیۆن دەگەرێتەوە کە دەکرێ ئاماژە بە کەسانی وەك "تالکۆت پارسۆنز"، "گابریل ئالمۆند"، "دەیوید ئیستۆن"و کارل دۆیچ" بکرێ کە لە کەسایەتییە ناسراوەکانی تیۆرە نوێیەکانی زانستە رامیارییەکانی دەیەی (٥٠و ٦٠)ن‌و، تیۆرە مۆدێرنیستەکانیان خستە بەر رەخنەو لێکۆڵینەوە. لەدەیەی ٦٠و ٧٠دا تاقمێك هەنگاو بە هەنگاو لە زانستە رامیارییەکان دا سەریان هەڵدا کە وەك بەرەی دووەمی تیۆروانانی مۆدێرنیزم دەناسران‌و، لە راستی‌دا ئەو گرووپە بەرەیەکی گوازەرەوەی تیۆری مۆدێرنیستی بۆ تیۆری پۆست مۆدێرنیستین، بەو واتایە کە ئەو بەرەیە پرنسیپی پێویستی تێپەڕین لە کۆمەڵگای نەریتی بۆ کۆمەڵگای مۆدێرنیان قوبووڵە، بەڵام شێوازی تێپەڕین‌و قۆناغەکانی تێپەرین‌و تێگەی مۆدێرنیزاسیۆن‌و مۆدێرنیزم باسی جۆراوجۆریان خستۆتە رووو، رەخنە لە بەرەی یەکەمی تیۆروانانی مۆدیرنیزاسیۆن دەگرن. لەو کەسانەی کە رەخنەیان لە تیۆرەکانی مۆدێرنیستی‌و فۆنکسیۆنالیستی گرتووە دەکرێ ئاماژە بە نووسەری ئەمریکی "گاسفیلد"و "ئاندێری گۆندێری فرانك" بکرێ. ئاندێری کە لە تیۆروانە ناسراوەکانی تیۆری

هاوپێوەندییە، راستەوخۆ رەخنەی لە تیۆری کۆمەڵگای نەریتی لە بەرانبەر کۆمەڵگای مۆدێرن گرتوە. مۆدێرنیزم لە روانگەی مەعریفەناسیو مێتۆدۆلۆژیشەوە رەخنەی لێگیراوە، بۆوێنە دەکرێ ئاماژە بەو رەخنانە بکرێ کە پۆزیتیڤیزم وەك مێتۆدۆلۆژی لە مۆدێرنیزمی گرتووە. هەرکاتێك کە بۆ گەڕان بەدوای هۆکارەکانی رەخنە لە مۆدێرنیزم بۆ سەدەی نۆزدەیەم بگەڕێنینەوە، دەبینین کە دوو رەخنەی سەرەکی لە پۆزیتیڤیزم گیراوە کە بەشێك لە رەخنەکان لەلایەن مارکسو مارکسیستەکانەوە گیراوە. کە بەدرزی نێوان خودی مارکسیستەکان کۆتایی هات. لەو بوارەوە دەکرێ ئاماژە بە مەکتەبی رەخنەگرانەی فرانکفۆرت لە سەدەی بیستەم دا بکرێ. مەکتەبی فرانکفۆرت بە تاقمێك لە بیرمەندانی جوولەکەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەگوترێ کە لە ئاڵمانەوە کۆچیان کردبوو. لە بەناوبانگترین کەسایەتییەکانی ئەو رێبازە، دەکرێ ئاماژە بە "ئادێرنۆ"، "دەبلیو بنیامین"، "فرانتیس نویمان"ن هۆرکهایمێر"و "مارکۆز" بکرێ. هێندێك لەوانەو بۆوێنە مارکۆز لەسەرەکیترین نەیارانی پۆزیتیڤیزم ـ نەك تەنیا لە چوارچێوەی مەسەلە مارکسیستەکان بەڵکوو بەگشتی لە بارەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ـ لەسەدەی بیستەم دا بوون. گرینگترین باسەکانی دڵخوازی ئەوان بریتی بوون لە: ١ـ بڵاو کردنەوە و فراوانکردنی راڤەیەکی رەخنەگرانە لە ئابووریگەرایی لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسو رەسمیدا. ٢ـ بونیاتنانی مەعریفە ناسییەکی لێهاتووو رەخنە لەسەرمایەداریی پێشکەوتوو. ٣ـ تێکەڵکردنی راڤەیەکی دەروونناسیی فرۆیدی لە تیۆرو بوچوونەکانی مارکس دا. ٤ـ هێرش بۆسەر عەقڵانییەتێکی ئامرازگەرانە وەك پرنسیپی سەرەکیی کۆمەڵگای سەرمایەداری.

**مانای پۆست مۆدێرنیزم:**

ئەمرۆکە دوای رووخانی بەرەی کۆمۆنیزم، شەپۆلێکی نوێ بەدژی ئازادیو عەقڵ لەئارادایە کە ئەم تێڕوانینە نەك تەنیا هونەری میعماریو ئەدەبیات بەڵکوو زانستەکانی وەك ماف، سروشت، سیاسەت، کۆمەڵناسیو ئابووریشی گرتۆتەوە. لە بواری زمانەوانییەوە زیاتر بەردەوامیی رەوتێك دەسەلمێنێو، پۆست مۆدێرنیزم بە واتای کۆتایی مۆدێرنیزم نیە، بەڵکوو رەخنە لە مۆدێرنیزمو بەردەوامیی رەوتی مۆدێرنیزمە لەراستیدا پۆست مۆدێرنیزم دەربڕی هەمان پرسیارە سەرەکییەکانی مۆدێرنیزمە، بەو جیاوازییە کە ئەو پرسیارانە بە شێوەیەکی وشیارانە دەکرێن. جیاوازییەکیتر ئەوەیە کە نابێ چەمکی پۆست مۆدێرنیزم لەگەڵ کۆمەڵگای بان مۆدێڕنو بان پیشەسازی تێکەڵ بکرێ. کۆمەڵگای بان پیشەسازی post- industrial socity بۆیەکەمین جار لەلایەن "دانیال بێل" لە کتێبەکەیدا بەناوی (industrial socity the comial of post) لەساڵی ١٩٧٤ لە باسی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای بان

پیشەسازی، باس لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگایەکی پیشەسازی دەکەین کە بریتین لە: ١ــ پێکهاتنی دەوڵەتە نەتەوەییە رێكوپێکەکان کە خاوەنی وێکچوونی نەتەوەیی‌و کولتورین‌و، لە چوارچێوەی کولتورو زمانی هاوبەش دا رێك خراون. ٢ــ بە بازرگانی‌بوونی بەرهەم. ٣ــ باڵادەستیی بەرهەمهێنانی ماشێنی. ٤ــ بەشاری بوونی کۆمەڵگا. ٥ــ گەشەی هەمەلایەنەی خوێندەواری. ٦ـ بەکارهێنانی زانست لە هەموو بوارەکانی ژیان‌و بە عەقڵانی بوونی هەنگاو بە هەنگاوی ژیانی کۆمەڵایەتی. ٧ــ بەرخوردار بوونی خەڵك لەمافی دەنگدان‌و بەشدار بوونی لە هەڵبژاردنەکان‌و نەهادینە بوونی کاروبارو چالاکییە سیاسییەکان لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکان دا.

لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای بان پیشەسازی، ئابووریی تێکەڵ بە زانیاری‌و کرێکارانی خوێندەوارە کە توخمی سەرەکیی هێزی مرۆیی‌یە. هەروەها ئەو باسانەی کە "ئالوین تافلێر" لەبارەی گۆڕانکارییە تەکنۆلۆژییەکان دا خستوویەتە روو، نابێ وەك باسێك لەسەر پۆست مۆدێرنیزم بژمێرین‌و، دەبێ مانای پۆست مۆدێرنیزم زیاتر لە رەوتە فکرییەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم بدۆزرێتەوە نەك لەو گۆڕانکارییانەی کە لە تەکنۆلۆژیا دا روویان داوە کە دیارە تێگەیشتنی رەمەکی خەڵك لە پۆست مۆدێرنیزم زۆرجار ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی خولْقاندووە.

تافلێر لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دنیا سێ شەپۆلی مۆدێرنیزاسیۆنی تێپەر کردووە کە ئێستا لەسەرەتای شەپۆلی سێهەم داین. کتێبی "جێگۆڕکێ لە دەسەڵات"ی ناوبراو لەبارەی دروستبوونی دەسەڵات‌و دەوڵەت لە شەپۆلی سێهەم دایە. ناوبراو پێی وایە کە ناکۆکییەکانی دنیای هاوچەرخ لە ناکۆکییەکانی سێگانەکانی شەپۆلی نوێ‌بوونەوە سەرچاوە دەگرێ‌و، هەوڵی وڵاتان بۆ پەرەسەندن شتێك نیە جگە لە تێپەڕین لە شەپۆلێك بۆ شەپۆلێکی تر. کەوایە باسی تافلێر باسێکی مۆدێرنیستی‌یە نەك باسێکی پۆست مۆدێرنیستی.

**تایبەتمەندییەکانی پۆست مۆدێرنیزم:**

لەسەر ئەوەیکە پۆست مۆدێرنیزم چ جۆرە تایبەتمەندییەکی هەیە، رێککەوتنێك نیە. بۆوێنە "لیۆتار" پێی وایە کە پۆست مۆدێرنیزم چاخی گومان یان مردنی پێناسە لۆژیکەکانە‌و، ئەو گومانەش بێشك لە پێشکەوتنی زانست بەدەست هاتوە. بۆوێنە "لیۆتار" ئەوە دەخاتە روو کە دەکرێ گرینگی دان بە مۆسیقای راك، چاولێکردنی پرۆگرامە رۆژئاواییەکان، خواردنی خۆراکی مەك دۆناڵد، گۆریەی ژاپۆنی، جلکی هۆنگ کۆنگی، یارییەکانی تەلەفزیۆنی لە کولتووری هاوچەرخ دا پێناسە بکرێن. بەگشتی دەکرێ تیۆرو هزرەکانی "لیۆتار" بەم شێوەیە کورت بکرێنەوە: ١ــ دەست وێڕانەگەیشتن بە تیۆرێکی رەهای رەوشتی‌و بەهایی. ٢ـ کۆتایی چاخی دروست کردنی تیۆر یان تیۆرە گەورەکان لەبارەی سیاسەت‌و

کۆمەڵگا. ٣ــ گرینگی دانێکی زۆر بەماناو تایبەتی‌و تاکەکەسی کردنی مانا.

هەروەها "جیمسۆن" پێیی وایە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی پۆست مۆدێرنیزم بریتین لە: ١ــ لەنێو چوونی قوڵایی‌و لاوازییەکانی تێڕوانین بە مێژوو. ٢ـ کوژانەوەی سۆز کە لە چاخی پۆست مۆدێرنیزم رووی‌دا (مردنی سۆزو عاتیفە).

رەنگە بکرێ بەکورتی بەم شێوەیە باس لە تایبەتمەندییەکانی پۆست مۆدێرنیزم بکرێ:

١ـ لە دەروونناسی‌دا حاشاکردن لە بکەرێکی عاقڵو لۆژیکی.

٢ـ رەت کردنەوەی دەوڵەت وەك سومبوڵی ناسنامەی نەتەوەیی.

٣ــ رەت کردنەوەی پێکهاتەی حیزبە سیاسییەکان‌و کارو کردەوەکانیان.

٤ــ بەرزکردنەوەو بڵاو کردنەوەی رێژەیی بوونی رەوشت.

٥ــ دژایەتی لەگەڵ دەسەڵات یان بێ بنەمایی دەوڵەتی چەقبەستوو.

٦ـ دژایەتی لەگەڵ گەشەی ئابووری بەنرخی لەنێوچوونی ژینگە.

٧ــ دژایەتی لەگەڵ توانەوەی وردە کولتورەکان لە نێو کولتورێکی زاڵ.

٨ـ دژایەتی لەگەڵ رەگەزپەرستی.

٩ـ دژایەتی لەگەڵ چاوەدێری بۆرۆکراتیك لەسەر بەرهەمهێنان.

١٠ـ خستنە ژێر پرسیاری هەموو خوێندنەوە بنەڕەتییەکانی جێی پەسندی کۆمەڵ.

١١ــ گومان لەسەر عەقڵی مرۆڤو رەتکردنەوەی عەقڵگەرایی‌و سەربزێویی هەمەلایەنە بەدژی رۆشنگەری.

١٢ـ بەرەسمی ناسینی رێژەگەرایی.

١٣ـ باوەڕ بە کۆتایی هاتنی خەباتی چینی کرێکارو قاڵبوونی لە دڵی سیستەمی سەرمایەداری دا.

١٤ـ راگەیاندنی چوونە ناو قۆناغێکی نوێی بان مێژوویی.

١٥ـ دژایەتی لەگەڵ بەرنامەڕێژییەکی وردو چەقبەستوو بە پشت بەستن بە پسپۆڕان.

روانگەی مەعریفە ناسانەی پۆست مۆدێرنیستەکان روانگەیەکی هێژمۆنیکە.

یەکێك لە ناسراوانی ئەو بۆچوونە "هانس گێئۆرك گادامرا"یە کە بۆچوونەکانی خۆی لە کتێبی حەقیقەتو مێتۆد warheit and method دا بڵاو کردۆتەوە. ناوبراو دەیهەوێ بەکەڵك وەرگرتن لە بوونناسیی "هاید گەری" جارێکی‌تر پرسیاری زانستە مرۆیی‌یەکان بێنێتەوە گۆڕێ. بەگشتی فەلسەفەی "گادمرا" ناسێنەری تێکەڵاوی دوو رەوت یان دوو جووڵەیە کە ئێمە ئەوان لەژێر ناوی گواستنەوە لە هێژمۆنێکی تایبەت بۆ هێژمۆنێکی گشتی‌و گواستنەوە لە مەعریفەناسی زانستە مرۆییەکان بۆ بوونناسی بناسێنین، ئەگەر لە باسی مۆدێرنیزم دا پۆزیتیفیزم وەك مێتۆدۆلۆژی پۆست مۆدێرنیزم بناسێنین رەنگە بکرێ ئاراستەی هێژمۆنتیك لە بەرامبەر پۆزیتیفیزم وەك مێتۆدۆلۆژی پۆست مۆدێرنیزم بێنینە گۆڕ.

دیارە ئاراستەی هێژمۆنتیک مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو ریشەی لەو کارو مەسەلانەدا هەیە کە پێوەندییان بە راڤەیەکی "ئینجیل"یانەوە هەیەو، دەکرێ ئەو بابەتە لە بەرهەمەکانی کەسانی وەك "دابلیو دلتای"و "ویندیلباند"و "کارل مانهایم"و "ریکێرد"دا ببینرێ.

**پۆست مۆدێرنیزمو کۆمەڵناسی**

چەمکەکانی مۆدێرنیتەو پۆست مۆدێرنیزم لە دەیەی ١٩٨٠ بە دەمەتەقێی نێوان "هابر ماسو "فۆکۆ وارد" هاتە نێو کۆمەڵناسیەوە. ئەو چەمکە لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٧٠وە هاتە نێو کۆمەڵناسی فەرەنساو، لەلایەن کەسانی وەك "کراستیوا"و لییۆتار"ەوە پەسند کرا. پاشان بۆ جاری دووهەم لە post-industrial socitey ی "دریدا"دا رەنگی دایەوە.... .

مێژوو

# لە بزووتنەوەی شێخ عۆبەیدۆڵڵای نەهری

# تا

# کۆماری کوردستان


سەید کەماڵ ئیبراهیمی

Kiaksar2705@yahoo.com

لە گۆڤاری "چشم انداز"ی ئێران (ویژەنامە کردستان) چەند وتارێکی بەڕێز ئێحسان هوشمەند نوسراوە کە خاڵگەلی لێڵ و ناڕونی لێ زۆرە. بەڵام بۆ ئەوەی هەندێك لایەنی دیکەی توێژینەوەی بەڕێز ئێحسان هوشمەند دەوڵەمەندتر بکەین و لەم پێناوەدا هەوڵێك بۆ ڕەواندنەوەی تەم و مژی خراپ تێگەیشتنە مێژوویی‌یەکان بە تایبەتی مێژوی نەتەوەی کورد بدەین چەند بەڵگە و سەرچاوەیەك دەخەینە ڕو و لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە لە باسەکە دەڕوانین.

لە لاپەڕی ١٤٨ی گۆڤاری (چشم انداز ایران) هێما بۆ جیاوازیگەلی نێوان دیالکتە کوردیەکان و جیایی ئایینی لە نێو نەتەوەی کورد دەکەن و لە وتەکانی بەڕێزیان وا هەڵێنجان دەکرێ کە کوردەکان هەل و مەرجی پێویست یا فاکتەری نەتەوەیان نیە و کەوابوو ناتوانن دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی پێك بهێنن. "نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکە کە تەواوی فاکتەرە سەرەکی‌یەکانی نەتەوە بوونیان هەیە، گروپێك خەڵکی دانیشتوی وڵاتێکن کە بە درێژایی مێژوو پێگەییوە، کە خاوەنی خاکی هاوبەش و بەستێنی ئابووریی هاوبەش و ڕەوشت و داب و نەریت و زمانی هاوبەشن"(١) لێرەدا خاکی هاوبەش بە فاکتەری سەرەکی زانراوە و شوێنەوارێك لە ئاین یا ئاینزای هاوبەش بەدی ناکرێ "هەڵبەت هەندێ روداوی ژیانی کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورد نیشانی داوە کە زمان ناتوانێ بە تاقە مەرجی نەتەوەبوون و کورد بوون بزانی، بەڵکو ئەمە هەستی هاوبەشی نەتەوەیی‌یە کە شوناس دەداتە کوردان، لە هەمان کاتدا کەسانێك هەن کە بە راستی بە زمانی کوردە دەدوێن، بەڵام دژی هاوزمانان و نیشتمانی خۆیان کاردەکەن"(٢) ئەگەر بێتو لە هەر سوچێکی جیهان دا کەسێك کورد بێ و داکۆکی لە مافەکانی کورد بکا و شانازی بە کورد بوونی خۆی بکات و هەستی کوردایەتی هەبێ، هەر بیروباوەڕ و ئاینزا و هزرێکیشی هەبێ بەشێکە لە نەتەوەی کورد و بەڵام ئەگەر کەسێکیش کورد بێ و لە کوردستان بێ بەڵام دژی بەرژەوەندی‌یەکانی نەتەوەی کورد ڕەفتار بکا ئەگەر بە کوردیش بدوێ، دەتوانی لە ریزی دوژمنانی کورد لە قەڵەمی بدەی.

بەڵام هێمای بەڕێز هوشمەند بۆ مەسەلە ئاینزایی و نوێژکردن یا نەکردن، بوار ڕەخساندن بۆ جەنگێکی ئاینزایی دیکەی چەشنی سەرەتای شۆڕشی بەناو ئیسلامی و فتوای جیهادێکی دیکە دژی کورد نیە؟ وەکو فتوای خومەینی لە سەرەتاکانی شۆڕش دا.

دەبێ ئەوە بزانین کە نەتەوەی کورد تەواو لە نەتەوەکانی دیکە جیایە. مارتین ڤان برۆنسین لەمبارەوە دەڵێ:"کوردەکان زۆر لەمێژە خۆیان لە تورك و عەرەب و ئەوانی دی بە جیاواز دەزانن".(٣) بەڵام دەبێ سەرنج لەم خاڵەش بدەین ئەگەر بە بێ سەرەتایەك لە مەڕ قۆناغێکی مێژوی نەتەوەیەك وتارێك بنوسی خوێنەر توشی سەرلێشێوان دەبێ. کەوابوو بزوتنەوەی شێخ عەبیدوڵڵای نەهری بە

دەسـپێکی کۆمـاری کوردسـتان دادەنـێین. "ناسیۆنالیزمی کورد بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە دۆخی پەرەگرتن و رەگاژۆکردن لە توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ بوو"(٤) بەلاّم هۆی هێرشی لەشکری شێخ عەبیدوڵڵا نەهری بۆ ئێران ئەوە بوو کە عەشیرە و هۆزەکانی ئەم ناوچەیە سکالاّیان لە زۆرداری و ستەمی دەسەلاّتدارانی ناوچە ئەکرد و هەروەها نزیکەی ٥٠ کەس لە موریدانی شێخیان کوشت و دەوڵەتی ئێران کارێکی ئەوتۆی بۆ سزادان یا گرتنی تۆمەتبار و تاوانباران نەکرد. بەلاّم ئێرانیەکان هەرچییان تالاّن کرد و لەناوبرد لە مێژودا خستیانە ئەستۆی شێخ عەبیدوڵڵای نەهری" لە گەرمەی جەنگی میاندواو ١٨٨٠/١٠/٢ی زایینی کەسانێکی وەکو (رەزاقولی میرزا کوڕی مەلەك قاسم میرزا) لە گەڵ چەند کەسێکی دی جل و بەرگی کوردی‌یان لە بەر کرد و بۆ ناوزڕاندنی کوردان دەستیان دایە دزی و راوڕوتی گوندەکانی ناوچەی مەزاغە و میاندواو و مەلکەندی".(٥)

ئەمە هەلس و کەوتەی دەسەلاّتدارانی نەتەوەپەرستی ئێران بوو لە داکۆکیی خەڵکی ئێران کە ئامادە بوون لە پێناو ناوزڕاندنی دوژمنان خەڵکی خۆیان لە نێو بەرن "لە کاتی شەڕی شێخ عەبیدوڵڵا لە ورمێ و گەمارۆی شارەکە تەیمور پاشاخان سەرداری ماکو وەهانای ورمێ کەوت و پاش تێکشکانی شێخ عەبیدوڵڵا و کشانەوەی ئەو، گوندەکانی ناوچەکە و شاری ورمێ بە دەستی دەسەوتاقمی سەرداری ماکو بە تالاّن چوون"(٦) بەڵگەنامەی زۆر هەن کە ئاماژە بە تالاّن و برۆی خەڵك بە دەستی دەوڵەتی قاجار هەر لە دامەزراندنیەوە تا لاواز بوونی دەکەن، بەلاّم لە کتێبە مێژوییەکان دا بە پێچەوانەوە نوسراوە کە: " شێخ عەبیدوڵڵا پیاوێکی دلّڕەق و خوێنمژ بوو بەلاّم لە نێو کوردەکان دا کەسایەتیەکی ئێجگار مەزن و پیرۆز بوو"(٧) بە تاوتوێی ئەم چەشنە بەڵگەنامانە دەگەینە بەرەنجامێك کە هەر کەس لە کەسایەتیە سیاسی‌یەکانی نەتەوەی کورد زۆرتر خراونەتە بەر پلاری سوکایەتی و تۆمەتبارکردن زۆرتر بۆ رزگارکردنی نەتەوەی کورد تێکۆشاون و گیانیان بەخت کردوە.

لە پاش بزوتنەوەی شێخ عەبیدوڵڵای نەهری بزاڤی دیکەش لە بەشەکانی دیکەی کوردستان سەریان هەڵدا بۆ نموونە بزوتنەوەی سمایل ئاغای شکاك ناسراو بە (سمکۆ smko) کە لە رۆژهەلاّتی کوردستانەوە دەستی پێکرد و کاریگەری لە سەر باکوری کوردستان و هەروەها باشوری کوردستان دانا.

لە وتارەکەی بەڕێز ئێحسان هوشمەند لە لاپەڕە(١٥١ ی چشم انداز) هاتوە کە شاری سەقز بە دەستی (smko) تالاّنکراوە. ئەم بابەتە کە بەڕێز هوشمەند هێمای بۆ کردوە لە هیچ سەرچاوەیەکی بێلایەن نەهاتوە و هەروەها نوسیویانە کە لە پاش کوژرانی مارشەمعون ئەو نیازی سەرکوتی دێموکراتەکانی شێخ محەممەد خیابانی هەبوو. بۆ بەرتەکدانەوە ئەم بابەتە

بەشێك لەم وتارەمان بۆ بزوتنەوەی سمکۆ تەرخان کردوە. سەرهەڵدانی بزوتنەوەی سمکۆ هاوکات بوو لە گەڵ سەرهەڵدان و پێکهاتنی مەشروتەی ئێران و بزاوتگەلێ کە پێشتر رێکخراوی وڵاتانێکی گەورەی وەکو روسیە و بریتانیا بە مەبەستی دابەشکردنی ئێران و جەنگە دورو درێژخایەنەکان کە لە نێوان ئێرانی قاجاری و دەوڵەتی عوسمانی رویان دا و ئەم چوار دەوڵەتە خاکی کوردستانیان کرد بوویە تەراتێنی خۆیان. لە نێوان ئەم چەشنە هێزانەدا سمکۆ توانی پێش بە لەنێو چونی خۆی و نەتەوەکەی بگرێ و تەنانەت پارێزگاری لە نەتەوەکانی دیکەش بکا کە نیشتەجێی کوردستان بوون، بۆ ئەوەی تیانەچن.

بەمجۆرە دەبێ رێز لە سمکۆ بگیرێ و بە شانازییەوە ناوی بهێنرێ و ناودێر کردنی ئەو بە چەتە و رێگر و تاڵانچی ئەوپەڕی بێئەمەگییە.

"فەزایەك کە سمکۆ لەوێدا پەروەردە ببوو تەنیا بۆ پارێزگاری خۆی هەدای دەدا و ئەم هۆیەش بەس بوو کە هەرسات لە بۆسەدا بێ بۆ لەنێو بردنی دوژمنەکانی خۆی"(٨) ئێران گیرۆدەی ئاژاوە بوو، دەوڵەتی نێوەندی توانای روبەڕو بوونەوە و باشاری لە گەڵ لەشکرە هێرشبەرەکان و چەتەو رێگرەکانی نەبوو، چوار دەوڵەتیش لە هەر لاوە گوشاریان خستبویە سەر کوردستان. لە پێناو مەشروتە و مەشروتەخوازیدا سەرتاسەری کوردستان لە ئاگری کۆچبەرانی قەوقازی و توندڕەوانی ئێرانی تەنرابوو، تیرۆری سیاسەتوانانی ئێران کارێکی رۆژانە بوو، لەم هەل و مەرجەدا بوار بۆ بزوتنەوەی سمکۆ رەخسا. هەوڵی ئەو بۆ داکۆکی لە نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان بێوێنە بوو. "بە وتەی دانیشتوان و خەڵکی قوتور سمکۆ کەمتر لە تێزاری روسیە نەبوو و هێندەی نەمابوو وەکو ئەوی لێ بێت".(٩) تەنانەت کۆچبەرانی قەوقازی بە ناوی مەشروتە بە تەمای کوشتنی بوون و ویستیان بیکوژن"حەیدەر عەمو ئۆغلی یەکێك لە ناسراوترین فیدایییانە بوو کە بە رێنوێنی کۆمیتەی باکو دڵخوازانە هاتە ئێران و زۆر لە مەزنەمیرانی سەرەڕۆیی و هەروەها مەشروتەش بە دەستی ئەو فیداییانە کوژران"(١٠) حەیدەرخان کەسێکە تۆمەتبارە بەوەی بۆمبی دروست کردوە و لە پاکەتی شیرینیدا ناردویەتی بۆ تیرۆری سمکۆ کە براکەی سمکۆی کوشت.

لە تەورێز حەیدەر عەموئۆغلی و لە تاران یەپرەم خانی سەردار بە ناوی مەشروتە هەرچییان لە دەستهات کردیان و هەرچشیان دەویست دەیانکرد "لە مەڕ یەپرەم خانی سەردار ئەگەر مەشروتیەت رێبەرانێکی وەها لێبڕاو و توندوتیژی هەبان کە دوژمنانیان بە توندی سەرکوت کردبا و بە لەرزۆکی و دودڵی و هەندێ جار لێبوردن و چاوپۆشی کردن دەرفەتی بەهێزبوونی دوبارەیان پێنەدابان رەنگە هەرگیز روداوی تۆپباران کردنی پارلمان(مەجلیس) و (استبداد صغیر) روی

نـەدابا".(١١) تەنانـەت ئـەوان بـە بـێ لـە بەرچاوگرتنی ڕێز و بەهای بیروبـاوەڕی خـەڵك ، داب و نـەریتیان، بەهـەر شـێوەیەك کـە بۆیـان کرابـا بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـەکانیان کـەڵکیان وەردەگــــرت و ســــڵیان نــــەدەکردەوە. "حەیدەرخان لە هەمویان زیاتر چالاك بوو، ئـەو لـە بـاکۆوە داوای لـە هەنـد تیرۆریسـت کـرد و ئـەوانیش هاتنـە تـاران، بـەڵام بـە پـارێزەوە کەسـێکی لــە گــەڵیان ئاشــنا نــەدەکرد و هەمیشــەش وای دەکــرد کــە پێکــەوە بــن و نەناسراو بن و لەم پێناوەدا جل و بەرگی سـەید و مــەلای لــە بــەردەکردن و مەنـدیل و قــەبلی پـێدەدان تـا لەبـەری کـەن"(١٢) لـە دیـدی نوســــەرانی ئێرانیــــەوە ئــــەم کارانــــە مەشروتەخوازی و ئەنجامدەرانیان ( مجاهدین)ن لە کاتێکدا ئەوانە نە موسڵمان و نە ئێرانی بوون و نە فریان بەم وڵاتەوە هەبوو. بەڵام سمکۆ کـە پشـتیوانی و پارێزگـاری لـە خـاك و وڵاتەکـەی دەکــرد لـــە دیــدی ئەوانـــەوە "چــەتەیەکی بێبــــەزەیی، جــــەنگاوەرێکی چــــاونەترس و تەڵــەکبازێکی هوشـیار بــوو"(١٣) ئەمــە لــە کاتێکدایــە کــە بەڵگەنامــە دەوڵەتی‌یــەکان {قەوقازی‌یــــەکان و...} بــــە تیرۆریســــت و ئاژاوەچی دەزانن. نامەی سێرنیکلسێن بۆ سێر ئێـدوارد گێـری {گەیشـتوو لـە ٤ی ژوئیـەی ١٩٠٩}سێن پیترزبۆرگ ٢٥ی دیسامبری ١٩٠٨، ٤ی بەفرانباری ١٢٨٧ ، یەکی ذی‌الحجە ١٣٢٦ : دۆینــێ پــاش نیــوەڕۆ مــەحمودخان عەلائەلمۆلکی ئیلچی بالوێزی ئێران هاتـە لام و وتی بـارودۆخی شـێواوی ئازەربایجـان بـە هـیچ شـێوەیەك وروژانـی ئـازادیخوازی لـە پەسـند کردنـی مەشـروتە نیـە، بـەڵکو ئـاژاوە نانـەوەی ستـارخانی دز بـە پشـتیوانی تـاقمێکی چـەتە و قاچاچچی قەوقازی هۆکارەکەیەتی"(١٤)

جـەنگاوەری گـەورەی کـوردان هێشــتا سـەرقاڵی گیروگـازی مەشـروتەخوازان بـوو کـە جـەنگی یەکـەمی جیهـانی دەسـتی پێکـرد. هەڵبـەت زۆر پێشـتر لـەوە روسـیەی تێـزاری و دەوڵەتی عوسمانی هێرشەکانی خۆیان بـۆ سـەر رۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێکردبوو. "پـاش پێکهەڵپرژانێکی کورت خایەن لە تەك هێزەکانی شـکاك، روسـەکان لـە ١٩١٥/٥/٢٥ ی زایینـی ورمێـیان داگیرکـرد. پاشـان بـەرەو مـەهاباد و شـنۆ کەوتنـە ڕێ کـە لـەم ناوچـانەدا لـە گـەڵ بەرخۆدانی پتەو و خۆڕاگرانەی هێزەکانی کـورد بەرەوڕو بوون"(١٥) بەڵام روسەکان

زۆرتر هەوڵیان دا و هێزی زۆرتریان رەوانەی ناوچە کرد، بەڵکو بتـوانن تۆڵـەی تێکشـکان لـە بەرانبەر کوردان بکەنەوە. روسیە کـە دەوڵـەتی عوسمانی تێك شکاندبوو، لە بەرانبەر هێزەکانی کورد نەیانـدەتوانی پێشـڕەوی بکـەن و توانـای سەربازی‌یان زۆر دابەزیبوو" خۆڕاگری دلێرانەی کوردەکان لە بەرانبەر دوژمن بە بێ یارمەتیەکی ئەوتۆی عوسمانیەکان تا سـاڵی ١٩١٦ درێـژەی کێشا و پاشـان قەزاقـە سـیبریایی‌یەکان ناسـراو بــە (Drogon) هەشــت هــەزار کــەس لــە دانیشــتوانی مــەهاباد و هــەمو دانیشــتوانی شنۆیان کوشت و بڕ کرد"(١٦)

کاتێك کە سمکۆ لە جەنگ لە گەڵ روس و عوسمانی بۆ داکۆکی لە نەتەوە و وڵاتی خۆی بوو رەزاخانی ماکزیم لە ساڵی ١٩١٣ی زایینی لە ریزی سەرکوتکەرانی سەردار مۆحی بوو لە کوردستان دا بوو"(١٧) هەوڵی بێوچانی سمکۆ، شەڕە یەك لە دوایەکەکانی ئەو لە گەڵ روس ، عوسمانی، ئێران، دروستکردنی پەیوەندیگەلی دیپلۆماتیك لەگەڵ هەمو ئەم وڵاتانە، تەنانەت بریتانیا و هەبوونی دۆستانی وەکو عەبدورەزاق بەدرخان، سەید تەها شەمزین، قازی عەلی(باوکی قازی محەممەد) ئەوی لە کوردستان بە ناوبانگ کردبوو و کردبوویە پیاوێکی بە توانا و دەسەڵات کە دەڵێن: "سمکۆ سیاسەتوانێکی مەزن لە چوارچێوەیەکی بچوك بوو"(١٨) تەنانەت هەندێ لە سەرچاوەکان بەم چەشنە دەنوسن:"دەشێ شۆڕشی سمکۆ یەکەم هەوڵی کوردەکانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بێ"(١٩) بەڵام لە مەڕ بریتانیا سمکۆ تێکۆشا بریتانیا رازی بکا پشتیوانی لە بزوتنەوەی کورد بکا، بەڵام پاش چەندین جار نامە نوسین و نامە ناردن گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بریتانیا وەها ئامانجێك ناگرێتە بەر و پاش ساڵانێك دوای ئەمە سەرچاوەگەلێك وەدەستهاتون کە دەردەخەن سمکۆ لەو قۆناغەدا بۆچونەکەی وەڕاست گەڕاوە.

"لە سمکۆم پرسی بۆچی لە گەڵ بریتانیادا وتووێژ ناکەی؟ وتی ئینگلیز درۆدەکا و لە مەڕ مافەکانی کورد نیاز پاك نیە و هەمو پەیمان و بەڵێنەکانی درۆ و تەڵەکەبازیە"(٢٠)پاش ساڵانێك نوسییان" لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا کوردان خوازیاری پێکهێنانی وڵاتی سەربەخۆی کوردستان بوون، بەڵام سیاسەتی ئینگلیز لە ناوچەکە بە پێچەوانەی دروستکردنی ئەم دەوڵەتی کوردی بوو"(٢١).سیاسەتی بریتانیا بەلای سمکۆوە ئاشکرا ببوو، ئەگەر دەستێوەردانی وڵاتانی بریتانیا، روس، عوسمانی نەبایە" هەر ساڵی ١٩١٨ بە گشتی هەل و مەرجی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد بە دەستی سمکۆ بەرهەڤ کرابوو"(٢٢) تەنانەت هەندێ لە سەرچاوەکان وەسفی دەسەڵاتی سمکۆ ئاوا دەکەن:" سمایل ئاغا بۆ ماوەیەك لە ئێران دا بە شای دوەم لە قەڵەم دەدرا"(٢٣) لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی لە گەڵ ئەو هەمو هێرشەی کە دەکرایە سەر سمکۆ و خاکی کوردستان، ئەو توانی لە هەر چوار لاوە بەرپەرچی هێرشەکان بداتەوە و لە بەرانبەر چەندین دەوڵەت باشار بکات. ئەوانەی هەبونی دەوڵەتی کوردیيان بە رەوا نەدەزانی، خۆیان بەو چەشنە نەتەوەکانی دیکەیان تاڵان دەکرد. لە کۆنفرانسی (سێن رێمۆ) لە ئاڤریلی ١٩٢٠ هەر دو لا رێککەوتن کە فەرەنسییەکان لە سوریە جێگیر بن و عێراق و مێزۆپۆتامیا و فەلەستین لە قەڵەمڕەوی ئینگلیزدا بمێنێتەوە"(٢٤) زۆربەی سەرچاوەکان لە سەر ئەوە ساخ بوونەتەوە کە جەنگی یەکەمی جیهانی و ئەو هەمو کش و بڕە چاوچنۆکی هێزە زەبەلاحەکان بۆ دابەشکردنی

جیهان بوو"(٢٥).

ئەم جەنگەش بۆ کوردستان وێرانکەر بوو. ئاوارە بوونی هەزاران کەس و بنەماڵە و وێرانی و وشکەساڵی و نەخۆشی ئەنجامەکانی بوون هێشتا جەنگی یەکەم کۆتایی پێنەهاتبوو کە جیلو یا ئاشوری مەسیحی رویان کردە خاکی رۆژهەلاتی کوردستان، هەزاران دەربەدەری برسی کە کۆچەری هێرشبەر بوون بۆ بەدەستهێنانی خۆراك تەنانەت لە کوشتنی مرۆڤەکانی دیکە دریخییان نەدەکرد. نەتەوەی کورد هێشتا نەیتوانیبوو کاولگەکانی جەنگ ئاوەدان بکاتەوە کە جیلوکان لە گەڵ ئەرمەنی‌یەکان یەکیان گرتبوو و بە هاندانی بریتانیا و فەرەنسە و روس خوازیاری پێکهێنانی دەوڵەتی مەسیحی ئاسۆری بوون، ئەوەش لە سەر خاکی کوردستان. لەو شوێنەی کە سمکۆ لە مێژ ساڵ بوو لەو خاکەدا خەباتی دەکرد و هەزاران کورد لە پێناویدا ببوونە قوربانی. ئەمە بوە هۆی هاندانی سمکۆ تا بۆ لە نێو بردنیان هەولبدا. ولاتانی بیانی کە تێکۆشان و خەباتی سمکۆیان بە فەرمی نەدەناسی لە هەر لاوە یارمەتیی ئاشوری‌یەکانیان دا تا دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێك بێنن.

"لە پاش کوژرانی مارشەمعون بە دەستی سمکۆ ئاشوری‌یەکان هێرشیان کردە سەر ئازەری‌یەکان و سەدان ژن و منداڵیان لەوان کوشت"(٢٦) بزوتنەوەی سمکۆ ئەگەرچی لە بنەڕەت را بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بوو بەلام لە ژێر دروشمی ئالای کوردی دا ئازەری‌یەکانیشی دەپاراست و لە مەترسی تیاچون رزگاری کردن. بە کوژرانی مارشەمعون هەمو هاوکێشەکانی دەوڵەتانی بریتانیا، روس، فەرەنسە کە پشتیوانیان بوون هەڵوەشانەوە "ریالیسم جگە پەسندکردنی ئەم خاڵە نیە کە راستی‌یەکانی رامیاری هەمان راستیەکانی هێزن، ولامی زۆر و زەبروزەنگ، زەبروزەنگە و هەروەها قازانجی تاکەکەسی بنەمای کردەوەی گروپ و نەتەوەکانە"(٢٧) سمایل ئاغا لە جەنگ لە تەك روس و عوسمانی و بریتانیا کۆچبەرە ئازەری‌یەکان بۆ خاکی کوردستانی رزگار کرد و تەنانەت خۆشیان دانیان بە کۆچبەربوونی خۆیان دەنا، بەلام سمکۆ پشتیوانی لێکردنی." تەقی ئەرانی لە وتارێکدا داوای بەلاوەنان خاشەبڕکردنی زمانی تورکی لە کۆمەڵگای زێدی خۆی (ئازەربایجان) کرد و بەڵگەشی ئەوەبوو کە کۆچبەرانی تورك خۆیان بە سەر خەڵکی ئاریایی ئەو ناوچەیە سەپاندوە"(٢٨) گەرچی سالانێك تێپەڕی تا ئەم راستی‌یە سەلمێنرا و نوسرا، بەلام لە جەنگی یەکەمی جیهانی‌دا پاراستنی ئازەری‌یەکان لە ئەستۆی سمکۆ بوو و لە کاتێکدا دەسەلاتی نێوەندی توانای پارێزگاری لە خۆیشی نەبوو. "بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد کۆمەڵەی بەڵگەنامەیەکی پڕ بایەخن و دەسەلمێنن کە مەسەلەکە لە بنەڕەت را لە دۆخێکی ئاسایی کە چەتەیی و دزیە بەرزتر بوە و کرۆکی سەرەکیشی شتێکی دیکەیە.(٢٩)

تەنانەت پڕوپاگەندەی نیگەتیف لە دژی سمکۆ پەیوەندی بە کتێبی ئەحمەد کەسرەوی و محەممەد تەمەدون نیە، بەڵکو لە مەیدانی سیاسەتی ئەو ڕۆژگارەش دا بەڕێوەدەبرا.

"بەسری بەیگ فەرماندەی بەرەی ڕۆژهەڵاتی تورکیە لە نامەیەك بۆ ئوزدەمیردا ئەو لە مەترسیی سمکۆ ئاگادار دەکاتەوە و دەڵێ: لە نێو خەڵك قسە و قسەڵۆك بڵاو بکەنەوە لە دژی سمکۆ و بڵێن کە ئەو بە پارەی ئینگلیز ئەم بزوتنەوەیەی وەڕێخستوە و بە بێ هۆ خوێنی کوردان دەڕژێت و قازانجێکی بۆ کوردەکان نیە و لە پێناوی قازانجەکانی ئینگلیزە"(٣٠) لە پاش ئەم هەمو بگرە و بەردەیە و هەوڵەکانی سمکۆ، باس لە دژایەتی ئەو لە تەك شێخ محەممەد خیابانی دەکرێ. تەنانەت هێندێك لە نوسەرە ئێرانییەکان گەرچی مێژو کەمتر وەکو راستیی مێژویی دەنوسن بەڵام لە گەڵ ئەم بەشەدا تەبا و هاوڕا نین "یەکێك لە بەرەنجامە شومەکانی کوژرانی خیابانی ئەمە بوو کە هەندێ لە لایەنگرانی ناوبراو بۆ تۆڵە سەندنەوە ئاگری ئاژاوەی سمکۆ یاخیی ستەمکار و خوێنمژی ئازەربایجانیان کە بە سیاسەتی (وثوق الدوله) دامرکابوو دوبارە هەڵکردەوە"(٣١) لێرەدا پێچەوانەی بیروڕاکانی بەڕێز هوشمەند دەسەلمێنرێ و دەبیینین کە سمکۆ لە تۆڵە شێخ محەممەد خیابانی رابوە.

"پەیوەندییەکانی سمکۆ و شێخ محەممەد خیابانی ئێجگار دۆستانە بوو"(٣٢) و تەنانەت لە کتێبی "نطقهای شیخ محمد خیابانی"(٣٣) ئاسەوارێك لەم بابەتە {واتە دوژمنایەتی} بەدی ناکرێ. بەڵام پاش جەنگی یەکەمی جیهانی و مەشروتە و ئاشورییەکان و روس و عوسمانی و بریتانیا و ئێران سمکۆ لە تەك دیاردەیەکی تازە بەرەو ڕو بوو کە ئەویش "رەزاشای ماکزیم" بوو، کە دواتر بە رەزاخانی میرپەنج، رەزاخانی سەردارسپەه و رەزاشا ناوبانگی دەرکرد.

"خاڵی گرینگ ئەمەیە کە لە سەردەمی رەزاشادا خودی دەوڵەت بۆ لە نێو بردنی نەیاران پەنا وەبەر شێوەکانی تیرۆریستی دەبرد. سەید حەسەن مدرس، میرزادە عشقی، میرزا یحیی واعظ، جعفر قلی، سردار اسعد، سرهنگ محەممەدخان پولادین، نصره الدوله فیروز"(٣٤) رەزاخان کاتێك توانی لە نێوەند دا هێز و دەسەڵاتی خۆی پیشان بدا و ساوکەیەك لە وێدا دابین بکا و بیری لەوە کردەوە کە لە هێز و دەسەڵاتی سمکۆ کەم بکاتەوە و هەمو هێزی خۆی خستەکار" چونکە سمکۆ لە ساڵانی چڵەپۆپەی راپەرینەکەی خۆی لە هەورامان دەستی دەرۆی و تەنانەت هۆزەکانی ناوچەکانی ئەوپەڕی باشور وەکو لوڕستان بۆ پشتیوانیکردنی ئامادەی راپەڕین بوون(٣٥) رەزاخان سەرەتا هەوڵیدا کە سمکۆ بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە و لە راستەڕێی ئامانجەکانی خۆی کەڵکی لێوەربگرێ، تازەکارێك دەیهەویست لە سمکۆ کە ساڵانێك لە تەك دەوڵەتانی دراوسێ و ئەرووپایی لە جەنگدا بوو

وەکو دەستە چیلەیەك خۆی کەلك وەرگرێ. بەلام سمکۆ هەرگیز ئامادەی وەها کارێك نەبوو"رەزاخان بناخەدارێژی ناسیۆنالیزمی خەیالیی ئێرانی، بۆ سەپاندنی ئەم بیرۆکەیە هەرچیی لە دەستهات بۆ شکاندنی و ڕمانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد بە ڕێبەرایەتی سمکۆ کردی"(٣٦) هەوڵەکانی ئەو بۆ هێنانە ژێر رکێفی سمکۆ بێئاکام بوون. رەزاخان دیدارێکی لەگەڵ سمکۆ کرد و بە گوتەی خودی رەزاخان لە ژیانیدا تەنیا لە سمکۆ ترساوە. هەر ئەو ترسە لە سمکۆ بوە هۆی ئەوەی لە گەڵ سمکۆ بێتە مەیدانی جەنگەوە. "رەزاخان ٤٥ رۆژ لە پاش کودەتای ١٨ی خاکەلێوەی ١٢٩٩ یەکەم دەستەی سوپای بۆ تاراندنی سمکۆ ناردە ئازەربایجان"(٣٧). چەند جەنگێکی خوێناوی لە نێوان هێزەکانی سوپای ئێران لە لایەك و سوارچاکانی کورد بە ڕێبەرایەتی سمکۆ روویان دا و بەرەی عەشیرە کوردەکان بە باشی لە بەرانبەر هێرشەکانی سوپای ئێران راوەستا. ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی ئێران کوژران و بوونە قوربانی فرەخوازی و پاوانخوازی رەزاخان و سیاسەتی بریتانیا. "لە ١٩١٩/١/٢١ جەنگێکی زۆر سەخت لە نێوان هێزەکانی ئێران و کوردەکان لە بەرزایی زنجیرە شاخی شەکریازی لە مەودای نێوان خۆی و سەلماس رویدا و سەرەنجام فەرماندەی هێزەکانی ئێران کوژرا و سوپاکەیان تێك و پێك درا و لە نێوچوو"(٣٨). بەلام رەزاخان هەروا هەوڵی دەدا. دەوڵەتانی بریتانیا و روس، تورکیەی کەمالی، عێراقی پاشایەتی، لە پێناو لە نێوبردنی سمکۆ یارمەتی رەزاشایان دەدا و هەمو هەوڵی خۆیان بۆ کوشتنی سمکۆ خستەگەڕ " لە کوردستان بە کوژرانی سمکۆ لە ساڵی ١٩٣٠ گەورەترین بزوتنەوەی سیاسی کورد لەنێو چوو.(٣٩) لە مەڕ کوژرانی سمکۆ د.قاسملولە کتێبی کوردستان و کورد دەنوسێ:"لە ٢١ ژوەنی ١٩٣٠ سمایل ئاغایان بۆ دانوستان لە گەڵ نوێنەرانی هێزە سەربازییەکانی ئێران بانگهێشتی شنۆ کرد و بە نامەردی کوشتیان"(٤٠) پاش ئەم هەمو هەوڵە و بە هەبونی ئەم هەمو بەڵگەنامانە لە کتێبی تیرۆرە سیاسییەکان لە مێژوی ئێران دا دەنوسن: "سمایل ئاغا (smko) پاش سالانێك یاخیگەری کوژرا"(٤١) لە کاتێکدا خودی کتێبەکە باس لە تیرۆرە سیاسییەکان دەکا. بەلام تیرۆری سمکۆ دەخاتە چوارچێوەی یاخیگەری و بڕواشی بە گوتەی خۆی نیە. لە گۆڤاری "چشم انداز ایران" بەڕێز حەقگو دەڵێ: "سمایل ئاغا(smko) یاخیی بەناوبانگ لە سەردەمی رەزاشا بە دەستی "نیروی انتظامی" کوژرا"(٤٢) دوکتور حەقگو تیرۆری یەکێك لە گەورەترین کەسایەتیەکانی سیاسی نەتەوەی کورد چەشنی کوژرانی قاچاخ فرۆشێك نیشان دەدا و هەروەها لەوەش خافڵە کە "نیروی انتظامی" لە سەردەمی شۆڕشی ئێران و کۆماری ئیسلامیدا پێکهات. لە مەڕ سمکۆ قسەکانی بەڕێز حەقگو پێوەر نیە، بەڵکو بۆ نەتەوەی کورد وتەکانی د.کەماڵ

مەزهەر ئەحمەد سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە کە دەڵێ: "سمایل ئاغا سیاسەتمەدار ، رۆشنبیر، رۆژنامەنوس و وشیار و ئاگادار لە فەرمانڕەوایی سەردەم ئێجگار زانستی و وشیارانە لەو هەلانەی وەدەستهاتن کەڵکی وەرگرت و پەیتا پەیتا هاوهەنگاو لە تەك سیاسەتی دەسەڵاتدارانی ناوچە سیاسەتی خۆی گۆڕیوە و بۆ ماوەی پانزدە ساڵ لە دژی ئێرانی قاجاری و پەهلەوی، تورکیەی عوسمانی و کەماڵی، عێراقی پاشایەتی و ئینگلیز و روس خەباتی کردوە"(٤٣).

بەڕێز هوشمەند خۆشیان لە سوچ و قوژبنانەوە جاروبار هێمای بۆ هەندێ راستی کردوە و پەسندیان کردوە کە" سمایل ئاغا (smko) یەکێك لە ئالاهەڵگرانی ناسیۆنالیزمی کورد ئەژمار دەکرێ کە لەو پێناوەشدا بۆ پەرەپێدانی هەنگاوی هەڵگرتوە"(٤٤) "توانای سەربازی و سیاسی و برشتی ئەو تا لوڕستان و باکوری کوردستان و باشوری کوردستان بوە هۆی ئەوەی کە بگاتە ئەو ئەنجامەی "سمایل ئاغای (smko) لە ساڵی ١٩٢٠ بە ئاشکرا باس لە سەربەخۆیی بکا"(٤٥) لە درێژەدا بەڕێز هوشمەند هێما بۆ دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژـ ك دەکا و باس لەوە دەکا هەمویان خەڵکی مەهاباد بوون و خوێندنی باڵا و بڕوانامەی ئاکادیمیك یان نەبوو و ئەم بەشە بۆ تاوتوێی ئەم بابەتە تەرخان دەکەین. ئەگەر هەمو دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ ـ ك خەڵکی مەهاباد بووبن خاڵی لاواز نیە بۆ بزوتنەوەی نەتەوەی کورد. ئایا کەسانێك کە لە شۆڕشی فەرەنسە بەشداریان کرد لە تەواوی بەشەکانی فەرەنسە وەکو نوێنەر هاتبوون یا خۆ هەمویان خەڵکی پاریس بوون؟!

پاش تیرۆری سمکۆ بە دەستی رەزاشا ئەو توانی تەواوی بزوتنەوە ئازادیخوازانەکان لە ئێران سەرکوت بکا. بەڵام لە کوردستان نەتەوەی کورد لە هەلێك دەگەڕان کە لە سەردەمی جەنگی دوەمی جیهانی بە کەمبوونەوەی توانای سەربازیی دەوڵەتی نێوەندی لە کوردستان ئەم هەلە رەخسا. بنەماڵەی قازی محەممەد پێش جەنگی دوەمی جیهانیش ماندونەناسانە هەوڵی زۆریان بۆ سەرخستنی بزوتنەوەی کورد داوە بۆ نمونە: باوکی قازی محەممەد، ناوی قازی عەلی بوو و کەسێك کە رێزدارترین خەڵکی کوردستان بوو و لە جەنگی یەکەمی جیهانی تا ئەو جێیەی کی دەلوا لە دەسەڵات و دزە کردنی روسیەی تێزاری پێشی گرت"(٤٦) تەنانەت لە مەڕ قازی عەلی و سمکۆ حەسەن ئەرفەع دەنوسێ: " قازی کە دواتر بوو سەرکۆماری کوردستان لە بنەماڵەیەکی ئایینی سوننی شاری مەهاباد بوو و کوڕی قازی عەلیە کە لە ساڵی ١٩٢٠ لە سەربەندی ئازادیی مەهاباد دۆست و هاوکاری سمایل ئاغا بوو"(٤٧) بنەماڵەی قازی ساڵانێکی دورودرێژ خزمەتی بزاڤی نەتەوایەتی کوردیان کرد، تەنانەت قازی محەممەد لە لاوێتیەوە هاتە مەیدانی سیاسەت. "یەکەمین مەیدانی سیاسیی قازی محەممەد بەشداریکردن

لە داکۆکی کردن لە شاری مەهاباد دژی هێزە داگیرکەرەکانی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٥ بوو"(٤٨) قازی محەممەد لە قوتابخانەی باوکێکە ئازادیخوازی وەك قازی عەلی پەروەردە کرابوو و لە ئەزمونی میرێکی وەکو سمکۆ کەڵکی وەرگرتبوو و قۆناغی خوێندنی ئاین و حوجرەیی تەواو کردبوو، چەندین ساڵ قازی مەهاباد بوو"زمانی فارسی بە تەواوی دەزانی و بە زمانەکانی عەرەبی و فەرانسی و روسی دەیتوانی قسە بکا"(٤٩)هاوکاری قازی محەممەد لە کۆمەڵەی ژ ـ ك لە لایەن کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان پێشوازی لێ کرا"رۆڵی کوردانی نەتەوەخوازی عێراق لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ ـ ك لە نهێنییە بچوکەکانی بزوتنەوەی کوردە"(٥٠) بەڵام قازی محەممەد تەنیا بەمە رازی نەبوو، بەڵکو هەوڵیدا بانگی ئازادیی کۆمەڵەی ژ ـ ك بە گوێی ناوچە دورونزیکەکانی کوردستان بگەیەنێ. "ئاڵای کوردستانی بۆ سەرۆکی عەشیرەکان نارد و لە رێگەی تلگراف و نامە داوای لێ کردن کە ئاڵاکان هەڵکەن، بەڵام تەنیا مەحمودخانی دزڵی لە هەورامان ئاڵای هەڵکرد"(٥١)

**مەحمودخانی دزڵی کێ بوو؟**

"خانی دزڵی هاورێی نزیك و خۆشەویستی سمایل ئاغا سەرداری رەشیدی ئەردەڵان و محەممەد رەشیدخانی بانە بوو"(٥٢) تەنانەت محەممەد رەشیدخانی بانە لە کۆماری کوردستان بەشداری کرد و لە لایەن سەرۆك کۆماری کوردستان پلەی ژنراڵی وەرگرت. بەڵام قازی محەممەد هەروا لە هەوڵی خۆی بەردەوام بوو و توانی لە گەڵ کوردانی سۆڤیەتیش پەیوەندی بگرێ "سەفەری قازی محەممەد بە بانگهێشتی ژەنراڵ سەلیم ئاتاکشی و جەعفەرۆف لە کوردەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەت بوو"(٥٣)

تێکۆشان هەروا درێژەی هەبوو و سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە و پەیمانی دالانپەڕ یا "سێ سنور" دەسکەوتی کۆماری کوردستان بوو" رەگ و ریشەی هەر دەسەڵات و سەروەرییەك لە بنەڕەت را نەتەوەیە، هیچ دەزگا یا هیچ تاکێك ناتوانێ دەسەڵاتێك بەڕێوە بەرێت ئەگەر نەتەوەو گەل پێی نەدابێ.(٥٤)لە تەواوی کوردستاندا بۆ پێکهێنانی کۆماری کوردستان نوێنەران هاتبوون و لە جەنگەکانی شارەکانی سەقز و جادەی بانە، فیداکارییەکانی بارزانییەکان مایەی سەرسوڕمان بوو، سەرۆك کۆماری کوردستان لە ماوەی کەمتر لە یەکساڵ بە هاوکاری "ژنراڵ زێرۆبەگی هەرکی"(٥٥) ژنراڵ موستەفا بارزانی، ژنراڵمحەممەد رەشیدخانی بانەیی و سەدان ئەفسەری سەربازیی دیکە لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانەوە هاتبوون سوپا و لەشکری کوردستانی بنیات نا.

" لەشکر، ئاڵا، سرودی نەتەوایەتی و سیمبۆلەکانی دیکە بە مانای سەربەخۆیی و پێشکەوتنی وڵاتێك ئەژمار دەکرێن"(٥٦) قازی محەممەد کە زۆر ئاگاداری باری جوگرافیایی ناوچە و پەرتەوازەیی نەتەوەی کورد و سنوری

کوردستان بوو بە باشی دەیزانی "کوردستان پێنج بەشە کە بەشێکی لە روسیەی بلشۆویکی یا سۆڤیەت هەڵکەوتوە"(٥٧)

قازی محەممەد بە سەرنجدان لە نەخشەی ژورەکەی و هاوکاریی کوردانی شوێنەکانی دیکەی کوردستان بیرۆکەی کوردستانی گەورەی لە مێشکدا هەبوو: "قازی محەممەد لایەنگری پێکهێنانی کوردستانێك بوو کە بەشێکی لە رۆژهەڵاتی عێراق و تورکیە و باشوری سۆڤیەت و رۆژهەڵاتی ئێران دایە، بوو"(٥٨) ئەم بیرۆکەیە و هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی قازی محەممەد بۆیەکگرتوکردنی کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان ئەم رستەیەی دروستکردوە: "بەشی قازی محەممەد لە دروستکردنی وەرچەرخانەکان کە سەرهەڵدان و پەیدا بوونی ناسیۆنالیزمی سیاسیی کوردە لێکەوتەوە ئێجگار زیاتر لە کۆمەڵەی ژ ـ ك ە"(٥٩) بەڵام کەسانێك کە هەمو هەوڵیان بۆ لە نێو بردنی کۆماری کوردستان خستە گەڕ کێ بوون؟ ژنرال رەزم ئارا کە لە لایەن (قوام السلطنه ) دەسەڵاتی تەواوی پێدرابوو زوبەزو سەرۆك کۆماری کوردستان لە سێدارە بدا. "دەنگۆی ئەوە کە رەزم ئارا بە پێشنیاری روسەکان قازی و هاوڕێیانی بە پەلە لە سێدارەداوە راست دێتە بەرچاو"(٦٠) رەزم ئارا خۆی بە دەستی هێزە جاسوسی و ئاسایشەکانی ئێران و بە فەرمانی حەمەرەزاشا تیرۆر کرا. بەڵام کەسایەتیی محەممەد رەزا شا چۆن بوو؟ " (قوام السلطنه ) لەو باوەڕەدا بوو کە شای ئێران شاژنی پەهلەوی (تاج الملوك ) ئەکتەری سەرەکیی پشت پەردەی سیاسەتی ئێران بوو. محەممەد رەزاشای ئێران بە پێی رێ و شوێنەکانی ناوبراو دەجولایەوە"(٦١)

محەممەد رەزاشا کە لە ژێر کاریگەریی تاج الملوك دا بوو دۆستی ئێرنێست پێرۆن کە تەنانەت لە پاش تەواو بوونی خوێندنەکەی نەیتوانی بەرگەی دوریەکەی بگرێ و ئەوی لە گەڵ خۆی هێنابوویە ئێران و ببوە سەروەری کۆشکی پاشایەتی پەهلەوی، بەم هەمو بێتوانایی جەستەیی و سێکسییەوە چۆن بەڵێنی راستی هەبێ و پەیمانی خۆی لە سێدارەدانی قازییەکان (قازی محەممەد و سەیفی قازی) کە گوتویەتی قازییەکان لە سێدارە نادا، بێنێتە جێ؟

سوپاسالار فەرەدوست لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا لە هەڤبەندی لە گەڵ سێدارەدانی قازی محەممەد و کاریگەری لە سەر رۆحی نەتەوەی کورد دەنوسێ: "گوایە بە محەممەد رەزاشایان گوتبوو کە لە مەهاباد بە هۆی لە سێدارەدانی قازی محەممەد کەسێك ئامادەی پێشوازی نیە. پێکەوە چوینە مەهاباد و هەمو شەقامەکان و کۆڵانەکان گەڕاین بەڵام تەنانەت فەرمانداریش پێشوازی لێمان نەکرد"(٦٢) لە گەڵ هەمو ئەمانەش دا محەممەد رەزا شا دەستی لە کوشتن و تیرۆری میرانی کورد هەڵنەگرت: "لە ساڵی ١٩٤٦ بە بیانوی وتوویێژ و دانوستان لە گەڵ مەحمودخانی دزڵی ئەویان ژەهرخوارد کرد

و کوشتیان"(٦٣)

دواجـــار لـــە رێکـــەوتی ١٩٧٩/١/١٦ محەممەدرەزاشا ناچار دەبێ کە ئێران بەجێ بێڵێ. ناوبراو چەندین جار بە بنەماڵەوە خیانەتی بە کوردان کرد و هەمیشە لەمپەر و کۆسپێك لە سەر رێگەی نەتەوەی کورد و بزوتنەوەکانی لە هەمو پارچەکانی کوردستان بوون(٦٤)

بەڵام توێژینەوەکەی بەڕێز هوشمەند کە تەنانەت بەڕێز فاروق کەیخوسرەوی لە گەڵی ناتەبایە و باشاری لە گەڵدا دەکا وا دەنوسێ: "پێدەچێ سەرچاوەگەلێك کە بەڕێزیان کەڵکی لێ وەرگرتوە باوەڕپێکراو نەبن، هەروەك دیارە لە کتێبە مێژوییەکانی پەیوەندیدار بەم سەردەمەوە دەسکاریگەلی زۆر و زەوەند هەن و پەیداکردنی راستیەکان لە نێو کۆمایەك لە زانیاریە هەڵەکان کارێکی ئێجگار دژوار بێ"(٦٥)

هەڵبەت بەڕێز هوشمەند خۆیان بەوەها بەرەنجامگەلێك گەیشتون و دەنوسن: "جیاوازیی شیکاریی مێژویی لە گەڵ لە قاودان: لە یەکەمیان دا لە پێناو تێگەیشتن لە مێژو و هۆیەکانی دەرکەوتنی دیاردەکان و چۆنایەتیی سەرهەڵدانی لە چەقی سەرنجی مێژونوسە. بەڵام لە دوەمیان دا هەوڵدان بۆ پتەگرتن، نواندن و نیشاندانی کردەوەخراپەکان، لەکەدارکردن و بەدناو کردنی نەیاران مەبەستی سەرەکیە(٦٦) بە داخەوە بەڕێزیان مێتۆدی دوەمیان گرتۆتەبەر. لە مەڕ وتارەکانی بەڕێز هوشمەند و توێژینەوەی بەڕێزیان وا نیشان نادا کە ئەم وتارانە لە سەدەی بیست و یەکەم نوسراون، بەڵکو شێوەی مێژونوس و ئەدەبیاتەکەی هاوشێوەی فێردەوسیی توسیە کە کوردان بە شاخ نشینی بێژیار و خەڵکی لە خوانەترس و بێئیمان نیشان دابوو، بەم شێوە نوسینە ئایا باسکردن لە بیری مۆدێرن شیاو و راستە؟

### سەرچاوەکان:


١) قاسملوو، د. عبدالرحمن/ کوردستان‌و کورد/ لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی‌و ئابووری ل ٣٨٦ وەرگێر عبدالله حسنزادە - ساڵی ١٣٥٢ هەتاوی، ١٩٧٣ زایینی - لە بلاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا - ل ٣٠٥

٢) خوشحالی، بهزاد، ١٣٥١ / زبان شناسی کردو تاریخ کردستان/ تالیف بهزاد خوشحالی - همدان فن اوران، ١٣٧٩ - ص ٢٧٤ - شابك ISBN: 964 - 6792 - 23 -6 - ص ٢١

٣) بروئین سن، مارتین وان، ١٩٤٦ / جامعه شناسی کرد، اغا شیخو دولت/ ساختارهای اجتماعی‌و سیاسی کردستان - ترجمه ابراهیم یونسی - تهران نشر پانیز ١٣٧٨ — ص ٣٠٥ - مصدر، نقشه، عکس، IsBN:9054-3-6 - ص ٢٨٣

٤) مەدەنی، حوسێن / کوردستان‌و ستراتیژی دەوڵەتان / بەرگی دووهەم - ئاوریلی

٢٠٠١ ـ خاكەلێوەی ١٣٨٠ـ ل ٥١٣ ـ ژمارەی سپاردن ٣٦٦ ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر ـ ل ٣٧

٥) حەمەباتی، محەمەد / شۆرش شیخ عبیدوڵا نهری ١٨٨٠ لە بەڵگەنامەكانی قاجاری‌دا / چاپی یەكەم ٢٠٠٠ دەزگای چاپو بڵاوكردنەوەی موكریانی ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر ـ ل ١٧٣

٦) اسكندری‌نیا، ابراهیم / ساختار سازمان‌و شێوه معیشت عشایر ازربایجان غربی / چاپ دیبا چاپ اول زمستان ١٣٦٢ ـ انتشارات انزلی ـ اورمیه خیابان امام ـ ص ٤٧٨ ـ ص ١٠١

٧) گیلان / كوردەكانی ئێران‌و هێرشی عوسمانی / وەرگێر لە فەرەنسی‌یەوە نەجاتی عەبدوڵا چاپی یەكەم ـ سلیمانی ٢٠٠٤ ـ ل ٤١

٨) ئاسۆ: ژمارە ١١٠ ـ پێنج شەممە ٢٠٠٥/٧/٧ ـ نوسینگەی سلێمانی ـ بەختیاری تازە ـ شەست متری لاپەرەی ٧ / ئایا كوشتنی مارشمعون هەڵە بوو؟/ چاپو بڵاوكراوەكانی چاپخانەی رەنج

٩) لازاریف، م .س / كێشەی كورد ١٩٨٦ ـ ١٩١٧ / دوكتور كاوس قەفتان لە روسیەوە كردوویە بە كوردی پێشەكی‌و پەراوێزی بۆی نوسیووە ـ بەرگی دووهەم ـ بەغداد ١٩٨٩ ـ دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوكردنەوەی كوردی ـ ل ٧١٤ ـ كتێی زنجیرەی ٣٥٢ ـ ل ٤٩٩

١٠) بشیری، احمد / كتاب نارنجی / گزارشهای سیاسی وزارت خارجه روسیه تزاری درباره انقلاب مشروطه ایران ـ جلد اول ـ چاپ دوم ـ ص ٣٢٢ ـ تهران ١٣٦٧ ـ ص١٧٦

١١) رائین اسماعیل / پیرم خان سردار / تهران موسسه انتشارات رائین ـ چاپ دوم ٢٥٣٥ شاهنشاهی ـ ص ١٠٥

١٢) رائین اسماعیل / حیدر عمو اوغلی / سازمان چاپو انتشارات جاویدان ـ چاپ سوم ـ ص٤٠٨ سال ٢٥٣٥ شاهنشاهی ـ ص ٤٨

١٣) ریاحی، د. محمدامین / تاریخ خوی / چاپ اول سال ١٣٧٢ ـ چاپخانه حیدری ـ ص ٦٣١ ـ انتشارات ملوس اول خیابان دانشگاه ـ ص ٥٢٥

١٤) بشیری، احمد / كتاب نارنجی / گزارشهای محرمانه وزارت امور خارجه انگلیس درباره انقلاب مشروطه ایران ـ جلد دوم ـ از تاریخ ٣٠ نوامبر ١٩٠٨ تا ١٠ـ ١٩٠٩ ـ ص ٥٤٠ ـ چاپ دوم تهران ١٣٦٣ ـ نشر نو ـ ص ٣٦١

١٥) هاوار، محمد رسول / سمكۆ، سمائیل ئاغای شكاك‌و بزوتنەوەی نەتەوایەتی كورد/ چاپخانەی APEC سوئد ستۆكهۆڵم ـ ساڵی ١٩٩٥ ـ ل ٦٧٠ ـ ل ١٨٢

١٦) برزوئی ، مجتبی، ١٣٤٠ / اوضاع سیاسی كردستان از ١٢٥٨ تا ١٣٢٥ ه.ش / نگارش مجتبی برزوئی تهران نكدنو ـ ص ٤٢٥ ـ سال ١٣٧٨ ـ ISBN: 964- 6870-02-3 ـ ص ١٣٥

١٧) فردوست ، حسین / ظهورو سقوط سلطنت پهلوی / جلد اول خاطرات ارتشبد فردوست انتشارات اطلاعات ـ تهران چاپ ١٣٧٠

هـ.ش ـ ص ٨٦

١٨) شەمزینی، د. عەزیز / جوولانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان / وەرگێرانی فەرید ئەسەد سەرد چاپی سێیەم ـ سلێمانی ١٩٩٨ ـ بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان ل ٢٦٠ ـ ل ١٥٢

١٩) ئەرفەع، حەسەن / کوردەکان لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسی / وەرگێرانی سەردار محەمەد سلێمانی ٢٠٠١ ـ زنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم ـ ل ٢٢٥ ـ ل ٩٩

٢٠) تەقی، ئەحمەد / خەباتی گەلی کورد لە یادداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا / رێکخستنو ئامادە کردنی بۆ چاپ جەلال تەقی ـ لە سەر ئەرکی فەهمی قەفتان لە چاپ دراوە ـ ل ٩٢ ـ چاپخانەی العربیە بغداد ـ ١٩٧٠ ـ ل ٧٠

٢١) فردوست ، حسین ظهورو سقوط سلطنت پهلوی / جلد اول خاطرات ارتشبد فردوست انتشارات اطلاعات ـ تهران چاپ ١٣٧٠ هـ.ش ـ ص ٥٠٠

٢٢) عبداللە حسین، کرێکار / کورد، ئاشووری / لە بلاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبیو رووناکبیری گەلاوێژ چاپی یەکەم ـ سلێمانی ١٩٩٨ ـ چاپی ئۆفسێتی بابان داناز ـ ل ٢٢٣ ـ ل ١٥١

٢٣) رەفیق حیلمی، ناهیدە / بەسەرهاتی رەفیق حیلمی / پێداچوونەوە لە روی زمانەوانیو رێنوسەوە کەژاڵ ئەحمەد ـ بەشی یەکەم ـ چاپ چاپخانەی روون ـ ژمارەی سپاردن ٤٢١ ـ سال ٢٠٠٥ وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە ـ ل ٢٧٢ ـ ل ١٩٢

٢٤) پیرن، ژاك / عهدنامەی ورسای و گروههای سیاسی در اروپا / ترجمه مهندس رضا مشایخی ـ موسسه انتشارات امیر کبیر ـ تهران ٢٥٣٧ شاهنشاهی ـ چاپ دوم ص ٢٢٨ ـ ص ٣٤

٢٥) مەزهەر ئەحمەد ، د. کەماڵ / کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا / بەغدا ١٩٧٥ ـ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ل ١٥٧

٢٦) ئەرفەع، حەسەن/ کوردەکان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویو سیاسی / وەرگێر سەردار محەمەد سلێمانی ٢٠٠١ ـ ل ٢٢٥ ـ زنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم ـ ل ٨٨

٢٧) گارانت، جان / استراتژی معاصر / نظریات و خط مشیها ـ ترجمه هوشمند میرفخرایی چاپ پنجم تهران ١٣٨٢ ـ ص ٢٨٩ ـ مرکز چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه ـ ص ١٤

٢٨) بیگدلو، رضا / باستانگرایی در تاریخ معاصر ایران / چاپ سال ١٣٨٠ ـ نشر مرکز تهران ـ ٢٨٠ص ـ ص ٢١٨

٢٩) نوئیل، ادوارد چارلز ویلیام، میجر نوئیل / سەرنجدانێکی بارودۆخی کورد / ئامادە کردنی عبدالرقیب یوسف لە عەرەبییەوە وەرگێرانی سدیق سالح ـ سلێمانی ٢٠٠١ ـ چاپخانەو ئۆفسێتی سەرکەوتن ـ ل٤١

٣٠) مەدەنی، حوسین / کوردستان‌و ستراتێژی دەوڵەتان / بەرگی دووهەم - ئاوریلی ٢٠٠١ - خاکەلێوەی ١٣٨٠ هەتاوی ل ٥١٣ - ژمارەی سپاردن ٣٦٦ - چاپخانەی وزارەتی پەروەردە - هەولێر - ل ١٠٤

٣١) شمیم، علی اصغر / ایران در دوره سلطنت قاجار/ چاپ اول ١٣٧٩ - ص ٦٨٢ - انتشارات زریاب تهران - ص ٦٣٧

٣٢) شەمزینی، د. عەزیز/ جووڵانەوەی رزگار نیشتمانی کوردستان/ وەرگێرانی فەرید ئەسە سەرد/ چاپی سێیەم - سلێمانی ١٩٩٨ - بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵیەنەوەی ستراتێژی کوردستان - ل ٢٦٠ - ل ١٥٣

٣٣) خیابانی، بهرام/ نطقهای شیخ محمد خیابانی/ شماری ثبت ١٦٩٦ــ انتشارات احسان/ سال ١٣٣٧ هـ ش - ص ١٢٦

٣٤) طیب، علیرضا، ١٣٣٩/ تروریسم تاریخ، جامعەشناسی، گفتمان و حقوق/ نویسندگان جیمز دوریان. گردآورنده طیب، علیرضا ــ تهران نشر - سال ١٣٨٢ - ص ٤٠٨ ISBN: 964-312-681-2 ص ٤٨

٣٥) برزوئی، مجتبی، ١٣٤٠/ اوضاع سیاسی کردستان از ١٢٥٨ تا ١٣٢٥ هـ ش/ نگارش مجتبی برزوئی/ تهران فکر نو - ١٣٧٨ـ ص ٤٢٥ - ISBN: 964-6870-02-3 - ص ٢٣٦

٣٦) مەدەنی، حوسێن/ کوردستان‌و ستراتێژی دەوڵەتان/ بەرگی دووهەم ، ئاوریلی ٢٠٠١، خاکەلێوەی ١٣٨٠ی هەتاوی - ل ٥١٣ - ژمارەی سپاردن ٣٦٦ - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر - ل ٣٥٤

٣٧) اسکندری نیا، ابراهیم/ ساختار سازمان و شیوه معیشت عشایر ئازربایجان غربی/ چاپ دیبا/ چاپ اول - زمستان ١٣٦٢ - انتشارات انزلی - ص ٤٧٨ - ارومیه خیابان امام - ص ٧٤

٣٨) گەردی، حەمید/ رۆژی کورد لە مێژوودا/ زنجیره کتێبی ٢٠٣ - چاپ دووهەم ٢٠٠٥ - ل ٣٦٠ - چاپی بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری هەولێر - ل ٢٩

٣٩) عەلی رەسووڵ جەعفەر/ ناسیۆنالیزم‌و ناسیونالیزمی کوردی/ چاپخانەی رەنج - ژمارەوی سپاردن ٨٦ - ل ٣٨٩ - وەزارەتی رۆشنبیری ساڵی ٢٠٠٤ پێ دراوە - ل ٢٥٩

٤٠) قاسملوو، عبدالرحمان/ کوردستان و کورد/ لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری ص ٣٨٦٧ وەرگێرانی عبدالله حسن زاده - ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی، ١٩٧٣ی زایینی - لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا - ل ٨٦

٤١) بیگدلی، علی، ١٣٣٢ / تروریهای سیاسی در تاریخ معاصر ایران / علی بیگدلی - تهران سروش ص ١٣٧٢ - جلد دوم - ص ٥١٧

٤٢) حقگو، د. جمشید/ دو شکاف بین هیئت حاکمه و مردم و شکاف بین مردم و گروهای متخاصم/ چشم انداز ایران - نشریه سیاسی - راهبردی - ویژه نامه کردستان(٢) پائیز ١٣٨٤ - ٢١٦ ص نشر صمدیه - پخش شرکت بازرگانی کتاب گستر - ص ٥١

٤٣)	مەزهەر ئەحمەد، د. کەماڵ / چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد / بەرگی دووهەم ٢٠٠١ ـ ئامادە کردنی عەبدولا زەنگەنە ـ هەولێر چاپی یەکەم ـ ژمارەی سپاردن ١٧٩ ـ ل ٥٨٤ ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ل ٢٥١

٤٤)	هوشمند، احسان / گفتەها و ناگفتەهای تحولات سیاسی کردستان ایران/ چشم انداز ایران ـ نشریه سیاسی ـ راهبردی، ویژه کردستان(٢) پائیز ١٣٨٤ ـ نشر صمدیه ـ پخش شرکت بازرگانی کتاب گستر ـ ص ١٥٠

٤٥)	برزوئی، مجتبی، ١٣٤٠/ اوضاع سیاسی کردستان از ١٢٥٨ تا ١٣٢٥ هـ ش/ نگارش مجتبی برزوئی تهران فکر نو ـ ١٣٧٨ـ ص ٤٢٥ ـ ISBN: 964-6870-02-3 ـ ص ١٧٣

٤٦)	شاهاویسی، مهندس حسین، ١٣٢٨ / کردستان پاره تن ایران زمین / چشم انداز ایران ـ نشریه سیاسی ـ راهبردی، ویژه کردستان(٢) پائیز ١٣٨٤ ـ ٢١٦ص ـ نشر صمدیه پخش شرکت بازرگانی کتاب گستر ـ ص ١٨

٤٧)	ئەرفەع، حەسەن/ کوردەکان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی‌و سیاسی وەرگێر سەردار محەمەد سلێمانی ٢٠٠١ ـ زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم ـ ل ٢٢٥ ـ ل ١١٦

٤٨)	عەلی رەسووڵ جەعفەر/ ناسیونالیزم‌و ناسیونالیزمی کوردی/ چاپخانەی رەنج ـ ژمارەی سپاردن ٨٦ ـ وەزارەتی رۆشنبیری ساڵی ٢٠٠٤ پێ دراوە ـ ل ٣٨٩ ـ ل ٢٧٢

٤٩)	درودگەر، سید رەزا / کورتەی ژیانی رێبەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران/ بە بۆنەی شەستەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی حیزبەوە (١٣٢٤ ـ ١٣٨٤) (١٩٤٥ ـ ٢٠٠٥) ل ١٢٧ ـ ل ٢٩

٥٠)	هوشمند، احسان / نگرش جامع شناختی بر شکل گیری حزب دمکرات کردستان ایران/ چشم انداز ایران ـ نشریه سیاسی ـ راهبردی، ویژه کردستان(٢) پائیز ١٣٨٤ ـ ٢١٦ص ـ نشر صمدیه پخش شرکت کتاب گستر ـ ص ٧٨

٥١)	برزوئی، مجتبی، ١٣٤٠/ اوچاع سیاسی کردستان از ١٢٥٨ تا ١٣٢٥ هـ ش/ نگارش مجتبی برزوئی تهران فکر نو ـ ١٣٧٨ـ ص ٤٢٥ ـ ISBN: 964-6870-02-3 ـ ص٣٤٥

٥٢)	مەعروف بەرزنجی، عومەر / مەحموود خان دزلی / شۆرشگێری رۆژهەلاتی کوردستان ـ چاپی دووهەمی بژار کراو ـ سلیمانی ٢٠٠٠ ـ ل ٢٨٤ـ چاپخانەی ئازاد ـ ل ٣٥

٥٣)	هوشمند، احسان / نگرش جامع شناختی بر شکلگیری حزب دمکرات کردستان ایران/ چشم انداز ایران ـ نشریه سیاسی ـ راهبردی، ویژه کردستان(٢) پائیز ١٣٨٤ ـ ٢١٦ص ـ نشر صمدیه پخش شرکت بازرگانی کتاب گستر ـ ص ٧٧

٥٤)	طلوعی، محمود / خواندنیهای تاریخی/ محمود طلوعی (ویرایش ٢) تهران، علم ١٣٧٧ چاپ چهارم ١٣٨١ ص ٦٧٠ ـ ISBN:

964-405-031-2 ـ ص ٢١٣

٥٥) درودگەر، سید رەزا / کورتەی ژیانی ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران/ بە بۆنەی شەستەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی حیزبەوە (١٣٢٤ ـ ١٣٨٤) (١٩٤٥ ـ ٢٠٠٥) ل ١٢٧ ـ ل ٣٣

٥٦) گارانت، جان / استراتژی معاصر / نظریات و خط مشی‌ها ـ ترجمه هوشمند میرفخرایی چاپ پنجم تهران ١٣٨٢ ـ ص ٢٨٩ ـ مرکز چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه ـ ص ٦٦

٥٧) کوردستانی نوێ ـ ژمارە ٣٧٤٤ ـ سێ شەممە ٢٠٠٥/٨/٩ــ ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە ـ یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان دەری دەکات ـ ل ٤ ـ هەرێمی کوردستان ـ مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن شەقامی ئارارات (٣١)

٥٨) بیگدلی، علی، ١٣٣٢ / ترورهای سیاسی در تاریخ معاصر ایران / علی بیگدلی ـ تهران سروش ص ١٣٧٢ ـ جلد دوم ١٠٢٢ ـ ص ٧٢٨

٥٩) برزوئی، مجتبی، ١٣٤٠/ اوضاع سیاسی کردستان از ١٢٥٨ تا ١٣٢٥ ه ش/ نگارش مجتبی برزوئی تهران فکر نو ـ ١٣٧٨ـ ص ٤٢٥ ـ ISBN: 964-6870-02-3 ـ ص٢٨١

٦٠) هوشمند، احسان / نگرش جامع شناختی بر شکلگیری حزب دمکرات کردستان ایران/ چشم انداز ایران ــ نشریه سیاسی ـ راهبردی، ویژه کردستان(٢) پائیز ١٣٨٤ ـ ٢١٦ص ـ نشر صمدیه پخش شرکت کتاب گستر ـ ص ١٠٣

٦١) پیرانی، احمد / زنان پهلوی/ تهران ـ به افرین ـ سال ١٣٨٢ ـ ص ٤٥٢ ـ ص ٢٧

٦٢) فردوست، حسین / ظهور و سقوط سلطنت پهلوی / جلد اول ـ خاطرات ارتشبد حسین فردوست انتشارات اگلاعات ـ تهران چاپ ١٣٧٠ ه ش ـ ص ١٥٣

٦٣) مەعروف بەرزنجی، عومەر / مەحموود خان دزڵی / شۆرشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ـ چاپی دووهەمی بژار کراو ـ سلیمانی ٢٠٠٠ ـ ل ٢٨٤ـ چاپخانەی ئازاد ـ ل ٣٦

٦٤) گەردی حەمید / ڕۆژی کورد لە مێژوودا / زنجیرەی کتێب ٢٠٣ ـ چاپ دووهەم ٢٠٠٥ ـ ل ٣٦٠ ـ چاپو بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری ـ هەولێر ـ ل ٢٤

٦٥) کیخسروی، فاروق / مصاحبه با خودم / چشم انداز ایران ـ نشریه سیاسی ـ راهبردی، ویژه کردستان(٢) پائیز ١٣٨٤ ـ ٢١٦ص ـ نشر صمدیه پخش شرکتبازرگانی کتاب گستر ـ ص ٦٤

٦٦) هوشمند، احسان / نگرش جامع شناختی بر شکلگیری حزب دمکرات کردستان ایران/ چشم انداز ایران ـ نشریه سیاسی ـ راهبردی، ویژه کردستان(٢) پائیز ١٣٨٤ ـ ٢١٦ص ـ نشر صمدیه پخش شرکت کتاب گستر ـ ص ١٥٧

مێژوو



# کورد لە تورکیە

دەڤید مەکداوڵ

وەرگێڕان لە فارسیەوە: فەخرەدین حیسام موکری

توركیا لە سەردەمی ڕێبەرایەتی ئەكتیڤی ئاتاتوركدا، توانی خواستی خۆی لە ڕێككەوتنامەی لۆزان بەسەر هاوپەیماناندا بسەپێنێ.

ئاتاتورك توانی لە ساڵی ١٩٢٣دا لە خۆڵەمێشی ئیمپەراتوری عوسمانی دەوڵەتێكی نوێ دامەزرێنێ.ئەو كۆماری سێكۆلاری توركیای لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزم پێكهێنا. هەر بۆیەش هەوڵیدا دەوڵەتێكی یەكگرتوو و هاوشێوە لە ناو توركیای فرەنەتەوەییدا دامەزرێنێ.لەبەر ئەوە بوو كە ڕێگەی لە پێشكەوتنی نەتەوەكانی دیكە بڕی. كوردەكان كە بەشێكی گرنگی ئەو كۆمارەیان پێكهێنا بەسەرهاتی زیاتریان كێشا. لەسەر فەرمانی ئاتاتورك لە ڕێكەوتی ٣ی ئاداری ١٩٢٤دا پەروەردە و قسەكردن بە زمانی كوردی قەدەغە كرا و بڵاوكردنەوەی تێكرای بڵاوكراوە كوردییەكان بە نایاسایی دانرا. ئەمە سەرتایی سەركوتكردنی شوناسی كوردی بوو كە بۆ هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشگەلێكی زۆر كە تا ساڵی ١٩٣٩ی خایاند. شێخ سەعید پیران لە شوباتی ١٩٢٥دا بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی سەركردایەتی شۆڕشێكی گەورەی كرد. سوپای توركیا تا كۆتایی نیسانی ١٩٢٥ ئەو شۆڕشەی تێكشكاند. بەلآم ئەو بزوتنەوەیە كاریگەری هەبوو لەسەر سیاسەتی دەروەی توركیا. ئەو كاتە لە نێوان توركیا و بەریتانیا كە هەردووكیان دەسەڵاتیان بەسەر عێراقدا هەبوو لەسەر داگیركردنی شاری موسڵ كێشە هەبوو. بەرپرسانی توركیا پێیان وابوو كە بەریتانیا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی یارمەتیدانی كوردەكانی توركیا، ئەو وڵاتە ناچار بكات واز لە موسڵ



بێنێ.سەرەرای ئەمە یارمەتیدان بە شۆڕشێك كە ئامانجەكەی پێكهێنانی دەوڵەتی كوردی بوو لە قازانجی بەریتانیاییەكاندا نەبوو. پێكهێنانی دەوڵەتی كوردی سەربەخۆ لە باكوری كوردستان هەڕەشەیەك بوو بۆ سەر وڵاتی عێراق كە خاوەنی كەمایەتێكی كورد بوون و لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بوون. بۆ بەریتانیاییەكان كورد جگە لە ئەو سەرچاوەدەوڵەمەندانەی كە هەیبوو، بوونی

ئـەوان بـۆ راگـرتنی هاوسـەنگی دەسـەڵات و گوشـار هێنـان بـۆ سـەر حکومـەتی عێراقـدا لایەنێکی گرنگی دیکە بوو. لە راستیدا شکستی شێخ سەعید لە قـازانجی بـەریتانیای پـڕ بـوو. سەرکوتکردنی خوێنـاوی کوردەکـان کاریگـەری لەسـەر بـارودۆخی موسـڵ دانـا. هەڵسوکەوتی خراپی تورکیا بەرامبەر کورد بـۆ هـۆی هانـدانی کوردەکانی ویلایەتی موسـڵ کـە بـۆ لای عێـراق بچـن. ئەمـە بـۆ هـۆی ئـەوەی کـە کۆمـەڵگای نێودەوڵەتی بڕیاربدەن کە موسڵ بگەڕێتەوە بـۆ سـەر عێـراق و بـۆ هـۆی رێککەوتننامەیـەك لـە نێـوان وڵاتـانی تورکیـا و بـەریتانیا (١٩٢٦). بەپێی ئەو رێککەوتننامەیە موسـڵ خرایـە سـەر عێراق. تورکیا لەو یارییەدا دۆڕا، بەڵام هەردوولا لەسەر ئەوە رێکـەوتن کـە رێگـە لەسـەرهەڵدانی کوردەکان لە تورکیا بگیرێت، بەڵام لـە عێراقـدا ئـازاد بکـرێن.سـەرکوتکردنی شۆڕشـی شـێخ سەعید و ترس لە شۆڕشـەکانی کـورد تورکیـای ناچار کرد سیاسەتی دەرەوەی نـەرمتر بکـات و بە بیانوی ئاسایشـی سنورەکانی خـۆی واز لـە موسڵ بێنێ.

١٦ مـاددە لـە کـۆی ١٨ مـاددەی ئـەو رێککەوتننامەیە (حوزەیرانی ١٩٢٦) پەیوەنـدی هـەبوو بـە ئاسایشـی سـنورەکان و کـۆنترۆڵی کوردەکـان. هەڵوێسـتی تورکیـا لەبەرامبـەر هاوپـەیمانانی یەکدەسـت نـەبوو. لـە مـاوەی شۆڕشی شـێخ سـەعیددا فەرەنسـە رێگـەی بـە تورکیادا بۆ راگواستنی سـەربازەکانی کـەڵك لـە رێگـەی ئاسـنی بەغـدا وەربگـرێ کـە لـە سـوریا تێدەپەڕێ.ئەو کارە یارمەتێکی زۆری بە تورکیا کـرد لـە سـەرکوتکردنی شۆڕشـی کوردەکـان. دوای هەرەسـهێنانی شۆڕشـی شـێخ سـەعید، کوردەکـان ئومێـدەکانیان لـە دەسـتنەدا و درێژەیان بەو شۆڕشەدە. بزوتنەوەیەکی دیکە لە سـاڵی ١٩٢٩دا لـە لایـەن "ئێحسـان نـوری پاشا"وە(ئەفسەری پێشوی سوپای عوسمانی) سەریهەڵدا. ئەو بزوتنەوەیە لە لایەن هەندێك لـە رۆشنبیرانی کورد کە بزاڤێکی نۆێیـان بـە نـاوی "خـۆ بـوون"لـە لوبنـان و سـوریا دامەزرانـدبوو پشتیوانی لێکرا. ئێران کـە لەگـەڵ تورکیـا بـە هۆی سنورەکانییەوە کێشەیان هەبوو لەو هەڵـە کەڵکی وەرگرت بـۆ ئـەوەی تورکیـا بخاتـە ژێـر گوشارەوە. هـەر بـۆ ئـەو مەبەسـتە رێگـەی بـە بزوتنەوەی "خۆبوون"دا بـۆ ئـەوەی کـە خـاکی کوردستانی ئێران و ئازەربایجان بـۆ تێرکردنـی پێداویسـتییەکانیان کـەڵك وەربگـرن. تورکیـا سـەبارەت بـە کـەڵك وەرگـرتنی کوردەکـان لـە خـاکی ئێـران نارەزایـەیتی خـۆی بـە حکومـەتی ئێران راگەیاندو داوای کـرد لەبەرامبـەر هەنـدێك دەسکەوتدا رێگە بە سوپای تورکیا بـدات بچنـە ناو ئێران و دەورتادەوری کوردەکان بگـرێ. لـە ئەنجامـدا هێزەکـانی ئیحسـان نـوری پاشـا کـە ناوچـەیەکی زۆریشـیان ئـازاد کردبـوو، دوای ئەوەی پێداویستیە سـەرەکییەکانیان لێـبڕا لـە هاوینی ١٩٣٠دا شکستیان هێنا.

لـە ٢٣ی کـانونی دووەمـی ١٩٣٢دا، ئێـران و تورکیا گەیشتنە رێکەوتنێك. تورکیا ناوچـەکانی دەوروبەری شـاخی ئـاراراتی کـە شـۆڕش لـەوێ

سەری هەڵدابوو خستە ژێر دەست بۆ ئەوەی شۆڕشێکی دیکە سەرهەڵنەدا. لەبەرامبەریشدا ئێران هەندێك ناوچەی نێوان شارەکانی وان تا ورمێی وەرگرت. کێشەی کورد توانای لە تورکیا بڕی بۆ ئەوەی لەبەرامبەر ئێران و بەریتانیا راوەستێ و باس لە شاری موسڵ بکات و ئالوگۆری لە ناوچەکانی باشوری رۆژهەڵاتی خۆی وەدی بێنێ. تورکیا لە بارودۆخێکی ئاوادا سەرکوتکردنی کوردەکانی زیاتر کرد. دوای شکستی ئێحسان نوری پاشا تورکیا دەستی کرد بە راگواستنی گوندنشینەکانی کورد و رێبەرانی مەزهەبی و عەشیرەتی وەدەرنا. ئەو سەرکوتکردنە بووە هۆی کوژرانی هەزاران مەدەنی کورد. تورکیا یاسایەکی دەرکرد کە بە پێی ئەو یاسایە هەر کەسێك لەو شۆرشەدا کوردێك بکوژێ، کردەوەکەی وەکو تاوان سەیر ناکرێ. ئامانجی ئەو یاسایە تایبەتی بۆ کەسانی مەدەنی بوو، چونکە لە هاوینی ساڵی ١٩٣٠ شۆڕشەکە شکستی هێنابوو وهێزەکانیان یا کوژران و یان پەنایان بردبووە بەر وڵاتانی دراوسێ. تورکیا بەبێ ئەوەی بخرێتە ژێر گوشار و یان لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە نارەزایەتی لەهەمبەر کارەکانی نیشان بدرێ درێژەی بە تاوانانەکانی دەدا. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چاوپۆشی لە سەرکوتکردنی کوردەکان لەلایەن تورکیاوە دەکرد. وڵاتانی دراوسێش کە کەڵکیان لە کێشەی کورد وەردەگرت و چاوەروانی وەرگرتنی سودی دیکە بوون بێدەنگ بوون. راگەیاندنی رۆژئاوا سرنجێکی کەمی دەدایە ئەو سەرکوتکردنە و قەسابخانەیە و تا ئەو جێیەی لە بیرم بێت جگە لە "سۆسیالیزمی نێودەوڵەتی" هیچ دەسەڵاتێکی رۆژئاوایی یان حکومەتێك نارەزایەتێکی نیشان نەدا .

"نێودەولەتی دووەم" بریارنامەیەکی لە ٣٠ ئابی ١٩٣٠دەرکرد. "دەسەڵاتی بەرێوە بردن (I.O.S)سرنجی تێکرای جیهانیان بۆ ئەو کوشتارانەی کە لە لایەن حکومەتی تورکیاوە کراوە رادەکێشێ. کۆمەڵەی ئاشتیخۆازی کورد کە بەشداریان لە شۆڕشەکە نەکردبوو وەکو ئەرمەنییەکان لە ناوچوون. رادەی سەرکوتکردنی کوردەکان لە دەرەوەی چوارچێوەی سیاسەت بووە هۆی ئەوەی بزوتنەوەی ئەوان بۆ ئازادی زیاتر پەرە بستێنێ. تا ئێستا بیروڕای گشتی سەرمایەداری بە هیچ شێوازێك دژی ئەو درەندەگییە خوێناویە هەڵوێستی نەگرتووە".

سرنج نەدانی کۆمەڵەکان و رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی بەو سەرکوتکردنە بووە هۆی ئەوەی بەرپرسانی تورك زیاتر بە کارەکانیان دڵخۆش بن ودرێژە بە سەرکوتکردن بدەن. ئەوان رایانگەیاند " هەر کەس (ژن یان پیاو)خۆی نەکاتە تورك دەبێ وەکو کۆیلە بژی". دوابەدوای سیاسەتە کەمالیستیەکەی تورکیا لەبەرامبەر کوردەکان "محەممەد ئەسەد بوژارت" وەزیری دادی ئەو کاتی تورکیا لە ساڵی١٩٣٠دا رایگەیاند"**تورکیا ئازادترین وڵاتی جیهانە و تەنیا تورکەکان لیاقەتی سەروەری و**

**ئاغایەتییان هەیە و هەرکەسێکیش لە نەژادی تورك نەبێت ،ئەوە غولام کۆیلە بەژمار دێت."**

ئەو روانگەیە تێکەڵاو بوو لەگەڵ سەرکوتکردنی فیزیکی و بووە هۆی سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی دیکە لە ساڵی ١٩٣٥دا. لەو ساڵەدا "شێخ سەید رەزا " بزوتنەوەیەکی دیکەی لە ناوچەی دەرسیم خستە رێ. ئەو شۆڕشە تا کۆتایی ساڵی ١٩٣٧ درێژەی هەبوو، بەڵام هەر وەکو شۆڕشەکانی دیکە نەگەیشتە ئامانج. حکومەتی تورکیا بێ بەزەییترین شێوازی لە خۆی نیشاندا. تێکرای گوندەکانی ناوچەی دەرسیم چۆل کرا و یان دانیشتوانەکەی کوژران. ووشەی کورد و کوردستان قەدەغە کرا و لە بڵاوکراوەکان و مێژووی تورکیا لادرا.حکومەت مێژوویەکی نوێی بۆ کوردەکان دروست کرد و ناوی ئەوانی نا "تورکی کێوی".

لە راستیدا سەرکوتکردنی کوردەکان لە لایەن تورکیاوە کاریگەری باشی هەبوو و بەرگری لە سەرهەڵدانی شۆڕشی دیکە کرد. بەڵام دەرئەنجامی ئەو شۆڕشانە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەجێ ما.

لە ٨ی تەموزی ١٩٣٧دا تورکیا رێککەوتننامەیەکی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ مۆر کرد کە ئامانجەکەی تا رادەیەك کۆنترۆڵی بزوتنەوەی کوردی بوو. رێککەوتننامەی "سەعد ئاباد" کە بە هاندانی بەریتانیایەکان و بەمەبەستی کۆنترۆڵ کردن و رێگە گرتن لە رەخنە ئەوان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوراستدا لە ساڵی ١٩٣٧ دا لە نێوان وڵاتانی ئێران ، عێراق، ئەفغانستان و تورکیادا بەسترا. سەرەڕای ئەوە ئەم رێککەوتننامەیە، رێککەوتننامەیەکی دور لە شەڕ و هێرش بوو بۆ دەست بەسەر داگرتنی بزوتنەوەیەکی کوردەکان لەو وڵاتانە. ئەو رێککەوتننامەیە کەلەسەر ئەو بنەمایەی کە هیچ لایەنێك نابێ دەست لە کاروباری وڵاتی دیکە وەربدات بە راشکاوی کوردەکانی کردبۆ ئامانج و لە کاتێکدا مۆر کرا کە شەڕی چریکی لە ناوچەی درسیم درێژەی هەبوو. مێژووی کورد لە تورکیا لەدوای شۆڕشەکەی درسیم چووە ناو تاریکترین قۆناغی خۆی و تا ساڵەکانی ١٩٥٠ درێژەی هەبوو. سەرەرای ئەوەش شۆڕشی درسیم کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا دانا.

ئەو کردەوانەو هەڕەشانەی لە دژی خەڵکی مەدەنی و بێ چەك دەکردرێ، چالاکی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ



ماوەی ٣٠ ساڵ کوژاندەوە. زیاتر لە ١ ملیۆن کەس لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٥ و ١٩٣٧ بە زۆر راگواستران. نمونەیان ئاغاکان و شێخەکان بوون کە پاڵپشت و پشتیوانی کوردەکان بوون. گەنجانیان بانگهێشتی سەربازی دەکرد بۆ ئەوەی بە دژی خواستی ئەوان بیانخەنە ژێر گوشار و سیاسەتی تێکەڵاو. لە راستیدا وا پێی دەچوو کوردەکان ئەو سیاسەتە تێکەڵاوەیان وەکوو شتێك کە ناتوانی لەبەری هەڵێی پەسەند کردبوو. ژیان بۆ کوردەکان لە یەکەم هەڵبژاردنی ئازاددا لە ساڵی ١٩٥٠ تا رادەیەك ئاسودەتر بوو.

ئەوان زیاتر دەنگیان دابە پارتی دیموکرات و لە دوای گەڕانەوەی شیخەکان و ئاغاکان پاداشیان درایە، ئاغاکان و شیخەکان گرنگییەکی تازەیان پەیدا کرد چونکە ئەوان دەیانتوانی دەنگەکانیان پیشکەشی حکومەت بکەن و لەلای کوردەکانیش رێزیان هەبێت. کوردەکان گەیشتنە پلەی نوێنەری پەرلەمان و وەزارەتەکان. قوتابخانەکان و شەقامەکان و نەخوشخانەکان بەرەو چاکسازی رویشتن، فەلسەفەیەکی نوێ کەلە رێگەی ئەوسەرمایەدارانەی کە تازە پێی گەیشتبون پیشتیوانی لێ دەکرێ کە زۆربەیان لە بنەماڵەی رێبەرانی سونەتی بوون بە "چەپگەرا"ش (doguculuk) ناویان لێ دەبردن. ئەوان لایەنگرییان لە پەرەسەندنی ئابوری لە بیرکراوی رۆژهەڵاتی تورکیا دەکرد، ئەو باردۆخە دەگەڕاوە بۆ ئەوچالاکیانەی کە کوردەکان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەنجامیان دەدا و بۆنمونە رێکخستنی رادیۆ بۆ کوردەکانی حکومەتی ئەوکاتی عێراق کە کاریگەری هەبوو لەسەر رۆژهەڵاتی تورکیا. بەڵام لایەنگرانی رۆژهەڵات کاروباری تورکیایان بەرێوەدبرد بەبێ ئەوەی باس لە کوردستان بکەن. لەهەمانکاتدا چەند کوسپێك لەبەردم پارتی لیبراڵ دیموکراتیدا هەبوو. دوای کودتای سەربازی لە ساڵی ١٩٦٠ دا لەبەرامبەر هەوڵەکانی سەرۆك وەزیرانی "مندرس""Menderes" بو سەرکوتکردنی ئەپۆزسیونی پەرلەمانی و داڕشتنی یاسای گشتی لە ساڵی ١٩٦١، بارودۆخی کوردەکان باشتر بوو. بەرلەوەی بە هەزاران کەس کە زۆربەیان نەیارانی حکومەت بوون لەلایەن سوپای تورکییەوە دورخرابونەوە. پارتێکی نهێنی بە ناوی حزبی دیموکراتی کوردستان (KDPT) لەساڵی ١٩٦٥ دا دامەزراو کاردانەوەی بزوتنەوی ناسیونالیزمی بارزانی بوو، لە کوردستانی عێراق و بە ئاراستەیەك دەرویشتن. روانگەی لایەنگران و هەوادارانی ئەو حیزبە هەروەکو بزوتنەی بارزانی سونەتی بوو و بە پیچەوانەی چەپگەراکان کە باوەڕیان بە مافی یەکسانی هەبوو لە چوارچێوەی دەوڵەتدا. KDPT بە راشکاوی خوازیاری جیابوونە بوو. هەندێك لە چەپگەراکانی تورك بە پێچەوانەی رژێم کە دەیویست کێشەکە بشارێتەوە، دەیان خستە روو. پارتی کرێکارانی تورکیا پێشوازی لە رۆشنبیرانی کورد کرد، کێشەی کوردەکانی

پەسەند کرد و لق گەلێکی لە کوردستان دامەزراند. کوردەکان وەکو تورکەکان تا ئەوکاتەی کە خۆیان بە تورك زانیبا دەیانتوانی بەشداری لە ژیانی سیاسیدا بکەن. ژمارەیەك لە نوێنەرانی رۆژهەلات کورد بوون، بەلام ئەوان دەبوایە زۆر بە لەسەرەخۆیی بەرەوپێشەوە رۆیشتبان و سەر بە پارتە تورکەکان بان.

لە نیسانی١٩٧٩ دا وەزیری کاروباری گشتی (لە حکومەتی ئەجویت) و ئەندامی کۆنی شاری ماردین بەراشکاوی رایگەیاند"لە تورکیا کورد هەیە و منیش کوردم" ئەو لەلایەن دادگاوە بە تاوانبار ناساندراوە، بە تاوانی پروپاگەندە بۆ تێکدانی هەستی نەتەوەییە ٢ سالٌ بەندکران لەگەلٌ کاری سەخت لە بەندیخانە مەحکووم کرا. لەگەلٌ زیاد بوونی گروپەکانی کوردی و چەپ کە وردە وردە ئاشکرا دەبوون و فەزایەکی زیاتریان داگیردەکرد، حکومەتیش بو بێدەنگ کردنی چالاکیە کولتووری و سیاسیەکان کە لەگەلٌیان نەدەگونجا هەولٌی زیاتری دەدا. بلاوبونەوەی زۆری رۆژنامەکان بەدوو زمانی کوردی / تورکی کە لە سالانی ١٩٦٠ دا بلاودەکراوە بە ئەمری حکومەتی"سولەیمان دمێریل" لە کانوونی دووەمی ١٩٦٧ دا قەدەغە کراو بەرپرسانی دەستگیر بوون. لە ئابی ١٩٦٧ دا زیاتر لە ١٠ هەزار کەس لە سیلوان و ٥ هەزار کەس لە دیاربەکر کۆبونەوە کە یەکەم کۆبونەوەی دەربرینی توأەیی کوردەکان بوو لە ماوە ٣٠ سالدا. ئەو کردەوەیە حکومەتی لەسەرکوتەکانی بەتایبەت لە ناوچەکانی باتمان و سیلوان کە سەرچاوەکانی نەوتی لێ بو زیاتر بێ رەحم کرد. لەوماوەیەدا پارتی کرێکارانی تورکیا بە رەسمی هەلویستی خۆی لەبەرامبەر کێشەی کوردەکان لە سالٌی ١٩٧٠ نیشان دا، بوو بە یەکەمین پارتی یاسایی کە کێشەی کوردی بە رەسمی ناسی. دان پێدانانی کوردەکان (ئەگەرچی لە ئاستی خود موختاری زیاتر تێپەڕ نەبوو) بوو بە هۆی ئەوەی ئەو پارتە قەدەغە بکرێت.

### سەرکوتکردنی سەربازی
### لە سالانی ١٩٧٠ تا ١٩٨٠

هێزەکانی سەربازی حکومەتی "دمیرل"یان لە مانگی ١٩٧١ روخاند. هەزاران کەس لە سەرانسەری ئەو ولاتە بە تایبەتی لە ناوچەکانی رۆژهەلات بە تاوانی رێکخستنی بزوتنەوەی کوردی دەستگیرکران. کوشتن و ئەشکەنجە رووی لە زیاد بوون کرد. زۆرکەس بە تاوانی ئەندامەیتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یان(DDKO) کە پێشتر قەدەغە کرا بوو، دەستگیر کران. سەرکوتکردنی کوردەکان لە سالانی ١٩٧٠ دا بە شێوەیەکی بەربلاو درێژەی هەبوو. ئەو بارودۆخە لەگەلٌ ڕاگەیاندنی حکومەتی سەربازی (١٩٧٩) لە پارێزگا کوردنشینەکان و دەست پێ کردنی کردەوەی سەرکوتکەرانە دا کۆتایی پێهات. لە سالەکانی دوایی دا گروپگەی سیسای کە لەناو شارەکاندا دزەیان کردبوو زیاتر لەو گروپانەی کەلەناو گوندەکاندا کاریان دەکرد سەرکوت کران،

لەئەیلوی ١٩٧٩ دا رۆژنامەی حوریەت رایگەیاند کە ٥ هەزار کەس لە کوردەکانی تورکیا لەگەڵ کوردەکانی ئێران بەمەبەستی شەڕکردن ریککەوتوون. ئەگەرچی حکومەت بەڕاشکاوی ئەو راپۆرتانەی رەتکردەوە، بەڵام بوو بەهۆی ئەوەی سوپای تورک بۆ ناوچەکانی سەر سنوور بەڕێ نەکرێ کە بە راشکاوی بۆ سەرکوتی کوردەکانی ئێران دانرابوو. بە پێچەوانەی حکومەتی ئێران و عێراق کە کوردەکانیان وەکو دوو کۆمەڵی لێك جیا دەزانی (ئەگەرچی ئەو دانپێدانانە نەبووە هۆی ئەوەی مافەکانیان رەچاو بکرێت) حکومەتی تورکیا رێگەی هەرچەشنە تیکەڵاوی یان پشتیوانێکی بە کوردەکانی خۆی و کوردەکانی وڵاتانی دراوسێ نەدەدا، چونکە ئەوکارە دەبووە هۆی هۆشیاری زیاتری کوردەکانی خۆی.

لە ئەیلوی ١٩٨٠ دا گروپێك لە ژەنراڵەکان وەکو ساڵانی ١٩٧١ و ١٩٦٠ کودتایەکی دیکەیان وەرێ خست. ئەوان ئاشکرایان کرد کە لەگەڵ هەرچەشنە رونکردنەوەیەکی شوناسی کوردی دژن.

یەکەم وتاری ژەنراڵ "ئێورەن" رێبەری کودەتا و سەرۆك وەزیران "ئولساس" لە باری کوردستان بوو. لە کۆڕوکۆبوونەوە ئاکادیمیەکان و بابەتی رۆژنامەکاندا باس لەوە دەکرێ، کوردەکان تورکن و سەربە عەشیرەتەکانی تورکی ئاسیای ناوەندن کە خەڵکی تورك لەوان جیا بونەتەوە.

قەدەغە کردنی زمانی کوردی توندتر بوو. گوندەکان و ماڵەکان ببو بە ئامانجی هێرشەکانی سوپای تورك و بەدەیان هەزار کەس بە تایبەتی ئەو کوردانەی کە تێکۆشەرانی بواری چەپگەرا بوون دەستگیر و لە ژێر ئەشکەنجەدا لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکردرێ. پێکدادان لە نێوان سوپاو گروپەکانی بچوکی pkk بە تایبەتی لە ناوچەی ماردین هاتە ئاراوە. لە دادگایەکیان کە بۆ ئەندامانی pkk ریکخرابوو، حکومەت داوای لەسێدارەدانی بۆ ٦٠٠ ئەندامی ئەو گروپە کرد. چەکدار کردنی هەندێك لە کەس لە ناو کوردەکاندا لە لایەن حکومەتەوە بە دژی بزوتنەوەی کوردان، نیشانی دەدا کە حکومەت بۆ سەرکوتکردنی کورد پشتی بە هەندێك لە ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردی بەستووە.

میلیتاریزە کردنی ناوچەکانی رۆژهەڵات و باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا کە لە ساڵانی ١٩٧٠دا بە شێوەیەکی کەمتر ببو، ئەمجارە زیاتر بوو. دوو سوپا لە چوار سوپای تورك بەبەردەوامی لە ناوچەکانی باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا دابوون.

هەرچەندە هۆکارە رواڵەتیەکانی ئەو سەنترالیزمە لە ناوچەی سنوری ئەفغانستان، ئێران و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بوو، بەڵام ئەم دەرفەتە بۆ تورکیا دەرەخسێنێت کە کورد لە ژێر چەتری بەرژەوەندییە ستراتیژیەکانی رۆژئاوا بە وردی کۆنترۆڵ بکات.

سەرچاوە: هەفتەنامەی رۆژهەڵات

ئەدەب و هونەر

# خوێندەواریی بینین و پەیوەندیی دیداری



نوسین و ئامادەکردنی: سۆران قوربانی

چەند کەس دەبینن؟ ئەو پرسیارە کورتە دەتوانێ چەمکی جۆراوجۆر لەخۆ بگرێت. لەبەر ئەوەی کە دیتن ماناگەلی وەك دەرك کردن، سەیرکردن، بینین ئاشکراکردن، دیاری کردن، گریمان کردن، تاقی کردنەوە، خوێندنەوە، رامان و ... هەیە.

هەریەك لەو کردەوانە باس لە چەمکێك دەکەن، لە دیاری کردنی شتی سادەوە بگرە تا کەلك وەرگرتن لە هێما و رەمز و سومبل یا زمان بە مەبەستی چەمك وێژی، و لە بیرکردنەوە لە سەر بنەمای استقراوە بگرە تا بیرکردنەوە لە سەربنەمای قیاس.(١)

یەکەم جار منالێك لە رێگەی هەستی لەمس کردنەوە شت فێر دەبێت و دواتر هەستی بۆن کردن و چێژیش دێنە یارمەتی و لەو رێگایانەشەوە ئەزموون کۆ دەکاتەوە و شت فێر دەبێت. ورده ورده هەستی بینایی و دەرکی وێنەش خۆدەردەخەن و ماوەیەك دواتر ئەم هەستە لە پلەی یەکەم دایە بۆ فێر بوون. هەستی بینایی ئەو هەستەیە کە توانایی جیاکاری و دەرکی ئەو شت و رووداوانەی دەوروبەر دەبەخشێت. بەم پێیە "پیاژە" قۆناغەکانی گەشەی زەین ئاوا دابەش دەکات:

١) هەستی و جولەیی ٢) پێش کردەوەیی ٣) کردەوەی زەینی ٤) کردەوەی بینین (ئەو کردەوەی لە رێگەی بینین هەست دەکرێت و تۆمار دەبێت)

**بینین وەك حاڵەتێکی فیزیۆلۆژیکی:**

"ئیسحاق نیوتۆن" لە سەدەی ١٧ی زایین دا توانی بە دابەش کردنی تیشکی سپی رەنگەکانی طیف وەدەست بێنێت. ئەو ئاشکرای (کشف) کرد کە نووری سپی هەڵگری چەندین تیشکە کە هەرکات ئەو تیشکانە بە جیا بە شەبەکیەی چاوی مرۆڤ بکەون هەستی رەنگی جیاواز دروست دەکات و بە تێکەڵ بوونی ئەم تیشکانە (شەپۆلەکانی نور) بە سەر شەبەکیەی چاو، رەنگی سپی هەست دەکرێت.

بەم پێیە ئەو شتەی کە ئێمە لە رێگەی چاوەوە لە رەنگی شت وەریدەگرین لە راستیدا نورێکە (گزینگێکە) کە لە رووبەری شتەکان دا خۆ دەنوێنێت و لە بنەڕەت دا دیتن، تەنیا لە دۆخێك دا مومکین دەبێت کە نور هەبێت و ئەگەر شوێنێك نور و روناکی نەبێت دیتن مومکین نابێت. هەر بۆیە رەنگ تاکو تۆختر بێت روناکێکی کەمتر دەردەکەوێت و بە پێچەوانەشەوە.

یەکێك لەو بەشانەی کە دەوری گرینگی لە دەرکی رەنگ دا هەیە پێکهاتەی شەبەکیەی چاوی مرۆڤە. گرینگترین بافتی شەبەکیە بریتین لە مخروطی پیوازی و میلەی لولەیی. مخروطەکان کە تەنیا لە رۆژدا کار دەکەن، ئەو ئیمکانەمان بۆ دەرەخسێنن کە رەنگی بێفام (سپی، رەش، خۆڵەمێشی) و فام دار (سور، زەرد، شین) ببینین. میلە لولەییەکان زیاتر لە دۆخی کەم روناکاییدا کار دەکەن و تەنیا بینینی رەنگی بێفام دەرەخسێنن.

بەم پێیە وەرگری مخروطی دەبنە هۆی بینایی و بینین.

لە بەر ئەوەی کە ئەگەر باسی بابەتی رەنگ بۆ کەسێك بکەین کە زگماك نابینا بووە هیچ بۆی مانادار نیە و لە بنەڕەت دا روناکیە، کە رەنگ و بینین دروست دەکات.

بە هەر حاڵ هەستی بینایی و هێزی دەرەکی بینین دەتوانرێ هەم لە کاتی سەیر کردنی سادە بۆ دیاردەکان بە کەلك بێت و هەم لە کاتێك کە مەبەستمان لە پەروەردەکردنی ئەو هەستە لە ئاستی کەرەستەیەکی بێ وێنە و بێ رەقیب لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان بێت.

پەیامگەلێك کە لە بارودۆخی جیاواز لە بەر چاومان تێپەڕ دەبن دەکرێ ببنە دو بەش، یەکیان پەیامی بە هەڵکەوت و ئەوی‌تر پەیامی بە ئەنقەست. پەیامی بینینی بە هەڵکەوت وەك هەورێکە کە لە ئاسمان دا دەڕوات، بێ ئەوەی مەبەستی بێت ئێمە لە هاتنی باران ئاگادار دەکات.

بە پێچەوانەشەوە، پەیامی بینینی بە ئەنقەست ئەو تۆپەڵە خڕانەی دوکەڵە کە کاتی خۆی سورپێستەکان بە مەبەستی پێوەندی لە نێوان خۆیاندا بە کاریان دەهێنا و لە رێگەی رەمزی تایبەت، زانیاری زۆر تەواویان دەگەیاندە یەکتر.(٢)

پەیام و پەیوەندی، کاتێك کە بە شێوەی هەڵکەوت رودەدات، دەتوانرێ لە لایەن وەرگرەکەی، چ وەك پەیامی زانستی و چ وەك پەیامی جوانی ناسانە یان هەرشتێکی‌تر، راڤە بکرێت لە حاڵێك دا کە پەیامی بینینی بە ئەنقەست، دەبێ بەو شێوەیە وەربگیرێت کە گشت مەبەستی نێرەرەکەی (ئەو کەسەی دەینێرێ) بگەیەنێت و پەنگی بداتەوە.

کالێب کاتانگۆ (Caleb Kattegno)، لە کتێبێك بە ناوی "در راه فرهنگ بصری" (لە رێگەی کولتوری بینین) سەبارەت بە ناوەرۆکی هەستی بینین دەنوسێت: "هەرچەند هەمومان ئاسان و ئاسایی دەبینین بەڵام کولتور و شارستانیەتی تایبەت بە دیتن و وێنە هێشتا بوونی نیە. کردەوەی دیتن بە خێرایی رودەدات و هەموشتێك بە شێوەیەکی گشتی لە بەر چاو تێدەپەڕێت هەم ئانالیتیك یان شی کەرەوەیە و هاوکاتیش سەنتتیك یان تێکەڵ کراوە. هەستی بینایی لە کاتی ئیش کردن پێویستی بە وزەیەکی زۆر کەم هەیە و تا حەدێك بە سورعەتی نوور و روناکی کاردەکات، و هاوکات هەلی وەرگرتن و تۆمار کردنی هەواڵگەلێکی زۆر لە چرکەساتێك و کەمتر لە چرکەیەك دا دەرەخسێنێت.

**خوێندەواری بینین:**

زمان کەرەستەی پەیوەندیە و کەلك وەرگرتن لە زمان بۆ مرۆڤ ئاساییە. زمان لە سەرەتادا تەنیا بیستراوە و وردەوردە خوێندەواری، کە بریتیە لە توانایی خوێندنەوە و نوسین، گەشەی کردوە. دروست کردنی کەرەستەی سادە یان بەرهەمی پیشەسازی دەستی، دروست کردنی نیشانە یان سومبل و هێما و دواتر وێنەکێشان و شێوەکاری، دەبێ لە جەریانێکی گەشەستێنی وەك گەشەی زمان دا دابنرێت و بهاویشترێت لە ماوەی ئەو

جەریانـەدا و بێتـە خزمـەتی بـەهرەی مـرۆڤ. لێرەدا دەمانهـەوێت باسـی خوێنـدەواری بینین بكـەین هـەر ئـەو خویندەواریـەی كـە رۆژگارێـك دەربــارەیهێڵی نوســین باســی كــراوە، خوێندەواری بینین لە رێگەی تۆخمەكانی وێنە.

**پێناسـی خوێنـدەواری دیـتن:** یـانی توانـایی بەرهەم هێنان و دەرك و زانینی وێنە.

تۆمـار كردنـی ژینگـە بـە هـۆی كـامێرای فۆتۆگراف بە تەنیا ناتوانێ دركاندنێكی هونەری هـەبێت. بـۆ ئـەوەی بتـوانرێ هێـزی شـاراوە و سەرسورهێنەری دەستگای وێنەگرتن بە تەواوی دەركـەوێت، دەبـێ شـارەزاییەك سـەبارەت بـە دروست كردنی وێنە و بەرهـەمهێنانی وێنـە یـان بە واتایەكیتر خوێندەواری بینین و قەواعیدی بینین هەبێت.

داهێنـانی كـامێرای فۆتـۆگراف بـۆ گەشـەی خوێنـدەواری بیـنین ئـەو گرینگیـەی هەیـە كـە كتێبی چاپكراو بـۆ خوێنـدەواری زمانی هەیـە. "لە مـاوەی سـەدەی سێزدە تـاوەكو شـازدەی زایینی شـوێنی وشـەكان لـە بـواری رێزمانیـەوە گرینگی زیاتری لە خودی وشـەكان بـە تـەنیایی پەیـدا كـرد. لـە دروسـت بـوون و شـكڵ بەنـدی وشەكانیش ئەو داشكان و لایەنە بەرچاوكەوت. لــە دوای داهێنــانی چــاپ ئــەو دوو لایەنــە خێراییـیان لە زۆربونـدا بـوو و لایـەنی نوسـین و بینینـی پێكهاتـەی وشـەكان لـە لایـەنی بیسـتن گرینگ تر بوو"(٣).

كەسێك كە بەشە سـەرەتاییەكانی زمـانی نوسـراو واتـە پیتـەكان، وشـەكان، شـێوازی ئیملایی و رێزمان فێربێـت لـە بـواری زمـانی بـە خوێندەوار دێتە ئـەژمار و دەزانـین كەسـێك كـە بواری زمان بگاتە پلـەی مامۆسـتایی دەتوانێت لـە ئیمكانـاتی بێكۆتـایی زمـان بـە مەبەسـتی دركانی بـیر و هەسـتی خـۆی كـەڵك وەرگرێـت و كاتێـك ئـەم تواناییـە لـە دەسـتەڵاتی تـەواوی كەسـێك دابێـت دەتوانـێ لـە دروسـت كردنـی پەیوەندی و كەلك وەرگـرتن لـە كـەلام داهێنـان بكات و ببێتە خاوەن شێواز.

پێكهاتــەی ســادە و ســەرەتایی وشــەكان سەرچـاوەی رێكخسـتنی پێكهاتــەی زمانــە. "خوێنـدەواری بـەو مانایـەیە كـە گروپێـك لـە پەیامەكان بۆ گروپێك لـە خـەڵك خـاوەن مانـای هاوبەشـن"(٤) خوێنـدەواری بینینـیش كـەم تـا كورتێك هەر بەو مانایەیە. چۆن قسەبێژێك بـە لە بەرچاوگرتنی رێزمان، ئازادی خۆی لە جۆری دەربڕین لە خشتەبراو نازانێت، شـێوەكارێكیش (تصویرگر) بە زانین و بە كارهێنانی ئـەلفابێتای بنەماكانی تایبەت بە دەربڕینی دیداری، تووشی چوارچێوە و بەرتەسـكی نابێت و دەتوانـێ بـە ئازادییەكی هەرچـی تـەواوتر ئەسـپی خـۆی لـە مەیدانی وێنەدا لینگ بدات.

"شێوەی زمـانی وێنـە لـەخۆگری گشـت ئـەو پەیامانەیـە كـە هـەركامیان كـەلكی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە و لـە شـوێنی خـۆی بـەكاردێت. مەبەســت لــە فێربــوونی ئــەم شــێوەیە، رەخسـاندنی توانـایی بەرهـەم هێنـان و دەركـی ئەم جۆرە پەیامانەیە لـە ئاسـتی جۆراوجـۆردا، تـاڕادەی پەیامگـەلی مـەزنی هونەرمەندانـە كـە

دەربڕ و وێژەری حالات و هەستی دەرونی و مەعنەوین"(٥)

هەمووی ئەو پەیامانە وەك ئەلفابێتای زمانن و تکنیکی بەکارهێنانیان وەك رێزمانە. جا هەموی ئەو پەیامانە پێویستیان بە تاقی کردنەوە، پێناسە، تەمرین، رامان و رێنوێنی بەکارهێنان هەیە و بە بوونی ئەمانەوە دەکرێ پەیوەندی وێنە و بەرهەمێکی وێنەیی بکرێتە مەبەست.

هەمووی ئەو پەیامە دیداریانە رەگەز و توخمن لە هونەرە دیداری و تەشکیلیەکاندا، لە شێوەکاری دەست پێدەکات کە مێژووی هەزاران ساڵەی هەیە و بە سینەما و گرافیك ئیدامە دەدرێت.

شێوەکاری، فۆتۆگرافی (عکاسی)، بیناسازی و تەلارسازی، تەلەفزیۆن، گرافیك و سینەما کەلکیان لە توخمەکانی بینین وەرگرتوە و لە نیهایەت دا ئەو شێوازی تێکەڵ کردن و تێکەڵکێشانی ئەو توخمانەیە کە لەگەڵ تەکنیکی کار و کومپوزسیۆن شان بەشانی یەکتر مەبەست و مانا دەگەیەنن، و ئەو شێوازی بەکارهێنانی رەگەزانەیە کە سەرکەوتویی یا بن کەوتویی بەرهەمێکی هونەری دیاری دەکات.

بە دروست بوونی پیت بۆ پیشەساری چاپ ، خوێندەواری خوێندنەوە و نوسین بوو بە شتێکی گشتی.

داهێنانی (اختراع) ی کامێرای فۆتۆگراف و کەلك وەرگرتنی رۆژانە لە کەرەستەی هاوچەشنی وەك کامێرای وێنەگرتن (تصویربرداری) و بەکارهێنانی لە تلویزیون و سینەما لە سەردەمی ئێستادا رێگە خۆشکەرە بۆ زەرورەتی فێربوونی خوێندەواری بینین.

داڕشتن و بەرهەمهێنانی بەرهەمی تلویزیونی ، سینەمایی و بابەتی لەم چەشنە لە راستیدا درێژەدەر و بەرهەمی گەشەی شێوەکاریە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان، بەم جیاوازیە کە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان شێوەکاری و وێنەکێشان و بەرهەم هێنان بە بەشێك لە توانایی سروشتی هەمووی خەڵك دەهاتە ئەژمار، بەڵام هەنووکە زۆرینەی خەڵك هیچ جۆرە دەورێکی کاریگەریان لەم بوارەدا نیە و ئەو ئەرکە لەئەستۆی گروپێکی پسپۆرە.

ئەو وێنانەی کە مرۆڤی سەرەتایی بۆ گەیاندنی پەیام و دەربڕینی مەبەست و هەستی خۆی دەیکێشانەوە لە نمونە سەرەتاییەکانی تۆمارکردنی بینینن. بە واتایەك یەکەمین هێڵن و بابەگەورەی نوسینی ئەمڕۆیین، و دەقی چاپکراوی ئەمڕۆ کە لەواندا، چەمکەکان، لە رێگەی هێڵی نوسینەوە بەیان دەکرێن، حاڵەتی گەشەسەندوی ئەو وێنانەن کە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر و ئاسان کردنەوەی تێگەیشتن لە مەسەلەکان بۆ کەسی بەرامبەر (مخاطب) یا بۆ سادەتر کردنەوەی چەمکەکان و دەسپێکی پەیوەندی مرۆڤ کێشراونەتەوە.

وێنە سەرەتا – وەك وشە بۆ گەیاندنی پەیامی پێویست و رۆژانە بە کاردەهات. بۆ وێنە، گریمان کردنی رۆژ بە کێشانەوەی وێنەی "خۆر" و گریمان کردنی رێگا رۆیشتن بە

کێشانەوەی وێنەی "پێ" ئەنجام دەدرا و مومکین دەبوو.

لە مەر ئەوەیکە بۆچی بە هەبوونی گۆڕانی وێنە بۆ هێڵی نوسین ، وێنە بەردەوام مایەوە و ڕێگەیەکی دورودرێژی بڕی و تا ئەو ڕادەیەی کە بوو بە گرینگترینی هونەرەکان و بە هێزترینیان، جێگەی باسە و دەکرێ بە کورتی بوترێ کە:

"مرۆڤ لە سەرەتای نوسین و دەسپێکی هۆنینەوە لە حاڵێك دا کە کەلکی لە هێماگەلێك وەرگرت کە بە پێی قەراردادی لە پێشتر قبول کراو دەبوە هۆی بەدی هاتنی وێنەیەك لە مێشکی بەرامبەردا، بەڵام گەیشتە ئەم خاڵە کە سنووری دەرکی وتە و نوسراوە زۆر بەرتەسکترە لە هی وێنە، و لە سنورێکی جوگرافیایی تایبەت کە بەو زمانە دەئاخڤن، خول لێدەدات. بۆ وێنە لە سەر بنەمای ڕێکەوتنێك کە ڕۆژگارێك لە نێوان کوردەکان پەسەندکراوە هاوتای وێنەی وشەی "بزمار" یان داناوە و بە بیستنی وشەی بزمار وێنەیەك لە بزمار لە مێشکی گوێگرێکی کوردزمان دروست دەبێت، بەڵام کەسێك کە لەگەڵ قەراردادی "نیشانە شناسی" زمانی کوردی ئاشنا نەبێت ، بۆ وێنە فەرانسەویەك بە بیستنی وشەی بزمار مانایەك دەرك ناکات.

لە لایەکی ترەوە گروپێکی کەمی "خوێندەوار" دەتوانن دەقی نوسراو بخوێننەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زۆرینەی خەڵك دەتوانن لە ڕێگەی وێنەوە، بابەتەکە تێبگەن.

و گرینگتر لە هەمووی ئەوەیکە زمانی نوسراو لە عۆدەی درکاندنی ئەرك و وردەکاریەکان کە وێنە لە ئەستۆیەتی نەدەهاتەدەر و بە واتایەك "نوسراوەی سەرەتایی و بەدەوی" لە سەرنج ڕاکێشی و جادوی وێنە بێ بەهرە بوو."(٦)

بەم شێوەیە " مرۆڤی شارستانی" کە توانیبوی لە ڕێچکەی گەشەستێنی دورودرێژدا لە هێڵی "زەین نگار" (اندیشە نگار) وێنەکێشانەوە، بگاتەوە هێڵی "ئاوانگار" و لە کۆتاییدا دەستی بە داهێنانی ئەلفابێتا ڕابگات ، و ئەو بە کەرەستەی شارنشینی و بنەماکانی شارستانی ناوزەد بکات، هەنوکە بۆ دامەزراندنی پەیوەندی بەهێزتر و دروست کردنی ڕێکەوتن و لێك حاڵی بوون و نفوزی هەرچی زیاتر لە کەسی بەرامبەردا (مخاطب) نە تەنیا نوسینی بە تەنیایی پێ بەس نەبوو بەڵکو زیاتر لە جاران پێویستی بە وێنە هەست پێدەکرد.

ئەو هەموو داهێنانەی وەك دوربینی فوتوگراف و وێنەگرتن و وێنەی بە جوولە (متحرك) و گرافیك و ... خۆیان لە پشت ئەو بابەتەدا حەشارداوە کە قەرزداری ئەو بیرکردنەوەن.

لەوانەیە زۆر لە خەڵك لە کاتی بینینی تابلۆکانی هاتوچۆ یان ڕێنماییەکانی پشتی یەقەی کراس یان سەر کارتۆنی. کەرەستەکان وێنەکانی هەزاران ساڵ بەر لە ئێستایان بۆ

تەداعی بکرێتە و جۆرێك بچنەوە ناو جیهانی ڕەمز و هێما و جادوو.

دەڵێی جۆرێك گەڕانەوە بەرەو ڕابردوو ڕوودەدات ڕادەی وێکچوویی ئەو ڕەمزانە ئەوەندەن کە ئەگەر هەر کام لەوانە لە پەنای یەکتر دابندرێن ڕەنگە سەرلێشێواوی تووشی بینەر بکات، یانی کەلك وەرگرتن لە وێنە بۆ پەیوەندی و ئەو گەڕانەوەیە لە بەر ئەوەیە کە مرۆڤ دەیهەوێ بە شێوەیەکی کاریگەرتر و ڕاستەوخۆتر پەیوەندی لە گەڵ یەکتری هەبێت.

توخمەکانی بینین:

هەر نەخش یان تەرحێك یان وێنەیەك بە هەر شێوەیەك، لە هەندێك توخمی سەرەتایی پێك هاتوە، مەبەست لەو توخمە سەرەتاییانە ماددەی وەك کاغەز، ڕەنگ، فیلم و... هتد نیە. تۆخمە سەرەتاییەکانی بینین لە بنەڕەتدا گشت دیاردە بەرچاوهاتووەکانن، واتە هەرشتێك کە دەبیندرێت و ژمارەیان سنوردار و دیاریکراوە: خاڵ (نقگە)، هێڵ ( خگ )، لایەن (جهت)، سێبەر– ڕوناکی (سایە – ڕوشن) یان ڕەنگمایە، ڕەنگ، پێکهاتە (بافت)، ڕەهەند (بعد)، ئەندازە (مقیاس) و جوڵەیە.

ئەم تۆخمانە کەرەستەی خاوی تەواوی هەواڵێکی بینین و بە شێوازگەلی جۆراوجۆر لە گەڵ یەکتر تێکەڵ دەکرێن و لێك دەدرێن. هەڵبژاردنی هەر تۆخم و شێوازی جەخت کردن لە سەر هەرکام لەوانە لە بەرهەمێکی دیداریدا بەستراوەتەوە بە پێکهاتە و جۆری کارەکە.

دەتوانرێ بەرهەمێکی دیداری لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە شی بکرێتەوە و ڕاڤە بکرێت، بەڵام باشترین شێوە بۆ ڕاڤە و لێکدانەوە و دەرکی بەرهەم دابەش کردنی بەرهەم بە سەر تۆخمە سەرەتاییەکانی پێکهێنەری بەرهەمەکەیە.

"زۆربەی زانیاری ئێمە دەربارەی کردە و دژکردەوە و کارتێکردنی مرۆیی لە ماناگەلی دیداریدا بەرهەمی لێکدانەوە دەرون ناسانەکانی "گشتالت"ە کە لە سەر ئەو بنەمایەیە کە : بۆ ناسینی هەر سیستەم یان کەرەستە یان ڕوداوێك سەرەتا دەبێ بەشە پێکهێنەرەکانی بناسرێن و دەکرێ ئەو تۆخمانە بە جیا و یەك بە یەك لێکبدرێنەوە و موتالا بکرێن.

دەردەکەوێت کە بە گۆڕانی یەکێك لەو تۆخمانە ، گشت سیستەم تووشی گۆڕان وئاڵ و گۆڕ دەبێت. و بەرهەمێکی دیداری نمونەیەکی باشە بۆ ئەم تاقیکاریە لە بەر ئەوەی کە بە دەرکەوتنی بەرهەمێکی باشی دیداری کوللێکی یەکسان و هاوکێش بە دەست دێت کە بەرهەمی تێکەڵ کردنی زۆر دژواری بەشە پێکهێنەرەکانیەتی."(٧)

هێماگەل و سومبلێك کە ئێمە پێی دەڵێین زمان و کەلام لە ڕۆژگارانی پێشوودا بە شێوەی زنجیرەیەك لە وێنە دەنوسران و ئەو وێنە سادانە بەرهەمی هەست پێکردنی مرۆڤ بوون. زمان و سومبلی زۆر لە جیهان دا هەن کە هەندێك لە مانە ریشەیەکی هاوبەشیان هەیە، و هەندێکیان هیچ پەیوەندیەکیان بە یەکەوە نیە.

بـۆ وێنـه ژمارەکـان هـیچ پەیوەندیـەکیان لەگەڵ ئەلفابێتا نیه، و یان نۆتی مۆسیقاش لـه هەمان گروپه.

لەوە رادەگەینه ئـەو ئەنجامـەی کـه هەرچـی تـەرکیبی سـەرەتایی سـادەتر بێـت فێربـون و دەرکـی هەواڵەکـەی سـادەترە. بـەم شـێوەیه دەربڕین له رێگەی وێنه و یان زمانی دیداری لـه موقایسـه لەگـەڵ وتـه و کـەلام چـەندین جـار جیهان شمول تر و جیهان گیرترە.

ئـەمڕۆ کـه هێـزی فەرهـەنگی و جیهـانی سینەما، فوتوگراف و تلویزیون له شـکڵدان بـه وێنەی خـودی مـرۆڤ فێربـوونی زمـانی بینینـی کردۆته زەرورەت و ئەرکێك. ئەم فێربوونه هـەم بـۆ بەدیهێنـەرانی پەیوەنـدە بیـنین (ارتبـاط بصـری) پێویسـته و هـەم بـۆ بینـەرانی بەرهەمەکانیان.

مـولی نێـی (Moholy Nagy) مامۆسـتا پلەبەرزی باوهـاوس (Bav-Haus) لـه سـاڵی ١٩٣٥ دا لەم بارەیەدا دەڵێت: "له داهاتودا، نـه خوێنـدەوار تـەنیا کەسـێك نیـه کـه قەڵـەم نـا ناسێت، بەڵکو کەسێکه که دەسگای فوتوگراف (عکاسـی) یـش نەناسـێت". و ئـەم داهاتویـه ئەمڕۆیه.

پەراوێزەکان:

١) بەشـێك لـه سـەرەتای کتێبـی "مبـادی سواد بصری" له نوسینی دونیس ا. داندیس

٢) مونـاری، برۆنـۆ، طراحـی و ارتباطـات بصری، ترجمه پاینده شاهنده، ل ٧٢

٣) مارشال مك لانچ، دەوری چاپی کتێب لـه زماندا له سەدەی ١٦

٤) دونیس ا. داندیس، مبادی سواد بصری، ترجمه مسعود سپهری، ص ١٣

٥) هەمان سەرچاوە، ص ١٥

٦) نجـابتی، مسـعود، خـط در گرافیـك، انتشارات مدرسه، ص ٢

٧) دونـیس ا. دانـدیس، مبـادی سـواد بصری، ترجمه مسعود سپهری، ص

کوردستان نێت
Kurdistannet

ئەدەب و هونەر

# ئەدەب لە بۆتەی ئیدئۆلۆژیدا

كاتێك باس لە هونەر دەكەین یەكەمین شتێك سەرنجمان رادەكێشێت ئەو پرسیارەیە كە سەرهەڵدەداتو دەپرسێت هونەر چیەو چۆن پەیدا دەبێت؟ ڕەنگە ئەمە یەكێك لە بنەڕەتیترین كێشەكان بێت كە بەرەو روومان دەبێتەوە لە ڕەوتی دیاریكردنی چییەتیی ئەدەبدا. دیارە ئەوەی لێرەدا زیاتر كێشەیە ئەوەیە كە هونەر چۆن پەیدا دەبێت. چونكە چۆنیەتیی پەیدا بوونی هونەر پێش زەمینەی دیاریكردنی چییەتی هونەرە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزە ئۆبجێكتیڤیەوە سەرهەڵدەدات كە دەبێتە یەكەمین میكانیزمی هاندەری زەینی چالاك بۆ بیركردنەوە. ئیتر ئەمە لە هونەرەكاندا بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێ. بەشێوەیەك كە دەتوانین بڵێین هونەر لە قۆناغی یەكدا بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندییەك لە نێوان ڕەهەندە ئۆبجێكتیڤیو وێنە ئایدیالیە وێنا كراوەكان لە زەیندا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەموو ئەو پەیوەندییانە لەسەر بنەمای شتە بەرهەستو دیارەكانەوە قەرار دەگرێتو دەبێت پێوەندییەكی لۆژیكی لەنێوانیاندا بێت. ئینجا ئەمە لە ئەدەبدا بەشیوەیەكی بەرچاوترو رێكتر رەنگ دەداتەوە. بۆیە لێرەوە دەكشێینە ناو ئەدەب.

ئەدەب مەودایەكە كە زیاتر لەهەر مەودایەكیتر پێویستی بە ئازادی هەیە، هەروەك چۆن ئازادی پێشمەرجی گەشەو نەشو نما كردنی فەلسەفەو فكرو.... هتد، ئەوا بەشێوەیەكی بەرچاوتر دەتوانین ئەمە بۆ ئەدەبیش لەپێش چاو بگرین، بەجۆرێك كە ئازادی لەكوێ هەبوو یەكەمین چەكەرەی ئەدەبێكی باڵاش سەردەردێنێ. دیارە لەم بارەوە دەبێ سەرنجی ئەم ئازادییەش بدەین، چونكە ئازادی لە ئەدەبداو بۆ ئەدەب، دوو ئاراستەی جیاوازی هەیە. بەشێك لەم ئازادییەو بەشێوەیەكی گشتی ڕوانگەی یەكەمی ئازادییە، كە زیاد لەوەی ئازادییەك بێ پەیوەست بە جەوهەری ئەدەبەوە، ئازادییەكە زۆرتر لە چوارچێوەی دەرەوەی ئەدەبدا خۆی دەنوێنێو پەیوەستە بەو ئەتمۆسفێرەی كە خوڵقاوە. ئەمەش زۆرتر لایەنی كۆمەڵایەتیو چالاكییە كۆمەڵایەتییەكان دەگرێتەوە. لایەنێكی تری ئەو ئازادییە پەیوەستە بە خودی ئەدەبەوەو ئەمەش لەلایەكەوە دەرچوونە لەو یاساو رێسایانەی كە لە هەر سەردەمێكدا لەلایەن ئەدیبانەوە دادەنرێنو لەلایەكیتریشەوە باوەڕ هەبوونێكی بنەمایییە بە كاركردن لەهەموو سەرزەوییە قەدەغە كراوو سنووردارەكاندا. خۆ ئەگەر ئازادی لەحاڵەتی یەكەمدا لەناو ببرێت ئەوا لە حاڵەتی دووەمدا كە جەوهەرییە هیچ كاتێك ناتوانرێ لەناو ببرێت. هەربۆیەش دەبینین لە تاریكترین سەردەمەكانداو لەژێر دەستی دڕندەترینو دیكتاتۆرترین حاكمەكاندا ئەدەبو هونەر بووەو مزگێنیدەری ڕۆژگەلێكی خۆشترو بەبەهاتر بووە. ئازادی ئەو سەرچاوەیەیە كە شتە پیرۆزو وەستاوەكانت بۆ دەشكێنێ، ئاسۆی دیتنت فراوانتر دەكاتو زۆرشتی تریش، بەڵام گەورەترین كارێك كە ئازادی لەمەودای ئەدەبدا دەیكات بەرز كردنەوەی مرۆڤە بۆ دنیا هەست پێ نەكراوو نەدۆزراوەكان، بۆ متافیزیك، بە

شێوەیەك كە متافیزیك دواجار ببێتە پێشمەرجی پێویست بۆ روون كردنەوەی ئەدەب (هونەر). (نهیلیزمو ڕەهەندەكانی بیركردنەوە ـ د. محمد كمال ـ سەردەم ـ سلێمانی ٢٠٠٥ ص٨٦). ئەم ڕەهەندە لە مێژوودا وای كردووە كە ئەدەب زیاتر خەسڵەتێكی دەروونی بگرێتە خۆ و بەجۆرێك لەبێ پەروایی دابنرێت بەرامبەر بە كێشە و باسە گشتی یەكان، بێشك ئەمەش یەكێكە لە كێشە هەرەسەرەكیەكانی نێوان لایەنگرانی ئەدەبی دەروەستو هونەر بۆ هونەر ئیتر بەهەموو قوتابخانە، هاوشێوەكانیەوە.

ئەگەر هەر ئیدئۆلۆژیەك سەرەتا چالاكی یەكی مرۆییو ئارادەیەكی زۆریش ئازادانە بێت ئەوا دواجار دەبێت بە كۆمەڵێك یاساو ڕێسای دەستو پێ گر، بەشێوەیەك كە لەدەرەوەی ئەودا شتێكی تر خۆی نابینێتەوە، ڕەنگە زۆر بوار هەبن كە خەسڵەتەكانیان تایبەت بن بە سەردەمێكەوەو بە ئاسانی بگونجێندرێن، لەبەر ئەوەی جەوهەرەكەیان وا دەخوازێ، بەڵام مەودایەك كە جەوهەرەكەیو وردەخەسڵەتەكانی بە پێچەوانەبن زەحمەتە بتوانی بیچەسپێنیو لەگەڵ سەردەمێكی دیاریكراودا كە ئەویش چەپێنراوی فكرو باوەڕێكی دیاری كراوە، ڕاییبهێنی. لێرەدا هەوڵدەدەین باس لە ئەدەبو داهێنانی ئەدەبیو جوانی ئەدەبی بكەین لە ژێر ڕۆشنایی بیروبۆچوونی كۆمۆنیستەكانەوەو، بزانین تاچەند ئەمانە لە خزمەتی ئەدەبێكی رەسەندا بوونەو، تاچەند توانیویانە ئەدەب بناسێنن. دیارە ئەمە پێویستییە بە باسێكی بەرفراوانو تێروتەسەل هەیە بەڵام لێرە تەنها چاوخشاندنێكی خێرایە بەسەر ئەم ڕەوتەدا.

دیارە لێرەدا كاتێك كە باس لە ئیدئۆلۆژی دەكەین زۆرتر مەبەستمان ئەو لایەنە دوگمو چەق بەستوو لێ دەرنەچووەیە، كە لەخۆی دەگرێ. هەر لەم بارەیەوە ئێمە دەتوانین نمونەگەلێكی بەرز لە مێژوودا ببینینەوە، هەر لە ئەفلاتوونو ئەرەستۆوە بگرە تا ئەمرۆو لەلای تیئۆریسێنانی ئەو نەتەوانەی كە هێشتا چەوساندنەوە بەسەریاندا بەڕەوا دەبینرێ.

ئەوەی لێرەدا جیاوازی دەهێنێتە كایەوە، ئەو روانینەیە بۆ ژیان، بۆ مرۆڤ و بۆ هەموو پێكدادانێكی تری ناوەوەی، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ لە ڕێگای جیاوازترو بە میكانیزمی ترەوە بێتە كایەو خۆی بنوێنێ. لێرەدا فەلسەفەیەكی شۆڕشگێڕانە سەرهەڵدەدات، هەروەك ماركس دەڵێت (فەیلەسوفەكان جیهانیان بەزۆر شێوە وێنا كردووە بەڵام گرنگ گۆڕینیەتی) ئەم نۆڕینە دەخوازێ كە بە شێوەیەكی جدیتر بچیە ناو مرۆڤ و ژیانو هەلومەرجی گۆڕان بناسیو ساز بكەی، بۆیە چی تر لەم فەلسەفەیەدا دەستەوەستان دانیشتنو لەهەمان كاتدا نیگا بەرزخوازەكان، جێیەكیان نیە. بەڵام ئەوەی لێرەدا میكانیزمی ئەم گۆڕانە بەرهەم دێنێو لە چوارچێوەی روانینێكی كەمترو وردتردا خۆی دەبینێتەوە، ئەوەیە كە مێژوو مەیدانی شەڕی جیاوازیە چینایەتی یەكانە، هەر بۆیە دەتوانرێت لە ڕێگەی بەهێز كردنی چینی ژێر دەستەو چەوساوە میكانیزمی گۆڕان بەرهەم بێنێ. لێرەدا لەبەر ئەوەی گۆڕان پێویستەو ئامانجی

فەلسەفەیەکە کەواتە هیچ سازشێك هەڵناگرێت بۆیە دەبێ هەموو مەودا جیاوازەکان لە راستای ئەو گۆڕانەو لە پێناو ئەو ئامانجەدا کار بکەن.

لێرەدایە کە جیاوازی سەرەکی سەرهەڵدەداتو یەکێك لەو مەودایانە کە ئەویش ئەدەبە لە ڕەسەنایەتی خۆی دوور دەکەوێتەوە، دیارە لێرەدا مەبەستم کارکردنی ئەدەبە، چونکە ئەدەب لەم حاڵەتەدا زیاد لەوەی بۆخۆی بێت بۆ دەرەوەی خۆی دەبێت.

لێرەدا دەتوانین دەست لەسەر چەند لایەنێك دابنێین کەناوەرۆکی سەرەکی کارکردنی ئەم بیروباوەڕەن، لەهەمان کاتیشدا ئەو رێگایانەن، بەهۆیانەوە ئێمە پەی بەوە دەبەین کە ئەدەب خەریکە لە ڕێڕەوی خۆی خەریکە لادەداتو زیاد لەوەی کە بریتی بێت لە ئەدەب، بریتییە لە بەرهەمێکی سیاسیو وشکو بەدوور لە بەها ئێستاتیکییەکان. ئەولایەنانە بریتین لە کێشەی کاتی کردنی ئەدەبو ناوەرۆکو شێوە.

لەیەکەمین هەنگاودا دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت کە لەم جۆرە بیرکردنەوەدا ئەدەب دەبێ ڕەنگدانەوەی واقیع بێت واتە بەبێ واقیع ناتوانێ هەڵگری ئەم بۆچوونە بێت، دیارە ئەم واقعە لەو ناوەرۆکەدا دەردەکەوێت، کە ئەدەب دەیکاتە پەیامی خۆی و لە لایەکەوە ناتەواوییە کۆمەڵایەتییەکان دەنوێنێ و لە لایەکیتریشەوە ئاڕاستەی چینە کاریگەرەکەی بزوێنەری مێژووی دەکات. بۆیە لێرەدا باس لە واقیع نەکراوە.

یەکێك لەو کێشە سەرەکییانەی لەم بوارەدا توشی ئەدەب دەبێت ئەوەیە کە خەریکە ئەدەب دەکرێتە پەیامێکی کاتیو بەهاکان بۆ ماوەیەکی کورت دەخوڵقێنێ، ئەمە لەگەڵ خەسڵەتی ئەدەبدا ناگونجێت، ئەدەب ئەو گەڕۆکە بێ پاسپۆرتەیە کەزەمەن ناناسێت، بە دەربڕینێکیتر ئەگەر هەر ئەدەبێك بۆ سەردەمێك دەست بدات ئەدەب نییە. ئەدەب لە دەوری بەها باڵاکان دەسوڕێتەوە، ئەو بەهایانەی کە تا دواجار دەشێت جێی خولیای مرۆڤ بنو لە ئامانجی هەوڵو تێکۆشانی مرۆڤدا بن. ئەگەر شێعرێك تەنها مانایەك بداتو بۆ سەردەمێکی دیاریکراو بێت شێعر نیە. بەهەمان شێوەش بۆ ژانرەکانی تر. ئەدەب دەبێ بە درێژایی سەردەمەکان مانای نوێ لەخۆی دەربخاتو ئومێدی نوێ بخوڵقێنێو بەهای بەرزتریش بنوێنێ. بەڵام کاتێك سەیری دیدگای خاوەن ڕایانی ئەم فەلسەفەیە دەکەین شکوگومانێك دامان دەگرێت. ئەویش بە هۆی ئەو نۆڕینەی کە بەرامبەر بە مێژوو، کۆمەڵگاو مرۆڤ هەیە. ئەگەرچی لەم بارەوە، پەییان بەوە بردووە کە ئەدەب دەبێت لەسەروی زەمەنەوە بێت. بۆ نموونە مارکسو ئەنگڵس لە یەکێك لە نوسراوەکانیاندا باس لە گرنگیو گەورەیی تراژیدی یۆنانیو بەگشتی ئەدەبی یۆنانیان کردووە، بەوەی کە سەرەڕای ئەوەی لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیو ئابووری جیاوازدا سەری هەڵداوە بەڵام هێشتاش بۆ ئەوە دەست دەدات کە بخوێنرێنەوەو ستایش بکرێن. ئەمە بۆمان دەردەخات کە ئەدەب لەسەروی زەمەنەوە دەژیتو زەمەن سنورێك نییە بتوانێ ئەدەب ڕاگرێت. پەیوەست کردنی ئەدەب بەباس کردنی هەلومەرجە کۆمەڵایەتیو ئابوورییە

جیاوازەکانی سەردەمێك وەکو حوکمی کوشتنی ئەدەب وایە، ئەگەر بێتو لایەنی جوانی لەپێش چاو نەگیرێت، ئیتر ئەو جوانییە هەرجۆرێك بێت، بەپێی ئەوەی کە لە مێژووی ئەدەبدا ناسراوە. هەر لەم بارەیەوە یەکێکیتر لەخاوەن رایان دەڵێت:

"دیاری کردنی سروشتی هونەر بەپێی ناوەرۆکە ئیدئۆلۆژیکیەکەی واقعیەتێکی مێژوویی گرنگ لەبیر دەکات، ئەو واقعیەتەی کە ئیدئۆلۆژیە چینایەتییەکان دێنو دەڕۆن، بەڵام هونەری راستەقینە هەر بەردەوامە"![1]

باس کردن لەوەی کە ئەدەب نابێت تخونی هەلومەرجە کاتیو گوزەراکان بکەوێ، بەو مانایە نیە کە بەتەواوی دەستی لێ دابرِێ، بەڵکو لێرەدا مەبەست لە پاراستنی لایەنی جوانییە کە ئەدەب دەبێت هەڵگریبێت. ئەم جوانیەش دەشێت بەشێوەی جۆراوجۆر بنوێنرێت، ئەگینا ئەو بۆچوونەیان راستە کە دەڵێت: لەهەمان کاتدا نابێت لە بیر بکەین کە هونەر ئەفسانەگەلێك پێکیان هێناوە، لەڕووی مێژووییەوە پێویستو بەسوودن و، لەلایەکیترەوە گشتێتییەك کە هونەر بەدەستی دەهێنێ ئیستراتیجیو بێکات نیە، بەو شێوەیە کە جوانیناسە ئیدئالیستەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەوان لە نێوان هونەرو ئیدئۆلۆژیدا بۆشاییەکی گەورەیان پێکهێناوە، بەڵام کوللییەتی هونەر کوللێکی مرۆییە، کە لە بەرهەمێکی تایبەتداو لە رێی ئەوەوە دەنوێندرێ.)[2]

رەنگە بۆ مەسەلەی جوانیەکە، ئەوە کاریگەر بێت کە جۆرێك لەحەق بدەین بە تۆڕینە جیاوازەکان، ئینجا هەر لەدیدە ئەخلاقیو سیاسیەکەی ئەفلاتوونەوە بگرە، تا نواندنی وێنە ئایدیالیەکانی هێگلو ئینجا ئەو رایەی تۆلستۆی کە پێیوایە جوانی لە هونەردا دروست کردنی پردی پەیوەندیە لە نێوان نەسلەکاندا. ئەمە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئەدەب لە سەرو "زەمەن"ـەوەیە، بەڵام لە مانیفستی کۆمۆنیست دا مارکسو ئەنگلس بۆخۆیان هەر ئەدەبێك رەت دەکەنەوە کە لە خزمەتی چینە باڵادەستەکان بێت، یا بە شێوەیەك لە شێوەکان دەربڕی خواستو ئارەزوو، ئامانجەکانیان بێت، لێرەدایە ئەو پرسیارە دێتە پێشێ ئایا بە نواندنی حاڵەتە تایبەتییە کاتییەکان دەتوانین ئەدەب لە زەمەنی داهێنانی خۆیدا فراوانتر ببەین، یا ئایا ئەدەب بە رەنگدانەوەی خواستی چینێك یا نواندنی ئارەزووەکانیانو چوارچێوە بەند کردنی دەتوانێ ئەدەب بوونی خۆی بسەلمێنێ؟

ئێستا با بچینە لای ناوەرۆکو بزانین ناوەرۆك لەلای ئەم ئیدئۆلۆژییەوە چۆن چاوی لێ دەکرێت. ناوەرۆك لەم لایەنەوە خاوەنی گرنگیەکی تایبەتییەو جیاکەرەوەی ئەدەبی سەرکەوتووە. هەموو بەشەکانی دیکەی ئەدەب و ژانرێکی ئەدەبی دەبێ لە خزمەتی ناوەرۆکدا بن. لێرەدا زیاتر مەبەست لە ناوەرۆك ئەو هیماکاریو جوانکارییە زمانییە نییە بۆ گەیاندنی مانا کە

---

[1] ماڵپەڕی www fars; books online .blog spot. Com

[2] هەمان ماڵپەر (هنر به مثابة ئیدئۆلۆژی) ـ ادولف سانشز واسکز ـ ترجمه ـ ع. خلیلی

مەبەستە لەلای هەندێ لە قوتابخانە ئەدەبییەکان، بەڵکو لێرەدا مەبەست لە ناوەڕۆک ئەو پەیامە ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیو سیاسییەیە کەمەبەستەو رووی لە چینێکی تایبەتە. هەر دەربڕینێك دەبێ ئامانجدار بێتو پێلەسەر لایەنێك دابنێ، کە ئاماژەیەیە بۆ هەلگەرانەوەی بە قازانجی چینی ژێردەست. لەلای خاوەن رایانی ئەم ڕوانگەیە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی ئاگایانە یا نائاگایانە، دەروونناسیی چینێك دەنوێنێ، کە نووسەرەکە نوێنەرییەتی. (لونا چارسکی- درباره ادبیات. ترجمه- نوریان - تهران - چاپ، - ل٩)

ئەدەب دەبێتە پەیامێك کە چینێکی تایبەت بەرامبەر بە زۆرشت لە کۆمەڵگادا بەئاگا دێنێتەوە، ناکۆکیو کەمو کورتییە کۆمەڵایەتییەکان نیشان دەدات، هانی کۆمەلانی خەڵك دەداتو تا ئاستێکیش ڕێکیان دەخات. ئەم لایەنی ناوەڕۆکو پابەند بوونە بە ئەخلاقیاتی چینێکی دیاریکراو، کە بەدوورن لەو بەهایانەی کە زەمەن ناناسنو لەگەڵ مرۆڤدا پەیدا بوونو هەر لەگەڵ لەناوچوونی مرۆڤیشدا لەناو دەچن، وەکو تیرێکە کە بە پەیکەری ئەدەبەوە بنرێت. چونکە لێرەدا لێهاتوویيو خەللاقییەتەکانو توانای ئافراندن لەناو دەچن.

ناوەڕۆك دیاری کەری ئەوەیە کە ئەو بەرهەمە لەخزمەت چیو کێ دایە. پێوەندی بەرهەمە ئەدەبییەکان لەگەڵ دەروونناسی چینە جیاوازو گەورە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی لە ڕێگەی ناوەڕۆکەوە دیاری دەکرێت. (هس - ل٩).

لەراستیدا باس کردن لە ناوەڕۆك زۆر زیاتر لەمە هەڵدەگرێ بەجۆرێك کە بتوانین بڵێین، ناوەڕۆك لەم ڕوانگەیەدا پێشمەرجی بوونو ناسینی ئەدەبە. ئەم ڕوانگەی گرنگیدان بە ناوەڕۆك لەدوای شۆرشی ئۆکتۆبر زیاتر گەشەی ساند تا ئەوەی کە هەر لادانێك بەدژی بەرژەوەندی چینی کرێکار بەخیانەت دەژمێرا، ئەمە جگە لەوەی کە ڕێبازێکی تایبەت بە ئەدەب لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستەوە پەسند کرا واتە (ریالیزمی سۆسیالیستی). لەراستیدا ناوەڕۆك پێوانەی بنەڕەتی هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبییە.

پێوانەی بنەرەتی هەمان پێوانەی ئەخلاقی چینی کرێکارە، ئەوەی کە بەتەواوی سەرکەوتنی چینی کرێکار هاوکاری بکات، بەسوودەو هەرچییەکیش کە بە پێچەوانەوە بێت، بێ سوودە. (هس - ل١٣).

ئەوەی لە کۆتاییدا دەمێنێتەوە قاڵبە، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین قاڵب خاوەنی گرنگییەکی پلەدووە، ئەگەرچی ئەم گرنگییە لەوەوە دەردەکەوێت کە بەرهەمێك بتوانێت لەڕووی ناوەڕۆکەوە خۆی بسەلمێنێ. ئەگینا ئەگەر بێتو ناوەڕۆك پەیامی خۆی نەگەیەنێ ئەوا هیچ کات قاڵب ناتوانێ خۆی بنوێنێو بوون پەیدا بکات.

لەراستیدا ناوەڕۆك دیاری کەری قاڵبە. ناوەڕۆکی هەر شاکارێکی هونەری دیاریکەری قاڵبەکەیەتی. لێرەدا قاڵب ئەو دەورە نابینێ کە لە قوتابخانەکانی دیکە هەیەتی. ئەوەی قسەی سەرەتاو کۆتایی دەکات ناوەڕۆکە. ئەگەرچی لە هەندێ باردا پێیان وایە کە قاڵب (شێوە)

دەتوانێ ئاراستەیەکی باشترو پتەوتر بداتە ناوەرۆك. مارکس لەم بارەوە دەڵێت (شێوە) بەرهەمی ناوەرۆکە ئەگەرچی بەنۆری خۆی کاریگەری لەسەر هەیە. (نقد ادبی ـ د. سیروس شمسیا ـ انتشارات فردوس ـ تهران ـ ٣٨١ ـ ١٥١).

ئەگەرچی لە رەخنەی مارکسیستیدا سەرەتا فۆرمیان بەهەموو شێوەیەك رەت دەکردەوە، بەڵام دواتریش بەسەرهەڵدانی کەسانی وەك لۆکاچ و گۆلدمن، لەگەڵ ئەوەی کە تۆزێك نەرمی لەم بارەوە نوێندرا بەڵام ناوەرۆك لەپلەی یەکەم دا مایەوە. ئەگەرچی ئەمە لەخۆ گری باسێکی تێروتەسەلترەو چەندین لایەنی تری هەیەو دەبێ لێك بدرێنەوە. بەشێوەیەکی گشتی دەبێ بڵێین کە شێوە دەبێ خۆی لەگەڵ ناوەرۆکدا رابێنێ، ئەگینا ناتوانێ درێژە بەژیانی خۆی بدات.

ئەوەی لەکۆتاییدا دەمهەوێ بیڵێم ئەوەیە، بەسەرنجدان بەو ئەزموونانەی لەبەردەست دان. ئەدەب ناتوانێ بەخۆ بەستنەوە بەهەندێ حاڵەتی کاتی و گوزەراو بە پەیوەست بوونێکی تۆکمە پێیانەوەو چوارچێوە بەند کردنی، درێژە بە ژیانی خۆی بدات. ئەدەبیەتی ئەو بەرهەمانە تەنها لەوزەمەنەدا خۆ دەنوێنێ کە تێیدا هاتوونەتە بەرهەم، نەدواتر دەبێ هەبێ، نەپێشتر، ئەگەرچی دەشێت بەشێکی ئەو باسانە سروشتێکی مرۆڤانەیان هەبێت و بەردەوام لە ئەزموونە مرۆییەکاندا خۆیان بنوێنن. گرنگیدان بە ناوەرۆك دابرانێکی مەزن دەبێت لەو رەهەندە جوانناسانەی کە بە درێژایی مێژووو بەپێی زۆربەی سەردەمەکان جوانیەکانی ناخی ئەدەبیان دەرهێناون و سیفەتی بەردەوامی پێ بەخشیون، ئەمە هێشتنەوەی بەرهەمێکە لە سەردەمێکی دیاریکراو دا، کە لەدوای خۆیەوە شیاوی ئەوە نیە لێی بکۆڵرێتەوە. لەکاتێکدا زۆر قوتابخانەو مێتۆدی رەخنەیی هەن کە دەتوانن بەسەرنجدان بەلایەنە جیاوازەکانی دەقێك یا بەرهەمێك لەزەمەنی خۆی دەری باوێژن. ئەدەب ئازادترین سەرزەوییە کە شتەکان و دیاردەکان تێیدا مانا وەردەگرن. کەواتە ئەدەب دەبێ ئازادانە بەرهەم بهێنرێت.

ــ نهیلیزم و رەهەندەکانی بیرکردنەوە. د. محمد کمال ـ سلیمانی ـ سەردەم ـ ٢٠٠٥
ـ درباره ادبیات ـ لونا چارسکی ـ ترجمه ع. نوریان ـ انتشارات شباهنگ ـ تهران ـ چاپ سوم.
ـ نقد ادبی ـ د. سیروس شمسیا ـ انتشارات فردوس ـ تهران ـ چاپ سوم ـ ١٣٨١

فایلی ژماره

# شۆڕشی فەرهەنگی

⊙

بنەما فیکرییەکانی کودیتای فەرهەنگیی ٥٩

⊙

کاریگەرییەکانی کودیتای فەرهەنگی لەسەر جووڵانەوەی خوێندکاری

⊙

شۆڕشی فەرهەنگی، ئاماژەیەک بۆ سەلەفییەتی مۆدێرن

⊙

شۆڕشی کەلتووریو ژینۆسایدی سپی لە کوردستاندا

زانستگا به دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لـە سـاڵی ١٣٥٧ دا ، وەك ناوەنـدێکی گـەورەی تێکۆشـانی سیاسـی و ئـاڵوگۆڕی بیروڕای لێهات . لەو دەرفەتە رەخساوەدا حیزب و رێکخراوە چەپ و میللی و میللی مەزهەبییـەکان دەسـتیان دایـە تێکۆشـانی ئاشـکرای سیاسی و سینفی لە زانستگادا. ئەو دەم تەنیا بە شێکی بچووك لە خوێندکاران لە ئاخوندەکان و کۆماری ئیسـلامی لایـەنگریان دەکـرد . کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ بیری کۆن و چەق بەستووی ئاخوندەکان و ناوەرۆکی سەدە نێوەراستییانەی کۆماری ئیسلامی، کە دەیویست کۆمەڵگای ئێران بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام بگەڕێنێتەوە. بۆ بەرگری لـەم ویسـتە ، مامۆسـتا و خوێنـدکارە جودابیرەکـان لەو کاتەدا دەستیان دایە روونکردنەوە و لە قاودانی سیاسەتە دژی مرۆڤی و دواکەوتووەکانی رێژیم . بۆیە رێژیم کەوتە دژایەتی کردن لـە گەڵ ئەو رەوتە و ئامادەکـردنی رای گشتــیی خەڵکی ئێــران بۆ سەرکوتی جووڵانەوەی خوێندکاری و داخستنی زانسـتگاکان. بـۆ ئـەم مەبەستە رێژیم لە لایەکەوە هەوڵی دەدا کە رۆڵی بزووتنەوەی خوێندکاری لە سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ دا کەم رەنگ پیشان بدات و لـە لایەکی دیکەوە تێدەکۆشا کە دووبەرەکی و ناکۆکی بخاتە نێـو خوێنـدکاران و رێکخـراوە خوێندکارییەکانـەوە، بـۆ جێبـەجێبوونی ئـەم سیاسەتەش لە ئەنجومەنـە ئیسـلامییەکانی پشـتیوانی دەکـرد .  لـە نێـو کۆمـەڵانی خـەڵکی ئێرانیشـدا ئاخونـدەکان دەسـتیان کـرد بـە پروپاگەندە دژی سیستمی پەروەردەی ئێران و زانستگا و خوێندکاران.

وا تەبلیغیان دەکرد کە گوایا سیستمی پەروەردە ، سیستمێکی رۆژئاواییە و دژ بە بایخە ئیسلامییەکانە و دەبێ ئاڵوگۆڕی بنەمایی بـە سەردا بێت و ببێتە سیستمێکی ئیسلامی.

جیا لەوانە لە لایـەن حکومـەت و رێکخـراوە خوێندکارییـەکانی لایـەنگری حکوومەتـەوە ، بانگەشـەی ئـەوە دەکـرا کـە لـە زانسـتگادا خوێندکارەکان چەکیان هەیە و ئەوێیان کردۆتە ناوەندی خەباتی چەکدارانە دژی رێژیم و دەبێ زانسـتگا لـە بـوونی ئـەو چـەکدارانە پـاك ببێتەوە .

بە هێنانەوەی ئاوەها بیانووگەلێك زانستگایان خستە بەر هێرشی دڕندانەی خۆیان و بە توندی سەرکوتیان کـرد . رێـژیم لـە ژێـر نـاوی "شۆڕشیفەرهەنگی " ئەو کارەی کرد ، کە بۆ ماوەی سێ ساڵ ( ٢ ی بانەمەڕی ١٣٥٩ تا ١٣٦٢ ) زانستگاکانی ئێرانی داخست ، کە لـە ئاکامدا مامۆستا و خوێندکارە جودابیرەکان بە تۆمەتی دژە شۆڕش ، کۆمۆنیسـت ، رۆژئـاوایی و دژی ئیسـلام لـە زانسـتگادا دەرکـران و زانستگا بە تەواوی چووە ژێر دەسەڵاتی رێژیمـەوە. ئەمـە زەبرێکـی قـورس و کاریگـەر بـوو کـە لـە پەیکـەری جووڵانـەوەی خوێنـدکاری وەشێندرا، کە هەتا ئێستاش زامەکانی، بە بێ دەرمان، ماونەتەوە.

لە ٢ی بانەمەری ١٣٨٥دا یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران سمینارێکی بۆ باسو لێکوڵینەوە لە ئەو بەناو شۆڕشـی فەرهەنگیە پێك هێنا. لەبەر گرنگیی ئەم رووداوە لە مێژووی جووڵانەوەی خوێندکاریی ئێراندا، بە پێویستمان زانـی کـە ئـەم بابەتانـەی کە لە سیمینارەکەدا پێشکەش کران، بڵاو بکەینەوە.

# بنەما فیکرییەکانی

# کودیتای فەرهەنگیی ٥٩



کەریم پەرویزی

ڕۆژی ٥٩/٣/٢٣ خومەینی پەیامێکی دا و لەو پەیامەدا بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکیدا بە ناو "ستادی شۆڕشی فەرهەنگی" . پەیامەکەی خومەینی بەم شێوەیە دەست پێدەکا:

"ماوەیەکە پێویستی شۆڕشی فەرهەنگی کە ئەمرێکی ئیسلامی و ویستی نەتەوەی موسوڵمانە ، ڕاگەیەندراوە و تا ئێستا کارێکی ئەو تۆی بۆ نەکراوە و نەتەوە ئیسلامی و بە تایبەت خوێندکارە بە ئیمان و موتەعەهیدەکان نیگەرانن و هەروەها نیگەرانی ئاژاوەنانەوەی پیلانگێڕانن کە هەر لە ئێستاوە ناوبەناوە دیاردەکانی دەبینرێ ... " و لە ئاخری پەیامەکەدا بڕیاری دامەزرانی ستادەکە دەدا .

ئەندامانی ئەو کاتی ستادی بەناو شۆڕشی فەرهەنگی بریتی بوون لە :

١ ـ سید محمد خاتمی ٢ـ غلامحسین رحیمی شعرباف ٣ـ ایرج فاضل ٤ـ میر حسین موسوی ٥ـ محد علی نجفی ٦ـ صادق واعظ زاده ٧ـ محمد رحمتی ٨ـ حسن جبیبی ٩ـ محمد جواد باهنر ١٠ـ احمد احمدی ١١ـ محمد مهدی ربانی املشی ١٢ـ شمس‌الدین سادات آل محمد ١٣ـ عبدالکریم سروش ١٤ـ علی شریعتمداری ١٥ـ جلال‌الدین فارسی ١٦ـ محمد رضا مهدوی کنی

ئەم ستادە کە پێك هات ، هەروا کە لە سایتی "شورای شۆڕشی فەرهەنگی" دا هاتوە چالاکی و کارەکانی لە سێ تەوەری سەرەکیدا بوو:

١ـ پەروەردە کردنی مامۆستا و گوزینشی کەسانی لێهاتوو و شایانی دەرس وتنەوە لە زانستگادا

٢ – گوزینشی خوێندکار

٣ – ئیسلامی کردنی کەشوهەوای زانستگا و ئاڵوگۆڕی بەرنامە فیکرییەکانی زانستگاکان

بەم شێوەیە لە دوای ڕاگەیاندنی " شۆڕشی فەرهەنگی " ئەم ستادە پێك هات و دەستیدایە تەسفیە و پاکانەحیساب لەگەڵ خوێندکار و مامۆستا ئازادیخوازەکاندا و هەموو ڕێکخراو و دامەزراوە خوێندکارییەکانی لە زانستگادا هەڵوەشاندەوە و ئیجازەی بە هیچ جموجۆڵێکی خوێندکاری جگە لە دەفتەری تەحکیمی وەحدەت کە لە ڕاستیدا نوێنەری ئیدئۆلۆژیی وەلیی فەقیه لە زانستگادا بوون نەدا و دوای نزیك بە سێ ساڵ کە زانستگاکان کرانەوە بە پێی هەندێ ئامار زیاتر لە ٥٧٠٠٠ خوێندکار تەسفیە کرابوون و چیدی خەبەرێك لە ڕێکخستنی خوێندکاری و شورای سینفی و کتێبخانە خوێندکارییەکان و دەفتەری لایەنە سیاسییەکان لە زانستگادا نەبوو و هیچ دەستەیەك جگە لە دەفتەری تەحکیم لە زانستگادا نەبوو.

بۆ چوونە ناو باسەکە دەگەڕێینە دواوە و هەندێ لە ڕووداوەکانی یەکی نەورۆزی ٥٩ تا ٢ی بانەمەڕی ٥٩ باس دەکەین بۆ ئەوەی هەندێ لە ڕووداوەکان ڕوون ببنەوە و لە قسەکانی دەسەڵاتدارانی ڕژیمدا بیرکردنەوەیان لە سەر زانستگامان بۆ دەربکەوێ .

هـــەنگاوە عەمەلیـــەکانی رژیمـــی تـــازە بەدەسەڵات گەیشتوو بۆ داخستنی زانستگاکان لە شـەوی نـەورۆزی ٥٩ و لـە پـەیامی نـەورۆزی خومەینی‌یەوە دەست پێدەکەن :

خومەینی لـە پـەیامی نـەورۆزیی خـۆی و لـە بەندی ١١ ی پەیامەکـەیدا ئاماژە بـە زانستگا دەکا و دەس دەخاتە سەر چـەند خـاڵ ١ ) پێویسـتیی پێکهـاتنی شۆڕشـی ئیسـلامی لـە زانسـتگاکانی سەرتاسـەری وڵات ٢ ) تەسـفیە کردنی مامۆستاکانی بەسراوە بـە رۆژهـەڵات و رۆژئاوا ٣ ) گۆڕینی زانستگا بـۆ گۆڕەپـانێکی سـالم بـۆ کـۆ کردنـەوەی زانسـتە بـەرزە ئیسلامی‌یەکان

لـە ئـاخری قسـەکانی سـەبارەت بـە زانستگاشدا دەڵێ :

"زۆربەی ئەو زەرەرانەی کە لـەم کۆمەڵگایـە کـەوتوە بـە دەسـتی ئـەم رۆشـنبیرە زانسـتگا رۆیشتوانەوە بووە کـە هـەمووکات خـۆ بـەزلزان بوون و هەن !"

ئەندامانی " انجمن اسلامی دانشکدە علوم ارتباطات اجتماعی" لە وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەی " انقلاب اسلامی" لـە ٣١ ی خاکەلێوەی ٥٩ دا دەڵێن : " ئێمە پێشتر لە گەڵ چـەند کـەس لـە ئەندامانی شورای شـۆڕش دا قسـەمان لـە سـەر شۆڕشی فەرهەنگی کردبوو و بۆ وێنە خامنـەیی ، بهشتی و باهنر لە کارەکانمان ئاگادارن" .

نـەوارێك کـە لـە حەسـەنی ئایـەت دەبـیری سیاسـی حیزبـی "جمهـوری اسـلامی" دەس کـەوتوە کـە تێیدادەڵـێ " بڕیارمـاندا کـە زانستگاکان بەم شێوە کە هەن دەبێ دابخرێن"

رەفسەنجانی لە وتووێژێك لەگەڵ کـەیهان لـە ٢ی بانەمەڕی ٥٩ دا دەڵـێ " ماوەیـەك بـوو کـە خوێندکارانی وەفادار بـە کۆمـاری ئیسـلامی لـە دەسـت هـەرا و هوریـای گرووهەکـەکان لـە زانستگادا وەڕەزبـون و بـەردەوام دەهـاتن بـۆ لامان و داوایان دەکرد کە کارێك بکەین . "

یەکەم ئاژاوە نانـەوە و پیلانگێڕی لـە لایـەن رەفسەنجانی و بە هاوکاری دەفتـەری تـەحکیم لــە زانســتگای تــەبرێزدا کــرا . رۆژی ٢٦ ی خاکـەلێوەی ٥٩ رەفسـەنجانی لـە زانسـتگای تـەبرێزدا کۆبوونەوەیـەکی لـە سـەر ئیسـلام و ئامانجەکانی شۆڕش گرت کـە کۆبوونەوەکـە لـە کــاتی پرســیار و وەڵامدا تێــك دەدرێ و رەفسەنجانی دەڕواتە دەر . رۆژی دوایە ٢٥٠ تا ٣٠٠ کەس لـە خوێنـدکارانی حـزب‌الله دەچـن و سـاختمانی ناوەنـدیی زانسـتگا داگیردەکـەن . رۆژی ٢٨ی خاکــەلێوە زانســتگای عــیلم و سـەنعەت لـە لایـەن خوێنـدکارانی ئەنجومـەنی ئیسـلامی‌یەوە دادەخـرێ و سـوپای پاسـداران دەوری زانستگا دەگرن .

لە دەرگیری لە زانستگای شیرازدا ٤٩١ کەس بریندار دەبن . ئەندامانی ئـەوکاتی ئەنجومـەنی ئیسـلامیی زانسـتگای شـیراز بریتـی بـوون لـە : ئیبراهیم نەبەوی ، موحسین کەدیوەر ، دوکتـور مـوعین ، موهـاجرانی ، عەلـەوی تـەبار و مجید محمدی .

لە زانستگای مەشهەددا سەدان کەس بریندار دەبن .

له زانستگای ئەهواز دا چەند کەس دەکوژرێن و زیاتر له ١٠٠٠ کەس بریندار دەبن . "حزبالله"ی ئەهواز تەرمی کوژراوەکان دەخاته چۆمی کاروون و هەندێ له خوێندکاره زیندانییەکان ئیعدام دەکا که یەکێك لەو کەسانەی ئیعدام دەکرێن دوکتور نەریمیسا یه که ئەندامی چریکی فیدایییەکانه .

خوێندکارەکان دوای داخرانی زانستگای عیلم و سەنعەت و زانستگای سەنعەتی ئەمیرکەبیر ، له زانستگای تاران کۆدەبنەوه و له بەرامبەر هێرشی ئەنجومەنی ئیسلامی و حیزبوڵادا دەس دەدەنه خۆڕاگری و بەرپەرچدانەوه .

شووری شۆڕشی ئیسلامی له ٢٩ی خاکەلێوه رادەگەیەنێ که زانستگاکان له ١٥ی جۆزەردانەوه دادەخرێن . رۆژی دوو شەممه ١ ی بانەمەڕی ٥٩ ، "حیزبالله" و سوپای پاسداران به بەرد و گازی فرمێسك هێنەر هێرش دەبەنه سەر خوێندکارەکان له زانستگای تاران و خوێندکارەکان ناچار دەبن زانستگا بەجێبێڵن . رۆژی دوایه ، سێشەممه ٢ ی بانەمەڕی ٥٩ ، بەنیسەدر ، سەرۆك کۆماری ئەوکات شانبەشانی حزبالله دەڕۆنه نێو زانستگا و ئەو رۆژه له لایەن رژیمەوه شۆڕشی فەرهەنگی رادەگەیەنرێ و زانستگاکان دادەخرێن .

دوکتور مەلکی سەرۆکی ئەوکاتی زانستگای تاران دەڵێ : " له هەڵبژاردنێك که بۆ شووراکانی هاوئاهەنگی، له زانستگای تاران کرا تەواوی نوێنەرەکان یا سەر به مجاهدین خلق یا سەر به فیدایییەکان و چەپەکان بوون و ئەمه بۆ حیزبی کۆماری ئیسلامی و بۆ رێکخراوی موجاهیدین انقلاب اسلامی زۆر گران بوو ئەوان کاتێك که دیتیان هەمووشت جگه له زانستگا له دەستیاندایه، پیلانیان داڕشت که زانستگاکان دەبێ دابخرێن ."

به سەرنجدان به رەوتی رووداوەکان و قسەکانی دەسەڵاتدارانی رژیم و پێناسەکردنی شوناسی تایبەتی زانستگا که ناوەندی فێرکاری مۆدێرن و شوناسی خوێندکار به گشتی وەکوو توێژێکی رەخنەگر، دەتوانین له نێو بنەمای فیکری و ئیدئۆلۆژیکیی بەڕێوەبەرانی کودێتای فەرهەنگیی ٥٩ دا چەند تەوەر دەستنیشان بکەین .

لێره و لەم باسەدا ئاماژه به دوو تەوەری سەرەکیی ئەو فیکرەی که له پشتی داخستنی زانستگاکانەوه بوو دەکەین . دوو تەوەرەکه بریتین له : ١- پاوانخوازی و تۆتالیتاریزمی رژیمی خومەینی ٢- دژایەتیی بیری رژیم لەگەڵ مۆدێرنیزمدا .

**١ – پاوانخوازی و تۆتالیتاریزمی رژیم**

رژیمی تازه به دەسەڵات گەیشتووی خومەینی وەکوو ئەژدیهایەك هەموو دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێرانی هەڵدەلووشی و هەموو درووشم و بانگەوازەکانی خۆیی له ژێر پێ دەنا و هەموو ویست و ئاوات و داخوازەکانی خەڵك که هۆکاری سەرەکیی شۆڕشی گەلانی ئێران بوون سەرکوت دەکرد و بەرەو دامەزرانی سیستمێك

دەرۆیشت کە هەموو لایەن و رەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵگا پاوان بکا .

رژیمە ئیدئۆلۆژیکەکان هەوڵیان ئەوەیە کە هەموو پێکهاتەکان و نیهادەکانی کۆمەڵگا هەڵوەشێننەوە و بەر بە هەر جۆرە رێکخستنێکی کۆمەڵگا لە دەرەوەی ویست و بیری تایبەتی رژیم دەگرن . ئەو جۆرە رژیمگەلە هەموو ناوەند و بونیاتە سەربەخۆکانی کۆمەڵگا هەڵدەوەشێننەوە، دامەزراوە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە مانا و نێوەرۆکی خۆیان خاڵی دەکەنەوە و تاکەکانی کۆمەڵ لە رێکخستن و پێوەندی دادەبڕن و کەسایەتی و شوناسیان ورد دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن کە تاك و رێکخراوەکان بە ویست و داخوازی خۆیان سەرلەنوێ دروست بکەنەوە .

رژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووش رژێمێك بوو ئیدئۆلۆژیك، ئەویش ئیدئۆلۆژی‌یەك لە سەر بنەمای فیکری ویلایەتی فەقیە کە بیر و تیۆری‌یەکی بە تەواوی مانا کۆنەپەرستانە و بە تەواوی پاوانخوازە تا ئەو رادەیەی کە وەلیی فەقیە لە سەرووی هەموو یاسا و رێسایەك دادەنێ . تەنانەت یاسایەکی بنەڕەتیی کە دەسکردی خودی رژیمە و بە چەواشەکاری و فریوکاری، بەسەر خەڵکیدا سەپاندوە، وەلیی فەقیە لە سەرووی ئەو یاسایەشەوە دادەنێ .

رژیمی وەلیی فەقیهی خومەینی، دەیەویست باڵ بەسەر هەموو شوێنێکدا بکێشێ و هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا داگیر بکا و بخاتە ژێر کاریگەریی بیرە کۆنەپەرست و دواکەوتوانەکەیەوە.

خومەینی هەر لە سەرەتای هاتنەوەی بۆ ئێراندا وتی کە " من دەوڵەت دادەمەزرێنم" و یەکەم هەنگاوی بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دیکتاتۆری لە ئێراندا هەڵێنا و تا بانەمەڕی ٥٩ ، هەنگاو بە هەنگاو هەموو دام و دەزگاکانی داگیر و پاوان دەکرد و هەموو بەشەکانی کۆمەڵگای دەخستە ژێر رکێفی بیرە ئەهریمەنی‌یەکەیەوە. لە بانەمەڕی ٥٩ دا تەنیا ناوەندگەلێك کە هێشتا لە بەرامبەر پاوانخوازیی رژیمی خومەینیدا، خۆڕاگریان دەکرد و وەکوو سەنگەری ئازادی و مافخوازی مابوونەوە، زانستگاکان و کوردستان بوون.

کوردستان و گەلی ئازادیخواز و مافخوازی کورد هەر لە سەرەتاوە لە بەرامبەر هەوڵەکانی رژیم بۆ سەرکوت و پاوانخوازی‌دا ، خوڕاگرییان کرد و بەرهەڵستی وەستانەوە. یەکەم رێکخراوێك کە لە لایەن رژیمەوە، بە هەڵوەشاوە راگەیەنرا حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو . هێشتا چەند مانگ لە هاتنە سەرکاری خومەینی و رژیمەکەی تێنەپەڕیبوو کە فەرمانی جەهادی بە دژی کورد دەرکرد و ئەگەر بۆ چەند مانگێك و ئەویش بۆ خۆ ئامادەکردن و کۆکردنەوەی هێز، شەڕی راگرت بەڵام زوو هێزە دڕندەکانی بەردایە کوردستان و لە کاتی دەرکردنی بە ناو بڕیاری شۆڕشی فەرهەنگی، لە کوردستاندا شەڕێکی قووڵ و پان و بەرین لە نێوان جەللادەکانی خومەینی و ئازادیخوازانی کورددا بەڕێوە دەچوو.

ناوەندێکی دیکە کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ڕژیمی ویلایەتی فەقیهەوە مابووە، زانستگا بوو. لە زانستگادا ڕژیمی کۆنەپەرستی خومەینی پێگەیەکی نەبوو و نەیدەتوانی لەوێدا جێی خۆی بکاتەوە. ئەگەر لە شەقامەکان و لە بازاردا ڕژیمی تازە، بە فریوکاری و چەواشەکاری و بە دەمامکە جۆربەجۆرەکانی‌یەوە دەیتوانی کە جێی خۆی لە نێو خەڵکدا بکاتەوە، لە زانستگا و لە نێو خوێندکارەکاندا بۆی نەدەکرا.

هەرواکە لە قسەکانی دوکتور مەلەکیشدا هاتووە لەو هەڵبژاردنەدا کە لە زانستگا کرا، لایەنی سەر بە ڕژیم تاقە نوێنەرێکیشی دەنگی نەهێنایەوە، بۆیە ڕژیم بڕیاری هەوڵوەشانەوەی زانستگا و داگیرکردنی و سەر لە نوێ دامەزراندنەوەی دا.

## ٢– دژایەتیی بیری ڕژیم لەگەڵ مۆدێرنیزمدا

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بەشە لە باسەکە، پێویستە ئاماژە بە هەندێ لە پارامیترەکانی شوناسی زانستگا و خوێنکار و بزووتنەوەی خوێنکاری بکەین.

زانستگا وەکوو بەستێنی ژیان و بەردەوامبوونی بزووتنەوەی خوێندکاری، سەرەکی‌ترین پێگە و بنکەی زانستی‌یانەی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی دەسکەوتەکانی مۆدێرنیتە لە ئێراندا بووە.

ناوەندی زانستگا وەکوو ناوەندێکی فێرکاریی مۆدێرن، بنکەی بڵاوکردنەوەی دەسکەوتەکان و بیری مۆدێرنیتە بووە کە سیستمی بارهێنانەکەی و وانەکانی کە لەوێدا وتراونەتەوە و کاریگەرییەکانی و دەرهاویشتەکانی، شێوازێکی مۆدێرن و ئەندێشەیەکی مۆدێرنیان هەبووە.

شێوەی بیرکردنەوە، شێوازی لێکۆڵینەوە، شێوەی چارەدۆزینەوە بۆ کێشەکان، دۆزینەوەی وەڵام بۆ پرسیارەکان، شێوەی وەرگرتن و فێرکردنی مۆدێرن، لاوەکانی کە پێیان ناوەتە زانستگا، بەرەوڕووی پرسیار و پرسیارکردن کردۆتەوە و فێری‌کردون کە لە بەرامبەر کێشەکاندا ڕامێنن و تێ‌فکرێن و پرسیار بکەن و ئەم گۆڕەپانە ڕۆحێکی پرسیارکەر و ڕەخنەگر لە خوێندکارەکاندا دروست دەکا. لە لایەکی‌دیکەوە زۆربەی خوێندکارەکان لە زانستگادا لە چینی مامناوەندی و بەرەوخوارترن و لە بەر ئەوەش کە ئەرکێکی ئابووریی ڕاستەقینەیان لە سەر شان نیە ڕۆحێکی بەرابەریخواز و دادپەروەریان تێدا دروست دەکا. لە بەر ئەم هۆیانە بنەما سەرەکی‌یەکانی شوناسی خوێندکار لە ئێراندا مۆدێرنیتەخوازی و ڕەخنەگر و بەرابەریخوازی بووە بۆیە دەتوانین سێ پارامیتری سەرەکیی بزووتنەوەی خوێندکاری بە گشتی لە ئێراندا بەم سێ پارامیترە پۆلین بکەین:

١ – تایبەتمەندی‌یەکی زانستی ـ فەرهەنگیی بەرهەمهێنان و پاراستنی دەسکەوتەکانی مۆدێرنیتەی هەیە.

٢ – پرسیارکەر و ڕەخنەگرە

٣ – بەرژەوەندییە فەرهەنگی، سیاسی و چینایەتییەکانی چینی مامناوەندی و بەرەوخوار لە خۆ دەگرێ .

ڕژیمی تازەدامەزراو ، نوێنەری بۆرژووازیی دەلاڵی بازار بووە کە لە باری ئابووری و چینایەتییەوە دژ بە بەرژەوەندییەکانی چینی خوارووی کۆمەڵگا و دژبە چینی مامناوەندی بوو و لە باری فەرهەنگی و فیکرییەوە پارێزەری دابونەریت و بەها کۆنەپارێزەکان و دژ بە شارنشینی نوێ و دژ بە فەرهەنگی مۆدێرن بوو کە بەرەبەرە دەهاتە نێو کۆمەڵگای ئێران.

لە لایەکی دیکەوە، زۆرینەی توێژی دەسەڵاتداری ڕژیمی تازە ، لە کۆنەپارێز و دواکەوتووترین مەلاکانی نێو حوجرە و حەوزەکان بوون کە زانستگایان وەکوو ڕکابەر و تەنانەت دوژمنێکی خۆیان دەبینی و هەر لە دامەزرانی بونیاتە مۆدێرنەکاندا دژ بە هەموو دەسکەوت و دیاردە مۆدێرنەکان بوون و لە قسەکانی خومەینی و کەسانی دیکەی سەر بەو بیرەدا قووڵایی دوژمنایەتیان لەگەڵ زانستگادا و هەوڵیان بۆ داگیرکردنی دەردەکەوێ و هەوڵیان دەدا کە بە ناو وەحدەتی حەوزە و زانستگا، زانستگا بخەنە ژێر باڵی بیری چەقبەستوویان.

بەم شوناس و تایبەتمەندییانەوە کە باسمان کرد، دەزگای ویلایەتی فەقیە ببوو بە بێژەر و وتەبێژی دابونەریتە دواکەوتووانەکان و زانستگاش دیاردە و نوێنەری مۆدێرنیتە و لە کێشە و ناکۆکیی نێوان ئەم دوو نەهادە دا بوو کە بڕیاری داگیرکردن و داخستنی زانستگاکان لە لایەن ڕژیمەوە درا.

لە کۆتایی باسەکەدا، ئاماژەیەکی کورت بە هەڵوێستی حیزبی توودە دەکەین کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕژیمی خومەینییەوە تا ئەوکاتەی کە کەوتنە بەر پەلاماری ڕژیم، هەمووکات ڕێخۆشکەر و تێئۆریزەکەری کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی بوون.

هەر لە شەڕی کوردستانەوە بگرە تا داگیرکردنی سەفارەتی ئامریکا و تا داخستنی زانستگا و ... یەکەم لایەن کە ئەو کردەوانەی تێئۆریزە دەکرد ، حیزبی توودە بوو.

لە کاتێکدا کە ڕژیمی خومەینی شەڕی ڕاگرتبوو و لە کوردستاندا حاڵەتێکی نە شەڕ و نەئاشتی هەبوو، بە پیلانی حیزبی توودە ، بەشێك لە حیزبی دێموکرات جیا دەکرێتەوە و بانگی ئەوە دەدەن کە گوایە حیزبی دێموکرات و ڕێبەرییەکەی شەڕخوازە.

لە کودیتا فەرهەنگییەکەی ٥٩شدا، حیزبی توودە بەردەوام باسە لە بەلاڕێدا چوونی فەرهەنگی و پێویستیی شۆڕشی فەرهەنگیی دەکرد و ئەو جینایەتانەی ڕژیم لە زانستگادا بەکەم دەزانی.

کیانووری لە وتوویژ لەگەڵ "ڕاه توده" ٦ ی خەرمانانی ٦١ لە وەڵامی پرسیارێك سەبارەت بە داخستنی زانستگا و شۆڕشی فەرهەنگیدا دەڵێ:

" ... ئەگەر بمانەوێ هەڵسەنگاندنێکی بێ

لایەنانە لە شۆڕشی فەرهەنگیمان هەبێ، بە بێ رق و بێ ئـەوەی بمانـەوێ کەسێك مـەحکووم بکەین، دەبێ بڵێین کە بـەو پـەڕی داخـەوە، لـە هەمان کاتدا کە هەندێ هەنگاوی باش لە لایەن حکوومەتـەوە بـۆ لـە نێـو بردنـی لادانـەکان لـە ژیـانی کۆمەڵایـەتیدا، هەڵێنراونەتـەوە بـەڵام زۆربەی ئەم هەنگاوگەلە رووکەش بـوون. دەبـێ بزانین کە لادانی فەرهەنگی نە تـەنیا زانسـتگای ئێمـە، بـەڵکوو تـەواوی ژیـان و فەرهـەنگی کۆمەڵایەتیی ئێمەی لە خۆ گرتوە...".

کوردستان نێت
Kurdistannet کوردستان نێت

# کاریگەرییەکانی کودیتای فەرهەنگی

# لەسەر

# جووڵانەوەی خوێندکاری

جەمیل کولاهی

سیستمی فێرکاری باڵا لە سەرانسەری جیهاندا، سەرچاوەی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکای بە سەر بوارگەلی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابووری نێو کۆمەڵگایە. بۆیە ڕێژیمە دیکتاتۆر و تۆتالیترەکان بە تایبەتی ئەو ڕێژیمانەی کە لە سەر بنەمای ئیدئۆلۆژیك دامەزراون، هەموو کاتێك لە هەوڵی ئەوەدان کە ئەو سیستمە لە گەڵ بنەماکانی دەسەڵاتی خۆیان ڕێك بخەن. کە مەبەست لەو کارە کوشتنی روحی رەخنەگریو نوێخوازی و پرسینەوە لە دەسەڵاتداران لە نێو ئەو کەسانەیە کە لەو سیستمەدا پەروەردە دەکرێن. ئەو ڕێژیمانە لە لایەکەوە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات پێویستیان بە کادری تێکنۆکرات و بوروکرات هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی ناوەرۆکی دواکەوتووانەی دەسەڵاتەکەیان ناتوانن سیستمێکی بازی فێرکاری قبووڵ بکەن. چونکە سیستمی باز، مرۆڤی چاونەترس و بوێر ، بیرمەند و خاوەن بیروبۆچوون و رەخنەگر باردێنێ، کە ئەمە لەگەڵ بنەمای دەسەڵاتە دیکتاتۆر و تۆتالیترەکاندا یەك ناگرێتەوە. بۆیە بۆ دوانەکەوتن لە دنیا و بە دەست هێنانی زانست و تیکنۆلۆژی رۆژ ناچار بە دامەزراندنی زانستگا و ناوەندە فێرکارییەکانن. بەڵام هەر وەها کە ئاماژەی پێکرا سیستمێکی داخراوی سیاسی بە سەر زانستگادا زاڵ دەکەن، کە لەگەڵ بنەماکانی دەسەڵاتەکەیان یەك بگرێتەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەك ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیك ، هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە ، لەو راستییانە تێ گەیشتبوو، بۆیە کەوتە بیری گۆڕینی ئەو سیستمە و بنیات نانی سیستمێکی فێرکای بە پێی بنەمای ئیدئۆلۆژیکی مەزهەبی. چونکە زانستگا لە ئێراندا هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە، ئەدەبیاتێکی سیکولار بە سەریدا زاڵ بوو، کە لەگەڵ ئیدئۆلۆژی مەزهەبی ناتەبا بوو. هەروەها ئەو هێزە مرۆڤیەی کە لە زانستگا پەروەردە دەکرا و پێك هێنەری جووڵانەوەی خوێندکاری بوو زیاتر لە حیزب و لایەنە سیاسییە سیکولارەکان پشتیوانی دەکرد و دژ بە بیری بناژۆخوازانەی ئیسلامی بوو. بۆیە کاتێك کە ڕێژیم بۆی دەرکەوت کە لە نێو زانستگا و جووڵانەوەی خوێندکاریدا پێگەیەکی نیە، پرۆژەیەکی لە ژێر ناوی شۆڕشی فەرهەنگی گرتە پێش، کە بەرنامەیەکی دوو ماددەیی بۆ ئەو پرۆژەیە داڕشتبوو، ئەو ماددانە بریتی بوون لە:

١ ) ئیسلامی کردنی زانستگا

٢ ) پاڵاوتن و دەرکردنی مامۆستا و خوێندکارە جودابیرەکان لە زانستگا.

ڕێژیم بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بەرنامەیە زانستگای بۆ ماوەی سێ ساڵ داخست. بۆیە ئەو کارەی کە ڕێژیم لە ژێر ناوی شۆڕشی فەرهەنگی‌دا کردی لە راستیدا کودیتایەك بوو بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بە سەر زانستگادا، چونکە شۆڕشی فەرهەنگی بە مانای پێك هێنانی ئاڵوگۆڕ بە سەر سیستمی پەروەردە و فێرکردن و نوێ کردنەوەی بە پێی زانستی

سەردەمە. بەڵام ڕێژیم لە یەکەم هەنگاودا زانستگای کە شوێنی بە هەم هێنانی زانست و تێکنۆلۆژی ڕۆژ و پەروەردە کردنی هێزی کار و بەرهەم هێنەرە، داخست ، هەروەها لەو ماوەیەدا دەستی کرد بە دەرکردنی مامۆستا و خوێندکارە جودابیرەکان، بۆیە باشتر ئەوەیە کە پێی بڵێین کودیتای فەرهەنگی. کودیتای فەرهەنگی ئاکامگەلێکی خراپی لێ کەوتەوە ، کە دواتر لە سەر جووڵانەوەی خوێندکاری کاریگەرییەکی نێگاتیڤیان دانا. لێرەدا پێویستە بە هێندێك لەو ئاکامانەی کودێتای فەرهەنگی ئاماژە بکرێ تا باشتر کاریگەری ئەو کودیتایەمان بۆ دەرکەوێ:

١ ) زاڵ بوونی ڕێژیم بە سەر زانستگادا.

٢ ) خاڵی بوونەوەی زانستگا لە هێزە جودابیرەکان.

٣ ) هەڵوەشانەوەی ڕێکخراوە خوێندکارییە سەربەخۆکان و مانەوەی ئەنجومەنە ئیسلامییەکان وەك تاقە ڕێکخراوی خوێندکاری.

٤ ) پەرەسەندنی نفووزی ڕێژیم لە نێو زانستگادا.

٥ ) هاو ئاهەنگ بوونی زانستگا لە گەڵ ڕێژیم.

٦ ) زاڵ کردنی ئیدئۆلۆژی مەزهەبی بە سەر زانستگادا.

بە هۆی کارتێکەری ئەو ئاکامانەی کە لە کودیتای فەرهەنگی کەوتنەوە، بزووتنەوەی خوێندکاری زەبرێکی قورسی وێ کەوت کە هەتا ئێستاشی لە گەڵ بێ نەیتوانیوە لە ژێر کاریگەری ئەو کودیتایەدا خۆی ڕێك بخاتەوە. بۆ ڕێکخستنەوەی ئەو جووڵانەوەیە پێویستە ئەو کاریگەرییانەی کودیتای فەرهەنگی کە بوونەتە هۆی ڕاوەستانی بزووتنەوەی خوێندکاری ، بناسین و بە شێوەیەکی زانستییانە چارەیان بۆ بدۆزینەوە. بۆ ئەو مەبەستە لێرەدا بە سێ تایبەتمەندی سەرەکی زانستگا و بزووتنەوەی خوێندکاری کە کەوتنە ژێرکاریگەری ئەو کودیتایە ئاماژە دەکرێ و بە وردی باسیان لێوە دەکرێ کە بریتین لە:

١ ) کاریگەری کودیتای فەرهەنگی لە سەر ئەو هێزە مرۆڤیەی کە لە زانستگادا پەروەردە دەکرێ.

٢ ) کاریگەری کودیتای فەرهەنگی لە سەر سەربەخۆیی زانستگا و بزووتنەوەی خوێندکاری.

٣ ) کاریگەری کودیتای فەرهەنگی لە سەر داخوازییەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە کاریگەری کودیتای فەرهەنگی لە سەر بزووتنەوەی خوێندکاری لە درێژەی باسەکەدا لە سەر ئەو سێ خاڵە زیاتر باس دەکرێ :

١ – کاریگەری کودیتای فەرهەنگی لە سەر ئەو هێزە مرۆڤیەی کە لە زانستگادا پەروەردە دەکرێ

الف ) تایبەتمەندی ئەو هێزە مرۆڤیە

زانستگا بە هۆی ئەوە کە شوێنی شرۆڤە و شی کردنەوە و لێکۆڵینەوەیە، ئەو هێزە

مرۆڤیەی کە باری دێنێ لە روانگەیەکی نوێوە سەیری جیهان و پێکهاتەی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکا. خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ بوارە جیاجیاکانی نیو کۆمەڵگا هەیە، بۆیە دەکەوێتە بیری گۆڕین و ئاڵوگۆڕ پێك هێنان. چونکە ئەو هێزە بارودۆخی مەوجوود لە نێو کۆمەڵگادا، بە وڵامدەری نیازەکانی ئێستا و داهاتوو نابینێ، هەر چەند لە وڵاتێکی پێشکەوتووشدا بێت، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییە، کە لە سروشتی ئەو هێزەدا، تایبەتمەندیی توانەوە لە بارودۆخی مەوجوود و زاڵ بە سەر کۆمەڵگا دا بەدی ناکرێ و هەر دەم لە بیری نوێکاری و نوێ کردنەوەیە.

ب ) هۆی گرینگایەتی ئەم هێزە بۆ حاکمییەتە سەرەڕۆکان

ئەو هێزە مرۆڤیەی کە لە زانستگادا پەروەردە دەبێت و باسی لێکرا، پێك هێنەری بزووتنەوە خوێندکارییە، بزووتنەوەیەك کە یەکێ لە گرنگترین و کاریگەرترین جووڵانەوەکان بووە. چونکە ئەگەر سەیری بزووتنەوەکانی دیکەی وەك جووڵانەوەی کرێکاری و فیمینیستی بکەین بۆ چین و توێژێکی تایبەت تێدەکۆشن، بەڵام جووڵانەوەی خوێندکاری ئامانجگەلێکی گشتگیری هەیە، داخوازییەکانی بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە، کە ئەمە بۆتە هۆی ئەوە کە جووڵانەوەی خوێندکای هەموو کاتێك بزوێنەرو هاندەری جووڵانەوەکانی دیکە بێت.

جیا لەوە رێبەران و بەڕێوەبەرانی زۆربەی هەرە زۆری حیزب و رێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە نێو ئەو هێزەدا هەڵکەوتوون.

ج )هۆی دژایەتی هێزە سەرەڕۆکان لەگەڵ ئەو هێزە.

بە درێژایی مێژووی پێك هاتنییەوە، ئەو هێزە دژی دەسەڵاتە تۆتالیتر و دیکتاتۆرەکان بووە، چوونکە ئەو دەسەڵاتانە لە سەر بیری چەق بەستووو نەگۆڕ دامەزراون و دژی هەر چەشنە گۆڕانکاری و نوێکاری لە کۆمەڵگادان. کەچی ئەو هێزە لە سەر بنەمای لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستییانەی شتەکان بار هاتووە، بۆیە وەك دەسەڵاتە رەهاکان شتەکان بە چەق بەستووو نەگۆڕ نابینێ. ئەم تایبەتمەندییانە بوونەتە هۆی پێك هاتنی دوو بەرەی دژ بە یەك، کە هەرکامەیان هەوڵی تێك شکاندن ئەوی دیکەیانی کردوتە ئامانجی سەرەکی خۆی. واتە بەرەی نوێ خواز و پێشکەوتن خواز و بەرەی پاوانخواز و دواکەوتوو. بۆیە زانستگا و ناوەندە فێرکارییەکان هەر دەم مەیدانی پێك دادان و بەگژ یەکتریدا چوونەوەی ئەو دوو بەرەیە بووە. رێژیمی کۆماری ئیسلامی وەك رێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکی ئیسلامی بناژۆخواز بەو دروشمانەی کە هەڵی گرتبوون دەیویست کۆمەڵگای ئێران بۆ سەرەتاکانی ئیسلام بگەڕێنێتەوە. بۆیە لە گەڵ نوێکاری و گۆڕانکاری نەدەهاتەوە و کەوتە بیری دژایەتی

و سەرکوت کردنی ئەو هێزە کە پێکهێنەری جووڵانەوەی خوێندکاریە.

د ) چۆنییەتی کاریگەری کودیتای فەرهەنگی لە سەر تایبەتمەندیەکانی ئەو هێزە

پێشتر باسمان کرد کە کودیتای فەرهەنگی هێندێك ئاکامی وەك دەرکردنی جودابیران و ئیسلامیکردنی زانستگاکانی لێ کەوتەوە ، بێجگەم لە وانە ڕێژیم هێندێك ناوەندی وەك "گوزینش" ، "بەسیجی دانشجوویی" ، "حەراسەت" ، "دەفتەری نوێنەری وەلی فەقیە" لە زانستگادا ، دامەزراند کە ئەمە ترسی دەرکردن و بێوەری کردن لە کار و تێکۆشانە کۆمەڵایەتییەکانی خستە نێو خوێندکارانەوە، تا خوێندکار توانای بەرەنگار بوونەوەی لە گەڵ ڕێژیم نەبێ ، کە ئەمە بوو بەهۆی دوور کەوتنەوەی خوێندکار لە بیری گۆڕانکاری و کاری سیاسی . بۆیە جووڵانەوەی خوێندکاری کە ئەو هێزە پێك هێنەری بوو لە سەر بنەماکانی خۆی نەما و ئەو تایبەتمەندییەی لە دەست دا . لەوە بەدوا ڕێکخراوە خوێندکارییەکان نەتەنیا بیری گۆڕانکارییان نەبوو، بەڵکوو بە کردەوە بەشێك بوون لە حاکمییەت و سیاسەتەکانی ڕێژیمیان لە زانستگادا جێبەجێ دەکرد.

٢ – کاریگەری کودیتای فەرهەنگی لە سەر سەربەخۆیی زانستگا و بزووتنەوەی خوێندکاری

الف ) گرینگایەتی سەربەخۆیی بۆ جووڵانەوەی خوێندکاری

یەکێ لە بنەماییترین ، تایبەتمەندی هەر جووڵانەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە یەکی لەوانە جووڵانەوەی خوێندکارییە، تایبەتمەندی سەر بەخۆییە ، هاوکات لە گەڵ ئەوە چوونکە زانستگا ئاخێزگەی بزووتنەوەی خوێندکارییە ، دەبێ زانستگایش لە باری سیاسییەوە سەربەخۆ بێت. لێرەدا کە باس لە سەربەخۆیی دەکرێت، مەبەست ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوەیە لە پێکهاتەی دەسەڵات و دەوڵەتی زاڵ بە سەر کۆمەڵگادا سەربەخۆ بێت. نەك ئەوەی کە لە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان پشت هەڵکا و جیا ببێتەوە. لە ڕاستیدا سەربەخۆیی لە دەسەڵات بەشێکە لە شوناسی ئەو جووڵانەوەیە ، چوونکە ئەگەر سەربەخۆ نەبێت، ناتوانێ لەگەڵ هیچ حیزب و لایەنێکی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات پێوەندی بگرێت و لە ڕاوبۆچوون و ڕێنوێنی ئەوان کەڵك وەربگرێ. ناتوانێت، خوێندنەوەیەکی دروست و واقیع بینانەی لە سەر ڕاستییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگا هەبێت، بەڵکوو خوێندنەوەی لەسەر بوارە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵگا ، لە ڕاوبۆچوونی دەسەڵاتی زاڵ بە سەر کۆمەڵگادا سەرچاوە دەگرێ ، بۆیە خوێندنەوەیەکی دابڕاو لە ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگایە.

ب ) چونیەتی کاریگەری کودیتای فەرهەنگی لە سەر بواری سەربەخۆیی بزووتنەوەکە

بە هۆی ئەوەوەکە بە دوای کودێتای فەرهەنگیدا ڕێکخراوە خوێندکارییە سەربەخۆکان هەڵوەشێندرانەوە و زانستگا لە

هێزە جودابیرەکان خاڵی بووە، ڕێژیم بەسەر زانستگادا زاڵ بوو و شتێك بە نێوی سەربەخۆیی سیاسی خوێندکار و زانستگا لە ئارادا نەما ، بە دوای ئەو کودیتایەدا چەند ڕێکخراوێکی ئیسلامی وەك دەفتەری تەحکیم وەحدەت کە بەستراوە بە ڕێژیم بوون ، ببون بە نوێنەری خوێندکاران ، کە هیچ چەشنە سەربەخۆییەکی سیاسی و بڕیاردانیان نەبوو، بۆیە بە هۆی بەستراوە بوونیان بە دەزگای حاکمییەتەوە هیچ دژکردەوەیەکیان بەرامبەر بە کردەوەکانی ڕێژیم نەبوو، کە ئەمە کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر جووڵانەوەی خوێندکاری دانا و بوو بە هۆی پەسیڤ و لاواز بوونەوەی ئەو بزووتنەوەیە . سەندنەوەی تایبەتمەندی سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردان ، ئەوەندە کاریگەر بوو کە هەتا ئێستایش دوای زیاتر لە دوو دەیە ، جووڵانەوەی خوێندکاری ئێران پێوە دەناڵێ.

٣ – کاریگەری کودیتای فەرهەنگی لە سەر داخوازییەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری

ئالف ) داخوازییەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری کامانەن

داخوازییەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری بە دوو دەستە دابەش دەبن ١) داخوازی یە گشتییەکان ٢) داخوازییە تایبەتەکان

١) داخوازییە گشتییەکان

پێك هێنانی سیستمێك لە سەر بنەمای بایخەکانی مۆدێرنیتە سەرەکیترین داخوازی جووڵانەوەی خوێندکارییە. ئازادی، دێمۆکراسی، مافی مرۆڤ ، بەرابەری ژن و پیاو جیایی دین لە سیاسەت لەو بایخانەن کە بزووتنەوەی خوێندکاری لە سەرەتای دامەزرانییەوە خوازیاری جێگیر بوونیان لە نێو کۆمەڵگادا بووە. کە لە ڕاستیدا مۆدێرنیتەخوازی جووڵانەوەی خوێندکاری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاخێزگەی بزووتنەوەی خوێندکاری زانستگایە کە گەورەترین پێگە و ناوەندی ناسین ، فێربوون و پەرەپێدانی دەسکەوتەکانی مۆدێرنیتەیە. بۆیە فەرهەنگ و بیری مۆدێرنیتە بوتە بەشێك لە شوناسی جووڵانەوەی خوێندکاری ، وەك هێزێك کە لە زانستگادا پەروەردە کراوە.

٢) داخوازییە تایبەتەکان

بزووتنەوەی خوێندکاری بێجگەم لە داخوازیگەلی گشتی، هێندێك داخوازی تایبەت بە خۆیشی هەیە ، کە ئەمە لە ڕاستیدا شوناسی سەربەخۆیی ئەم جووڵانەوەیەیە. ئەم شوناسە بەو بیر و هزرانەی کە لە نێو خوێندکاران دان دەرفەتی پەرەپێدان دەدەات . بۆیە دەبێ بەو بوارە گرینگی بدرێت. هێندێك لەو داخوازییانە بریتین لە پێك هاتنی کەش و هەوای ئازادی سیاسی لە زانستگا، سەربەخۆیی سیاسی زانستگا، بەرگری لە دەستتێوەردانی پۆلیس و هێزە ئەمنییەتییەکان لە زانستگا و ...

ب ) کاریگەری کودیتای فەرهەنگی لە سەر ئەم بوارە

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو ڕاستییە

تێگەیشتبوو کە ئەو ئەدەبیاتە مۆدێرنە و داخوازییە پێش کەوتووو سەردەمیانانە هەڕەشەیەکی گەورەن بۆ سەر مانەوەی رێژیم.

بۆیە لە جەرەیانی ئەو کودیتایە سیستم و ئەدەبیاتێکی ئیدئۆلۆژیکی ئیسلامی بە سەر زانستگادا زاڵ کرد. زانستگا کە ناوەندی پەروەردە کردنی مرۆڤ بە پێی دەسکەوتەکانی سەردەم بوو، بوو بە ناوەندی پەرەپێدانی بیری مەزهەبی و بناژۆخوازی ، بایخە ئیسلامییەکان لەوە بەدوا جێگای بایخە مۆدێرنەکانیان گرتەوە، کە ئەمە زەبرێکی گەورە و کاریگەر بوو لە بزووتنەوەی خوێندکاری ئێران.

بێجگەم لەو سێ بوارە کە ئاماژەیان پێ کرا دەتوانین بە هێندێك بواری دیکە کە کەوتنە ژێرکاریگەری نیگاتیڤی کودیتای فەرهەنگییەوە ئاماژە بکەین، وەك ئارمان گرایی و ئارمانجی جووڵانەوە خوێندکاری ، تەشکیلات ، بەرنامە و گەلاڵە بۆ داهاتوو، بەردەوامی لە کارو تێکۆشان.

لە کۆتاییدا پێویستە بەو راستییە ئاماژە بکرێ کە ئەو هێرشەی رێژیمی سەدەنێوەڕاستی کۆماری ئیسلامی کە لە ژێر ناوی بە قەولی خۆیان شۆڕشی فەرهەنگی بەڕێوە چوو ، دابڕانێکی مێژوویی قووڵی لە رەوتی جووڵانەوەی خوێندکاری پێك هێنا ، هۆی ئەو دابڕانەش دەگەڕێتەوە بۆ بەستن و داخستنی زانستگا، قەلاچۆکردنی هێزە جودابیرەکان و سەپاندنی ئیدئۆلۆژی ئیسلامی بە سەر زانستگا . کە ئەمە بوو بە هۆی دابڕانی ئەو نەوەیە کە بە دوای کودیتای فەرهەنگیدا دەچوونە نێو زانستگا، لە رابردووی فەرهەنگی مێژوویی و سیاسی جووڵانەوەی خوێندکاری.

بۆیە بۆ سەر هەڵدانەوە و دەس پێکردنەوەی کار و تێکۆشانی بەدەوامی جووڵانەوەی خوێندکاری پێویستە بێجگەم لە هەوڵدان بۆ دەرهاتن لە ژێر کاریگەری ئاکامەکانی کودیتای فەرهەنگی ، دەبێ جارێکی دیکە بە وردی مێژووی جووڵانەوەی خوێندکاری ئێران بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، لەو تەجروبە و دەسکەوتانەی کە هەنی دەرس وەربگرێ ، چوونکە لە مێژووی ئەو جووڵانەوە کۆمەڵێك تەجروبە و دەسکەوت وەك جووڵانەوە خوێندکارییەکانی دەیەی ٢٠ ، پشتیوانی لە نەتەوەیی کردنی سەنعەتی نەوت ، خەباتی چەکدارانەی دەیەی ٤٠ ، پێك هاتنی کونفدراسیۆنی خوێندکاری ئێران ، رۆڵی گرینگ لە رێك خستن و بەشداری لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان، هەن کە دەبێ بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەك بۆ دەرباز بوون لە راوەستان و پەسیف بوون کەڵکیان لێ وەربگیردرێ.

# شۆڕشی فەرهەنگی،

# ئاماژەیەک بۆ

# سەلەفییەتی مۆدێرن

هەژار رەحیمی

شۆڕشی گەلانی ئێران، یەکێکە لە دیارترین و مەزنترین شۆڕشەکانی سەدەی بیستەم، ئەمەش لە چەندین گۆشەنیگای جیاوازەوە دەردەکەوێت کە شیاوی هەڵسەنگاندن و شرۆڤە کردنن، وەکو گۆشەنیگای کۆمەڵایەتی، سیاسی و ...هتد. ئەگەر شۆڕش لە هەر سەردەم و دەورێکدا نیشانەیەکە بۆ ناهاوسەنگی و هەبوونی بورکانێکی مت بوو لە هەناوی کۆمەڵگادا و دواجار تەقینەوە و دەرکەوتنی، ئەوە لە هەمان کاتیشدا دەرئەنجامەکانی شۆڕش و پابەند بوون پێیان و دروست کردنی ئاڵوگۆڕ و دیاری کردنی میکانیزمەکانی، نیشانەیەکی ترن بۆ رەسەنی ئەو شۆڕشە و ئامانجە خولقاوەکانی کە لە ناو دڵی تاکەکانی کۆمەڵگادا شکڵیان گرتووە. ئەگەر شۆڕش نیشانەی هەڵتەکاندن و لە ریشە هەڵکێشانی ئەو سیستەمانە بێت کە چیتر لە ئاستی خواست و داواکانی میللەتەکانیاندا نین و زیاد لەوەی لە راستای بەرژەوەندی گشتیدا بجوڵێنەوە، لە خزمەتی دەروون و بەرژەوەندییەکانی خۆیان دان، ئەوا ئەنجامە بەدەست هاتووەکانی شۆڕش نیشانەی شکڵ گرتنی ئەخلاقێکی تایبەتن و هاوکات نیشانەی وەفادار بوونیشن بەو ئامانجانەی کە رۆژێك لە رۆژان لە چوارچێوەی دەروونە وەزاڵە هاتووەکاندا وەکو هێزێکی لە ناخدا هەڵگر خۆیان حەشار داوە. هیچ شۆڕشێك ناتوانێ رەسەنی و ئەخلاقی بوونی خۆی بسەلمێنێت، ئەگەر بێتوو لە کاتی ئاڵوگۆڕی سیستەمدا ئەو رەمز و بەهایانە لە ناو نەبات کە لە سیستەمی لە ناوچوودا باو بوون، ئینجا لە هەر رێگایەکەوە و بە سوود وەرگرتن لە هەر میکانیزمێك و بە خۆ نواندن لە ژێر هەر دروشمێکدا بێت. شۆڕشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران، شۆڕشێکە لە پێکەوە گرێدانی ئەو لایەنە دژانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن. شۆڕشێکە لە هەڵگرتنی هەمو بەها پیرۆز و ئومێدبەخشەکان و هاوکاتیش شۆڕشێکە لە دەست پێکردنی نامۆیی و ناپەسەندییەکان، بە شۆڕش توانیمان دیکتاتۆر بروخێنین و زانیمان کە بە یەکدەستی و یەکدڵی، هیچ هێزێك ناتوانێ مەزنتر بێت لە ئێمە. لە هەمان کاتیشدا دەرکەوت کە ئەوە ئیرادەی خەڵکە دەتوانێ مەزنترین ئاڵتەرناتیف بێت چ بۆ دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان، چ بۆ دارشتنی یاسای کۆمەڵگاکانیش. هەر لە هەمان کاتیشدا گەورەترین لادانمان لە رێڕەوی شۆڕش بینی کە دواجار جگە لە مۆتەکەیەك هیچی تری لە شۆڕش نەهێشتەوە. ئەمەش پەیوەستە بەو ناسنامەیەوە کە شۆڕش دواجار هەڵی دەگرێ، هەروەکو چۆن هەڵی گرت. ئەگەر بتوانین شۆڕش بە لوتکەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دابنێین، لە کاتێکدا کە ئیتر هیچ سازشێك خۆی لە چوارچێوەی هەڵسەوکەوت و کردەکاندا نابینێتەوە، ئەوا دەتوانن، بە دیاردەیەکی مۆدێرنی دابنێین، ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی لەو مەبەست و

ئامانجانەدادەردەکەوێت، کە شۆڕشەکان لە هەناوی خۆیانادا دەیانخولقێنن، چونکە ئێمە کەمتر دەبینین ئامانجی شۆڕشێك لەم سەردەمەدا بریتی بێت لە بێ بەرنامەیی و هەوڵنەدان بۆ خۆ نەگونجاندن لە چوارچێوەی پێوانە جیهانی و باوەر پێکراوەکان، بەڵکو ئەوەی ئێمە لە شۆڕشدا دەیبینینەوە لەم سەردەمەدا، هەوڵدانە بۆ پێکهێنانی ژیانێکی باڵاو ئینسانی کە دواجارهەلگرو بانگەشەکەری هەموو ئەو چەمك و بەهاو یاسایانەیە کە لە دنیای مۆدرێرندا هەن و کاریان پێ دەکرێ ئیتر لێرەوەیە، کە هەرجورە لادان و خۆنەگونجاندنێك لەم پێوەندییەدا خۆی لە ئاقارێکی نائیسانی و نەگونجاودا دەبینێتەوە، ئەمەش بەومانایەنییە کە جۆرێکە لە پەیوەست بوونی بێ دەسەلاتانە، بەڵکو ئەوەی لێرەدا خۆی دەنوێنێتەوە سود وەرگرتنە لە هەموو ئەو دا هێنراوانەی کەلە ڕاستای خزمەتی مرۆڤدان، و لەهەولی گەراندنەوەی ئەو نرخەدان بۆ مرۆڤ کە لە ژێر سایەی رژێمە دیکتاتۆرەکاندا لە ناو چوون، دیارە باس کردن لە چییەتی شۆڕش و هۆیەکانی شۆڕش و مەبەستەکانی شۆڕش باسگەلێکی ترن، کەلە مەودای ئەم باسەی ئێمەدا لە بەر ئەوەی بابەتێکی ترە، ناتوانین باسی بکەین، لە ڕاستیدا ناتوانین حەقی خۆی بدەینێ. ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە، باسکردنە لەشۆڕشی فەرهەنگی، کەلە دوای شۆڕشی گەلای ئێراندا وەکو تێزێك هاتە پێشەوەو هەربە مەشەوە نەوەستاو خرایە بواری پراکتیکەوە و بووە پرۆسەیەکی بەردەوام کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە ژێر پەردەی کارگەلی جۆراوجۆردا ئامادەیی هەیە، سەرەڕای ئەوهەمو ئاکامە نێگەتیڤانەی کە لەسەر کۆمەڵگای ئێرانی جێ هێشتوون، دەسپێکی ئەم کارەش لە کردەیەکی دوا کەوتوانەی دژ بە زانست و مرۆڤایەتی دا ئەنجام درا، کە ئەویش داخستنی زانکۆکان بوو، بەمەستی لەناوبردنی هەرجۆرە دژایەتییەکە کەدەشێت چ لە کورت مەودادا و چە لە درێژ مەودادایەخەیان بگرێت. لە ڕاستی دا لێکۆلینەوە و باسکردن لە بابەتێکی ئەوتۆ کەکاریگەری یەکی یەکجار زۆری لە سەر کۆمەڵگای ئێران هەبووە، چ لە سەرتاکەکانی و چ لەسەرچالاکیو رێکخستنە کۆمەلایەتییەکانی، پێویستی بە بەدوادا چۆنێکی جدی هەیە، چونکە لە ڕاستیدا کاریکەریەکانی ئەوتێزو کردەوەیە وە نەبێت لەسەردەمێکی دیاریکراوی ڕبردوودا دەرکەوتبن و ئیدی لەگەڵەئەم سەردەمەدا پەیوەندی یان نەبێت، بەڵکو تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەوتێزە و ئەوکردەوەیە هەر بەردەوامن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کاریگەری نیگەتیف لەسەر کۆمەڵگا جێ دێلن، ئەم کاریگەریە نێگەتیڤانە چ لە ڕابردوو دا چ ئێستاشی لەگگەڵدا بێت، بوو نەتە هۆی پێکهێنانی ناهاوسەنگی گەلێك لە هەموو مەوداکاندا. هەر شۆڕشێکی سیاسی دەشێت دواجار شۆڕشێکی کۆمەلایەتیش بێت، دیارە ئەم نۆرینە لەو ڕوانگەوەیە کە شۆڕش

ئەو کردەیەیە بزۆتنەوە گەلێکی جەماوەری کۆمەڵایەتی هەڵیگریٚ[1] ، بەم پیوانەیە هاوکات لەگەڵ شۆڕشدا دەشێت جۆرێك لە رێکەوتنی گشتیش هەبێت سەبارەت بەو نورمانەی کە دەتوانن زاڵ بن بەسەر چالاکی یە کۆمەڵایەتیەکاندا . بەڵام کاتێك سەیری شۆڕشی گەلانی ئێران دەکەین ، دەبینین حاڵەتێکی ئەوتۆی تێدا بەدی ناکرێت، ئەمەش هەر وەکو گووتمان لە ئەنجامی ئەو پێناسەیە دەدرێتە شۆڕش ، ئەمەش نەك بەخواستی خەلك بەڵکو بە خواستی ئەو خەڵکەی کە گەیشتوونەتە دەستەلآت و هەلیان قۆزتوەتەوە . ئەگەر شۆڕش نەیتوانی پێناسەیەکی فەرهەنگی هەمە لایەن پەسەند بداتە دەستەوە ، ئەوا دواجار تونی لەناو خۆیدا شۆرشیکی دیکەی ساختە و پشتگەرم بە دیارترین ئامرازەکانی سەرکوت بهێنێتە بەرهەم، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کەئەوانی لێوە دەگەیشتن بەمەبەستەکەیان. ئەگەر شۆڕش لەهەنگاوی یەکەمیدا وەکو کۆتای هێنەری سیستەمی سیاسی بوو ئەوا لەهەنگاوی دووەمدا شۆڕشێکیتر بوو بۆگەرانەوەی سیستەم بۆ هەمان شۆڕشی پێشوی ، بەڵام ژێر دەمامکێکی تردا، لێرەوەش دەتوانین یەکەمین هەنگاوەکانی سەلەفیەتی مۆدێرن بە چاوی خۆمان ببینین.

ئەگەر بێتو خەسڵەتەکانی سەلەف مۆدێرن بخەینە پێش چاو، دەتوانیٚ سەرەتایەکی باش بێت بۆ ئەوەی پیٚ لە سەر هەندیٚ لایەن دابنێین. ئەو خەسڵەتانەش داتونن بریتی بن لە:

١. سەلەفیەك کە لە جیهانی دەسکەوتەکانی فکری مۆدێرن دا دەژیت.

٢. سەلەفیەك کە لە جیهان دا دەژی و بەشێوەیەکی لەناخ دا هەلگر دژی ئەو جیهانەیە.

٣. سەلەفیەك کە دژایەتی خۆی لەگەڵ فکری مۆدێرن، بەیارمەتی و لەرێگای کەرەستەی مۆدێرن دەکاتە ئیدئۆلۆژی[2] . (دەنگی بلورینی دەق - عبدالخالق یعقوبی ٢٠٠٥ - سلێمانی - ص٤٩ )

هەروەك لە سەرەوە باسمان کرد دەتوانین بەپێی ئەم بۆچوونانە چەند جۆرێك لەسەلەف مۆدێرن دیاری بکەین کە دواجار هەموویان لەچاوگەیەکەوە تێر دەکرێن. رەنگە ئەگەر تەنها کارکردنی سەلەفیەتی مۆدێرن لە چوارچێوەی کەڵك وەرگرتن لەداهێنانە ماددیەکانی مۆدێرنە بوایە ئەوا تا ئاستێکی باش دەتوانرا لە هەنگاوی یەکەم دا دیاری بکرێنو جێگای تایبەتی خۆیان بۆ دیاری کرابا، بەڵام ئەوەی رەهەندێکی ئاڵۆزی داوەتە ئەم دیاردەیە، تەنانەت سەلەفیەتی مۆدێرن پەناشی بردووەتە بەر داهێنانە فکریەکانی مۆدێرن وزۆر جار هەوڵیشی داوەو دەدات لەو گۆشە نیگایەوە خۆی پێناسە بکات، ئەگەرچی لە رووی جەوهەریەوە لەناو تاریکستانی سەلەفیەت دا

١- شۆڕش و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، ئەنتۆنی گیدنز، هیوا حاجی دیلۆیی، کوردستان، موکریانی،٢٠٠٥– ص١٣

٢ ـ دەنگی بلورینی دەق ـ عبدالخالق یعقوبی ٢٠٠٥ ـ سلێمانی ـ ص٤٩

خۆی حەشارداوە. ئەگەرچی ئەوە بەومانایە نییە کە توانیبێتی رازی بوونی هەمەلایەنە سەبارەت بە ناسینی خۆی بخاتە بەرچاو بەڵام لەهەمان کاتیشدا لەبەرئەوەی لەسەردەمی ئەمرۆدا زۆرجار سازشێکی سیاسی‌یان بۆدەکرێتو هەوڵ دەدرێت کە لە روانگەی واقعی سیاسیەوە شتەکان بخرێتەروو. بناسرێن، جۆرێك لە ئالۆزی هێناوەتە کایەوە وای لێکردووە کە ناسینی زۆر بەزەحمەت بێتەدی. ئینجا لەم گۆشەنیگاوە هەوڵدەدەین چەند لایەنێکی شۆڕشی فەرهەنگی بخەینە بەر چاو کە لە پەیوەندیەکی تۆکمەدان لەگەڵ ئەو ئاماژانەی سەرەوە.

ئەگەر ئاورێکی کورت بدەینەوە لەم تێزە و چۆنیەتی شکڵ گرتنی و هۆکارەکانی، ئەو راستیەمان باش بۆ دەردەکەوێت کەدەستەلاَتدارانی دوای شۆڕش دابرانێکی گەورەیان هەبوو لەگەڵ فەرهەنگی زاڵو فکری زاڵی کۆمەڵگا، یا بە لایەنی کەم لە زانکۆکان، کەوەکو ناوەندێك بۆ بەرهەم هێنانی مەعریفە و هاوکاتیش وەك ناوەندێك لە هەرمبەر ناسێنی کۆمەڵگا و پێکهاتەکەی دا شیاوی گرنگی پێدانن، ئەمەش بەو مانایەنی یە کە بە بەرتسك کردنەوەی نە گونجان لەزانکۆکاندا پەسەندی‌یەکی گشتی بدەینە ئەو کردەیە، بەڵکو زانکۆکان، دواجار لەڕێگەی کادرە جیاوازەکانیەوە دەچنە ناو کۆمەڵگاو رۆڵیان دەبێت لە رێکخستنی کۆمەڵگادا, ئیتر ئەم چوونە ناوەش جیاوازی‌یەکان دەهێنێتەکایەوە، ئەم جیاوازی‌یانەش هەروەکو چۆن پێشمەرجی بوونو بەردەوامی زانکۆن، هاوکات میکانیزمێکی گرنگی پێشکەوتنی کۆمەڵگاشن. خەسڵەتی زانست وایەکە هیچ کاتێك رێ بەوەنادات کەشتێك بە موتڵەقی وەربگرێت لەڕاستیدا هەبوونی ڕای جیاواز لەزانکۆدا ئاماژەیە بۆ ئەو دراوە سروشتی‌یەی کە پێی وایە سروشت ومرۆڤ و ژیان پێوستیە لەئەنجامی بەریەك کەوتنی شتەدژەکانەوە وەپێشکەون.

شۆڕشی فەرهەنگی بە گژاچوونەوەی ئەو جیاوازی وسروشتە ئەزەلی یە بوو، شۆڕشی فەرهەنگی خەساندنی کۆمەڵگابوو، بەوبیرە ڕزیوو دۆگمایانەی کە زۆر لە مێژ بوو لەدنیادا باویان نەمابوو نەماون. شۆڕشی فەرهەنگی چاونوقاندن بوو لەبەرامبەر کۆمەڵگا وپێداویستی یەکانی، چونکە تەنانەت بەدان پیانانی کەسانی سەربەرژێم ولەئاستی بالاَشدا، سەرەتا لەزانکۆکان و لە ناوندە فێرکاری یەکاندا لایەنە چەپەکان، یا بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو لایەنانە کاریگەربوون کە بەشێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵ ئیدئۆلۆژی دەسەڵاتی حاکم دا نەدەگونجان. هەربۆیە تەنیا کارێك کە دەبوا بیکەنو تاڕادەیەکی زۆریش کاریگەر بێت داخستنی زانکۆکان بوو تەنها بۆ ئەوە نەبوو کە ماوەیەك بخەنەبەردەستی خۆیان کە کەسانی خۆیان گوتەنی ناموتەعەهید ودژە شۆڕش بخەنە لاو، بەڵکو بۆ ئەوەش بوو کەسیتەمێکی نوێی خوێندن بەبابەتیکی نوێوە بخەنە پێش چاو. بەڵام ئایا ئەو جیاوازی‌یانە

تەنها لەزانكۆكاندا بەوشێوە زەق بوون؟ بێشك كەنا, بەڵام ئەوەی پێوەستە بە زانكۆوە ئەوەیە كە زانكۆو گۆڕینی زانكو دوایی گۆڕینی كۆمەڵگای لێدەكەوێتەوە. بۆیە دواجار زانكۆدەكەنە ئامرازێك بۆ گەیشتن بە نیازە ئیدیۆلوژیكی یەكانیان. شۆڕشی فەرهەنگی سەرتای كارێك بوو كە بە هۆیەوە حاكمانی تۆتالیتێر دەیانهەویست بە سود وەرگرتن لە مۆدێرنترین داهێنانەكانی مرۆڤ، داپلۆسێنەرترین ئامراز بهێننە بەرهەم ولە دژی ئەو بیرە ئازادی خوازو دژانەدا بەكاری بێنێ كەپێی ڕام ناكرێن. ئەگەر بێتو لە ووشەی فەرهەنگ وورد بینەوە ئەو جا لەترسناكی ئەم تێزو كردەوەیە دەگەین, ئەویش بەهێنانی لەگەڵ ووشەیەكی وەكو (شۆرش) وبەپشتیوانی ئیدئولوژی یەك كە پشتیوانی لێ دەكات. فەرهەنگ ئەگەر بە كۆی ئەو داهێنانە مادی و مەعنەوی یانە دابنرێت كە كۆمەڵێك دەشێت لە ڕەوتی گەشەی خۆیدا بە رهەمی هێنابن، دەبێ چ ترسناك بێت ئەو بیرەی كەوا دەیهەوێ لە كاتێكی یەكجاركەمدا فەرهەنگێك بخوڵقێنی، ئەویش فەرهەنگێك كە بناغەكەی لە سەر سڕینەوەی هەر جۆرە ڕایەكی دژ وەستاوە. لێرەدا دەتوانین بلێین كە خوازیاری خوڵقاندنی جۆرێك لە شارستانی یەتی جیایە، شارستانی یەتێك كە خوازیاری هەڵقوڵانی یەتی لە هەناوی كۆمەڵێك مرۆڤی بیرتەسكدا وبە دوورەپەرێزی دەژیت لە تەواوی مرۆڤایەتی. لە ڕاستیدا ئەوڕوانینەی كە لێرەدا وەرگیراوە سەبارەت بە فەرهەنگ و شۆڕشی فەرهەنگی، هەمان ئەوشتەی سەرەوە دەگرێتەوە كە ناومان لێ ناوە شارستانی یەت، ئەمەش لەو ئامانج و هەدەفانەدا دەردەكەوێت كەلە پشت ئەم تێزەوە دەردە كەون وەكو:

ـ بڵاوكردنەوەو فراوان كردنی فەرهەنگی ئسلامی لە كاروباری كۆمەڵگاو بەهێزكردنی شۆڕشی فەرهەنگی و بەرزكردنەوەی فەرهەنگی گشتی.

ـ دەوڵەمەندكردنی ناوەندە زانستی و فەرهەنگی و هونەری یەكان,لە سەر بنەمای فەرهەنگی دروستی ئیسلامی.

ـ پاراستن وزیندو كردنەوەوناساندنی بەرهەمو بابەتی ئیسلامیو میللی.

بەم شێوەیە دەبینین كە بناغەی فكری حاكمانی ئەم وولاتە لە سەربیرو بۆچونیكی جیایە، بەشێوەیەك كە هیچ فەرهەنگ و نۆرینێكی تر لەدەرەوەی ئەم نۆرینە زیاتر لە خۆی ناگرێ. لە هەنگاوی یەكەمداو كاتێك كە سەیری كردەكە دەكەین لەو سەردەمەداو سەلەفیەتی مۆدێرنیش، جۆرێك لە دژایەتی و تەناقوزی تێدا دەبینرێ، چونكە خودی كردەكە كە سەیری دەكەین هیچ مەودایەكی مۆدێرن بوون ناهێلێتەوە بۆی، بەڵام كاتێك كە سەیری ئامانجو مەبەستو ئەركەكانی ئەم تێزە دەكەین، مێژوویەك بەداویخۆیدا دێنێ, مێژوویەك كە ئەو جار لەژێر تیشكی ئامراز گەلێكی مۆدێرن دا بەرهەم دێت، كەواتە لێرە دا شۆڕشی فەرهەنگیو كردەی یەكەمین بەمانای

دوورخستنەوەی ناوەندێکی گرنگی زانکۆ نی یە لە چالاکی یە کۆمەڵایەتی یەکان بە لکو چەپاندنی زانکۆیە بۆ کارکردن لە ڕاستای ئامانجێکی دیاری کراودا. لەڕاستیدا بە سەرنجدان بەئامانج و مەبەستەکانی شۆرای باڵای شۆڕشی فەرهەنگی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەمەسەرەتایەکە بۆ ئەوەی جۆرێك ئاڵ وگۆڕی بونیادی بێنێتە بەرهەم، ئاڵوگۆڕێك کە لە سەر بنەمای ئیدئۆلۆژی یەکی دیاریکراو تەواوی دام دەزگاو کەسایەتی یەکانی دادەمەزرێنێتەوە. دیارە ئەوی لێرەدا زۆرتر کاری لەسەر دەکرێ کەسایەتییە جیاوجۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگان، چونکە لەڕێگەی گۆڕینی ئەم کە سایەتی یانەوە، دەتوانن هەموو ئاڵو گۆڕە کۆمەڵایەتی یەکانی ئایندەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتی یەکان لە ڕاستای بە ڕژەوەندی خۆیان دا دابڕێژنەوە. دواجاریش دەبێتە میکانیزمێك کە کۆمەڵگا ببێتە کومەڵگایەکی تاك جەمسەرو ڕێگا بۆ هیچ جیاوازی یەك ناکاتەوە. هەنگاونانی کۆمەڵگا بەم ئاراستەیە داهاوکات لەگەڵ ئەوەی پشت بە ئیدئۆلۆژی یەك دەبەستێ کە جۆرێك لەوەستان و تاك جەمسەریەت دەنوێنی، ولەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدات خۆی لەژێردەمامکی جیاوازدا حەشاربداتو بەهەمان ئەندازەی سود وەرگرتنە ئینسانی یەکان، سود لەو میکانیزمانە وەرگرێت کەنیشانەیەکن بۆ پێشکەوتوویی و مۆدێرن بوون، بەڵام بە ئاراستەی نێگەتیف دا. هەربۆیە دەتوانین بەڕوونی جیاوازی یە بنەڕەتی یەکان لەم بە ستێنەدا ببینین.

ئەگەر سەیری ئەزمونی بیست وحەوت ساڵی کۆماری ئیسلامی بکەین بە ڕوونی دەرەنجامەکانی شۆڕشی فەرهەنگی دەبینین، دەرەنجام گەڵێك کە لە نێوان تاکاکەکانی کۆمەڵدا بە ئاراستەیەیکی نێگە تیف کاریان کردووەو دواجار بوونەتە هۆی ئەوەی کە بونیادی کۆمەڵگا بەرەو ئاقارێك بەرن، کە پڕبێت لە گومان و ترس، پڕی بێت لە ئالۆزی بێ باوەڕی، پڕبیبێت لە بوغزو کینە لە نێوان تاکەکان، چ لە بەرامبەر خۆیان وچ لەبەرامبەردەسەڵات. چونکە بە کارهێنانی سیاسەتێکی ئەوتۆ کە میکانیزمەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگا وچالاکی یەکانی بریتی بن لە کۆمەڵێك یاسای ووشکو دواجار بە ئیدئۆلۆژی یەکی ترسناك پشتگیری بکرێ، دەبێتە هۆی بەدیسپلین کردنی کۆمەڵگا و دواجار ئەمەش شتێکی جگە لە نامۆیی لێ هەڵناستێەوە، لە حاڵەتێکی ئەوتۆش دا، مرۆڤ بێزارە ئنجا هەر لە خۆیە وە بگرە تادەوروبەری ودواجار لە ئاستێکی بە ر بلاوتریش دا. لە حاڵێکدا کە یەکێك لە دیاردەهەرە بەر چاوەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن نرخ دانانە بۆ مرۆڤ وگەڕاندنەوەی نرخە لە دەست چوەکەشی یەتی. لێردا جیاوازی نێوان کاری کۆماری ئیسلامی چ لەڕوانین و شیکردنەوەی شۆڕشو چ لە دیاری کردنی ئەنجامەکانی شۆڕشو خۆخستنە ناو چالاکی یە کۆمەڵایەتی یەکان دەردەکەوێت. ئیتر لێرە دا

ئـیرادەی کۆمــەڵگا دەچــەپێنرێت ودەبێــت دەستپێکێك بـۆ ئـەوەی ئـیرادەی کۆمـەڵگا لـە ئاستە باڵاکەی دا لە بەر چاونەگرێت، بـە ڵکو زۆرتر ئەو ئیرادەیە وەربگیرێت کـە ئاماژەکـەرو داکۆکیکـاری ئیدئۆلۆژی‌یـەکی دیـاری کـراوە و کۆمەڵگا بەرتەسك دەکاتەوە لـە بیرێکـی دیـاری کراودا.

شۆڕشی فەرهەنگی زیاد لەوەی ئاراستەیەکی ئینسانی هەبێتو بوعدێکی ئەخلاقی بگرێتەخۆ، هەڵوێستێکی سیاسی بوو کـە نـە ئینسـانی بـوو نە ئەخلاقی، دیارە دەشێت هەر یەکـە لـەم دوو تەوەرە لە خۆ بگرێت. بە ڵام هەریەکە لـە مانـە لـە پێوەنـدی لەگـەڵ ئـەو ئیدئۆلۆژیـەدان کـە دواجـار حەقانیـەت لـە دەسـت وچوارچـێوەی فکــری کۆمەڵــە کەســانێکی تایبــەت دا دەبینێتەوە، ئیتر لێرەوەیەکە کۆمـەڵگا بـەرەو ئاراســتەیەکی یــەك لایەنــە هــەنگاو دەنێـتو هەرچـی فکـری ێکـی جیـاواز هەیـە لـە نـاوی دەبــات، کــە ئەمــە کوشــتنی مــەفهومی ئینسانی‌یەتو ئەخلاقیشە. ئەمـەش بـە سـەرنج دانە بەو زانیـاری‌و بـە لگەحاشاهەڵنەگرەی کـە پێـی وایـە جۆراوجـۆر فەرهـەنگی شـتێکی زۆر ئاســـایی‌یە ودەشـــێت لـــە بچـــوکترین کۆمەڵگاکانشــیدا هــەبێت[١]. دیـاری کردنـی فەرهەنگی تایبەت، ئـەویش کاتێك کە لەگـەڵ گۆمـەڵگادا گونجـانی نییـە، دەبێتـە هـۆی لـە بەرامبەرنیشــان دانــی هــە مووفەرهــەنگو بۆچۆنێکی جیاواز. ئەوەی ئاشکرایە لەمێـژووی مرۆڤایەتی‌دا، هەروەها بە پێی ئـەو پێناسـانەی کە بۆ فەرهەنگ کراون بۆمان دەردەکەوێت کە فەرهەنگ پێوستی بە زەمانێکی دیاریکراو هەیـە تا شکڵ دەگرێ، بـەڵام بـەزوویی هـاتن ودیـاری کردنی کۆمەڵێك ڕێکاری تایبەت وڕێگر لەبەردەم فەرهەنگی باوی کۆمەڵگا و لـە هـەمان کاتیشـدا دیــاری کردنیــان وەکــو ڕێکارگــەلێك بــۆ چەســپاندنی فەرهــەنگێکی دیــاری کــراو کــە جێگای هیچ سازشێکی تیدانی‌یە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە جۆرێـك لـە دابـڕان دروست بکـات لەنێوان دوولایەندا ، ئەم دابرانـە دەبێتـە هـۆی ئــەوەی کــە خولانەوەیــەکی بــەردەوام لــە نێوپێکهاتــەی ئــەو کۆمەڵگایــەدا بهێنێتــە کایەوە.(دیارە بـە هـۆی چـەپاندن وبەدیسـپلین کردنەوە).

لێردا کۆمەڵگاو فەرهـەنگ وەکـو دوو دیـاردە حاڵەتی ئۆرماڵی خۆیان وەرناگرن بەڵکو لە ژێـر پــەردەی دەســەڵاتدا خۆیــان دەنــوێنن، دەسەڵاتێك کە شەرعیەت و حەقانیەت بە خـۆی دەدات، کــە دەســتکاری لــە بیروبــاوەڕو ئەندێشـەی تاکـەکانی کۆمـەڵگادا بکـات، ئـەم حاڵەتی بەسترانی فەرهەنگی یـە کـە دەسـەڵات بانگەشـە کەریـەتی ئـەوە دێنێتـە پێشـێ کـە لەگـەڵ هـیچ فەرهـەنگێکی تـردا هـەڵ نـەکات، تەنانــەت لەکــەڵ ئــەو فەرهــەنگ و ووردە فەرهەنگانەی کەلـە نـاو خۆشیداهەن. ئەمـەش دواجـار دەبێتــە هــۆی ئــەوەی کــە تــرس و دڵەڕاوکێ یەك لە بیری حاکماندا هەبێت، بەوەی کـە ڕۆژێـك لـە ڕۆژان بکەونـە بـەر هێرشـی لـە

١- جامعە شناسی ئانتۆنی گیدنز ـ ٦٢

ناوچوون. مەترسی دارترین بیریش ئەوەیە کە تێکەڵ بوونی فەرهەنگەکان و سود وەرگرتنی میللەتان لە سامان وداهێنانی یەکتری بەترس بۆ لە نێو بردنی فەرهەنگی خۆی دادەنی، لە حاڵێکدا ئەوە سەلمێنراو هەر داهێنانێك لە هەر سوچێکی دوورەپەرێزترین ناوچەی سەر رووی زەمینیشدا بێت ئەوا بە سودوەرگرتن لە ئەزموون وداهێنانەکانی میللەتانی ترو مرۆڤانی تر دێتە بەرهەم. لێرە دایە کە داهێنان گەلێکی وەك تێزی گفتو گۆی شارستانییەکان جگە بانگە شەیەکی تەبلیغاتی دیما گۆجی یانە شتێکیتر نیە، چونکە ئەگەر بێت و فەرهەنگ بە لوتکەی دیاری کەری شارستانی یەتەکان دیاری بکەین، وەکو ئەوەی کە هانتینگتۆ کردوویەتیو ئەگەرسەرنجیش بدەینە ئەوڕاونگەیەی کە شۆرشی فەرهەنگی خولْقاندو ئیستاشی لەگەڵدا بێت هەرسەرهەمان ئەوبیرەن، دەتوانین بڵێین کە تێزی گفت وگۆی شارستانییەتەکان هەمان تێزی پێکدادانی شارستانییەتەکانی هانتنگونە.

لەهەناوی شۆڕشی فەرهەنگیدا (مەبەست ئەرکەکانی) لادانێك دەبینیین لە چەمكو بنەمافکرییەکاندا، لادانێك کە هەوڵ دەدات هەموو شتەکان لە ڕاستای بەرژەوەندی و ئامانجەکانی خۆیدا وێنا بکات، لادانێك کە زیاد لە وەی پابەند بێت بە شتە جەوهەری یەکانەوە، پێویستە بەشتە لاوەکی وڕواڵەتی یەکانەوە، لادانیك کە زیاد لەوە هەوڵ بدات مانازل وبڵاوەکانی وەربگرێت، دەچێت کار لە سەرڕەوتی شکڵ گرتنی ئەو چەمك وبنەما فکری یا نە دەکات و ئەوفەترە زەمەنی یە وەردەگرێت کە دەتوانێت ئاماژەکانی زاڵ بوونی خۆی تێدابدۆزێتەوە, زاڵ بونێك کە پشت بەوپاساوانە دەبەستێ کە دەشێت لە ناوچەمکەکەدا هەبن. لێرەدا یە مەودای کەڵك وەرگرتنی سەلەڤ یەك بەر فراوان دەبێت بۆ هەمووئەو ئامرازە مۆدێرنانەی کەهەن.

هەر وەکو گوتمان شۆڕشی فەرهەنگی لادانێك بوو لە چەمكو بنەمافکرییەکاندا، لادانێك بە ئاراستەیەکی نیگەتیڤی باللآدا، لادانێك بوو لە کۆپی کردنی هەموو ئەو داهێنانانەی کەلەفەرهەنگی مرۆدێرنی ڕەسەندا جیٚ یان گرتووە. ئەگەر شۆڕش کردەیەك بێت بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتێكو دامەزراندنی دەسەڵاتێکیتر، ئەوا دەبینین لەبەر تیشکی نمونەکانی ئەودەسەڵاتانەدا خوازیاری دامەزراندنەوەی سەرلە نۆیی دەسەڵاتێکیترن. لێرەدا کە باس لە دەسەڵات دەکەین باس لە چوارچێوەیەکی یاسایی دەکەین کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ لە خۆی بگرێت. لێرەدا یاسانیشانەی ڕەنگدانەوەی ئیرادەی ئەو تاکانەیە کە لە کۆمەلگادادەژین، بە هەرحاڵ ئەگەر دانانی یاسایەك بۆ رێکخستنی کۆمەڵگا نیشانەیەك بوو بۆ هەبوونی دەسەڵاتیك، بەڵام هیچ کاتێك ئاماژەیەك نەبوو بۆ ڕەزایەتو گریٚبەستێکی کۆمەڵایەتی لە نێو تاکەکانی کۆمەڵدا.هەر ئەمەشە ئەو گریمانەیەی مۆنتسکیۆ دەهێنێتە بەرهەم کە دەڵی،

یاسادەتوانێ دەسەڵات دیاری بکات، بەڵام خاوەنی ئەوئامرازانە نییە کە لە بەرامبەریدا بوەستی ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی لەوەوە سەرهەڵدەدات کە دەسەڵات یاسا دیاری دەکاتو دەسە ڵاتیش لەم بە ستێنەدا یاخیـیە لە ئیرادەی گەل.

ئەگەر لەلایەکیتریشەوە سەیری سەرچاوەی مە شەروعیەتی نیزام بکەین دەبینین کە لە سەردەمی مۆدێرندا ئەو سەر چاوەیە دەگەڕێتەوە بۆ خەڵك. لێرەدا مەفهومی خەڵك تاڕادەیەکی زۆر ئاڵۆزی تێدەکەوێ، چونکە هەوڵدانی خەڵك بۆ دیاری کردنو پەسەندکردنی یاساو دەسەڵاتێك وەکو یەك نییە، بەهەر حاڵ لێرەوە دەچینە ناوچەمکی دێمۆکراسی یەوە، کە لە دنیایی ئەوڕۆدا، دیارترین چەمکی کار پێکراوو هەروها دیارترین پێوانەیەکیشە کەسیستەمەکانی پێی هەڵدەسەنگرێن. بەڵام کاتێك سەیری ئەم چەمکە دەکەین لە ڕوانگەی کاربەدەستانی حاکمەوە دەبینین لادانێکی تەواوی تێدا بەدی دەکرێت، دیارەئەم لادانە دەشێت لە ئەنجامی ئەو دواکەوتنەوەبێت کە لە بەکارهێنانی ماناکەیدایەو، بە سەرنج دان بە مێژوویەکی دیاری کراوی گەلێ دوور خۆی دەنوێنێ. میلاکی مە شروعیەتی نیزام بە پێی بنەما ئیدئۆلۆژیکی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی وەلی فقیە، بەڵام کاتێك دەزانی کە ئەو پێوندیە لەدنیایی ئەوڕۆدا هیچ جێگایەکی نییە، بە هەوڵدان بۆ چاوبەست کردنی ڕای گشتی جهانی دێنو خۆیان دەبەستنەوە بەوپێناسە کلاسیکانەی دیموکراسی کە جێگایان لە پێناسە ئەوروپی یەکاندا نی‌یە، ئەو پێناسەی بۆ دیموکراسی دەکری لە لای ئەوان پێناسەیەکی ئەبەدیو ئەزەلی‌یە هەر وەکو گوتمان لە چوارچێوەی پێناسە کلاسیکەکاندا خۆی دەبینێتەوە، ئەو دیمۆکراسییەی کە هیچ ئەنجامیکی نییە جگە لە کوشتنی سوقراتەکانی کۆمەڵگا. بەم شێوە کۆماری ئیسلامی باش دەزانێ کەدەبێ لە فیلتەری دیمۆکراسی‌یەوە دەرچێ، بۆیە دەبێت بۆ چاوبەست کردنیش بێت باوەڕێکی هەرچەند سەرپێیی ولادەرانەشی هەبێت بنوێنی. لێرەدا کۆماری ئیسلامی بە سود وەرگرتن لە دەروەستە پسپۆرەکانی خۆی کە لە زانکۆ فیلتێرێزە کراوەکانیەوە پێگەیون، بۆپاساوادانی ئەم کارەرادەسپێرێ و ئەوانیش مانا گەلێك دەخولقێنن ,ماناگەلێك کە چاوبەست کردن ئامانجی سەرەکی یانە .

ترسناکترین ڕەهەندی ئەم کردەیە ئەو بووکە لە زانکۆ کانەوە دەستی پێ کرد. ئەگەر چی کەسیکی وەکو د.عبدالکریم سروش کەبۆ خۆی یەکێك بوو لە ئەندامانی شوڕای باڵای شۆڕشی فەرهەنگی، بەوە دەیناسێنێ کە شۆڕشێك بوو بۆ پەروەردە وفێر کردن ئەویش لە چوارچێوەی پەروەردەی باڵاوسیمتی زانکۆییدا. لەڕاستیدا لێرە دا بەومەبەستەدەگوترێ کە جیاکردنەوەیەك هەبێ و کردەکە بە بچوك لە قەڵەم بدرێ، لە حاڵێکدا ئەگەر بێت سروشتی زانکۆ ببینینو بیناسینین

دەبینین کە هیچ کات ناتوانین دایبڕین لە کۆمەڵگا. ئایا ئەوە زانکۆیی یە کان نین کە ڕۆڵیان هەیە لە ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵ، ئایا ئەوە زانکۆییەکان نین لەمەودا جیاوازە پسپۆڕییەکاندا ڕۆڵیان هەیە لە دارشتنی سیاسەتی حکومەتەکان چ لەپێوەندی لەگەڵ دەرەوە چ پیوەندی لەگەڵ ناوەوە ئایا ئەوە زانکۆییە موتەعەهیدەکان نەبوون کە بە سود وەرگرتنن لە زانستەنۆی یەکان سەردەم تێوری یەکپارچەیی یان دەهێنایە کایەوە پاساوە ئەخلاقی یەکانی کوشتوکوشتاریان دەردەبڕی. بەم شێوە دە بینیین کە کۆماری ئیسلامی لە کردنی کاریکی ئەوتۆدا مەبەستی ئەوە بوو تابتوانێ لە ژێر تیشکیهەمان زانستە نوێیەکانی دوڵەتانی پێشکەوتوودا بە ئامانجە دژبە مرۆڤایەتییەکانی بگات کە بنە مایەکی فێندە میتالیستییان هەیە.

لە ڕاستیدا ئەگەر بێت و ئاورێك لە مێژووی دوای شۆرشی گەلانی ئیران بدەینەوە دەبینین کە گەلێك جار چەمکەکان بە شێوەی جۆراجۆرگۆڕاون.هەروەکو بە کارهێنانی میللییەتو ئیرادەی میللی و مەزنی شارستانی و دواجاریش گونجاندنی تێزە ئەخلاقی یە دەست لێ نەدراوەکانیان!!! وەکو پاساوێك بۆ هەبوونی ووزەی ئەتۆمی کە هەمووئەمانە پێوستی یان بە لێکۆڵنەوەی وورد هەیە.

# شۆڕشی کولتووری

# و

# ژینۆسایدی سپی لە کوردستاندا

رامبود لوتف‌پووری

لێکدانەوە و پێناسەکردنی هەر دیاردەیەك پێویستیی بە ناسینی بنەما تیۆرییەکانی ئەو دیاردەیە هەیە. واتە هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یا سیاسی یا ... خاوەن پێناسەیەکە کە زانایان و پسپۆڕانی ئەو بوارە بۆیان کردوە، رەنگە پێناسەکان لە دیاردەیەك جیاواز بن و تارادەیەك ئاڵۆززییەکیان پێوە دیار بێت بەڵام لە پێناسەی زۆربەی هەرە زۆری دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا هەندێك هێڵی گشتی لە ئارادان کە جێگای پەسندی زۆرینەی پسپۆڕان و توێژەرانی ئەو بوارەن . یەکێك لەو دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە، دیاردەی شۆڕش یان ئینقیلابە(revolution) کە لە کۆمەڵێك روانگەی لیبرالی و مارکسیستییەوە پێناسە کراوە. بۆ وێنە لیبرالگەلێکی وەك پێتی، هانتینگتۆن، کووهێن و ... زۆرتر لە سەر ئەو بڕوایەن کە شۆڕش بەرهەمی گۆڕانی بایەخ و بەهاکۆمەڵایەتییەکانە، واتە بەرهەمی گۆڕان و سەروبن بوونەوەیەکی گشتگیر و بنەڕەتییە لە ئوستوورەی زاڵ بەسەر هاوڕێکیی کۆمەڵایەتیدا. مارکسیستەکان زیاتر پێ لەسەر گۆڕانی پێکهاتەیی کۆمەڵ دادەگرن واتە شۆڕش بە بەرهەمی گۆڕانی هاوسەنگیی نێوان چینەکانی کۆمەڵ و شێوازەکانی بەرهەمێنان دەزانن. دیارە بۆچوونەکان سەبارەت بە دیاردەی شۆڕش چ لە بواری گشتی و چ لە باری وردەکارییەکانەوە جیاواز و فرەچەشنن، بەڵام ئەو هێڵە گشتییە کە لە زۆربەی روانگەکاندا بەدیدەکرێ گەیشتن بە ئازادی، دادپەروەری و پێکهێنانی سیستمێکی نوێیە کە "هاناارێنت" گوتەنی چیرۆکێکی تەواو نوێیە کە هیچکات نەگوتراوە و بە زوویی ئاشکرا دەبێت. بە بۆچوونی هاناارێنت، تەنیا ئەو کاتە دەتوانین باس لە شۆڕش بکەین کە گۆڕانێك بە واتای دەسپێکێکی نوێ رووبدا، واتە ئەوکاتە کە توندوتیژی بە مەبەستی پێکهێنانی بیچمێکی تەواو جیاواز لە حکوومەت و دروستکردنی کۆمەڵێکی نوێی سیاسی بەکاربهێنرێت، کاتێك کە ئامانجی رزگاربوون لە زەبر و سەرکوت، لانیکەم سەقامگیرکردنی ئازادی بێت. دیارە گرینگیی ئەم تایبەتمەندییانە بە پێی روانگەکان جیاوازە، بۆ وێنە لیبرالەکان کە زیاتر بە دوای سەقامگیر کردنی دیمۆکراسییەوەن رێگانادەن ئازادی فیدای دادپەروەری ببێ لە کاتێکدا کە مارکسیستەکان بۆ پێکهێنانی یەکسانی و دادپەروەری ئامادەن ئازادی فیدا بکەن وديکتاتۆرییەکی پرۆلیتاریایی دابمەزرێنن.

### شۆڕی ئیسلامی لە ئێراندا

بە لەبەر چاوگرتنی ئەم سەرەتایە دەتوانین خوێندنەوەیەکمان بۆ شۆڕشی ئیسلامیی ئێران هەبێت. با بزانین شۆڕشی ئێران بەرهەمی کام گۆڕانی هزری یا کۆمەڵایەتی بوو و کام لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی شۆڕش واتە پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی نوێ، ئازاد و یەکسانی هێناوەتە دی. ئەوەی راستی بێت لە لایەك

بایەخــە کۆمەڵایەتییــەکانی کۆمــەڵگای پــێش شۆڕشــی ئێــران لــە چــاو رابردوویــدا تووشــی گۆڕانێکی بەرچاو هاتبوون کە زۆرتر بەرهـەمی گۆڕانی پەروەردەی ئێرانی بوون کـە کـەوتبووە ژێـر کاریگـەریی پـەروەردەی رۆژئاواییـەوە کـە پەروەردەیـــەکی عـــەقلانی و زانســـییە و بەرهەمهێنـــەری مرۆڤـــی ئـــازاد، رەخنـــەگر و پرسیارکەرە کە هیچ بنەمایەك بە پیرۆز و هێڵی سـوور نازانـێ، لـە لایـەکی دیکـەش کۆمـەڵگای فیـــۆدالیی ئێـــران گـــۆڕانێکی پێکهاتـــەیی بەسـەرداهاتبوو واتـە شارنشـینی و پیشەسـازی تاڕادەیەك پەرەی سەندبوو و چینێکی بـورژوا و وردە بورژوای شاری دروست ببون کە داخوازیی ئابووری و سیاسیی جیاوازیان هەبوو.

ئەوانـە هـەم لـە بـاری کولتـووری و هـەم لـە بـواری پێکهاتەییـەوە بواریـان بـۆ شـۆڕش و گـۆڕانێکی گـەورەی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی لـە ئێراندا رەخساندبوو. بۆیە زۆربەی شـارەزایان و زانایـانی سیاســی و کۆمەڵایـەتی، شـۆڕش و گۆڕانێکی گەورەیان لـە ئێرانـدا رەچـاو دەکـرد. بەڵام بە چ ئاقارێکدا؟ کۆمەڵگای ئێران لە بـاری کولتوورییـــەوە کـــەوتبووە ژێـــر کاریگـــەریی کولتـــووری رۆژئـــاوا کـــە لیـــبراڵ و دیمۆکراسیخوازەو، لە لایەکی دیکـەش چـینێکی بورژوا و وردە بوژوای شاری سەریان هەڵدابوو کـە ئاواتیـان پێکهێنـانی کۆمەڵگایـەکی ئـازاد و دێمۆکرات بوو، کەوابوو هەوێنی شۆڕشـی ئێـران لە راستیدا خواستی ئازادی و دێمۆکراسی بوو و دەبـوو بەرهەمهێنـەری سیسـتمێکی دێمـۆکرات بێت. کەچی هەندێك هۆکاری وەك پرۆپاگەندەی نەگونجاوی چەن گرووپێکی مارکسیستی کە بە بێ لەبەر چاو گرتنی راستییەکانی کۆمـەڵگای ئێـران و ئاراسـتەی گۆڕانکارییـەکان خولیـای کۆمـەڵگای بـێ چـینیان لـە سـەر دا بـوو و کـەڵکاژۆی ئاخوندەکان و تونێـژە نەریتییـەکانی کۆمـەڵگای ئێـران و کـەم ئـەزموونیی خـەڵك و لایەنــە سیاســییەکانی دیکــە و هــەروەها دەســتێوەردانی دەرەکــی، بــوون بــە هــۆی بەلاڕێداچوونی بزووتنـەوەی خـەڵك و بـێ ئاکـام مانەوەی شۆڕشی نەتەوکانە ئێران، بە چەشنێك کـە دەتـوانین بڵـێین ئـەوەی لـە ئێرانـدا رووی‌دا شۆڕش نـەبوو بـەڵکوو گەڕانـەوە بـۆ قۆنـاغێکی پێشتر بوو. بە کـورتی مەبەسـت و ئاکامـەکانی شۆڕشـی ئێـران تـەواو جیـاوازبوون. مەبەسـت پێکهێنـــانی کۆمەڵگایـــەکی تـــەواو نـــوێ و دێمۆکراتیـك بـوو واتـە هـەموو تایبەتمەنـدیی سەرەکییەکانی شۆڕش (ئازادی، دادپەروەری و نوێبوونەوە) بـوو لـە کاتێکدا ئاکامەکـەی نـەك هەر نوێ بوونـەوە نـەبوو بـەڵکوو گەڕانـەوە بـۆ سیستمێکی هەرە دواکەوتووی سەدەناوەڕاستی بـوو، نـەك ئـازادی و دادپـەروەری بەدی‌نـەهات بەڵکوو تەنانەت ئازادییە کۆمەڵایەتییەکانیش لە ئایدۆلۆژییـەکی دواکـەوتووی دینیـدا بەرتەسـك کرانەوە. کەوابوو میراتگرانی ئەو بەناو شۆڕشـە دەیـانزانی کـە چ غـەدرێکیان لـە ئامانجـەکانی خـەڵك و کۆمـەڵگای ئێـران کـردووە و خۆیـان و ئامانجەکانیان بەرامبەر بە شۆڕش و کۆمـەڵگای سەردەم چـەندە نـامۆ و ناڕەسـەنن. دەیـانزانی

کە پێکهاتە و کولتووری نوێی کۆمەڵگای ئێران ، ئەوان و ئامانجەکانیان هەرس ناکات. بۆیە بە کەلك وەرگرتن لە زۆر و دەسەلات هەولێکی نەزۆکیان بۆ گۆڕینی کولتوور و بەرەو پاش بردنەوەی کۆمەڵگای ئێران لە ژێر ناوی شۆڕشی کولتووریدا دەست پێکرد.

### شۆڕشی کولتووری
### : ( cultural revolution)

ئەم دەستەواژەیە ناوی پرۆژەیەك بوو کە یەکەمجار لە لایەن مائۆتسەتۆنگی رێبەری چینەوە بە مەبەستی پێکهێنانی گۆڕانێکی بناغەیی لە کۆمەڵگای چیندا بۆ ماوەی ٣ ساڵ لە ١٩٦٦ تا ١٩٦٩ بەڕێوە چوو. ئەم پرۆژەیە کە بۆ گۆڕینی کولتوور و ئاکاری خەڵکی چین و بە کاریزما کردنی کەسایەتیی مائۆ بەڕێوە چوو لە سەر دەستی "گاردە سوورەکان" و بە توندوتیژییەکی زۆرەوە جێبەجێکرا. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیش بە لاسایی کردنەوەی ئەم ئەزموونە، لە ساڵی ١٣٥٩ دا لێژنەیەکیان بە ناوی "شورای ئینقیلابی فەرهەنگی" پێکهێنا و بە داخستنی زانکۆکان بۆ ماوەی ٣ ساڵ و گرتن و دەرکردنی مامۆستایان و خوێندکارانی جیابیر لە ژێر ناوی شۆڕشی کولتووریدا دەستیان بە سڕینەوەی کولتووری مۆدێرن و دیمۆکراسیخواز لە کۆمەڵگای ئێران کرد.

ئەم پرۆژەیە لە جێدا دوو رەخنەی مانایی و پراکتیکی لە سەرە : یەکەم ئەوەی کە لە باری مانابیەوە وەك باسمان کرد شۆڕش گۆڕانێکە بۆ پێشەوە بە مەبەستی پێکهێنانی سیستمێکی تەواو نوێ کە پێشتر لە ئارادا نەبووە. لە کاتێکدا مەبەستی شۆڕشی کولتووری ئێران گەڕانەوە بۆ ئەزموونی رابردوو و ئەو بنەما کۆن و نەریتیانە بوو کە زۆربەیان لە مێژ بوو لە کارایی کەوتبوون. هەروەها گۆڕانە پێکهاتەیی و کولتوورییەکانن کە دەبنە هەوێنی شۆڕش، واتە شۆڕش لە خۆیدا بەرهەمی گۆڕانی پێکهاتەیی و کولتوورییە نەك ئەوەی کە شۆڕش بکرێ ئینجا بە زەبروسەرکوت گۆڕانی پێکهاتەیی و کولتووری گونجاو لەگەڵ سیستمی نوێ دروست ببێت. لە راستیدا شۆڕش بەرهەمی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتییە کە گۆڕانی سیاسیش بەرهەم دێنێ. ئەوە روانگەیەکی بەرتەسکی ئایدۆلۆژیکە کە هەوڵدەدا جیهان و کۆمەڵگا و گۆڕانەکانی لە چوارچێوەی جیهان بینییەکەی خۆیدا بگونجێنێ و لەسەر بناغەی هەندێك چەمك و بیرۆکەی وشك و رەها کۆمەڵگایەکی یۆتۆپیایی بەرهەم بێنێت.

بەڵام لە باری پراکتیکەوە رژیم بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە پەنای بردە بەر هەندێك کردەوەی وەك:

- داخستنی زانستگەکان بۆ ماوەی ٣ ساڵ
- پاکتاوی مامۆستایان و خوێندکارانی جیابیر
- گۆڕینی دەقە وانەییەکان بە پێی ئایدۆلۆژیای خۆی
- دامەزراندنی هەندێك ناوەندی سیخوڕی و

کـۆنترۆلیی وەك "حەراسـەت" ، "بەسـیجی خوێنـدکاری" "دەفتـەری نوێنەرایـەتیی وەلی فەقیە " و ...

**– مۆنۆپۆلیزە کردنی سیستمی پەروەردە و فێرکردن و دەزگا کولتوورییەکان**

– دانـانی حـەوزەی عیلمییـە وەك ناوەنـدی مەعریفــە و زانســت بــە جێگــەی زانکــۆ و جێبــەجێکردنیپرۆژەی یــەکگرتنی حــەوزە و زانکۆ و بە ئیسلامی کردنی زانکۆ

ئەمانــە و هەنــدێك کــردەوەی دیکــەش هەوڵــەکانی کۆمــاری ئیســلامیی ئێــران بــۆ گونجاندنی کۆمەڵگا لەگەڵ ئایدۆلۆژیای خـۆی و رەوایی بەخشین بە دەسەڵاتەکەی بـوون. بـەڵام وەك باسمان کرد بە پێـی ئـەوەی کـە لـە جێدا دەسـەڵاتدارانی کۆمـاری ئیسـلامی شۆڕشـی خەڵکیان بـە تـاڵان بردبوو و هـیچ تەباییـەکیان لەگەڵ ویست و ئامانجەکانی خەڵکدا نەبوو، نەك هەر لەم پرۆژەیەدا سەرکەوتوو نوبـوون بـەڵکوو هەم خۆیان و هەم کۆمـەڵگای ئێرانیـان تووشـی قەیرانێکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کـرد. راپەڕینــە خوێندکارییــەکانی پــاش ٢ ی جـۆزەردانی ١٣٧٧ پێشـانیان دا کـە رژیـم لـە گــۆڕینی پێکهاتــە و کولتــووری کۆمــەڵگا و نێـوەرۆکی زانکۆکـان و سیسـتمی پـەروەردەدا سەرکەوتوو نـەبووە و شکسـتی هێنـاوە. بـەڵام ئەوەی لەئاکامی ئەم پرۆژەیـە دا بـوو بـە هـۆی زرەر و زیـانی کۆمـەڵگای ئێـران، سـەرهەڵدانی کۆمـەڵێك دیـاردەی وەك : بێـوازیی گـەنجان، ئیلینیاسـیۆنی کولتـووریی خـەڵك و بـە تایبـەت لاوانـی ئێـران، دابـەزینی ئاسـتی پـەروەردە، دواکەوتنی ئێران لە کۆمەڵگای جیهانی لە بـاری زانســـتییەوە، هـــەڵاتنی مێشـــکەکان، بـــۆ بەشـبوونی بەشـێکی زۆری لاوان بـە تایبـەت لاوانــی نەتــەوە ژێــر دەســتەکانی ئێــران لــە خوێندنی بەرز و... بوون.

ئـەم رەوتـە لـە نێـو نەتـەوە بندەسـتەکانی ئێران و بە تایبەت نەتـەوەی کـورد دا کۆمـەڵێك خەسـاری زۆرتـر و گـەورەتری لێکەوتـەوە، بـە شــێوەیەك کــە دەتــوانین بڵــێین شۆڕشــی کولتووری یـا بـە واتایـەکی دروسـتتر کودەتـای ئایدۆلۆژیکی کۆمـاری ئیسـلامی لـە کوردسـتاندا رەنگی ژینۆسایدێکی کولتووریی بە خۆوە گرت.

ئـەو بـەها و نۆرمانـەی کـە کۆماریئیسـلامی وەك نـۆرم و بـەهای شـۆڕش لـە سـەپاندنیان بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا تووشی کێشەهاتبوو و ناچار لە بـەکارهێنانی زەبـر و زەنـگ ببـوو، بـۆ کۆمەڵگای کوردستان زۆر نامۆتر و لەگەڵ نـۆرم و بـەهاکانی نەتـەوەی کـورددا گـەلێك ناتـەباتر بوون، بۆیە رژیم پاش ئەوەی کە لە ژینۆسایدی جەسـتەیی نەتـەوەی کـورد و پاکتاویـان کـە کارەسـاتەکانی قارنـێ، قـەڵاتان ، ئینـدرقاش و ... لە نموونە دیارەکانین، تـا رادەیـەك بـێهیوا بوو، پیلانێکی دیکەی داڕشت و هانای بردە بەر سڕینەوەی کولتووری کـورد و تواندنـەوەی ئـەو نەتەوەیە لە کولتووری نەتـەوەی سەردەسـت و لــە قاڵبــدانی لــە ئایــدۆلۆژیای بەرتەســك و دواکــەوتووی خۆیــدا. رژیــم لــەو راســتییە

تێگەیشتبوو کە ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە ئەو بانگەشەی بۆ دەکا بە تەواوی لەگەڵ کولتووری کوردەواریدا ناتەبایە و ئاراستەی کولتووریی کۆمەڵگای کوردستان رووی لە هەندێك ئامانجی رزگاریخوازانە و دێمۆکراتیکە کە نەك هەر ئایدۆلۆژیای رژیم رەد دەکاتەوە بە لکوو لە جێدا دەسەڵاتی رژیمی کۆماری ئیسلامی یا هەر رژیمێکی دیکە لە کوردستاندا دەباتە ژێر پرسیار و بوارێکی مەعریفی بۆ بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی دەڕەخسێنێ. کەوابوو لە روانگەی دەسەڵاتدارانی ئەو رژیمەوە ژینۆسایدی کولتووریی خەڵکی کورد پێش مەرجی سەرکەوتووبوونی پرۆژەی کودەتا ئایدۆلۆژیکەکەیان بوو.

### ژینۆسایدی سپی (کولتووری)و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی لە کوردستاندا:

ژینۆساید بریتییە لە دوو وشەی (Genos) بە واتای رەگەز و (caeder) بە واتای فەوتاندن.وەك لە پێکهاتەی ئەم دەستەواژەیەدا بۆمان دەردەکەوێ ژینۆساید بە واتای فەوتاندنی کۆمەڵە خەڵکێکی نەتەوەیی ، رەگەزی یا ئایینیە. بەڵام شێوازی لە نێوبردن و فەوتاندن بەپێی هەل و مەرج و جیاوازییەکان فرەچەشن و جۆراوجۆرن، وەك ژینۆسایدی جەستەیی، بایۆلۆژی، ئابووری و کولتووری. بەڵام ئەوەی لێرەدا تەوەری باسەکەی ئێمەیە ژینۆسایدی کولتوورییە کە وەك دوکتۆر مارف عۆمەر گوڵ لە زمانی ئەندریوخینەوە دەڵێ بریتییە لە: قەدەغەکردنی زمان و رۆشنبیریی و شێواندنی مێژوو و فەوتاندنی نەتەوەیی و نەهێشتنی یەکیەتیی هاوبەشی نێوان خەڵك. هەروەها وێرانکردنی شوێنەوارە دێرینەکانی وەك رووخاندنی پەیکەر و ئەشکەوت و مۆزە و گەڕەك و گەرماو و بازاڕ و مزگەوت و کڵێسە و هەموو شوێنەوارێك کە پاشماوەی کۆن یا نوێ بێت و بەرهەمی جۆری ژیانی ئەو خەڵکە بێت.

بە پێی ئەم پێناسەیە دەتوانین ئاماژە بە دیارترین نیشانەکانی بوونی ژینۆسایدی کولتووری لە کوردستاندا بکەین. یەکەم فاکتەر یا نیشانەی بوونی ژینۆسایدی کولتووری قەدەغە کردنی زمان و رۆشنبیرییە کە لە ئاستێکی بەربڵاو لە کوردستاندا بەدیدەکرێ. زمانی کوردی ئێستاشی لە گەڵ بێ سەرەڕای ئەوەی کە لە بنەمای ١٥ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا ئاماژەی پێکراوە هێشتا هەر قەدەغەیە و لە هیچ بنکە و ناوەندێکی فەرمیی دەوڵەتیدا نە دەگوترێتەوە و نە بەکاردەهێنرێت. هەروەها رێگا بە هیچ رێکخراوێکی رۆشنبیری سەر بە خۆ نادرێت کەبۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری و رۆشنبیریی خەڵکی کورد دابمەزرێ ، ئەگەریش ناوەندێکی لەو چەشنە بتوانێ خۆی بە قۆناغی دامەزراندن بگەیێنێت، یا رێ لە چالاکییەکانی دەگیرێت و کۆسپی دەخرێتە سەر رێ یا ئەوەی کە ناچار دەکرێ گوێڕایەڵی پرۆژە و فەرمانەکانی رژیم بێت، زۆر بە دەگمەن رێکخراوێکی رۆشنبیری یا NGO یەك بە

شوناسێکی کوردییەوە دەبینرێ کە توانییێی لە بەرامبەر هەموو زەختەکانی رێژیمدا خۆی رابگرێ و واز لە ئامانجەکانی نەهێنێ. سەبارەت بە شێواندنی مێژوویی و فەوتاندنی نەتەویش نەک هەر کۆماری ئیسلامی بەڵکوو لە مێژە رژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران هەوڵی بۆ دەدەن و کاری بۆ دەکەن. نکۆڵی کردن لە شوناسی نەتەوەیەیی کورد و پێناسەکردنی وەک بەشێك لە نەتەوەی ئێرانی بەو بیانووەوە کە کوردەکانیش بەشێك لە رەچەڵەکی ئاریایین و لە بەرچاو گرتنی دەسەڵات و کەسایەتییە مێژووییەکانی کورد وەک بەشێك لە مێژووی نەتەوە سەردەستەکان و تەنانەت لە هەندێك نموونەشدا سوکایەتی کردن و شێواندنی راستییەکانی ژیانی ئەو کەسایەتییە گەورانەی وەک، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ، سمکۆی شکاك و پێشەوا قازی محەمەد بە مەبەستی شێواندنی مێژووی ئەم نەتەوەیە. ئەگەر چاوێك بەو دەقە مێژووییانەدا بگێڕین کە وەك دەقی وانەیی لە خوێندنگاکانی کوردستاندا دەگوترێنەوە دەبینین کە ئەوەی باسی ناکرێ مێژووی کورد و کەسایەتی و سیمبۆلە مێژووییەکانی ئەو نەتەوەیەیە و لە جێگای ئەوان مێژووی دەسکردی ئێران و کەسایەتی و سیمبۆلەکانی ئەوان بەرجەستە دەکرێنەوە و بە مێشکی رۆڵەکانی نەتەوەی کورددا دەکرێن. تەنانەت ئەگەر بە دەگمەن باس لە سەرکردەیەکی کوردی وەک کەریمخانی زەندیش بکرێ ئەوا وەك ئێرانییەك باسی دەکرێ و هیچ ئاماژەیەك بە شوناسە کوردییەکەی ناکرێت، ئەم سیاسەتە بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری گەنجان و تازەلاوانی کورد لە مێژووی خۆیان بێئاگابن و مێژوو و سیمبۆلە ساختەییەکانی نەتەوەی سەردەست وەك سیمبۆل و مێژووی خۆیان وەربگرن.

ئەگەر کولتوور بە کۆمەڵە باوەڕ و بەهایەکی کۆمەڵایەتی بزانین کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوێزرێنەوە و لە سەر بنچینەی پێنج بنەمای سەرەکیی زمان، هونەر، ئایین، رێکخراوی کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژیا دامەزراوە و هەر دوو لایەنی ژیانی مادی و مەعنەوی مرۆڤ دەگرێتەوە، دەتوانین بڵێین ژینۆسایدی کولتووری پرۆژەیەکە بۆ ئیفلیج کردنی هزریی کۆمەڵ یا نەتەوەی ژێردەست و ئینجا تواندنەوەی لە هزر و کولتووری نەتەوەی سەردەستدا. لەم نێوەدا زمان سەرەکیترین بنەمای کولتوورە بە شێوەیەك کە ئەگەر نەتەوەیەك زمانی خۆی لە دەستدا زۆر بە ئاسانی دەکەوێتە ژێرکاریگەریی کولتوورێکەوە کە زمانەکەی لێ وەرگرتووە. لە مێژ ساڵە کە پرۆژەی شێواندن و تەنانەت لە نێوبردنی زمانی کوردی وەك سەرەکیترین بنەمای شوناسی کولتووریی نەتەوەی کورد لە لایەن دەسەڵاتەکانی ئێران و بە تایبەت کۆماری ئیسلامییەوە پێڕەوی دەکرێ. ئەم سیاسەتە هەم لە سیستمی پەروەردەی ئێران و هەم لە راگەیەنە گشتییەکانی ئەم رژیمەدا بە دیدەکرێ، پەروەردە و کولتوور دوو بابەتی

تەواو لێك گرێدراون، کولتوور بە بێ پەروەردە ناتوانێ گشتگیریی و بەردەوامی خۆی بپارێزێ، رژیمی کۆماری ئیسلامیش راست بە مەبەستی ئیفلیج کردن و تواندنەوەی کولتووری کورد و زمانەکەی بە هیچ شێوەیەکی فەرمی رێگا بەفێر کردن و گەشەی ئەم زمانە نادات. شێواندنی زمانی کوردی و تێکەڵکردنی وشەکانی بیانی بە تایبەت فارسی و عەرەبی بەم زمانە لە راگەیەنە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە زەقی وەبەرچاو دەکەون. (دیارە لێرەدا مەبەست بەرنامەی ئەو کەناڵە ئۆستانییانەیە کە لە چوار پارێزگاکەی کوردستاندا بڵاو دەبنەوە).

لە لایەکی دیکەشەوە کۆماری ئیسلامی بۆ نەهێشتنی یەکیەتی و هاوبەشیی نێوان خەڵکی کورد هەوڵ دەدا خاڵە هاوبەشەکانی ئەم نەتەوەیە پەراوێز بخات و کەمڕەنگیان بکاتەوە و بە جێگای ئەوانە پەرە بە ئینتیما ناوچەیی و مەزهەبییەکان دەدات، واتە لە لایەک بە کەڵك وەرگرتن لە شێوەزارە ناوچەییەکانی کوردستان لە کەناڵە ئۆستانیەکان و زەق کردنەوەی وردە جیاوازییە کولتوورییەکانی ناوچەکانی کوردستان پەرە بە ناچەگەری و لۆکالیزم دەدات و لە لایەکی دیکەش بە زەقکردنەوەی جیاوازییە ئایینی و مەزهەبییەکان هەوڵی تێکدانی یەکیەتی و هاوئامانجیی نەتەوەی کورد و پێکهێنانی دژایەتی لە نێوانیان و راکێشانی کوردە شیعەکان بۆ لای خۆی و ئایدۆلۆژیاکەی دەدات.

بە کورتی و وەك لە پێشدا ئاماژەم پێدا سیاسەتی کولتووریی کۆماری ئیسلامی کە بە کودەتایەکی ئایدۆلۆژیك دەستی پێکرد و مەبەستی سەپاندنی بەها و نۆرمەکانی خۆی بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا بوو لە کوردستاندا لە بەر جیاوازییە بنەڕەتییەکانی کولتووری نەتەوەی کورد لەگەڵ کولتووری کۆمەڵگای ئێران و دژایەتیی قووڵی نۆرم و بەهاکانی ئەو کۆلتووره لەگەڵ نۆرم و بەهاکانی بەناو شۆڕشی ئیسلامیدا، فۆرمێکی توندتری بە خۆوە گرت و لە چوارچێوەی ژینۆسایدێکی کولتووریدا هاتە ئاراوە. ژینۆسایدێك کە رژیم هەنووکە بە هەموو شێوەیەك و شێلگیرانە خەریکی جێبەجێکردنیەتی. بەڵام ئەوەی کە رژیم چەندە لە جێبەجێکردنیدا سەرکەوتوو بووە یا نەبووە باسێکی دیکەیە. کە ئەگەر بمانهەوێ بە کورتی ئاماژەیەکی پێبکەین دەبێ بڵێین، هەندێك فاکتەری وەك، بوونی کۆمەڵێك ئێلیتی کولتووری و سیاسیی کورد، بوونی رێکخراوە سیاسییە نەتەوەییەکانی وەك حیزبی دێمۆکرات، کاریگەریی ئێلیت و حیزبە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، گۆڕانی بارودۆخی ناوچە و جیهان، بە جیهانی بوونی راگەیەنە گشتییەکان کە بواری نەتەوەسازی و پەروەردەی کولتوورییان بۆ نەتەوە ژێر دەستەکان رەخساند و هەروەها رزگار بوونی باشووری کوردستان و بوونی ئەو پارچەیە بە ناوەندێك بۆ پەرەدان بە کولتووری کورد و بیری نەتەوایەتی و هەندێك فاکتەری دیکەی لەم بابەتە، رێگر بوون لە بەردەم

سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە بە ئاکام گەیاندنی پرۆژەکەیدا. ئەوەی راستی بێت ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە هزری کۆمەڵگای کورد ئیفلیج بکات و لە کولتووری خۆیدا بیتوێنێتەوە بەڵام سیاسەتی ژینۆسایدی کولتووریی رژیم و کودەتا ئایدۆلۆژیکەکەی کۆمەڵێك زەرەر و زیانیشی بە کۆمەڵگای کورد گەیاندووە کە پێشتر ئاماژەم بە هەندێکیان کرد و پێویستیان بە لێکدانەوە و شرۆڤەیەکی بابەتیانە و وردتر هەیە کە پێم وابێ لە مەجالی ئەم وتارەدا ناگونجێ.

⦿ ________________

فیدراڵیزم

# مێژووی فیدراڵیزم

# و

# کورتە باسێک لە مەڕ فیدراڵیزم و ئێران

زاگرۆس سەردەشتی

پێشه کی:

چەمکی فیدراڵیزم، بە شێوەی هەنووکەی خۆی، لە سەدەکانی (١٧ـ ١٨)ی زایینی وەك واژەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاتۆتە ئاراوە.

وێدەچێ، شۆڕشی مەزنی فەڕەنسە و ئەمریکا ((وولاته یه کگرتووه کانی ئەمریکا)) بە شێوازێکی نوێ، لە هاتنە کایەو پەرە سەندنی فیدراڵیزم و پێویستیەکانی ڕۆڵێکی گرینگیان بەخۆوە بینیبێت.

بە واتایەکی دیکە، لە چاخی(١٨–١٧) دا ئەم دوو شۆڕشانە، لە سەربنەمای دروشمی ئازادی، برایەتی و یەکسانی، وەك هاندەرێکی بە کەڵك، لە مەڕ فیدراڵیزم و برەوپێدانی کاریگەریەکی ئەوتۆیان هەبووە.

لە ڕاستیدا بیروباوەڕی فیدراڵیزم لە مێژوودا، زۆرکۆنە، لە بەر ئەوە ڕۆژئاواییەکان و پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتی و رامیاری، سەرە تاکەی بۆسەردەمی "ئەغریقی" یە کۆنەکان دەگێڕنەوە.

دیارە بۆ پتەو کردنی بۆچوونەکانیشیان، یەکێتی «ئە سینا و دیلیا athenia & dilia» و یەکێتی «ئەخیان achean» لە(١٤۶ ـ ٢٨١)ی پ.ز، بە بەڵگە دەهێننەوە.

جگە لەوانە ئیمپراتووری (ڕۆمانی)یش کە لە سەدەی حەوتەمی زاییندا دامەزراوە، وەکوو بە ڵگەیەکی تر دێننە گۆڕێ .

بە پێچەوانەی ڕۆژئاواییەکان، ئێمە لە سەر ئەو باوەڕەین کە بناغەی مێژوویی فیدراڵیزم لە کوردستانی کۆن واتە ڕۆژهەڵاتی ناوین ودەشتی ئێران داڕێژراوە.

دیارە بۆ سەلماندن و پتەوکردنی ئەو ڕا و بۆچوونەش پەنجە بۆ هەندێك نموونەی مێژوویی رادەکێشین.

لۆلۆبیەکان، گوتیەکان و میتانیەکان، دەوڵەتێکی سەربەخۆو نیمچە فیدراڵیان لە مەزوپۆتامیادا بنیات ناوە"

بە پێی وتەی مێژوونووسان و ئاسەوار ناسەکان، ئەو حکومەت و دەوڵەتانە، هەر لەسەرەتای دروستبوونیانەوە، لە چەندین هۆز و عاشیرەتی ئۆتۆنۆمی جیاجیا پێکهاتوون و لە سەر بنەمای یەکێتی و فیدراتیویی، بەردی بناغەی دەسەڵاتی خۆیان قایم کردووە.

هوریەکانی ئاریایی«کە ئەوانیش رەگەزی کوردیان هەبووە» لە ساڵانی(٢٠٠٠–١٥٠٠)ی پێش زایین، کۆنفدراسیۆنێکی ناڕاستەو خۆیان لە هۆز و تیرەکانی هاونەژاد و ناوچە ئەمیرنشینەکانی خۆیان پێکهێناوە، بە واتایەك، بە شێوازێکی هەرێم و فیدراڵی یا خود بە چەشنی هاوپەیمانیەتی و یەکێتی(coalition and federation) کاروباری ناوخۆ یان بەڕێوە بردووە.

بە گوێرەی دەقەکانی ئاوێستا، ئاریاییەکان کە لە سەرزەوینی ئەئیرین وئیجەدا سەریان هەڵداوە، بە شازدە ناوچەی فیدراڵی دابەش بوون، هەر کام لەو ناوچە فیدراڵە سەربەخۆیانە، هەڵسوکەوت و کەل و پەل ورەوشت و بۆچوونی جیاواز و تایبەت بەخۆیان هەبووە، گشت ناوچە فیدراڵەکان خاوەن

دەسـەڵـات و ئیختیـاراتی پێویسـت لـە هـەمـوو بوارێکـدا بـوون، لـە هـەمـان کاتیشـدا وێـڕای تایبەتمەنـدی سـەرەکـی فیـدراڵی و دەسـەڵـاتی ناوچەیی، هەموویان لە سەر نێوی« ئێرانویچ» و لە ژێر ئاڵا و بەیداخی ئەهورامەزدا و زەردەشت و ڕێبازگــەی ئـاییـنی– رامیــاری ئاریــدا، بــە شێوەیەکی ناوەندی کۆبوونەتـەوە، بـە جۆرێك کە بە بێ‌قسە، دەسکەوت و ئاسەواری زۆر بە نرخ و گرینگیان وەدەست نەتـەوە و گـەلانـی‌تـر واتە بەگشتی مرۆڤ داوە، ڕەنگە بتـوانین بڵـێین، زۆربەی هـەرە زۆری رەگـەز و گـەلـەکانی دیکـە پاشەڕەو و ودەست بە داوێنی ئەوان بە ئـەژمار دێن.

ئـەگــەر لــە حکومــەتــەکــانی پێشـدادی و کیانیەکان بترازێین، دەبێ ئاماژە بە حکومەتـی فیدراڵی مانابیەکان بکەین، دەوڵەتی مانـایی لـە پێـنج هــەرێمــی فیـدراڵ پێکهـاتبوو، کــە هــەر کامیان وێڕای پێکهاتەیەکی ناوەندی، دەسەڵات و سەروەری ناوچەکانیان پاراستوە.

دیاکۆنۆف دەڵێت«... تەنانەت حکومەتی بە هێــزی مانــایی لــە پێــنج ســتراپ و ناوچــەی دەسەڵاتداریەتی "فیدراڵی" (پاژ) پێکهاتبوو.»

لـە راسـتیدا، فـەرهـەنگـی کۆمـەڵایـەتـی و فەلسەفەی سیاسی کوردەکان، بـە پێچـەوانـەی ڕوانگـەی بـەرتـەنگـی گـەلـەکـانی دیکـە، وەك یۆنانیـەکـان، لـە سـەر ڕێبازگـەی بـەرفراوانـی ئاڤێســتا و زەردەشـــت دامــــەزراوە و رەگ و ریشـــەی کوتـــاوە. فـــەلســـەفەی سیاســـی وبەرژەوەندی نەتەوەیی و ئـاییـنی هـەر ئـەوەی دەسەلماند کە لە ژێر یەك حکومەتی کۆنفـدراڵی ناوەندی کۆببنەوە، تا، لە لایەکەوە فەرهەنگ و کولتـوور، ئـایین و یاسـای ئـەشـایی«راسـتی و یاسای جیهانی راستەقینە» خۆیان پڕبارتربکەن و لــە لایــەکــی دیکــەشــەوە هاوپــەیمـانێتی و یەکێتیەکی توندوتۆڵ، دژ بە قەومەکانی گـەڕۆك و رێگــیر وەك ئاشــوریەکــان کــە قــەومێکــی چەوسێنەر و زۆردارو زاڵم بوون، بێننە کایەوە.

ئەوە هۆیەکی گرینگ بـووە کـە ئـەم رێچکـە گەلانە، کـە لـە شـکڵدا جیـاواز بـوون بـەڵـام لـە نـاوەرۆك و زەیـن و رەگــەزدا یــەك بــوون، لــە هێگمـەتانـەدا کـۆببنـەوە، ئـەوسا بـە نـاوی عــەدالــەت و دادگــەری ئــەشــایی«نــەزمــی راستەقینەی جیهانی» و بە خواستەی بـەرگری کردن لە زوڵم و زۆری و چەوساندنەوەو لە گـەڵ ئەوانەش،دروست کردنی مەزوپۆتامیایەکی ئارام و پێشـکەوتـوو، حکومـەتێکـی یـەکگرتـوو یـان باشتر بڵێین هاوپەیمانیەتێکی کۆنفدراڵی بـەهێـز دابمەزرێنن.

لە ناو کۆنفدراسیۆنی ماددا گەلانی کەمینـە، وەك پارسەکان و پارتەکان و ... بەشداربـوون. بەڵام ئەوەی کە بـە ئاشـکرایی مێـژوونـاسـەکـان رایانگەیاندووە، پارسەکان و پارتەکان گـەلێکـی زۆرکەم بوون واتە وەزنەیەکی قوورس نەبـوون. بە واتایەکی دیکـە، ئـەوانـە سـەرجـەم لـە سـەر بیروڕا، دین و فەرهەنگ و زمان، تەنانەت جـل و بەرگی مادەکان هـەڵسووڕاون، کـە بـێ‌شـك بـە تـەواوی گـوێ ڕایـەڵـی کـوردەکـان لـە مێـژوودا دەناسرێن.

کوروشی مادی یا خود کوروشی مەزن، لە ژێر باڵ و پەڕ و فەرهەنگ و ڕەوشتی بنەماڵە کوردەکان و هەروەها لە سەرئاییینی و بیری موغەکان و هەڵبەت لە سەر سفرە و خوانی بنەماڵەی مادەکان گەورە و پەروەردە بووە.

کوروش کە بە دامەزرێنەری دیاردەی هەخامەنەش، دەناسێندرێت بەهاندانی موغەکان و پیاو ماقوڵەکانی ماد، بە تایبەت فەرماندە هێزی سوپای ئاستیاگس و هەروەها فێتدان و هەڵچواندنی تاقمێك لە پارسەکان، پادشای ماد واتە ئاستیاگس سەر نخووم دەکات و خۆی فەرەهی شایەتی(فرە و شكۆ) دەگرێتە دەستەوە.

هەرچەندە پاش ماوەیەك، درێژە بە کۆنفدراڵی ماد دێت بەڵام نێوەرۆك و ڕواڵەتی حکومەت یا خود دەوڵەتی کۆنفدراڵی ماد هەروەك خۆی و لە سەرجەمسەری ئەسلی خۆی دەمێنێتەوە.

ئەوەی کە ڕوونە و لێرەدا دەرفەتی گونجاو بۆ لێدوانی نییە، سەر هەڵدان و پەیدابوونی سلسلەی هەخامەنەشی لە سەردەمی داریوشە،کە لەلایەن نووسەران و ئەفسانە دارێژەرانی، دەستپەروەردەی ڕەزاشا و هەڵبەت شێڤێنیستەکانی ئێستای فارس، واتە ئەوانەی خۆیان بە فارس! دەناسێنن و بۆ پیلان و پلانی خۆیان کەڵکی بەر فراوانی بە هەڵە داچووی، لێوەردەگرن، هاتووەتە ئاراوە.

جا ئەوەیکە دیاردەی هەخامەنەشی یەك سلسلە بن یا نا، هەر چۆنێ بووبێت و هەر چۆنێ بێت، ئەوەی کە لەو بابەتدا شایانی باسە، شێوەو ڕەوتی فیدراڵی بوونی ئەو سلسلەیەیە.

سیاسەتی حکومەتی هەخامەنەشییەکان کە لە مادەکانەوە بە میرات پێیان گەیشتبوو، سیاسەتێکی نەرم و هاوبەش خوازی هەموو گەل و ئیتنیکی ژێر دەسەڵاتیان بووە، دەگونجێ بڵێین پلۆرالیزمخواز بوون و دانیان بە فەرهەنگ و زمان و ئایین و فرەدەنگی گەلەکانی ترداناوە.

بە هەر حاڵ لە سەردەمی هەخامەنەشییەکان و دوایش ئەشکانیەکاندا، ئەوەی کە دێتە بەر چاو و خاڵێکی گرینگ لە خۆیدا وەدیار دەخات، ستراپ و ناوچە فیدراڵەکانە، کە لە ژێر حکومەتی ناوەندیدا سەریان وەدەرناوە و ڕۆڵی خۆیان بینیوە.

پێویستە بگوترێ گشت ستراپ و هەرێمە فیدراڵەکان، داب و نەریت، زمان و دین و فەرهەنگی ئیتنیکی خۆیان لە ژێر دەسەڵاتی ناوەندی، بەڕێوە بردووە و چالاکی تایبەت و پێویستی خۆیان نواندووە.

ئەگەر بەوردی سەیر بکەین، دەبینین مادەکان بەرێبەری و پێشەنگایەتی دیاکۆی مانایی، کۆمگا و یەکگرتوویەکی سەرەکی لە نێوان داخیۆ( سەرۆك– ئەمیر) و ناوچە جیاجیایەکان پێکهاتووە کە دەشێت بە هەوەڵین کۆنفدراڵە و پێکهاتەی هاوبەش، ناودێری بکەین.

گومان لەوە ناکرێت، کۆنفدراڵی مادەکان لە

چەندین ناوچە و هەرێمی سەربەخۆ،یا بە وتەی هێرۆدۆت، حەوت ناوچە و هۆز لە مێژوودا سەری هەڵداوە. بە کەمێك جورئەتەوە دەتوانین بڵێین نەتەوەیەکی یەکگرتوو یا خود یەکگرتوویەکی فیدراڵی واتە کۆماکۆنفدراڵێکی دێموکراتیکانەیان دارشتووە.

جیا لەوەی کە، هەرکام لەو ناوچە و هۆزانە بە چەشنی فیدراڵی دەسەڵات و حکومەتی فیدراڵی خۆیان بۆ دابین کراوە، لە ژێر سێبەری حکومەتی ناوەندیدا واتە کۆماکۆنفدراسیۆنی مادەکان پەلاماریان بردۆتە سەر ئیمپراتووری بە زۆر لێکپێچراوی ئاشور و لە سەر نەخشەی جوگرافیا و گۆی زەوین پاکیان کردوونەتەوە.

لە چاخ و دەورانی ساسانیە کاندا، لە وەڵاتی پان و بەرینی ئێراندا، سەبارەت بە بارودۆخی جوگرافییایی و تۆپۆگرافی ناوچەکە و بەرژەوەندی و رەهەندی نەژادی و نەتەوەیی، جیاوازی زاراوە و زمانەکان، ئایین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان، ناوچە فیدراڵەکان بەرپرسی بەرێوەبردنی کار و باری ناو خۆیان بە حیسێب دەهاتن، بەشێوەیەکی کە تاقمێك لەو ناوچە فیدراڵانە، تەنانەت مافی لێدانی سکەیان پێدراوە و تاقمێکی دیکە زمان و خەتی تایبەت بە خۆیان هەبووە کە لە ناو خۆیاندا کەڵکیان لێوەرگرتووە.

(شەهریاری) ساسانیەکان بە سەبەبی قەبوڵ کردن و رێزدانان بۆ سەر بە خۆیی ناراستەوخۆی ناوچەکانی ئێران وەهەروەها هەرێمە چەند گەلایەتیەکان، چ ئاراییەکان و چ سامیەکان و تورکەکانی کۆچەری بن دەستیان، سەنگ نەبیشتە و تاشەبەردە نووسراوەکانی خۆیان بە زمانەکانی ئەو گەل و ناوچە ئیتنیکیانە نووسیوە و بڵاویان کردۆتەوە.

ئەوەی کە لە مێژوی ساسانیەکان بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە کە هەر کام لەو ناوچە و هەرێمە رەنگاورەنگانە، ئازادی و سەربەخۆیی و گەیشتن بە مافەرەواکانی سەربازی، ماڵی، رامیاری، فەرهەنگی و ئایینی خۆیان پێدراوە.

نموونەیەکی تر کە دەتوانین دەستی بۆ رایەڵ بکەین، تیۆریزە کردنی جۆرێك فیدراڵیزمە کە لە سەردەمی خەلافەتی ئیسلامە تیدا هاتۆتە گۆرێ.

ئەگەر بە خێرایی چاوێك بەسەر خیلافەتی ئیسلامە تیدا بگێرین و سەیری بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تیۆریسیەنەکان و ئیدیۆلۆگەکانی دیاردەی خەلافەت، کە بێگومان ماوەردی یەکێکە لە هەرە نووسەرو بیرمەندە گەورەکانیدنیای خەلافەت، هەروەها پێشەنگ و پێشرەوترینیان، سەرنجی ئێمە بۆلای خۆی رادەکێشێت.

ماوەردی«ابوالحسن علی بن محمد بن حبیب ماوردی» لە ساڵانی(540ی) مانگی لە شاری بەسرە لە دایکبووە، ئەوپیاوە مەزنە رەگەزی کوردی هەیە و لە سەردەمی خەلافەتی (ئەلقادر) ژیانی بە سەر بردووە، ناوبراو بە شێوەیەکی سیاسی و شەرعی باسی لە رەوت و جۆرێك فیدراڵیزم کردووە.

دەتوانین بڵێین ماوەردی هەر ئەو

کەسایەتیەیە کە یەکەمین جار، سیاسەت و فەلسەفەی سیاسی، لە دنیای خەلافەتدا بە شێوازێکی دینی و بە راشکاوی هێناوەتە ئاراوە. بە دەستە واژیەکیتر بۆ یەکەمین جار لە سەر شێوەی حکومەت کردن و دەسەڵاتی خەلیفە بە مێتۆدێکی سیاسی — دینی پوخت، قسەی کردووە و تیۆری دارشتووە. لە پەرتووکەکەیدا، ئەمارەت(حکومەتی سەر بە خۆیی ناوچەیی)،بە دوو بەشی سەرەکی دەستە بەر دەکات، واتە، ئەمیرایەتی رەزامەندی( ئەمارەتی ئیستکفایی و ئەمیرایەتی ئۆتۆنۆمی سوڵتەیی ( ئەمارەتی ئیستیلایی)

خاڵێکی گرینگی ئۆتۆنۆمی سوڵتەیی لە سەر پرینسیپی رێککەوتن و بریار خۆی نیشان دەدات، لە نێوەرۆکی ئەو تۆتۆنۆمیەدا، دەسەڵاتی سەرۆکی ناوچەکە و پانتایی دەسەڵاتداریەتی هەرێمەکە بە چەشنێکی فەرمی، لە لایەن خەلیفەوە(دەسەڵاتی ناوەندی ) قەبووڵ دەکرێت" ئەوە مانای ئەوەیە، بە هۆی دان پێدانانی خەلیفە بە ماف و داخوازیەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی، پێش بە زڵهێزی و شۆرش و جیاوازی خوازی و هەروەها دژایەتی لە و ناوچانەدا بگرێت.

ئەوەی کە سەرنج راکێشە، ئەوەیە، کە ماوەردی داوا لە خەلیفە دەکات، لە کاتی سەر هەڵدان و مەترسی شۆرشی ناوچەکانی ئیتنیکی ژێر سەیتەرەی خەلافەت و لە کاتی راست بوونەوەی ئەمیر و حکومرانێك، لە هەریەك لە هەرێمەکاندا، کە بە بێ ئیزنی خەلیفە و هەمبەر دژایەتی لە گەڵ ئەو ئەنجام دەدرێت، دەسەڵات و ویست و داخوازیەکانی ئەو، قەبووڵ بکات، لەگەڵ ئەوەش بە فەرمی ئەو ئەمیرە کە بە زۆری شمشیر و زلهێزی جەماوەری راست بۆتەوە بسەلمێنێ، یا خود دەسەڵات و سەرۆکایەتی ناوچە فیدراڵەکە لە سەر رێککەوتننامەیەکی دوولایانە قەبووڵ بکات، واتە فەرمانی ئەمیری و سەرۆکایەتی سەر بەخۆیی ناوچەکە بە نووسراوە، وەدەستی بدات، هۆی ئەو کارەش ئەوەیە، کە ئەمیر و ناوچە سەر بەخۆیە،وەك بارودۆخی پێشووی، سەر بە حکومەتی ناوەند(خەلافەت) بمێنێتەوە، یا خود بە شکڵێکی کەم رەنگتر وەك بەرێوەبەر و دانێنەری خەلیفە لە قەڵەم بدرێت" کە وایە دەشێ بڵێین ئەمەش شێوەیەکی تری فیدراڵییەت لە سەردەمی مێژووی ئیسلامەتی کورد و ئێران بەدی دەکرێت.

بە کەڵك وەرگرتن لە کتێبی محەممەدحەمەباقی بە نێوی( شۆرشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ) دەتوانین چەندین نموونەی دیکە لە ناوچە فیدراڵەکان وەبەر چاو بخەین، دوابە دوای لەتلەت کردن و لێکدا برِ کردنی (تجزیە کردستان) کوردستان لە سەردەمی تورکەکانی سەفەوەی(١٥٠١) و ئیمپراتووری عوسمانی و لە ژێر رێککەوتننامەی رەشی ئەماسیە(١٥٥٥ ز ) چەندین ناوچەی فیدراڵی، بە شێوازی ئۆتۆنۆمی لە ناو

كوردەكاندا هاتە كایەوە.

بەوتەیەكی‌تر دەتوانین بڵێین كوردستان لەوساتەدا بە چەندین فدراتیوی سەر بەخۆدابەش كراوە. لە خۆرئاواو باشووری كوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، سۆران( ١٨٣٧ )، بابان(١٨٣٧)، بادینان(١٨٤٣)، هەكاری(١٨٤٨)، بۆتان(١٨٤٨)، بتلیس (١٨٤٩)وە لە رۆژهەڵاتی كوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانیش، دەتوانین ئەو نموونانە زەق بكەینەوە: ئەردەڵان، لوڕستان و موكریان.

مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە كە ئەو هەرێمە فیدراڵانەی كوردستان خاوەنی هێزو لشكر و رێكخراوو ئیدارەی سەر بەخۆبوون. لە زۆربەی كاتدا لە جیاتی ناوی سوڵتانی عوسمانی لە نوێژی هەینی‌دا، ناوی سەرۆكی خۆیان هێناوە. هەندێك لە و ناوچانە تەنانەت پارە و سكەی تایبەت بە خۆیشیان لێداوە.

بێگومان پاتە كردنی ئەوە پێویستی بە گوتن نییە كە مێژووی ئێران(بەرێبەری كورد) بەگشتی و كوردستانی گەورە بەتایبەتی، خۆی لە خۆیدا هەڵگری ئیدە و سیستەمێكی سەربەست و فیدراڵیەتە، كە رۆژ لە گەڵ رۆژ میوە وبەرهەمی بە كەڵك بۆ نەتەوەكانی‌تر وەدیار دەخات و وەدەستیان دەدات، بەڵام بەداخێكی زۆرە وە خۆی وەك كەسایەتیەكی خاوەن فەرهەنگ و مێژوو، لەم كەرە سەیە بێ بەشن، بە واتایەكی دروستتر بڵێین بێ بەهەرە و بێ بەش كراون.

دیارە شێوازی فیدراڵیەت هەر لە كۆنەوە لە ناو كوردو ئێرانیەكاندا لە ئارادا بووە و ئینكاری ئەم جۆرە حكومەتە ناكرێ، چونكوو مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە و رووداوەكان و مێژووی بیری فەلسەفی،ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت.

ئەگەر چی ئەوەش حاشا هەڵنەگرە، لە مێژووی یۆنانیش چەند كۆنفدراڵێكی وەكوو: كۆنفدراسیۆنی دیلووی،كۆمەڵگای ئێژە و كۆنفدراسیۆنی لیسیا پێكهاتووە، بەڵام نابێت ئەوەمان لە بیربچێ كە لەلایەكەوە ئەوانە زۆر درێژخایەن و سروشتی نەبوون و لەلایەكی دیكەشەوە یاسایەكی تایبەتی و فەلسەفەیەكی مەدەنی و رامیاریان بۆ ئەم كەرە سەیە نەبووە، بەڵكوو بەشی زۆری لەبەر كاروباری شەڕ و پێكدادان بووە، یان باشتر بڵێین لە كۆنفدراسیۆنی ئەواندا یاسای فیدراڵی هەبوونی(وجود) نەبووە، بە واتایەكی تر یاسایەكی سروشتی و بنەڕەتی یەكگرتوویان لە دەست دا نەبووە و هەر بۆیەش سیستم و رێبازگەیەكی كە نەڵۆك و كاتی و سەفەت دەژمێردرێت و لەگەڵ ئەوانەش كۆن بوونیان سەبارەت بە مێژووی كۆنفدراڵی و فیدراڵی لە مەزپۆتامیای كوردستاندا زۆر لە بەرچاو نییە.

بە نموونە ئەگەر بە وردی و وریایی سەیری سیستم و ناوەرۆكی كۆنفدراڵی مادەكان بكەین و شیكاری بكەین، بە روونی دەبینین لە ناخی ئەم كۆنفدراسیۆنە دا، بە پێچەوانەی كۆنفدراسیۆن و كۆمەڵگایەكانی یۆنانی، یاسای بنەڕەتەی كۆنفدراڵی و فیدراڵی لە ئارادانە بووە، ئەمەش كەلێن و سنوورێكی جیاواز لە

گەڵ کۆنفدراڵەکانی دیکە( ئەگەر نێو لێنانیان بە کۆنفدراڵ راست بێت) لە مێژوودا پێکدێنێت.

شەڕی درێژخایەنی نێوان ئاتێن و ئیسپارت و هەروەها بەشداری فەیلەسووف و پیاوە ماقوڵەکانیان وەك ئەفلاتوون و ئەرەستوو و ... لەرزۆك بوون و کاتی بوونیان بە باشی بۆ ئێمە دەسەلمێنێت.

لە راستیدا کۆما کۆنفدراسیۆنی دیموکراتیکی مادە کان وێڕای ئەوەیکە هەمیشەیی بووە و شیای هەڵوەشاندن و تێکدان نەبووە، فەلسەفەو بۆچوون و ئایدیۆلۆژیەکی پتەو و کاکڵەیی بە ئاسۆیەکی روونی لە پشت بووە.

دیارە ئەو نموونانەی کە وەبەر چاومان خستوون ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن کە ئێرانیەکانی ئەهورایی و ئاریایی بە تایبەتی کوردستانی گەورە، بە بلیمەتی و لێهاتوویی گەورە پیاوەکانی کورد لە سەردەمانێکی لەمێژینەوە لە گەڵ ئەم جۆرە حکومەتە پێوەندی و ئاشنایەتیان بووە، لە راستیدا لە گەڵ فێدراڵێزمدا ژیانیان بە سەر بردووە.

چەند تێبینیەك لە سەر فێدراڵێزم

دەربارەی فیدراڵیزم و سیستمی فیدراڵ دەتوانین ئامارە بەوە بکەین کە شێوەی فیدراڵ، دوو ریشە و بناخەی بنەڕەتی هەیە، یەکەمیان بە ریشەی سروشتی و دووەمیان بە ریشەی مێژوویی فیدراڵیەت ناودێر دەکەین.

هاتنە ئارای بوون(وجود) و پێویستی حکومەتی فیدراڵ و شێوازی ئەم جۆرە حکومەتە لە باری سەر چاوەی سروشتیە وەدەتوانین ئەوە بەیان بکەین کە ئەسپاردن و قەوینتی کردنی کارو کردەوەی خەڵك و گەل بە دەست خودی خەڵك و گەلەکان، ئاکامی ئەوەیە کە خەڵك لە هەمان کاتدا کە کەندو کۆسپ و باری ناخۆش و کارەساتەکانی ژیانی رۆژانەیان بە ورە و وزەی خۆیان دەدەنەلاوە و چارەسەریان دەکەن، بە هەمان شێوەش ئامادەگی و ئەزموونی ئەوتۆ، بە مەبەستی بەرێوەبردنی کاروباری ئیداری و کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری خۆیان لە ناو کۆمەڵگادا پەیدا دەکەن، لە گەڵ ئەوەش وێڕای ئەوە کە راهاتووتر و بە هێزتر دەبن، دەتوانن هێوە رهێوە تاکێکی بە کەڵك و ئازا و پسپۆڕ بۆ چارەسەر کردن و کارگێڕی کێشە و مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگای خۆیان پەروەردەبکەن.

ئەو سیستمە پێش هەموو شتێك قەوارە یەکی راهێنەرە. لە راستیدا راهێنان و پرۆسەیەکە، کە بەباری گشتییەوە دەتوانرێت بۆ هاوکاری و هاریکاری لە گەڵ حکومەتی ناوەندی بە کار بگیردرێت، واتە جۆرێك بێت کە ئەو خەڵك و تاکە مەیدان پێدراوە بارهاتووە دەتوانێت بە تەجرەبەی خۆی ئەرکی سەرەکی و زۆر قوورس و گرینگی سەرشانی دەوڵەتی ناوەندی هەڵبگرێت و بیخاتە ئەستۆی خۆی،

خـۆی جـێ بـەجێی بکـات و یاریـدە دەرێکـی گەورە و بە هێزبێت بۆ حکومـەتی ناوەنـدی لـە بەجێ هێنانی ئەرك و پێداویستیە کانی.

لـە نـاخی ئـەو سیسـتمەدا، بەرپرسـایەتی و پەیمانـدان هەمبەر کۆمەڵگا ئـەرکێکی گشـتییە، بـە پێچـەوانەی شـێوەی حکومـەتی چڕکراوە و سـەنترالیزم کـە هــەر تـاك و گـەلێك ئـەرك و ئەمەکیان تا سـنووری بنەماڵـە و چـوار دیـواری خۆیانە، ئەرك و وەفاداری و زەحمەتی بۆ گشت کۆمـەڵگا و هـەر هـەموو تـاك و گـەل و نەتـەوە کانی دێکەی وەڵاتەکەی لە سەر ئەستۆی خـۆی دەبینێــت و لــە مــەڕ ئــەوان هەســت بــە، بەرپرسایەتی و بەڵێنی دەکات.

دیـارە لـە ڕووی سروشـتیەوە، ورووژانـدنی هەسـتی مـرۆڤـەکان و بـایخدان بـە توانـایی و لێهاتووی ئینسان دێنێتە کایەوە.

هەر وەك ئاماژەمان پێدا، لـە راستیدا ڕەگ و ریشەی دووەمی سیتسمی فیـدراڵی، لـە سـەر چاوەیەکی زووڵاڵی مێژوویی مرۆڤ هەڵقووڵاوە.

بێگومان بۆ یەکەم هەل، لە کوردستانی کـۆن یـا خـود کوردسـتانی سـەردەمی ئاوێسـتاو لـە دەشتی( فلات ) ئێران هاتۆتە ئـاراوە، ئێمـە لـە سەر ئەو باوەڕە سوورین کە کوردەکان داهێنەر و بڵاوکـەرەوەی شـێوازی حکومـەت کـردن بـە شێوەی فیدراڵی و کۆنفدراڵی دێنە ئە ژمار.

دیـارە بـە کـورتی و لـە سـەر پێـی چـەند نموونەیـەکی مێـژووییمان لـە سـەرەتاوە وەبـەر چاوە خستووە. ئەگەرچی نموونـە و نیشـانەی زۆر تێـر و تەسـەل و تونـدوتـۆڵێشـمان هـەن، جامـەو دا و پێویسـتیش نییـە، زیـاتر لـەوە لەسەری بڕۆیین، چونکوو ئەو نموونانە کـە وەك بەڵگە ئاماژەمان پێیان کردووە، گـەواهی ئـەوە بۆ کورد دەدەن.

چـەمکی فیـدراڵیزم( Federalism ) لـە ریشـەی ووشـەی " Foedus " لاتـینی بـە واتای، پە یماننامە، ڕێککەوتن، بڕیـار و بـەڵێنی وەرگیراوە.

دیارە چەمکی فیدراڵیزم بیرو بۆ چـوونی زۆر لـە سـەرە تـا ئێسـتاش زانایـانی کۆمەڵناسـی و پسـپۆڕانی سیاسـی، لــە ســەر پێناســەیەکی یەگرتوو، بە تەواوی کۆکـنین، بـەڵام هـەموویان لە سـەر ئـەو بـاوەڕەن کـە دەتـوانن باسـی لـێ بکەن و ڕاڤەی ئەو بکەن.

حوســێن محەمـــەد عـــەزیز لەپـــەڕتووکی فیدراڵیزم و دەوڵەتی فیدراڵدا ئاوا دەنووسێت « ... وەك شرۆڤەیەك لە شـێوەکانی فرمـانڕەوایی دادەنرێ، لە ڕێی یەکگرتنی چـەن ووڵاتێکـەوە، یا، چـەن هەرێمێکـەوە، یـان چـەند دەوڵـەتێکی ناوەنـدی هـاوبەشـدا، پێکـەوە دەژیـن، بــێ ئەوەیکـە لـە یـەکتری جیابنـەوەیان بـە تـەواوی یەکبگرن. »

فێدراڵیزم واتـای ئەوەیـە، لـە یـەك ووڵـات و حکومـەتێك، بـە پێـی دەسـتوور و یاسـایەکی بنەڕەتی و بنچینەیی، لـە سـەر بـنج و بنـاوانی بەرابـەری، یەکسـانی و برایـەتی بـە دوو بەشـی سەرەکی، واتـە دەوڵـەتی ناوەنـدی و دەوڵـەتی ناوچەیی دابەش دەکرێت.

تـەواوی ئـەو ئـامراز و تایبەتمەندیانـەی بـۆ

حکومەتی ناوەندی، دیاریکراوە و پێویست بەبوونی هەیە، دیارە بۆ حکومەتی ناوچەیشی وەك مەرجێك دێتەکایەوە.

ئاشکرایە لە دنیا و چاخی ئێستادا، حکومەتەکان لە شێوازی چڕکراوە و کۆگاییدا(Centralism ) وردەوردە بەرەو شێوە و حاڵەتی نا چڕکراوەیی( Uncentralism ) و ناوچەیی هەنگاو دەنێنەوە، ئەو راستیەش هۆی ئەوەیە، گەیشتوونە ئەو قەناعەت و قۆناغەکە، حکومەتی ناوچەیی و فیدراڵی باشتر و شیاوتر توانستەی پێکهێنانی مەدەنییەت و تەمەدوون و پێشکەوتنی هەیە، هەڵبەت کۆنفدراسیۆن و کۆمگایەکانی وەك ئیتحادیەی ئەورووپا و کۆمکاری نەتەوە یەکگرتووەکانی عەرەب و ... دەگەڕێتەوە سەر ئەو بیر و باوڕە.

لە ناو سیستمی حکومەتی فیدراڵیدا، دوو دەستە حکومەت وەبەر چاو دەکەوێت، حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم یا خود فیدراڵی هەرێم.

دەسەڵات و سامانی نێوان، ناوەند و ناوچە فێدراڵە کە، بە پێی یاسایەکی هەمیشەیی دابەش دەکرێت و لە سەر چۆنیەتی و چەندایەتی کێشەو مەسەلەکان رێك دەکەون.

بێگومان ئەو دابەش کاریە و رێککەوتنە یەش ناتوانرێت لە یەك لایەنەوە پێشێل بکرێت وەیان بگۆڕدرێت، جا بەو چەشنە، دەشێ هەم سەروەت و سامان و هەم هێزو دەسەڵات بە شێوازێکی عادڵانە و یاسایی دابەش بکرێتەوە.

دەوڵەتی فیدراڵ جگە لەوەی ماف گشت گەل و نەتەوەکان لە هەمووبارەوە دابین دەکات، خۆشی وەك حکومەتی ناوەندی مافەکانی بەردەوامە، واتە لە سێبەری ئەم جۆرە حکومەتەدا حەق و عەداڵەت بە یەك نەتەوە و گەل نییە، بەڵکوو حەق دەگەڵ هەموو نەتەوەکان و بەگشت نەتەوەکانە، چ ئەوانەی زۆرینەن و چ ئەوانەی کە مینەو ئەقەلیەت دەناسرێن، دەتوانین بڵێین بە یەکەوەوە بە هاوبەشی و هاریکاری لە گەڵ یەکترەوە حکومەتێکی فیدراڵی و دێموکراتیك دادەمەزرێنن و پێکەوە بە یەکەوە حکومەت دەکەن.

لە ناوەرۆکی ئەم سیستم و رێبازەدا، جگە لە جیاوازی هێزەکانی سێ لایەنەی حکومەتی( قوای سەگانە حکومتی Separation Of Powers ) و پرینسیپی سەرەکی سیکۆلاریزم، بەوە بەر چاوگرتنی ئیرادەی گشتی و بە پێی یاسای بنەڕەتی نەتەوەیی و ناوچەیی، کاروباری ناوەکی و دەرەکی، بەرێوەبردنی ئەرکەکان و دەسەڵاتداریەتی گشتی(حاکمیت عمومی) لە بەینی حکومەتی ناوەندی و ناوچەیی دابین و دەستە بەر دەکرێت.(حکومتهای محلی و عدم تمرکز–نشر قومس–دکتر ابولقاسم تاهری)

روونە، هەرکام لە ناوچە فیدراڵەکان، تەنانەت بچووکترین بەشەکانیش لە کاروباری ناوخۆیاندا ئازادن، هەر کامیان بۆیان هەیە بە پێی دابونەریت، فەرهەنگ و ئایین و و ئیتنیك

و کولتووری خۆیان، هەڵسو کەوت بکەن و بەڕێوەبەر و بەرپرسی کار و پێداویستیەکانیخۆیان بن.

پرۆفسێور ئاندرسن دەبێژێت:(( تایبەتمەندی و سیفەتێك کە سیستمی فیدراڵی لە سیستمی چرکراوە جیا دەکاتەوە، بێگومان بڵاوبوونەوە و بڵاو کردنەوە و دابەش کردنی دەسەڵاتە" بە پێی یاسایەکی بنەڕەتی، ئەرکەکانی دەوڵەت، دەسەڵات و سەروەت، مافەرەواکان، لە بەینی دوو ئاستی، حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمدا، دا بەش دەبێت...))

زانایەکی فەرەنسی( Hauria ) دەنووسێت:(( یاسای فیدراڵی دوو لایەنی هەیە، لە لایەکەوە بە یاسایەکی بنەڕەتی، دەوڵەتی فیدراڵدا دەنرێ، لە لایەکی دیکەشەوە، بە یەکگرتنێکی رامیاری، نێوان ناوچەکانی ئەندام، دەژمێرێت)).

(دوڕانە)ی ئەمریکاییش لە سەر ئەو باوەڕەیە کە سیستمی فیدراڵ دەرکەوتەیەکی رامیارییە، کە لە چوارچێوەیەکی یاساییدا خۆی دەنوێنێت.

ئەگەرچی پێناسەیەکی هاوبەش و هاودەنگ کە پڕبە پێستی خۆی بێت لە نێوان زانایان و پسپۆڕان نە هاتۆتە گۆڕێ بەڵام بیری فیدراڵیزم، لە بنەڕەتدا، بە کارێکی یاسایی نێو خۆیی(داخلی) هەر دەوڵەتێك دادەنرێ، واتە دەوڵەتی فیدراڵ، بە رێککەوتننامە یەکی نێونەتەوەیی(اتحاد بین المللی) دروست نابێت.

هەموو دەوڵەتێکی فیدراڵ، پێویستە، خاوەنی دەستوورێکی هەمیشەیی نووسراوی دیارکراوی تایبەتی خۆی بێت، لەو دەستوورەشدا دەشێ چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ پێوەندیەکانی نێوان هەرێمەکان و دەوڵەتی فیدراڵ دیاری بکرێ.

پێویستە هەر یەکە لە ناوچە ئەندامەکانی ناودەوڵەتی فیدراڵ و دەوڵەتی ناوەندی، دەستووری تایبەتی و خۆیی، خۆیان هەبێ، ئەو دەستوورەش بە شێوەیەك بنووسرێ کە هەمووکار و فرمانەکانی گشت لایەکیان دیار و دابین بکات.

زۆر زەقە، مافی فیدراڵیزم مافی جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەر بەخۆ ناگرێتە وە، بەڵکوو بەپێچەواتە سیستمی فیدراڵی هەر بە تەواوی پارێزگاری یەکپارچەیی خاك(تمامیت ارضی) و قەوارەی رامیاری دەوڵەت دەکات.

خاڵێکی گرینگی فیدراڵیزم ئەوەیە، سەرۆکی هەرێمە فیدراڵەکان مافی سەروەریی دەوڵەتیان نییەو ئەوەش بێشك لە نێوەرۆکی یاسای هەمیشەیدا دەچەپسێت" هەڵبەت ئەوەش خۆی لە خۆیدا بە یەکێك لە نیشانە گرینگەکانی دەوڵەت دادەنرێ.

لە راستیدا، هەموو ناوچە فیدراڵەکان وەکوو چەند ئەندامێکن لە یەك قاپۆڕ و جەستەدا کۆبوونەتەوە و بە هەمووشیان پێکەوە لە سەر یاسایەکی سازش لەسەر کراو، دەوڵەتێکی یەکگرتووی فیدراڵ پێکدێنن.

دەوڵەتی فیدراڵ، لە چوارچێوەی یاسای گشتی نێودەوڵەتاندا، بەشێوەیەکی یەکگرتوو و

سەنترالیزم رەفتار دەکات، هەر لە سەر ئەو خاڵە سەرەکیەشە، زۆربەی کات، دەستووری ناوخۆیی فیدراڵی رێگە بە هەرێمە فیدراڵەکان نادات کە لە کایەکانی پۆلێتیکی دەرەوە و دیپلۆماسی، راگەیاندن، بەرپا کردنی جەنگ و مۆر کردنی پەیماننامە نێو دەوڵەتیەکاندا نوێنەریان هەبێت وە یان دەنگ و بیروباوەڕی خۆیان دەربڕین، یانی لە لایەکەوە فیدراڵەکان بۆیان نی یە، دەم لە کاری یاسای نێودەوڵەتانەوە بدەن وە لە لایەکی دیکەشەوە سەرۆکی هەرێمە فیدراڵەکان وەك خاوەنی کەساییەتیەکی نێونەتەوەیی بە ئەژمار نایەن. ( حوسێن محەممەد عەزیز – کتێبی فیدراڵیزم).

یەکلا کردنەوەی دەسەڵات، لە ناو سیستمی فیدراڵدا گرینگەیەکی سەرەکی هەیە، ئەمەش لە دوو رێگە و بە دوو شێوە دەتوانرێت دەستە بەر بکرێت.

١– دەسەڵاتی هەرێمە فیدراڵەکان دەسنیشان دەکریً و لە دەستووری هەمیشەیی زەق دەکرێتەوە و جەختی لە سەر دەکرێت، جا ئەگەر شتێکیش مایەوە لە ناو یاساکەدا تۆمار نەکرابیً، بۆ دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی دەمێنێتەوە، واتە وەك مافێك بۆی تەرخان دەکرێت.

٢– دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی فیدراڵ لە ناویاسای هەمیشەییدا دیاری دەکرێت. دیارە هەر دیاردە و شتێکی کە لە نێو یاسا کە دا باسی لێنە کرابێت، لە سنووری دەسەڵاتی هەرێمە فیدراڵەکان دەژمێردرێت.

توێژەری بەرز حوسێن محەممەد عەزیز لە درێژەی دوانەکەی لە مەڕ فیدراڵیزمدا دەڵێت:

یەکێ لە خسیلەتە هەر گرینگەکانی دەوڵەتی فیدراڵ، لە " یەکێتی " و " سەربەخۆیی" پێکهاتووە . دەنگە ناسراوەکانی دەوڵەتی فیدراڵ، چ لە سەر ئاستی سەرۆکی هەرێمەکان بێ چ لە سەر ئاستی دەوڵەتی ناوەندی، لە سێ دەسەڵاتی جیاوازی یاسادانان « مقننه »، جێبەجێکردن « اجرائیه »وە دادگەریی«قضائیه» پێکدێنن.

لە سیستمی فیدراڵدا، جگە لەوەی حکومەتی ناوەندی لە فەرهەنگ و زەرفییەت و هێز و هەروەها تایبەتمەندیە پۆزیتیڤەکانی ناوچە فیدراڵەکان، بۆ پێشکەوتن و گەشەپێدانی وەڵات کەڵك وەردەگرێت" دەتوانین وەکوو ئیمتیاز و قازانج پەنجە بۆ ئەو خاڵانەی خوارەوەیش رابکێشین.

١– لە شێوەی حکومەتی فیدراڵدا، ناوچەکان و هەرێمە بچووکەکان وەکوو مەیدانی ئەزموون و تاقیکاری، زۆر یاسا و رێسایان لێ ئەزموون و پێوار دەکرێت ، ئەگەر دەرئەنجامێکی چاك و بە سوودیان بێت، دەتوانرێت بۆ گشت وەڵات بڵاوبکرێتەوە و کەڵکیان لیوەر گیرێت.

٢– لەم شێوە حکومەتەدا، حکومەتی ناوەندی دەتوانێت بێ ئەوەیکە زەخت و زۆر یەك بەکار بەرێت و ئاسیوێك لە ئازادیو مافەرەواکان و سەروەری « حاکمیت » ناوچە فیدراڵەکان بدات و بیانرووشێنێت، یاسای

هاوبەشــی«متحدالشــكل» و هاوســەنگیەك بــۆ یەكســان كردنــی كاروبــاری ئیــداری و رامیــاری، كۆمەڵایــەتی و ئــابووری لــە گشــت وەڵاتــدا سەقامیگر بكات و بەكاریان بگرێت، بە تایبــەتی ئەویاســا و پێداویســتیانەی كــە تایبەتمەنــدی گشتیان( ویژگیهای عمومی )هەیــە و لــە ئاســتی ولاتدا، كاردانەوەیــەكی پتــەویان بــۆ بــەدی دەكرێت.

٣– مكـــانیزمی چـــاوەدێری و كـــۆنترۆل و هاوسەنگیەك كە لە حكومەتی فیدراڵدا هەیە لــە كەڵەكــە بــوون و چــڕكاری دژبــە بەرژەوەنــدی هێزەكانەی سیٚلایەنــەی دەســەڵات(چند منــافع قــوای سە گانــە قــدرت) بــەرگری دەكــات، بــە واتەیــەكی دیكــە، بــە شــێوەیەكی لەمپــەر، كاریگــەری دەبێــت، لــە گــەڵ ئــەوەش كــەم و سووك كردن و نابووتی ماف ئــازادی تاكەكەسی و گەلایەتی، فەرهەنگی و مەزهــەبی وەهــەروەها ڕوشاندن و دەست درێژی كردن بــە ســەر مافــە رەواكــانیتر،بــە جــۆرێكی زۆر گونجــاو بــەرگری دەكـــات، واتـــە بـــەرەنگاریان دەبێتـــەوە و بەرهەڵست و ناكۆكی نێوانیان لاواز دەكات.

٤– كــۆ و كەڵەكــە نــەبوونی دەســـەڵات و قوورسایی هێزەكانی سیٚلایەنەی حكومەت، كــە لە تایبەتمەندیەكانی هەرەســەرەكی و بناخــەیی دەوڵەتی فیدراڵ دێنە ئەژمار، لە زەخت و كار و زەحمــەتی سەرشــان و ئەركە قوروســەكان یا خود كۆبوونەوەیان لە سەر ئەستۆی حكومــەتی ناوەنــدی پێشــگیری دەكــات، بەتایبــەت لــەم وەڵاتانە كە جەماوەرو حەشیمەتیان زۆر تێدایە و جوگرافیایەكی پان و بەرینیان هەیە.

٥– ئــەو سیســتمە، وەكــوو فێرگەیــەكی بارهێنان و لە هەمان كاتدا پــەروەردەیی ڕۆڵــی خۆی دەگێڕێت، لە بەر ئــەوەی، تــەواوی خــەڵك دەربەر دەگرێت، هــەروەها زۆرینــەی خــەڵك بــۆ هاوبەشــی و هاریكــاری و چــاودێری و تەنانــەت بەشداری و خۆتێهەڵكێشان تەیار دەكات.

بنیات نان، سەركەوتن و ژێركەوتنی دەوڵەتی فیــدراڵ، پێوەنــدێكی پتــەوی، بــە بــوونی بــیری دێموكراســـی و ڕوانگـــەی پلـــۆڕالیزم وەیـــان نــەبوونیان هەیــە. بــە واتایــەكی دیكــە، ئــەو ئاوەزگــەری( عقلانیــت) و ڕۆشــنبیریە لــە مــەڕ دێموكراسی، پلۆڕالیزم، لە لایەن دەســەڵاتداران و فرەگەلەكان و شاخ و باڵەكانیان تا رادەیــەكی زۆر، لــە دامەزرانــدن، بــەڕێوە چــوون و بــەرە و پێشــەوە چــوون وەیــان، شكســتی بــیروبــاوەڕی فیــدراڵی و دەوڵــەتێكی فیــدراڵی، كاریگــەری هەیە، واتە پێكهاتن و دەوامی بەم بــیروڕایــەوە، گرێدراوە.

هاوســەنگی و وێكچــوونی نێــوان فیــدراڵیزم و پلۆڕالیزم دیاردەیەكی زۆر بــە كــەڵك، بــۆ گشــت وەڵاتــانی فرەگــەلی و ئیتنیكــی وەكــوو ئێــران، عێراق،توركیە و ... وەدیار دەخات، لە راستیدا پلۆڕالیزم، دژایــەتی و بەرهەڵســت و قەڵشــتێكی گەورەی لە گەڵ تاكــە ســالاری و چــڕكراوەیی و شــێوە گــەلی نادێموكراتیانــە هەیــە. لــە بــەر ئەوەیكە، فیدراڵیزم لە( بــە ) ڕوانگــەی پلــۆڕالی واتــە فرەرەنگــی و چــەندایەتی، هــێم و بناغــەی بــیروڕای لــە ســـەر جیـــاوازی، چـــەنددەنگی و

هەمەرەنگی و هەروەها جۆراوجۆری و فرەویستی، دامەزراوە.

باسێك لەوەدا نییە، خەڵك ماف ئەوەیان هەیە كە بڕیاربدەن" چی" "چۆن" بێت، بەوتەیەكی دیكە،بنەماو بڕیاردان لە ناو هەر كۆمەڵگایەكدا، خەڵكە. لەراستیدا بە كپ كردنی دەنگ و خواستی گەل و نەتەوەكان وەبە سەركووتكردن، ئاسۆیەكی روون بە دی ناكرێت.

بەشێكی هەرە زۆری كێشەو گیروگرفتی، وڵاتانی فرەنەتەوەیی و ئیتنیكی وەكوو، سوریە، توركیە، ئێران و ... دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ماف گەلان.

بەشێكی تریشی، دەگەڕێتەوە سەر ئەو باوەڕە كە حكومەت بەشێوەیەكی چڕكراوە و داگیركەرانە، دەسەڵات قۆرغ بكات و فەرهەنگ و ئایین و ڕا وخوێندنەوەی تایبەتی خۆی لە سەر ئەوانیتر داسەپێنێت، یانێ تەنانەت تاكو دەنگی خۆی دەنگی خودا بنوێنێت.

زۆر ڕوونە، بۆ چارە سەر كردنی كێشە و مەسەلەكانی وڵاتانی فرەرەگەزی و فرەرەنگی، كە بێگومان زۆر سەرەكی و بنەماین، بێ پەردە بڵێین دەشێت پلۆڕالیزم و فرە كلتووری قەبووڵ بكرێت، دان بە مافەرەواكانی گەلانی ئیتنیكی، بە چەشنێكی فەرمی و یاسایی بنرێت و شێوازێكی فۆرمووڵە و ڕێكوپێك بدۆزرێتەوە كە بەڕای ئێمە و ڕای خەڵكی كوردستان و گشت گەل و قەومە جۆراوجۆرەكان، باشترین و بە جوابترین كەرەسە، پرۆسەی دێموكراتی فیدراڵیەتە، پرۆسەیەك كە بە تەواوی واتای خۆیەوە، رووحی دێموكراسی و رووحی بەرابەری و ئازادی تیایدا دەستنیشان و دەستە بەر بكرێت" بێ شك ئەوە ئێمە دەباتە سەر ئەو باوەڕە كە تەنیا رێگە چارە و دۆزی تاقیكراو، لە ناو دەوڵەتەكانی فرەگەلی و فرەنەتەوەیی،سەقامگیركردن و بەڕێوە بردنی سیستمی فیدراڵیزمی نەتەوەییە، چونكوو بە باشترین شێوە، توانستەی پاراستنی بەرژەوەندی نیشتمانی « National Interest » لە خۆیدا جێ كردۆتەوە .

دان پێدانان بە پلورالیزم و لە گەڵ ئەوەش ماف گەلان و ئیتنیك، فەرهەنگ و ئایینە جۆراوجۆرەكان وە هەروەها دەستەبەر كردنی داخوازیەكانیان، لە ژێر پێستی ژیانێكی ئازاد، سیاسی و كۆمەڵایەتی دێموكراتیكانەدا، تەنیا رێگە چارە لەم وڵاتانەدا بەدی دەكرێت كە، رەوایی و یاسایی(مەشرووعییەت) هەیە. بێشك ئەوەش هەنگاونان بەرە و ئاسۆیەكی نوێیە.

وێدەچێ بڵێین، فیدراڵیزمی دیمۆكراتیك وەك لە دایكبوونەوەی سەردەمی كۆن لە داوێنی سەردەمی نوێدا، وەك دەركەوتنی رابردوو لە ئێستادا سەری هەڵداوەتەوە.

وا چاوە ڕوان دەكرێت، لە بارودۆخی ئێستادا، خەیاڵی ئەسبۆلسیتەكان(ئیستبداد) و لایەنگرانی سیستمی چڕكراوەیی دژ بە دێموكراسی، لە گشت ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، بەرەوپسان و قرتانە و لە راستیدا

تەنگەیان پێ هەڵچندراوە.

بێگومان بۆ وەدی هاتنی ئەو ئاسۆ و تارماییە دەبێت گشت گەلان و خەڵکان و نەتەوەکان لە سەر داخوازیەکان و مافە ماملّە هەڵنەگرانەی مەدەنی و دێموکراتیەکانیان کۆك و هاو دەنگ بن، وە بەرو گەیشتن بە ئامانجەکانیان هەنگاوی گونجاو تەنانەت پێویست هەڵبگرن.

ئەگەر بەوردی چاو بە سەر دەورووبەرماندا بخشکێنین و تێڕوانینێکی بەربڵاومان بێت، بە روونی گۆڕانکاریەکان لە کەنار و ناوەڕۆکی وەزعی خۆمان دەبینین، زۆرینەی گەلەکانی نێو کیشوەرە چڕکراوەکان، بۆ نموونە، کوردەکان، ئازەریەکان، تورکمانەکان، عەرەبەکان، بەلووچەکان پێیان ناوەتە قۆناغ و قەناعەتێکەوە، کە ئامادەگیان بۆ پەرەپێدانی سیستمێکی پلورالیزم و هەمەلایەنە یا خود دێموکراسیەکی راستەقینە، هەیە و لە ڕەواڵەت و نێوەڕۆکی خۆیاندا هەست بە پێویست بوونی دەکەن، هەروەها بە شێوازی جیاجیا و بە زمانێکی خامۆش قاوی دەکەن.

بە متمانەوە دەڵێین کە، رادەی تەیار بوون و پەرە سەندنی گشتی بە وردەوە بوون لە سە ر فاکتەرە سەرەکیەکانی ناوخۆیی و دراوسێیەتی و دەرەکی، میللەتی ئێران، لە قۆناغێکی باش و گونجاودا جێ گرتووە و گەیشتۆتە قۆناغێکی گوازتنەوەی مێژوویی، هەر چەند ئەوە پێویستی و پێوەندیە کی سەرەکی بە پلان و ئاوەزگەریەوە هەیە.

بە بێ کزی و تەعارووفەوە بڵێین ئیترکات و ساتی ئەوە گوزەراوە، جەماعەت و کۆمەڵێك گشت باڵەکانی دەسەڵات و حکومەت داگیربکات، وەیان گەل و دەستەیەك بەشێوازی تیۆکراسی و یەزدانسالاری، لە ژێر ناوی ماف خودایی (Divine righte) بخاتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی خۆی و هاوکات دەست درێژی بە سەردابکات، بێشك دەشێت لە ئاسمانەوە بۆ زەوینی دابەزێنین.

با پەردە لە سەر ئەوەش لادەین، ئیتر خودا تەنانەت دەنگی تاقی دەسەڵاتدارو نوخبە نابیسێت، هەر دەنگی ئەوان دەنگی خودا نیە، بەڵکوو دەنگی گشت خەڵك و نەتەوە جۆراو جۆرەکان دەنگی خودایە !

لە تاقمێك لەو دەوڵەتانە کە زۆرِنای خەڵك سالاری دینی و دێموکراسی خۆیی و فلّان و فیسار ... لێدە دەن، بە هیچ شێوەیەك پرینسیپەکانی دێموکراسی ڕەچاو ناکرێت یا جۆرە زرە دێموکراسیەکانی چەواشەکەرانە، بە پاشکۆیەکانی دینی، بوومی، مەرجی و ... لە لایەن نەتەوە، و دەسەڵاتی باڵا دەست پیادە دەکرێ، دێموکراسی بە گەلانی خۆیان رەوا دەبینن بەڵام مافە یاسایی و مرۆیی دێموکراسیەکانی گەلانی دیکەی بندەستیان ژێرپێ دەخەن و هەر بە تەواوی نووزەیان لێ دەبڕن.

ئاشکرایە ئەگەر دوو پرینسیپی سەرەکی دێموکراسی فیدراڵی کە بریتین لە ئازادی و بەرابەری، لە ناو سیستمی حکومەت سەر

هەڵنەدات و لەگەڵ ئەوانەش، دەسەڵاتی خودی خەڵك لە مەڕ خەڵك بە مەسلەحەت و بۆچوونی خەڵك، ئازادە بیروڕای هەموو گەل و نەتەوە ئیتنیکیەکان لە گشت بوارێکەوە، لە ناوەرۆکی دێموکراسی خوازیدا ڕەگ و ریشە نەهاوێژێت، بوونی ئەوان وەبەرچاو نەگرێت،چەوسانەوە و توانەوەی ئەو گەلانە گومانی لێ ناکرێت. دیارە دێموکراسی زۆرینەیی و چەواشەکەرانە بە دێموکراسی فیدراڵی چارەسەری دێت.

کە وایە، جۆرە حکومەتێك دێتە کایەوە کە دەتوانین بە دێموکراسی فیدراڵی ناوی لێبەرین، دێموکراسی فیدراڵی شێوە و شێوازی حکومەت کردن نیە، بەڵکوو ڕەوت و شێوازێکی ژیانەوە و ژیان بە سەربردنە، دێموکراسی فیدراڵی تەرجوومانی چەند دەنگی و فرە نەتەوایەتی و چەندایەتیە.

ئەوەی راستی بێت لە پاڵ بنەمای ئایدیۆلۆژیو پرینسیپی یەکێتی و ڕێککەوتنی گەل و نەتەوەکان لە سەر بنچینەیەکی هەمەلایەنخواز و یاسایەکی شیاو و پڕاگماتیکان و پێشکەوتووانە، لە سەر بەردی بناغەی پلۆرالیزم و بەرابەری و ئازادی، مەرجی قایمی دێموکراسی، بە ئەژمار دێت.

بۆ نوێکردنەوەی دێموکراسی لە قاڵب و قاپۆڕی فیدراڵیدا دەبێت ئەو بۆچوونە ترسناك و درۆینەیە وەلابنێین کە زۆر بوونی هەمەڕەنگی لە حکومەتدا، خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی زیاد بوونی دژایەتی و پێکدادان!

لە راستیدا پێچەوانەی ئەو مەسەلەیە راستە، چونکوو دژایەتی (cOnflict) لە کۆمەڵگادا نە تەنیا سروشتی و پێویستە، بەڵکوو تا رادەیەکی زۆریش خوازراوە.

دەر ئەنجام :

بیرو باوەڕی فیدراڵیزم لە دوو سەر چاوەی سروشتی و مێژوویی دەر دەکەوێت، بەڕای ئێمە ئەو جۆرە سیستمە لە کوردستانی کۆن و ئێراندا بە دەستی ژیرانەی کوردەکانەوە هاتۆتە کایەوە و بە پێشەنگ و دامەزرینەری سیستمی فیدرالی و کۆنفیدراڵی دەناسرێن" گەزافە نابێت ئەگەر بڵێین هەرلە سەرەتاوە، فیدراڵیزم لە کوردستاندا شێوەی حکومەت کردن نەبووە، بەڵکوو شیوەو ڕێبازێکی سەرەکی ژیان بەسەر بردن بووە. کورد بەدرێژایی مێژوو لە مەزوپۆتامیادا ژیاوە و بەرگری لە خۆی کردووە و بۆ مانەوەی خۆی و دابینکردنی مافە نەتەوایەکانی، وە هەروەها بۆ ئەو مەبەستەیش لە هیچ چەشنە فیداکاریەك دریغی نەکردووە و بەردەوام هەوڵیداوە بۆ ئەوەی بە سەربەخۆیی لە کوردستاندا بژی، بۆیە فیدراڵی وەك شێوەیەك بۆ دابین کردنی مافەکانی پەسەند کردووە.

ئەو نموونانە کە لە ناوەرۆکی بابەتەکەدا پەنجەمان بۆ راکێشان، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، هەڵبەت مانگەشەویش سەر لە ئێوارە دیارە!

دیارە، ئەو بیرو باوەڕە، بیرو باوڕێکی زۆر کۆنە، لە پێش زایینەوە پەیدا بووە تا ئەو ڕۆش، لە هێندێ وولاتانی جیهاندا، بە شێوە و

ناوەڕۆکی جۆراوجۆر، کاری پێ دەکرێ و بەردەوامیش لە گۆڕاندایە، تا چەن گەلێکی جیاواز بتوانن لە چوار چێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتوو، پێکەوە هەڵکەن و بە شێوەیەکی باشتر و شیاوتر بژین.

بیرو باوەڕی فیدراڵیزم لە روانگەی پلورالیزم، دیمۆکراسی و سیکۆلاردا، وەك یەکێ لە مافەکانی دیاریکردنی چارە نووسی گەلان، وەك سیستمێکی دەوڵەتی دەتوانێ چەن گەلێکی جیاواز، لە چوار چێوەی نموونەی دەوڵەتی فرە نەتەوە و نیشتماندا کۆکاتەوە، هەر گەلێکیش لە سنووری دیاریکراوی هەرێمەکانی خۆیدا، بە سەر بەخۆیی و سەر بەستی فرمانڕەوایی خۆی بکاو بە ئازادی بژی. بە دەستە واژەیەکی‌تر، بە قەبووڵ کردنی ئەو مافە و لەسەر هەوێنی دیمۆکراسی راستەقینە دەبێ نەتەوەی باڵا دەست، لە گۆشە نیگاو دیدێکی مرۆڤیەروە رانە و باوەڕێکی پیشکەوتوو خوازانەوە، لە چارە سەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی، گەلانی بندەست و کەمینە و چەوساوە، ڕەفتار بکات.

گومان لەوە ناکرێت، تێوری نەزمی نوێی جیهانی و پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە ( نوێ ) و کرانەوەی چاوی گەلان، مەدەنیەتێك پێکدێنێت کە ئەم مەدەنییەتە نوێیە کە لە ناوەرۆکی دیموکراسی فیدراڵ هەڵدەقوڵێت، لە سەر بنەمای دەستگایەکی تازە بنیات دەنرێت و لە سەر بیروڕاو هەڵسوکەوتێکی پراگماتیك و پۆزیتیڤانە و جیاواز لە ڕابردووی تەنگنەزەرانە و گۆشە گیری، دەتوانرێت، بەدی بێت" ئەو مەدەنییەتە نوێیە، بنەمای رەفتار و کردەوەیەکی تازەمان بۆ دادەڕێژێت و بۆ مەیدان و گۆڕەپانێك ڕاکێشمان دەکات، کە ئیتر پێشێل کردنی ماف گەلان و زڕە دیموکراسی و ... بەرەو هەرەس هێنان دەبات.

با بە بێ ترس بڵێین ئەگەر خۆمان وەك میللەتێکی خاوەن مێژوو، پێشکەوتوو لە پێناوی چارەسەریەکی دێموکراتیکی و مرۆڤایەتی و ئازادیخوازانەدا هەنگاوێکی بە پەلەو بە کەڵك و گونجاو بە مەبەستی سەقامگیر کردنی دێموکراسی راستەقینەو هەمە لایەنەی فیدراڵی هەڵنەنێینەوە بێگومان زەختی رۆژگار و جەبری چەرخەو شەپیزەمان، ئەوەمان تێدەگەیەنێت، ئەوەش دوا ڕۆژێکی نادیار و لێڵی لە پێش دەم دایە و بێشك نابێ ئەوە لە بیر بکەین . وا باشە لەو راستیە تفت و تاڵەش خۆمانی لێ گێل نەکەین.

ئەگەرچی سیستمی فیدراڵ وەك شێوە و ڕێبازێکی بە کەڵك و زۆر پێویست لە چاخ و پێداویستی ئێستاوە خۆی دەنوێنێت، بەڵام دەبێ دوو تێبینیمان بێت:

یەکەمیان ئەوەیە کە ئەم سیستمە تەنانەت بە فورموول و شێوازێکی گشتی دێتە ئەژمار، چونکوو هیچ وڵات و کێشەوەرێکی فیدراڵ ناتوانین بدۆزینەوە کە لەسەر یەك یاساو دیرەکی و یەکچوو و هاو چەشن، دامەزرابێت، بۆیە دەبێ بڵێین بە تێبینی و تێڕوانینێکی تایبەتی لە هەر کێشوەرێکدا بە وەبەرچاو

گـرتنی داخـوازی و تایبەتمەندیـەکانی خـەڵك و گەل و نەتەوە و فەرهەنگ و دین و مێژووی ئـەم کیشوەرانە، سیستمی فیدراڵی رەچـاو بکرێـت و کاری لە سەر بکرێت.

لە بەر ئەوەی فیدراڵیزم، بە بـاری دەسـەڵات و ئـامرازی دابەشـکاری دەسـەڵات لـە نێـوان مەرکـەز و ناوچـە فیدراڵـەکان بـە جـۆر گـەلی جیـاواز دابـین دەکرێـت، هـەروەها لـە بـاری جـوگراف و مێـژوویی و ژیـۆپۆلیتیکـەوە بـە شێوەگەلیتر، دەتوانرێت دابـین و دەسـتە بـەر بکرێت.

دووەمیـان ئەوەیـە کـە ئەمـە نابێـت لـە بـیر بکەین کە ئەو سیستمە وەك ئایەیـەکی پـیرۆز( مووقە دەس)نییە کـە تـەنیا هـەر ئەمـە بێت و ئیتر هیچ، بەڵکوو دەشێ بگوترێ، بەوە بەرچاو گـــرتنی خولیـــای دەســـەڵات و چـــاخ و تایبەتمەندیەکانی ئێسـتای ناوچـەی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها بە تێڕوانینێکی قووڵ، لـە سەر کارەسات و پێداویستیەکانی جیهانی و ... ئەو شێوازە حکومەتکردنە بە جوانترین شێوە و رێبازگـەی سیاسـی لـە چـاخ و کـاتی ئێسـتادا دەژمێردرێت.

سەرچاوەکان

١ــ حوسـێن محەمـەد عـەزیز – فیـدراڵیزم و دەوڵەتی فیدراڵ –چاپی باشووری کوردستان
٢– دکـترحسـین بشـیریە – جامعـە شناسـی سیاسی
٣–دکتر ابوالقاسم –طاهری – حکومتهای محلی و عدم تمرکز – نشر قومس
٤–محەمـــەد رەزا جەعفـــەری – بـــەرە و مەدەنیەتی نوێ
٥– عالم، عبدالرحمن – بنیاد علم سیاست

کوردستان نێت
Kurdistannet کوردستان نێت

# ئاگاداری

خوێنەری بەڕێز!

فایلی داهاتووی گۆڤاری "بیری خوێندکار" لەسەر
"فیدرالێزم وەك ستراتیژیی سیاسیی بزووتنەوەی کورد" دەبێ.

تکایە بابەتو وتارەکانتان لەو پێوەندییەداو لە رێگەی ئیمەیلی
info@yxd-kurdistan.com ـەوە بە "بیری خوێندکار" بگەیەنن.

دەستەی نووسەران

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

Democrat Students Union of Iran`s Kurdistan

WWW.YXD-KURDISTAN.COM